# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق

## „دەستەی کورد„

بنکەی ژین

بەرگی پازدەهەم

١٩٨٦

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق

بەغدا

**بەشی نووسەوانی :**

دوکتۆر جوامیر مجید سلیم ــ سەرۆك

دکتۆر حسن کتانی ــ ئەندام

دکتۆر کامل حسن البصیر ــ ئەندام

عبداللطیف عبدالمجید گلي ــ ڕازگر

بنکەی ژین

# دەستنووسی کۆن و تازەو هێندێ لە نامەخانەکان

بە قەڵەمی
**شێخ محمدی خاڵ**
ئەندامی کارا

دوای ئەوەی کە ئادەمیی دروستبوو لەسەر زەویی هەزاران هەزار ساڵی بەسەرا تێپەڕیی نرخێکیوای نەبوو کە ناو ببرێ ، وەك خوا ئەفەرموێ : « هل أتى على الانسان حين من الدهر لم يكن شيئاً مذكورا » واتە بەڕاستیی ماوەیەکی ئێجگار زۆر تێپەڕیی بەسەر ئادەمییدا نرخێکیوای نەبوو کە ناوببرێ ، بەڵام بەدەستووری پەیدابوونو بەرزبوونەوە « نشوء وارتقا » بەرەبەرە سەرکەوت بەسەر پلەی شارستانێتیدا تا سەرکەوت بەسەر هەموو گیانلەبەرانێکیترا •

بەڵێ دوو شت گەورەترین شۆرشی هەڵگیرساند لە سەرزەویی ، وە ئادەمیی جیاکردەوە لە هەموو گیان لەبەرانیتر • وە لەناو هەموویانا ئەمی لەسەر تەختی پاشایەتی دانا لەم جیهانەدا ، یەکەم دەستی ، دووهەم زمانی • کە دەستی بەرەڵلا کرد بەمڕەنگە بەرزی کردەوە لە زەویی لەکاتی ڕۆینا ، سەد هەزاران هەزار شتی سەیری پێ دروستکرد ، وە گەورەترین کەلەپووری بەجێهێشت لە سەرزەویی •

کە زبانی بەرەڵلا کرد ، بەمڕەنگە دەستیکرد بە قسەکردن ، توانی

هەرچی بەدڵیا بێ بیڵێ ، وە هەموو کەسێك لەگەڵ هەموو کەسێکا قسە بکاتو لەیەك بگەن ، وە یارمەتی بیری یەکتریی بدەن ، تا ئادەمیی گەیشت بەم پایە بەرزە کە هەرچی ئەمرۆ ئەی‌بینین لە دیمەنی شارستانێتیو زانینو زانیاریی ، هەمووی بەری کردەوەی دەستو زبانێتی •

بەڕاستی دۆزینەوەی پیتو ووشەو گوفتوگۆ کردنو دانانی ناو بۆ هەموو شتێك بەجۆرێك کە ناوی هەرشتێکت برد وەك ئەو شتە بێتە بەرچاو زۆر زۆر گرنگە ، ئەگەر ڕاستت ئەوێ دۆزینەوەی ئەمانە گەلێ گەلێ لە دۆزینەوەی ئەتۆم ووردترو هونەرترو گرنگترە ، بەڵام چونکە لە منالّی یەوە فێری بووینو هۆگری بووین بۆیە زۆر لێی سەرسام نابین •

ئەوەندەی دۆزینەوەی ئەمانەی کە ووتمان گرنگە ئەوەندەش نووسین بۆ ئادەمیی گرنگو بەکەڵکە ، کە ئامڕۆ ڕۆژهەڵاتیی لە مەبەستی ڕۆژئاوایی ، وە ڕۆژئاوایی لە مەبەستی ڕۆژ هەڵاتیی ئەگەن ، وە مەردومی ئەمڕۆ لە نووسینی هەزاران ساڵ لەمەپێش تێ ئەگات •

بەڵێ دۆزینەوەی نووسین یەکەمین هۆ بوو بۆ تێ‌گەیاندنی ئادەمیی لە یەکتریی لە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ ، لەمەوە دەرکەوت ئەندازەی گرنگیی کتێبو نووسراو لەناو کۆمەڵەدا ، وە ئەندازەی ئەو تینو تەووژمەی کە کتێبو نووسین ئەیکەنە سەر هەستی ئادەمیی بە باشیی یا بە خراپی •

ئاشکرایە کە نووسین تینو تەووژمێکی ئێجگار زۆری هەیە لەسەر بیرو باوەڕو هەستو ئارەزووی مەردوم • زۆر خاوەن قەڵەم بەهۆی نووسینەوە سەرکەوتوون لە وەرگێڕانی ڕژێمی گەلانو گۆڕینی ژیانی کۆمەلایەتی‌دا بەوجۆرەی کە خۆیان ویستوویانە ، ئنجا سا یا بەباشی وەیا بەخراپی • امامی غەزالی ــ خوا لێی ڕازیی بێ ــ ئەمەی زانیوە فەرموویەتی : ڕەووشتو خووی بەرز لە سەرەتاوە هەر باوێکی دروستکراو بووە ، بە زۆر مانەوەی ئەو باوە بوو بە سروشتێکی جێ‌گیر ، لە پاشا ئەو

سروشتە باوكو باپیرو دایكو داپیر بە كەلەپوور بەجێیان هێشتووە بۆ كوڕو كوڕەزاو نەوەو وەچەو بەرەیان تابووە بە شتێكی ناخیی و غەریزەیەكی جێ گیر •

لەم قسانە دەركەوت كە ئەمڕۆ كتێبو نووسین یەكەمین هۆن بۆ پەروەردەكردنی گشتی ، وە یەكەم هۆن بۆ بێداركردنەوەی هۆشو هەست • ئنجا ئەگەر خواستی خوای لەسەر بوو ئەوا كۆمەڵێك لە خاوەن قەڵەمان ئەنێرێ بۆ گەلێك ، وە ئەیانكات بە پێش ڕەویان ، وە پێشیان ئەكەوون تائەیانبەن بۆ سەرچاوەی بەختیاریی و كامەرانیی لە هەردو جیهانا •

❋ ★ ❋

ئەمە تائێستا باسی نووسین بوو ، ئنجا با بێینە سەر باسی كتێبو نامەخانەكان ، ئەم نامەخانانە نامەخانەی تایبەتی بن ، یا نامەخانەی گشتیی و تێكڕایی بن •

لەڕۆژێكەوە ئادەمیی فێری نووسین بووە حەزی لەوە كردووە كە زانینو زانیاریی خۆی بنوسیٚ و بیخاتە سەر كاغەز ، لەمەوە بیری نامەخانە پەیدابووە ، وە دانە دانە كتێب كۆكراوەتەوە ، وە لەناو گەلانی كۆنا بەرەبەرە كتێب زۆر بووە ، وەك گەلی میسریی و هیندیی و چینی ، بەڵام بەتەواویی كەس نازانێ لەو سەرەتایەدا ژمارەی ئەو كتێبانە چەندە بوونو چی بوون ، وە لە چ مێژوویەكا نوسراوون ، بەڵام ئەوەی ئاشكرایە كە كتێب لەناو ئەو گەلە كۆنانەدا زۆر پیرۆز بووە بەڕەنگێك كە دروست نەبووە هەڵگرتنیان لە پەرستگاو جێی خواپەرستییدا نەبووبێ ، لە پەرستگاكانی میسردا كتێب بوون كە باسیان كردووە لە بیرو باوەڕو تەندروستیی و كشتوكاڵ • مێژووشناسان باس ئەكەن كە « رمسیسی » گەورە — كە یەكێك بووە لە فیرعەونەكانی میسر — زۆر كتێبی كۆكردۆتەوە لە كۆشكی خۆیا ، وە خستوونییە ژێر چاودێریی دووخوای خۆیان : « تووت » و

« سافرێن » ، کەواتە هونەری دامەزراندنی نامە خانەی تایبەتی ئەچێتەوە بۆ میسری یەکان • بەڵام هونەری دامەزراندنی نامەخانەی گشتیو تێکرایی ئەچێتەوە بۆ یۆنانی یەکانی زۆر کۆن •

لەو نامەخانە گشتی یە بەناوبانگە یۆنانی یانە ئەو نامەخانەیەی کە پیپرنمام دایمەزراند لە کۆتایی سەدەی سێهەمی پێش زایندا « میلاد » کە لەپاشا گوێزرایەوە بۆ ئەسکەندریە ، وە نیو ملیون دەست نووسی تیا بووە ، هێندێ ناحەز وتوویانە : ئەم نامەخانەیە عەمری کوڕی عاص سووتاندی لە ساڵی ٦٤٢ زایندا بە فەرمانی حەزرەتی عومەر ، بەڵام وەك « رینان »و « جوستوف لیبون »و « بەتلەر »و گەلێکی تر لە خۆرشناسەکان پۆستکەندەیان کردووە ، وە دائرة المعارفی بەریتانیو ئیسلامی لێی کۆڵییوەتەوە بەشێکی زۆری ئەو نامەخانەیە واتە چوارسەد هەزار جلدی ٤٨ ساڵ پێش زایین سووتاوە ، وە بەشەکەی تریشی ٢٥٢ ساڵ پێش گرتنی ئەسکەندەری یە لەلایەن عەرەبەوە سووتاوە بەدەستی أسقف « تیوڤیلو »وە ، وەك دوورو درێژ باسکراوە لە کتێبی « الفاروق عمر »ی محمد حسنین هیکلو « الفاروق عمر بن الخطاب »ی محمد رضادا •

لە رومیە لە زۆر کۆنەوە نامەخانەی زۆری تیا بووە ، هەرچەند لەو سەردەمەدا کە ئەو نامەخانانە بوون وە زادەی ئەفکار نرخێکیوای نەبووە لە ناویانا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا نامەخانەی تایبەتی زۆر بووە ، وە لەپاشا نامەخانەیەکی گشتیش لە رومیە پێکەوە نرا لە سەردەمی ئیمبراطور اغستوس ، وە ناونرا بە نامەخانەی اوکتافیە • ئەم نامەخانانە لەژێر چاودێریی زانایانی رومانیو یۆنانیدا بوون ، بەڵام بەداخەوە ئەم هەموو نامەخانانەی کە بە سەدهەزاران زێڕیان پێدرابوو هەمووی لە ژێرپێی ئەو چەتەو پیاوکوژو جانەوەرانەی کە هێرشیان بردە سەر رومیە لەناوچوو •

لەپاشا خۆشەویستیی کتێب لە رومیە بەرەبەرە دەستی پێکرد تا سەر

ڕێژی کرد بۆ هەموو شارەکانی تر ، وە لە بەشی زۆری شارەکانیا نامەخانەیان تیاکرایەوە ، لەپاشا بەرەبەرە ئارەزووی کۆکردنەوەی کتێب پەیدابوو تا گەیشت بەپایەیەك هەر کوشکێکی گەورە نامەخانەیەکی تیا نەبوایە ئەو کۆشکە نرخی نەبوو .

کە قرونی وسطی هاتە پێشەوە نامەخانە کۆنەکانی یونانو رومان بێناز کەوتن ، وە پەرشو بڵاو بوونەوە شتێکی کەمیان نەبێ لە کتێبە گرنگەکان ، لەو ڕۆژانەدا کەنیسەکان پیاوانەو مەردانە دەستیان گرت بەسەر ئەو کتێبانەی کەوا دەرچووبوون ، وە لە لەناوچوون ڕزگاریان بووبوو وە چاودێریان کردن ، بەڵام بەداخەوە قەشەکان کە پەڕەیەك یا چەند لاپەڕەیەکیان لە کاغەز بویستایە بۆ نووسینی هێندێ شتی پروپووچی خۆیان ، ئەهاتن چەند پەڕەیەکیان لەو کتێبە بەنرخانە دەرئەهێنا ، وە نووسینەوە سەرەکیەکەیان ئەسڕیەوە ، وە ئەو شتەی کە خۆیان ئەیانویست لێیان ئەنووسیی ، بەمهۆیەوە بەنرخترین دەستنووسی کۆن نەما ، یا ناتەواو ، وە نیوەو نیوەچڵ بوو ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشا ئەوی مایەوە لە کتێبی کۆنی بەنرخ هەر لە کەنیسەکانا بوو کە مایەوە .

کاتێك کە ئیمبراطور شارلمان هاتە پێشەوە لە سەدەی هەشتەمی زایندا ئارەزووی کۆکردنەوەی کتێب پەیدابوو لەناو گەلانی ئەوروپادا ، وە کەم کەم نامەخانە پەیدا بوو لە دێرو کەنیسەکانا .

لەدوای سەدەی دەهەم ئەم ئارەزووی کتێب کۆکردنەوەیە زۆرتر بوو تا سەدەی پانزەهەم هات ، وە وتووێژی دینی پەیدابوو لەناو «پرۆتستانت»و «کاثولیك»دا ، وە بەمبۆنەیەوە کتێب زۆر بوو ، لەپاشا ڕۆژی زانینو زانیاریی لە هەمولایەکەوە هەڵهات ، وە لە سەدەی شانزەهەما چاپخانە پەیدابوو ، وە کتێب زۆربوو ، وە ئارەزووی کتێب کۆ کردنەوە

بڵاوبووەوە لەناوەندی پاشاو زانایانا ، وە نامەخانەی گشـتیی‌و تێکڕایی کرایەوە لە هەموو شارێکا •

❋ ❋ ❋

ئەمە تائێستا قسە لە نامەخانەکانی ئەوروپاو ئەوروپایی بوو ، بەڵام قسە لە دەست‌نووسی مسڵمانان‌و نامەخانەکانی ، وەك لە وێژەی عـەرەبی‌دا ئەڵێ : « حـدث عن البحر ولا حرج » واتە قسە بکە لە دەریـای بێ‌بن‌و بێ‌پایان‌و مەترسە •

کاتێك کە دەوڵەتی ئیسلام دروست‌بوو ، هەر لە سەدەی یەکەمیـا خوێندەوارانی بەرزو ڕۆشن بیرانیان هەستان‌و دەستیان دایە دەست‌نووس کۆکردنەوە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر کەم بوو ، وە بەدەگمەن دەست‌ئەکەوتن ، چونکە دینی ئیسلام لە زۆر لاوە داوای زانین‌و زانیاریی ئەکات ، هەر وەك داوای نوێژو ڕۆژوو ئەکات ، بەڵکو زانین‌و زانیاریی بەمانایەکی گشتی گێڕراوە بە تاقانە هۆیەك بۆ ڕزگاربوون لە تاریکیی‌و نادانی‌و گومڕایی‌و چوونە ناو بیروباوەڕی ڕاست‌و دروست‌و ژیانێکی بەرزی مرۆڤـایەتی ، هەروەك خوا ئەفەرموێ « قل هل يستوي الذين يعلمون والذين لايعلمون » واتە بڵێ ئەی پێغەمبەر : ئەوانەی زانان لەگەڵ نادانا چۆن ئەبن بەیەك ، واتە هەرگیز نابن •

وە ئەفەرموێ : « وقل رب زدني علما » واتە ئەی پێغەمبەر بڵێ ئەی خوای من هەمیشە زانینم زورتر بکە •

وە ئەفەرموێ « يؤتي الحكمة من يشاء ومن يؤت الحكمة فقد اوتي خيراً كثيرا » واتە خوا زانینی بۆ هەر کەسێك بوێ ئەیداتێ ، وەهەر کەسێکی گەیاندە پلەی زانین‌و زانیاریی ئەوە میهرەبانیەکی زۆری لەگەڵ ئەوکەسەدا کردووە •

بەڵکو زانینی گێڕاوە بە مایەی تێ‌گەیشتن لە دین ئەفەرموێ « وتلك

الأمثال نضربها للناس وما يعقلها الا العالمون » واتـه ئێمـه ئـەم هەموو نموونانەتان بۆ ئەهێنینەوە تا ڕاستتان بۆ دەرکەویت وە مەردومی دانا نەبێ کەسی‌تر تێیان ناگات •

بەهۆی ئەم‌ئایەتانەو گەلێکی‌تر لە نموونەی ئەم ئایەتانە ئیسلام زانینو زانیاریی بلاوکردەوە لەناو مسلمانانا ، وە هەموو بەجارێك دەستیان دایە خوێندنو خوێندەواریی ، وە دەستیان‌کرد بە گەڕان بەشوێن خویندنا ، وە سووڕانەوە بەشوێن سەرچاوەی ڕوونی زانینو زانیاریی‌دا بەڕەنگێك کە هەر لە سەدەی یەکەمی ئیسـلاما زانیاریی کۆنو تازەیان کۆکردەوە لـە زانیاریی هیندو فرسو رووماني‌و یونانی ، وە دەستیان‌کرد بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کە ئەکەوتە ژێردەستیانەوە لە کتێبی بێگانان •

قاضي‌القضاتی حیدرئاباد لە ووتارێکی خۆیا بە ئینگلیزیی نووسیویتیو مجـلەی مقتطفی میسـری وەری گێڕاوە بـە عـەرەبی ، لـە کۆتـایی ووتارەکەیا ئەڵێ هەر لە سەدەی یەکەمی ئیسـلامەوە دەست‌کرا بە کتێب کۆکردنەوە تا دەمی ئەبی جعفری منصور ، وە ئەم ئەبوجعفرە فەرمانی دا بە وەرگێڕانی کتێبی فارسی‌و یۆنانی تا دەوری هارون الرشید کتێب زۆر بوو ، چ لە وەرگێڕاوەکانو چ لە دانراوەکان ، لەبەرئەوە هارون الرشید کۆشکێکی زۆر گەورەو فراوانی دروست‌کرد بە ناوی « بيت الحكمة »ەوە ، وە هەرچی کتێبێك‌بوو لە بغدادا لە وێ دایانا ، وە ئەو کتێبانە بە فارسیی‌و یونانی‌و قبطی‌و سریانی بوون ، وە یحیی کوڕی خالدی بەرمەکی سەرۆکی ئـەو ڕاپەڕینە بوو •

دوای هارون الرشید مأمونی کوڕی هاتەجێی وە زۆر حەزی لـە کتێب بوو ، تەنانەت ئەڵێن جارێکیان باری سەد حوشتری کتێب هێنا بۆ بغدا ، وە یەکێك لە مەرجەکانی ئاشت‌بوونەوەی لە گەڵ ئیمبراطور مێشێلی سێهەمدا ئەوە بووە کە یەکێك لە نامەخانە گەورەکانی قسطنطینیەی بداتێ ،

که بێجگه له هەزاران کتێبی بطلیموسی تیا بووه له ریازیاتی ئاسمانیدا ، خێرا مأمون داوای وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی کرد بە عەرەبی ، لەم نامەخانەیەدا دوو گۆی زەویی تیابووە • یەکێکیان لە زیبوو ئەویتریان لە برۆنز ، که ئەڵێن یەکەمیان بطلیموسی فەلەکیی خۆی بۆ خۆی دروست کردووە ، وە سێ‌هەزار لیرەی ئاڵتونی یۆنانی تێ‌چووە •

دوای مأمون ئیتر دەستکرا بە کتێب وەرگێڕانو نووسینو دەست‌نووس کۆکردنەوە ، تەنانەت ئەگێڕنەوە ئەڵێن : الواثق بالله هەموو مانگێك سییەهەزار دیناری ئەدا بۆ وەرگێڕانی کتێب •

لەم سەردەمەدا زۆر گرنگیی ئەدرا بە خەتخۆشییو جزوبەندی کتێب • له خەتخۆشەکان یەکەمیان ابن البوابو دووهەمیان ابن‌مقلەی وەزیری المقتدر بالله بووە •

خۆلاسە هەر لە سەرەتای خەلافەتی عباسی‌یەوە ئەوەندە کتێبو دەست‌نووس زۆر بوو ناچار «ابو الفرج محمد بن اسحاق الوراق البغدادي المعروف بابن اسحاق الندیم» کتێبی فهرستی دانا له ساڵی ٢٧٧ کۆچی‌دا ، واته ١١٢٠ ساڵ لەمەپێش بەهۆی کتێبی فهرستەوە کتێب ئەناسراو ئەدۆزرایەوە •

امامی ثعالبی ئەفەرموێ لەدوای عباسی‌یەکان هیچ ئەمیرێك لە ئەمیرەکانی بەغدا نامەخانەی نەبووە بەوێنەی سیف‌الدوله ، ئەو سیف‌الدولەیەی که ئەبونصری فارابی نزیك خستەوە له خۆی ، وە مانگانەی بۆ بڕی‌یەوە تا کۆچی دوایی‌کرد •

ئەبوالفرجی اصفهانی پەنجا ساڵ خەریکی نووسینی کتێبی أغانی بوو ، له کۆتایی‌دا که تەواوی کرد نسخەیەکی نووسی‌یەوە ، وە بەدیاریی بردی بۆ سیف‌الدولة ئەویش هەزار لیرەی زێڕی دایە ، وە زۆر عوزریشی بۆ هێنایەوە که ئەمڕۆ لەوە زیاتر لەدەستیا نی‌یە •

لەدوای ئەوەی کە خەلافەتی عباسی ڕووی‌کردە نەمان ، وە ملوك الطوائف پەیدابوون ، دەوڵەتی بنوسامان لە بخاراو ، بنوحمدان لە شام‌و ، بنوبویە لە شیرازو ، فاطمی‌یەکان لە میسر پەیدابوون ، وە ئـەم دەوڵەتـە سەربەخۆیانە دەستیان دایە کتێب کۆکردنـەوەو پێك‌هێنـانی نامەخانـەو بەرزکردنەوەی پایەی زانیاریی ، وە سلطانی بخارا نوحی کوڕی منصور نامەخانەیەکی زۆر گەورەی پێکەوەنا ، ابن سینا ئەڵێ چوومە ناو ئـەو نامەخانەیە بی‌نیبم نامەخانەیەکە نموونەی لە جیهانـا نی‌یە ، بـە هەزاران کتێبی‌وای تیایە کە نە ناوی بیستراوەو نە لە هیچ نامەخانەیەکی‌ترا بینراوە •

هەر ئەم پاشای بخارایە « صاحبی کوڕی عباد »ی کرد بە وەزیری خۆی بەڵام ڕازی نەبوو بە وەزیریی وە بیانوەکەی ئەوەبوو کـە ناتوانێ ماڵەکەی بگوێزێتەوە بۆ بخـارا چونکە هەر لـە کتێب چوارسـەد باری حوشتر کتێبی دەستنووسی هەیە •

مێژوونووسەکان ئەڵێن نامەخانەی قصر لە قاهیرە گەورەترین نامەخانە بوو لە جیهانی ئیسلامی‌دا ، وە ئـەڵێن ملیونێـك‌و شەش‌سـەد هـەزار دەستنووسی تیابووە ، وە لەو نامەخانەیەدا هەزارو دووسەد نسخە مێژووی طبری تیا بووە •

اسپانیا دوای ئەوەی کە بوو بە دەوڵەتێکی ئیسلامی سەدساڵی بەسەرا تێ‌نەپەڕیی حەفتا نامەخانەی گشتی تیا کرایەوە کە یەکێکیان نامەخانـەی قورطبە بووە ، کە چوارسەد هەزار دەستنووسی تیا بووە •

خولاسە جیهانی ئیسلام وەك دەریای هادیی شەپۆلی داوە بە زانین‌و زانیاریی‌و بە نامەخانەو دەستنووس ، وە بە هەزاران نموونەی « کندی »و « فارابی »و « بیرونی »و « ابن سـینا »و « غـزالی »و « ابن باجـە »و « ابن طفیل »و « ابن رشد »و « ابن خلدون »و « ابن العربی »و « ابن مسکویهی » تیا بووە کە بە نووسین‌و بڵاوکردنەوەی زانین‌و زانیاریی‌یەوە

خەریك بوون ، بەڵام بەداخەوە بەهۆی فتنەو فسادی سیاسیی‌و جەنگ‌و ئاژاوەی ناوخۆوە هەزاران نامەخانەی تایبەتی‌و تێکڕایی ، وە بە ملیونەها دەستنووسی عەنتیکە لە هەموو زانیین‌و هونەرێکا سووتاو لەناوچوو ، وە سێبەری زانیین‌و زانیاریی دوورکەوتەوە لە جیهانی ئیسلام . ئەگەر هێرشی مغول نەبوایە کە وەك بای سەرسەرو لافاوی نەگبەتیی لە ناوەختا هات بەسەر جیهانی ئیسلامی‌دا — ئێستا بە هەزاران نامەخانەی دەست نووس ئەما بۆ ئەمرۆ . مغۆل کە سەمەرقەندو بخارای گرت وێرانی کرد ، وە قوتابخانەی مسعودبەگ لە بخارا — کە گەورەترین قوتابخانە بووە کوڕی هەلاکۆ لە ساڵی ٦٧١ کۆچی‌دا ئاگری تێ بەردا ، وە گەورەترین نامەخانەی لەورۆژەدا سووتاند . ابن بطوطە ئەڵێ : تەتار کە عیراقی گرت بیست‌و چوار هەزار زانای گەورەی کوشت ، دوانیان نەبێ کەسیان دەرنەچوو ، وە بە هەزاران نامەخانەی دەستنووسی خستە دەجلەوە .

* * *

ئنجا با بێینە سەر باسی نامەخانەکانی کوردو کوردستان ، ئەوە ئاشکرایە کە کورد وەك هەموو گەلێکی‌تر خوێندن‌و نووسیینی بووە ، وە خوێندەوارو شاعیرو وێژەری بووە ، نەخوازەلا دوای هاتنی ئیسلام تا هێرشی تەتەرو مغۆل .

بەلای منەوە لە سەرەتای ئیسلامەوە یەکەمین دیوان‌و نامەی کوردیی‌مان دیوانی باباتاهیری هەمەدانی‌یە ، کە هەزار ساڵ لەمەپێش ووتراوە ، بەڵکو یەکەمین بەردی سەر گۆشەیە لە کۆشکی وێژەی کوردیی‌دا ، لەبەرئەوە دیوانی باباتاهیر کۆنترین‌و پیرۆزترین دیوانە لە هەموو کوردستانا ، ئەم دیوانە تائەمرۆ چەند جارێك لە ئێران چاپکراوە ، بەڵام هەموو جارێك ئێرانی‌یەکان گەلێك ووتەی کوردیی‌یان لێ کردووە بە فارسیی ، وە لەگەڵ ئەوەشا هێشتا ئاهەنگی کوردی‌یەکەی هەر ماوە .

بەردی دووهەم لە بناغەی کۆشکی وێژەی کوردیی مثلثاتی شێخی

سعدیە[1] کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی‌دا ، وتراووە ، کە ئەم مثلثاتە سێ شیعر سێ شیعرە ، وە هەموو سێ شیعرێکی یەکەمیان فارسی‌و دووهەمیان عەرەبی‌و سێهەمیان کوردی هەورامی‌یە کە جاران لە داوێنی کلیاتی شێخی سعدی‌یەوە لە چاپ ئەدرا ، وە هەموو جارێك ئێرانی‌یەکان دەستکاری‌یەکیان ئەکرد ، بەڵام ئەمیش وەك دیوانەکەی باباتاهیر ئێستاش لە شێوەی کوردی دەرنەچووە • تکام لە برا لورەکانمان ئەوانەی کە لە وێژەی فارسی‌دا شارەزان دیوانەکەی باباتاهیرو مثلثاتی شێخی سعدیی ڕاستبکەنەوەو پاکی‌بکەنەوە لە هەموو دەستکاری‌یەك ، وە بە چاپکراویی بڵاوی بکەنەوە •

لەدوای هێرشی تەتارو مغۆل ، کوردستان بەتایبەتی شارەزوور کەوتە ژێرپێ‌وە ، شاری شارەزوور لەو ڕۆژەدا لە بناری شاخەکانی خورماڵەوە دایگرتووە تا عەربەت ، وە گەورەترین شاری ئەو قەڵەمڕەوە بووە ، بە

---

(1) شێخی سعدی کوردێکی جوانرۆیی‌یە ، مەلا محی‌الدینی مەلا جەلالی نوتشەیی لە ساڵی ١٩٢٨ زاینی‌دا پێ‌ووتم : لە تاران لە نامەخانەی گشتی چاووم بە کتێبێك کەوت هەمووی بە شیعری هەورامی بوو ، وە دەستخەتی شێخی سعدی وە دانراوی خۆی بوو ، وە لە کۆتایی‌دا نوسرابوو شێخی سعدی ناوی مصلح‌الدین کوڕی شێخ عبدالله ، کوڕەزای شێخ حامدە ، کە شێخ حامد خەڵقی « شامیان »ی هەورامانە ، وە بەهۆی ناکۆکی هەورامانەوە چۆتە جوانرۆ ، وە سعدی لە جوانرۆ لە ساڵی ٥٦٩ کۆچی لەدایكبووە ، لەدوایی‌دا « ئەتابگ بن سعد بنی زەنگی » بردوونی بۆ شیراز ، وە سعدی لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا نامەی نوسیوە بۆ چەند هاوڕێ‌یەکی لە جوانرۆ سکاڵا ئەکات لە دوورکەوتنەوەی خۆی لەونامەیەدا ئەڵێ :

دوورگەشتم از قبیلە عومری من بەربادشد
حرف ئەبجدرا شمارید ٢٧٠ شد

پیتەکانی ووتەی جوانرۆ بە حسابی ئەبجەد ئەکاتە ٢٧٠ سعدی لە ساڵی ٦٩١ کۆچی‌دا مردووە کە تەمەنی ١٢٠ ساڵ بووە ، وە باپیری شێخ حامد لە دێی دەگاشێخان لە هەورامان نێژراوە ، وە خوابگاهی لەوێ‌یە •

هەزاران زانایانی بەرزو دانایانو شاعیرانو نووسەرانی تیابووە •

یاقووتی حەمەویی لە معجم البلدان‌دا ، جلدی پێنجەم • لاپەڕە «٣١٤» چاپی یەکەم دوای باسی شارەزوور باسێکی ئەوەنـدە جوانی زانایـانی شارەزوورو دانایـانو خوێنـدەوارانی بەرزی‌ئەکات ، شایستەیە هەموو کوردێك بە ئاوی تەلا بی‌نووسێتەوە ، وە لە چوارچێوەی زیوی بگرێ وە ڕووبەڕووی خۆی هەڵیواسێ • با بۆ ئاگاداریی لێرەدا چەند دێڕێکی لێ وەرگریین ، معجم البلدان ئەڵێ :

« وقد خرج من هذه الناحية من الأجلة والكبراء والأئمة والعلمـاء وأعيان القضاة والفقهاء ما يفوق الحصرَ عَدَدُهُ ، ويعجز عن احصائه النفس ومَدُّه ، وحسبك بالقضاة بني الشهرزوري جـلالة قـدر ، وعِظَم بيت ، وفخامة فعلٍ وذكر الذين ما علمت ان في الاسلام كلّه ولي من القضاة أكثر من عدتهم من بيتهم ، وبنو عصرون أيضا قضاة بالشام وأعيان من فرق بين الحلال والحرام منهم وكثير غيرهم جدا من الفقهاء الشـافعية ، والمدارسُ منهم مملوءة » •

ئەم عبارەتی معجم البلدانە ئەگەر بکەین بە ئاوێنەیەکی بالانماو لێ‌ی ووردبیبینەوە تێ‌ئەگەین کە لەو ڕۆژەدا هەزاران زانایانی گەورە لە شاری شارەزوورا بوون ، وە هەزاران نامەخانەی تیا بووە بە زبـانی کوردیی‌و فارسیی‌و عەرەبی ، وە بە سەدها دیوانی شیعرو وێژەی بووە بە کوردیی‌و فارسیی‌و عەرەبی ، بەڵام دوای ئەوەی کە هێرشی تەتـارو مغۆل کرایـە سەریان ، وە هەرچی زانای بەرزو دانای گەورەیان بوو بە ماڵو منـاڵەوە ڕەویانکرد بۆ مووسڵو سوریەو میسر ، هەروەك لەوەپێش تیرەی « جاوان » ڕەویان‌کرد لە شارەزوورەوە بۆ داوێنی عیراق ، وە لەم هـاتن‌و چوون‌و کشانەوەیەدا هەرچی نامەخانەی کوردستان‌و دیوانی شـیعرو وێژە بـوو هەمووی لەناوچوو • خولاسە نامەخانەکانی بغداو هەموو جیهانی ئیسلامی

چی بەسەرهات ، نامەخانەکانی کوردستانیش‌وای بەسەرهات •

بەڵام لە سایەی طبعی ڕەوانی علی حریری‌و ، مەلای جزیری‌و ، علی تەرمووکی‌و ، أحمدی خانی‌و ، مەلا عبداللەی بیتوشی‌و ، مەولانا خالدی نقشبندی‌و ، شێخ معروفی نۆدێی‌و ، بێسارانی‌و ، مەولەوی‌و ، مصطفی بەگی کوردی‌و ، نالی‌و ، سالم‌و ، شێخ ڕەزاو ، حاجی قادری کۆیی‌و ، فایق‌و ، مەحوی‌و ، مەلا محمدی خاکی‌و ، وەفایی‌و ، أمین فیضی‌و ، یُمنی‌و ، مصباح‌و ، مەلای جباری‌و ، سەیدی‌و ، ناری‌و ، مەلا صالحی حەریق‌و ، مەلا حەمدوون‌و ، پیرەمێردو ، حمدی‌و ، تایەربەگ‌و ، احمد مختاربەگ‌و ، زێوەرو ، بێخودو ، شێخ‌سەلام‌و ، بابارسوڵی بێدنی‌و ، بابارسوڵی میری سوورو ، هەردی‌و ، ئەسیری‌و ، گۆران‌و ، قانع‌و ، بێ‌کەس‌و ، رمزی معروف‌و ، علی باپیر ئاغاو ، شێخ‌نووری‌و ، شاهۆو ، هێمن‌و ، دڵدارو گەلێکی‌ترەوە کەلێنی ساڵەهای ساڵمان پڕکراوەتەوە ، وە لەم چل پەنجا ساڵی دوایی‌یەدا دیوانی زۆریان لە چاپدرا ، وە نامەخانەکانی کوردستانیان ڕازاندەوە •

زۆر سوپاس بۆ خوا کە زۆر کەشکۆڵ‌و بەیازی دەست‌نووس لە کوردەواری‌دا هەن کە پڕن لە شیعری شاعیرانی کۆنی کورد وەك ئەختەرو ، بیمارو ، خەستەو ، فتحی‌و ، فکری‌و ، هجری‌و ، صافی‌و ، مەجدی‌و گەلێکی‌تر کە شیعرەکانیان لەسەر ڕووپەڕەی ئەو کەشکۆڵ‌و بەیازانە وەك ئەستێرەی ئاسمان ئەدرەوشێنەوە •

بێ‌گومانم زۆر دیوانی ترمان هەیە ، وە زۆر کەشکۆڵ‌و بەیازمان هەیە کە شیعری سەدەها شاعیریان تیا نوسراوە ، ئەگەر لەم‌ڕووەوە هەوڵێك بدرێ زۆر شاعیری مردوومان زیندوو ئەبنەوە ، وە دێنەوە ناومان‌و قسەوگوفت‌و گۆمان لەگەڵ ئەکەن ، وە بە زادەی هەست‌و شیعرەکانیان زۆر ڕووپەڕەی ڕەنگین ئەخوێنینەوە ، ئیتر پشت بە خوا •

# أبُوذَرّ الغِفَارِيْ

ئەندامی کارا :
**د . کامل بەصیر**

الغفاری : ئەم مرۆڤە موسڵمانە ، هەرچەندە یادگاری هەمیشە لە مێژووی عەرەبی‌و ئیسلامی‌دا شەوقدەداتەوە ، سەرگورشتەی بە بێ‌مشتومڕی نووسەرانو جیاوازی پێنووسان نەچەسپاوە . تەنانەت : ناویشی بە چەشنێکی یەکدگیر لە کتێبە مێژوویییەکاندا تۆمار نەکراوە .

ئێمە ئەگەر بمانەوێ هێڵە سەرەکی‌یەکانی ژیانی لە ڕوانگەیەکی گشتی‌یەوە یەك بخەین ،دووپاتی دەکەینەوە کە ناوی بە ( جندب کوری جنادە ) بەناوبانگەو لە خێڵی غفارە .

دایکی ناوی ( رملة کچی الوقیعة ) یەو دیسانەوە لە خێڵی غیفارە .

ساڵی لە دایكبوونی نەزانراوە ، بەڵام مێژوونووسەکان سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە لە ڕەشماڵێکی خیلی غفارەدا چاوی بە ڕوناکی ژیان هەڵهێناوەو مەڵبەندی ئەم خێڵەش لەو ڕێگا بازرگانییەدایە کە شاری مەکە بە شامەوە دەبەستێ .

بەناوبانگە کە أبوذر لە هەرەتی گەنجی‌دا لاوێکی ڕەشتاڵەو قەدباریك بووەو لە ئیش‌وکاری ڕۆژانەدا بە چالاکی‌و ڕاستگۆیی ناوبانگی دەرکردووە .

مێژوونووسەکان دەیگێڕنەوە کە بەر لە جاڕدانی ئاینی ئیسلام بە سێ ساڵ دەستی لە بت‌پەرستی هەڵگرتووەو بڕوای بە خوای مەزن هێناوە ،

بۆیە خەڵکی ناونازی ( صابئی )یان لێناوە ، واتە : ئەو کەسەی لە ئایینی باوباپیری لایداوەو چۆتە ژێـر ئاڵای ئایینێکی تازە باوەوە ، سەرئەنجام أبوذر کە بـە ئایینی ئیسلامی زانی یەکسەر لەسەر دەستی پێغەمبەر د • خدا شایەتمانی هێناو بوو بە موسڵمان •

کتێبە مێژوویەکان لەمڕووەوە ڕێكدەکەونو دەیسـەلمێنن کـە ئـەم خواپەرستە پێنجەم کەسە لـــە کاروانی موسڵمانە دەستپێشـخەرەکانی ئایینی ئیسلام •

لەمکاتەدا کە هێشتا موسڵمانەکان لە شاری مەکە پێیان نەدەکرا بەئاشکرا پەیوەندی بەخەڵکەوە بکەن ، پێغەمبەر د•خ بەهۆی ئەم بارەوە بەرپرسیاریتی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسـلام لـە ناوچەی خێڵی غفاردا خستە ئەستۆی ابـوذر ، ئەمیش ئازایانە پەیامی خۆی بەجێهێناو بـــە زمانێکی پاراوو دەروونێکی پتەوو مێشکێکی کراوە کۆمەڵێك لە خێڵەکەی بۆ لای ئیسلام ڕاکێشاو مزگەوتێکی بنیاتناو بەئاشکرا ئـەرکی ئایینی ئیسلامی لەگەڵ هاوباوەڕەکانی دەبرد بەڕێوە ، هەتاکو ساڵی پێنجی کۆچی ٦٢٧ی زایینی لەسەر فەرمانی پێغەمبەر د•خ ماڵبەندی خێڵەکەی بەجێهێشتو بەرەوشاری مەدینە کەوتەرێ •

لە شاری مەدینەدا أبوذر چالاکییەکی بێهاوتای لە هەموو کۆڕێكدا نواند : سەرکردایەتی لەشکری لە چەندشەڕێك پێسپێرراو لە مزگەوتەکاندا جەماوەری فێردەکردو لــە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتیو خێلایەتی بەشداری دەکردو کردەوەو ئاکاری لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا بـوو بـە نموونەی رەفتاری موسڵمانان •

امام علی دەربارەی پلەی زانستی أبوذر ووتویەتی : ( أبوذر زانستی

وەهای وەچنگ هێناوە کە خەلکی پێیان نەکراوە وەکو ئەو وەچنگی بهێنن ) •
پێغمبەر د•خ بۆ ناساندن‌و پشت‌تێکردنی لــە مالی دنیاو گوزەرانی ژیانی
ووتویەتی : (أبوذر لە نەتەوەکەمدا لەڕووی زوهدەوە وەکو عیسی کوری
مریم )ە •

هەروەها ئەم موسلمانە تا بلێی بێ‌فیزو لەخواترس بوو : دەی گێڕنەوە کە
لــە ناوچەی ( الربذة ) دەست‌بەسەر بــوو لەکاتی نوێژدا لە پشت‌سەری
نۆکەریکەوە نوێژی دەکردو بە هیچ‌جۆرێك پیش کەس نەدەکەوت : مرۆڤی
وەها هەلبەت دەبێ ئازاو چاونەترس بێت • پێغمبەرد•خ ئەم ڕاستییە دووپات
دەکاتەوە کە فەرمۆیەتی : ( ئاسمان بەسەر کەسێکەوە گومەزە شینەکەی
هەلنەداوەو زەویش کەسێکی هەلنەگرتووە کە لە أبوذر ڕاستگۆتر بێت ) •

ئەم هێلە سەرەکییانەی ژیانی أبوذر بــە صەدان گێراوەی زانستی‌و
ئایینی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابوری لــە کتێبەکانی مێژوودا ســەرگورشتەیەکی
پایەبەرز پێك‌دەهێنن ، کۆتایی ئەم سەرگورشتەیە لە گوندێکی بیابانیدا بــە
ناوی ( الربذە ) کــە سێ میل لــە مەدینەی پێغمبەرەوە دوورە وێنەیەکی
دلتەزێنی کێشاوە ، چونکە ئەم مرۆڤە مەزنە کە سالی ٣٢ ی کۆچی لــەم
شوێنەدا گیانی پاکی بە خاك سپارد ، جگە لە کچەکەی هیچ کەسێکی‌تری
لەدەور نەبوو •

کتێبە مێژووییەکان ئەو وێنەیە دەخەنە ڕوو کە دەیگێڕنەوە : أبوذر کە
لەوبارەدا هەستی بــە نزیك‌بوونەوەی مەرگ دەکرد بــە کچەکەی ووت :
ڕووم‌بکەرە قیبلەو شایەتمانم پێ‌بهێنەو ، ئەمجا چاوەکانی ئایەسەر یەك‌و ئەم
ژیانەی بــە کوێرەوەری بەجێ هێشت •

هەروەها دەی‌گێڕنەوە کە کچەکەی بە سەر لێ‌شێواوی شەوێك مایەوە
هەتاکو لە بەرەبەیاندا کاروانێکی بەدی‌کرد کە لەدورەوە بەرەو مەدینــە

بەخێرایی ڕێگای دەبڕی ، هاواری لێ کرد ، کاروانەکە کە کچەکەیان بە تەنیایی دی ڕاوەستان : دوو سێ سوار ڕۆیان تێکرد کە زانییان کچی یاری پێغەمبەرە د.خ ( أبوذر الغفاری ) یە ، کاروانەکە هەموو لە لاشەکەی أبوذر کۆبونەوەو نوێژیان لەسەر کردو ، ئەمجا ناشتیان .

لەنێوانی کاروانەکەدا یاری بەناوبانگی پێغەمبەر د.خ ( عبدالله کوری مسعود ) بوو کە چاك أبوذری دەناسیو فەرموودەکانی پێغەمبەر د.خ دەرحەقی لەبەر بوو و دەیزانی بۆچی ڕەوانەی ئەم شوێنە بێئاوەدانە کراوەو بە دەستبەسەری ماوەتەوە ،بۆیە ڕووی کردە کاروانەکەو ووتی : ئەی خەڵکینە پێغەمبەر د.خ ڕاستی فەرمووە کە ووتویەتی : ( أبوذر بەتەنیا دەژیو بەتەنیا دەمرێو بەتەنیا ڕۆژی قیامەت زیندوو دەبێتەوە ) .

توێژەر کە بەم شێوازە کورتە ژیانی أبوذر دەگێڕێتەوە پێویستە چەند لایەنێکی ئەم ژیانە بۆ مەبەستی زانینی هەڵوێستە ئیسلامییەکان درێژە بە چەند لایەنێکی بدات ، چونکە مێژوو بۆ مێژوو ناخوێنرێتەوە ، بەڵکو بۆ چەسپاندنی ڕووداوە پرشنگدارەکان وەکو کلاوڕۆژنەیەکی ڕابەریکەر لەم سەردەمەدا لاپەڕەکانی هەڵدەدرێنەوە .

قورئانی پیرۆز زۆر جار جیاوازی نێوانی زاراوەی ( الاسلام )و زاراوەی ( الایمان )ی خستۆتەڕوو و دووپاتی کردۆتەوە کە ئیسلامێتی مرۆڤ هەنگاوێکە دەبێ بە ئیمان تەواو بکرێت ، چونکە ئیمان باوەڕ پێکردنێکی خودی یە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێو بەچەشنێکی کاریگەر ڕابەری خاوەنەکەی بەرەو خواناسین دەکات .

أبوذر الغفاری ــ هەروەکو ووتمان ــ سێ ساڵ بەر لە پەیدابوونی ئایینی ئیسلام بە دڵو بە گیان ڕێگای خواناسینی گرتبووە بەر ، مێژوونووسەکانی ژیانیشی ئەم بارە تایبەتی یەی بەوە لێكدەدەنەوە کە

دۆرگەی عەرەبی هەرچەندە پێش پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام بتپەرستی بەزۆری باڵی ڕەشی بەسەردا کێشابوو ، شوێنەواری ئایینی پێغمبەر ابراهیم دەخ لە چەند ناوچەیەکدا وەکو هەتاو شەوقی دەدایەوەو پەیڕەوی کەرەکانی پێیان دەوترا ( الاحناف ) •

ئەم ئاینە وەنەبێ بەجۆرێکی نەخشەدار ڕێگای خواناسین بە خەڵکی پیشان دابێت ، چونکە بەرپرسیاری دەستنیشان کراوی نەبوو ، بەڵکو ئەوکەسەی بڕوای پێ دەهێنا بە تێفکرینی خودی و لێکدانەوەی دەروونی دەی گەیشتێ •

أبوذرالغفاری لەم تەرزە کەسانە بوو ، هەروەکو لەم دەمەتەقەیەی لەگەڵ برازایەکیدا دەردەکەوێت : ( ئەی برازا سێ ساڵ بەر لەوەی چاوم بە پێغمبەر دەخ بکەوێت نوێژم دەکرد ) •

برازەکەی : بۆ کێ نوێژت دەکرد ؟ •

أبوذر : بۆ خوا •

برازاکەی : ڕووت بەرەو کوێ دەکرد ؟ •

أبو ذر : بەرەو هەرشوێنێك کە خوا پیشانی دەدام •••• ) •

ئەم دەمەتەقەیە تایبەتییەکی بیروباوەڕی بۆ أبوذر دەچەسپێنێ و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم ئادەمیزادە تۆوی ئیمان بە چەشنێکی ڕاستەقینە لە دڵیدا چاندرابوو و زەمینەی هەست و نەستی بۆ وەرگرتنی ئایینی ئیسلام ئامادە کرابوو •

کتێبە مێژووییەکان لەمڕووەوە دەیگێڕنەوە کە خێڵی غفار لە مانگی محرمدا بەپێچەوانەی نەریتی عەرەب دژ بە خێڵێك جەنگا ، أبوذر لەم کردەوەیە زویر بوو و خۆی و دایکی و تاقە براکەی مەڵبەندی خێڵەکەی بەرەو دۆڵی مەکە بەجێ هێشت و لە شوێنێکی نزیك لەو دۆڵەوە خێوەتێکی هەڵدا •

ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ڕێکەوت بیستی کە لە شاری مەکەدا پێغمبەرێك پەیدا بووەو لە ئاسمانەوە وەحی بۆ دێتو خەڵکی بۆ کردەوەی چاكو ڕەوشتی چاك بانگ‌دەکات .

بڕیاری‌دا کە ئەو پێغمبەرە ببینێ ، بەرەو شاری مەکە کەوتە ڕێو لە بازاڕی مەکەدا ڕووی دەمی کردە پیاوێكو لێی‌پرسی : ماڵی پێغمبەر لەکوێوەیە ؟ . پیاوەکە پەلاماری داو هاواری‌کرد : خەڵکینە ئەمە (صابئي)یەکە . خەڵکەکە کەوتنە گیانی أبوذرو تێریان لێداو هەتاکو هەموو لەشیان تێك‌شکاند . کتێبە مێژووییەکان ئەم ڕووداوە وەکو تایبەتییەکی دی بۆ أبوذر دەچەسپێننو دەڵێن : ئەم مرۆڤە یەکەم کەس بوو کە لەپێناوی خواناسین‌دا خوێناوی کرا .

أبوذر سەرەڕای ئەم کارەساتە شاری مەکەی بەجێ‌نەهێشت ، بەڵکو بۆ ماوەی مانگێك بەدوای پێغمبەردا د.خ گەڕاو لە کەعبەدا شەوان چاوەڕێی دەکرد . شەوێك لەو شەوانە مانگەشەو بوو خەڵکی شاری مەکە بۆ ڕابواردن بەرەو سەیرانگاکان کەوتنەڕێ . أبوذر لە کەعبەدا دانیشتبوو لەپڕ پێغمبەرو أبوبکر هاتنو لە قوژبنێکی ماڵی خوادا دەستیان بە نوێژ کردن کرد .

أبوذر لە سەرەتاوە نەی‌دەناسین ، بەلام کە گوێی لێیان بوو زانی یەکێکیان پێغمبەرە د.خ ، یەکسەر هەروەکو ڕێوونکەرێکی تینو چوو بۆلایانو سلاوی لێ کردنو خۆی پێناسینو لەسەر دەستی پێغمبەردا شایەتمانی هێنا .

أبوذر بۆ ماوەیەك لە ماڵی أبوبکردا بەمیوانی مایەوە ، ئەمجا پێغمبەر فەرمانی پێ‌دا کە بگەڕێتەوە ناو خێلەکەیو ئایینی ئیسلام بلاوبکاتەوە .

جا کە ڕۆژی گەڕانەوەی هات چوو بۆ کەعبە کە لەوێدا خەڵکی شاری مەکە بۆ بت‌پەرستی هەمیشە خڕدەبوونەوە ، أبوذر لەپڕ دەنگی بە شایەتمان

بەرزکردەوەو خەڵکەکە دیسانەوە پەلاماریان داو ویستیان بیکوژن ، بەڵام العباس مامی پێغمبەر د•خ هاواری لێ کردن‌و ووتی ئەم پیاوە یەکێکە لە خێڵی ( الغفار ) کە مەڵبەندەکەیان کەوتۆتە رێگای بازرگانیتان ، ئەگەر خوێنی برژێنن چلون کاروانەکانتان‌دەتوانن بەم ڕێگایەدا بڕۆن ، بۆیە خەڵکەکە دەستیان لێ هەڵگرت •

ئەم ڕووداوەش تایەتییەکی دی بۆ أبوذر دەچەسپێنێ‌و دەی‌سەلمێنێ کە ئەم موسڵمانە شۆڕشگێر بووەو لە پێناوی حەق‌ناسین‌دا نەبەزو چاونەترس بووە • أبوذر کە خۆی گەیاندە خێڵەکەی ، یەکسەر دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام کرد • لە سەرەتاوە دایکی‌و براکەی ( أنس ) بروایان بەم ئایینە تازەیە هێنا ، ئەمجا ڕۆژ دوای ڕۆژ تا دەهات موسڵمانەکان زیاد دەبوون‌و لەدەوری أبوذر کۆدەبوونەوە •

لەساڵی پێنجمی کۆچی‌دا خۆی‌و موسڵمانەکانی خێڵەکەی گەیشتنە شاری مەدینە ، پێغمبەر د•خ پێشوازی لێ کردن‌و پێخۆشحاڵ بوو بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو ئەم خێڵە عەرەبییەداو ووتی : ( غفار غفر الله لها ) : واتە ( خوای مەزن گەردنی خێڵی غەفاری ئازاد کردوو لە گوناهەکانیان خۆش‌بوو ) •

ئەم فەرموودەیەی پێغمبەر هەڵبەت دەری‌دەخات کە چلۆن أبوذر بوو بەهۆی بەختیاری دنیاو ئاخیرەتی خێڵەکەی • أبوذر الغفاری کە بەوجۆرە لە کۆڕی ژیان‌و بڕواهێنان بە ئایینی ئیسلام‌و بنیات‌نانی هەڵوێستی لەعاستی ڕابواردن‌و خۆش‌گوزەرانی‌دا پێگەیشت ڕێگایەکی تایبەتی لە کۆمەڵ‌دا گرتەبەر : ئەم ڕێگایەش لەسەر سێ بناغە دامەزراوە :ـ

یەکەم : هەڵسەنگاندنی هەموو دیاردەیەکی ناهەموار بە شێوازێکی شۆڕشگێڕو گوێ نەدان بە هیچ هێزێك کە لە خستنەڕووی حەق دەرفەتی پێ بگرێت •

دووەم : پشت‌گوێ خستنی هەموو وێنەیەکی خۆشگوزەرانی‌و مل

کەچکردن بەرامبەر بە کارتێکردنەکانی دنیا •

سێیەم : هاندانی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین دژ بە هەموو کردەوەیەکی ناهەموار •

ئەم سێ بناغەیە هەڵبەت لەبەر تیشکی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغمبەردا بەڵگەکانیان وەچنگ هێنابوون ، وەکو ئەم فەرموودەیەی پێغمبەر کە دەڵێ : ( نزیکترینتان لەمنەوە رۆژی قیامەت ئەو کەسەیە کە ئەم ژیانە بە دەستێکی بەتاڵ لەماڵو حاڵی دنیا بەجێدەهێڵی ) واتە : مرۆڤی موسڵمانی ڕاستەقینە نابێ پاشکەوت لەدوای خۆیەوە بەجێبهێڵێ ، بەڵکو پێویستە هەرچی هەیەو نیە لەپێناوی خواو بەدیهێنانی فەرمانەکانی لە یارمەتیدانی دەستکورتانو هەژاران خەرج بکات •

لە شاری مەدینە چینێکی تازە لە چەند فەرماندەو بازرگانێك پێك‌هات : ئەم چینە تا بڵێیت دەوڵەمەند بوون کەنیزو کارەکەرو خزمەتکارو ڕەنجبەر لە کۆشكو تەلارو کێڵگەکانیاندا خڕببونەوەو ژیانێکی خۆشگوزەرانی بێهاوتایان دەبردەسەرو لە دەیان ڕێگاوە پولو پارەیان وەچنگ‌دەهێنا •

أبوذر دژ بەم چینە زۆرانێکی بیریو ئایینی بەرپا کردو بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرتنو هانی خەڵکی دەستکورتی لێ دەدانو دەیووت ( ئەوکەسانەی بە ماڵو ماڵات لەمدونیایەدا بەهێزن ئەگەر هاتو زێڕو زیویان کۆکردەوەو دەستیان لە هەژارانو لێقەوماوان ڕاگرتو بازاڕیان تەنیا بۆ قازانجی خۆیان گێڕا ، ڕۆژی قیامەت لاوازترین خەڵکن لەلای خوا ) •

هەروەها کۆڕی دادپەروەرانەی لە مزگەوتەکانی مەدینەدا دەبەستو بڕیاری حەقسەندنی مافی هەژارانی لە ملهوڕان دەدا • تاقمێك لە خاوەن بەرژەوەندەکان لەم ڕەفتارەی أبوذر ڕازی نەبوون ، لەلای جێنشینی سێیەم عثمان کوڕی عفان دەمخ شکاتیان لێکرد جێنشین ناردی بەدوایداو پێیڕاگەیاند کە جگە لە کاربەدەستان هیچ‌کەسێك بۆی نیە بڕیاری چاکەو

خراپەی ئەمو ئەو بدات •

أبوذر بەم هەڵوێستەی جێنشین قایل نەبوو تا دەهات زیاتر لەسەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام دەبوو ، سەرئەنجام جێنشین عثمان فەرمانی پێیدا کە شاری مەدینە بەجێبهێڵێو لە ئاگرنانەوەی دووبەرەکی دووربکەوێتەوە •

أبوذرو تاقە کچەکەی بەرەو شام کەوتنە ڕێ ، هەڵوێستەکەی نەگۆڕا ، بەڵکو زیاتر بۆچوونەکانی بڵاودەکردەوەو خەڵکی هەژاری لە خۆی کۆدەکردەوەو ئەو ئایەتە پیرۆزو فەرموودانەی پێغمبەری د•خ بۆ دەخوێندنەوە کە بناغەکانی کۆمەڵێکی دادپەروەرو یەکسانو بێجیاوازی لەنیوانی دەوڵەمەندو هەژارو ڕەشو سپیدا بنیاتدەنێن •

أبوذر لە شامدا بەهۆی ئەم هەڵوێستەیەوە تووشی چەرمەسەری بوو ، بۆیە شامی بەجێهێشتو لە ( الربذە )دا ژیانی بردەسەرو بە هەڵی زانی کە دوور لە خەڵکیو دوور لە خۆشگوزەرانی لەو بیابانەدا خەریکی نوێژو ڕۆژوو خوێندنەوەی قورئانو یادکردنەوەی فەرموودەکانی پێغمبەر د•خ بێت ، هەتاکو بە دەربەدەریو هەژاری ماڵئاوایی لەم دونیایەی کردو وەکو موسڵمانێکی ڕاستەقینەو شۆڕشگێڕێکی حقناس ناوی لە کتێبە مێژوویەکاندا تۆمار کرا •

# چەند کێشەیەکی زمانانیی "[1]"

د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف
لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی

— ١ —

## بۆچی زمان بە دیاردەییکی سروشتی دانانرێت ؟

زمان گرنگترین ئامێری پێوەندی نێوان ئادەمیزادە . بێ زمان پێوەندی لەنێوان ئادەمیزاددا پەیدا نابێ‌و بێ پێوەندییش کۆمەڵ سازنابێ‌و هەروەها مرۆ خۆیشی . بیریش بێ زمان پەیدا نابێ ـ واتە ئادەمیزاد بێ زمان ناتوانێ لە واقیعی دەوروبەری تێ‌بگاو خۆی تێیدا بناسێ .

بەڵام چ ئەم‌و چ ئەو تەنها لە کۆمەڵی ئادەمیزاددا دەشێ ببن .

بائەوە لە « دوورگەی نهێنی »ی ژوول ڤێرن‌دا[٢] بێنینەوە یاد کە کۆلۆنیستەکان ( ئایرتۆن )ی کێوی‌یان لە دوورگەیەکی چۆڵی بێ‌ژیاندا دۆزی‌یەوە کە لە سزای تاوانێك‌دا لەوێ بەجێ‌هێڵرابوو . ئایرتۆنی لە کۆمەڵ دابڕاو لەوە کەوتبوو وەك مرۆ بژی ، وزەو توانستی وەك مرۆ بیرکردنەوەی نەمابوو و لە قسە کەوتبوو . کاتێ کەوتە ناو کۆمەڵێکی بچووکەوەو چووە نێو ژیانی ئادەمیزادانەوە ، وزەو توانستی بیرکردنەوەی گەڕایەوەو سەرلەنوێ کەوتەوە قسە .

ئەگەر مرۆڤایەتی خۆی ڕانەگرێ‌و ڕەگ‌دانەکوتێ‌و بەردەوام نەبێ ، نەوەی ئادەمیزاد کە بکەوێتە بارو دۆخی گیاندارانەوە ، ڕەوشتی گیانداران

وەردەگرێو هیچ جۆرە ئاکارو ڕەوشتێکی مرۆڤانەی نامێنێ • ئەمە لــە هیندستان لە دوو کچی بچووك ڕوویدا ، ساڵی ۱۹۲۰ ( رید سینگ )ی دەروونناسی هیندی لـــە لانەی گورگدا لـەگــەڵ بێچووە گورگــدا دۆزیبوونیەوە • یەکێك لـە کچەکان بە شێوە حــەوت ــ هەشت ساڵان دەبوو • ئەوی تریشیان ــ دوو ساڵان بوو • بچکۆلەکەیان هەر زوو مرد ، بەڵام گەورەکەیان کە ناونرا ( کەماله ) نزیکەی دە ساڵ ژیا • ر • سینگ لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە بەردەوامی سەرنجی دەربارەی ژیانو پێشکەوتنی کەماله یادداشت دەکرد • لەو یادداشتو کارەی ر • سینگەوە دەزانــین ، کەماله لە سەرەتادا لەسەر چوار پەل دەڕۆیشت ، واتە لەسەر دەستو ئەژنۆی، بەڵام کە ڕایدەکرد لەسەر دەستو پاژنەی پێی • گۆشتی هەر لەسەر زەوی هەڵدەگرتو دەیخوارد ، بەڵام ئەگەر بە دەست بتدایەتێ وەری نەدەگرت • لە ئاوخواردنەوەدا زمانی بەکاردەهێنا • ئەگەر یەکێك لە کاتی نانخواردنیدا لێی بچوایەتە پێشەوە مۆڕدەبووەوەو دەنگێکی وەك شیراندنی لێوە دەهات • هەندێ جــار شەو دەیلووراند • کەماله بــە ڕۆژ لەسەر چیچکان لــە سووچێکدا دەنووستو ڕووی دەکردە دیوار • جلی لەبەر خۆی دادەدڕی • شەوان لە تاریکیدا زۆر باش دەیبینی ؛ لە سەرەتادا لە ئاگرو شەوقی بەهێزو ئاو دەترسا •

کەماله پاش دوو ساڵ فێربوو بە پێوە بووەستێ • دوای شەش ساڵ فێری ڕۆیشتن بوو • بەڵام هەر وەك جاران لەسەر چوار پەل ڕایدەکرد • لــە ماوەی چوار ساڵدا تەنها شەش وشە فێربوو و لــە حەوت ساڵدا چلو پێنج • لەدوای حەوت ساڵ وای لێهاتبوو ئیتر لە تاریکی نەترسێ ؛ هاتبووە سەر ئەو بارەی بە دەست بخواو بە پەرداخ بخواتەوە ؛ ئارەزووی لەگەڵ خەڵك تێکەڵاوبوونی پەیدا کردبوو •

ر • سینگ پێی لەوە ناوە کە نەیتوانیوە بەتەواوی ژیانی « مرۆڤانە » بۆ

کەماله بگەڕێنێتەوە[٣] •

زانایان ماوەیێکی زۆر هەوڵیاندا ئیسپاتی بکەن ، کەوا ئادەمیزاد بوونەوەرێکی وەك گیاندارو ڕووەکەو بە هەمان یاسای سروشت گەشە دەکاتو بۆ هەموو زمانێك وەك یەکە لە هەر شوێنو لە هەر دەمێکدا بێ • زمان وەك گشت بوونەوەرێك لەدایكدەبێ ؛ نەشونما دەکات ؛ دەگاتە لووتکەی پێشکەوتن ؛ بەرەو نشوستی دەڕواتو دەمرێ • ئەم تێگەیشتنەی زمان ، لە ناوەڕاستی سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو ، بەتایبەتی کاتێ سەر کەوتنی زانستەکانی سروشت ، کە داروێنیزمیش یەکێکیانە ، سەرنجی گەلێ لەوانەی ڕاکێشابوو ، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مرۆڤو خاسیەتەکانی بوون •

بەڵام ئەو جۆرە تێگەیشتنەی زمان بەرەو ئەنجامی ڕاست بردن نی‌یە لە لێکدانەوەی دیاردەی واقیعدا ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ڕاستی دوورخستنەوەیە •

هەندێ تەجروبە دەتوانن بەئاسانی ئەو جۆرە بۆچوونە ڕەتبکەنەوە •

لە یەکەم سەرنجڕاگرتندا دەشێ وا بێتە بەرچاو ، کەوا منداڵ هەموو بە یەك جۆر فێری هەناسەدان ، تەماشاکردن ، ڕۆیشتن ، قسەکردندەبن ، بەڵام ئەمە ڕاست نی‌یە • بێتو منداڵێکی تازە لەدایكبوو بنێردرێتە دوورگەیەکی چۆڵو بێ‌ژیان ، ئەگەر لەوێ نەمرێ ، ئەوە زۆر باش فێری ڕاکردن ، بەسەر داردا هەڵگەڕان ، خۆشاردنەوە ، خواردن بۆ خۆ دابین‌کردن دەبێ ، بەڵام فێری قسەکردن نابێ ، چونکە کەس نی‌یە لێوەی فێر بێو کەس نی‌یە قسەی لەگەڵ بکا •

خاسیەتی سروشتیو بایۆلۆجیی مرۆ دەشێ دوور لە کۆمەڵو لە بارو

دۆخی تەنیایی‌شدا فراژوو ببێ‌و بگۆڕێ‌و گەشەو نەشونما بکا ، بەڵام ئەو خاسیەتانەی پێوەندی‌یان بە زمانەوە هەیە ، لەو جۆرە بارو دۆخەدا ناتوانن گەشەو نەشونما بکەن •

ئاشـــکرایە ، لە دایـــك‌و باوکێکی زۆلۆوس [٤] تەنیا قولەڕەش پەیدا دەبێ • لە دایك‌و باوکێکی چینی تەنیا چینی لەدایك‌دەبێ • بەڵام ئایا ئەمـــە وادەگەیەنێ کـــە منداڵی یەکەم هەر دەبێ بـــە زۆلۆوسی بدوێ‌و منداڵی دووەمیش بـــە چینی ؟

بۆ لێکدانەوەی ئەو کێشەیە تاقی‌کردنەوەیەکی دی دەکەین • منداڵـــە ساوا زۆلۆوسەکە دەگوێزینەوە بۆ چین‌و منداڵە ساوا چینی‌یەکەش دەبەینە ئەفەریقا لای زۆلۆوس • بێ‌گومان منداڵـــە زۆلۆوسەکە بـــە زمانی چینی قسە دەکاو چینی‌یەکەش بە زۆلۆوسی • هەرچەندە ئەو دوو منداڵە بە شێوە لە خەڵکی دەوروبەریان زۆر جیاوازن ( منداڵە زۆلۆوسەکە لە دایك‌و باوکی زۆلۆوسی دەچێ‌و منداڵە چینی‌یەکەش لە دایك‌و باوکی چینی ) ، بەڵام بـــە زمان بەتەواوی وەك خەڵکی دەوروبەریانن •

بەوپێیە دەزانین ، زمان میراتێکی بەدەنی نی‌یە ، وەك میراتی ڕەنگی پێست‌و چەشنی لەش‌و فۆرمی کەللەسەرو کەمی‌و زۆریی موو ، کە نیشانەی ڕەگەزو نەژادن •

بەمەدا دەردەکەوێ تێکەڵ‌کردنی نیشانەی زمان‌و ڕەگەز هەڵەیەکی گەورەیە • تێزیکی زمان لەگەڵ یەکتردا بە هیچ جۆرێ نیشانەی وێکچوونی ڕەگەز نی‌یە • بەپێچەوانەشەوە یەکێتی ڕەگەز پێوەندی بە یەك زمان یـــان تێزیکیی زمانەوە نی‌یە • سنووری ڕەگەزو سنووری زمان یەك‌ناگرنەوە •

بۆنموونە نوێنەرانی ڕەگەزی دەریای سپی ناوەڕاست کە لە باکووری

دەریای سپی ناوەڕاست دەژین لەڕووی زمانەوە سەر بە گرووپو خێزانی جیاجیان ، وەك : ( تورك ، گریك ، ئەلبان ، سێرپ ، ئیتالیایی ، فەرەنسەیی ، ئیسپانیایی ••• هتد ) • دانیشتوانی فەرەنسە ، کە بە یەك زمان قسەدەکەن کە فەرەنسەیی‌یە ، لەڕووی ڕەگەزەوە زۆر لە یەك جیان ( فەرەنسەیی باکوورو ناوەڕاستو خواروو ) •

لەم ڕووەوە دانیشتوانی ئەمەریکا تەواو سەرنج ڕادەکێشن •ئەمەریکا لە باری ڕەگەزەوە پێکهاتنێکی یەکجار هەمەچەشنی تێدایە ، کە بە هۆی هاتنی میللەتانی جۆربەجۆرەوە لە وڵاتانی دوورو نزیکی جیهانەوە ، وەك ( ئەوروپایی خاوەن ڕەگەزی هەمەجۆرو قولەڕەشو چینیو تورکو عەرەبو گەلێکی‌دی ) سازبووە • بەڵام لەڕووی زمانەوە وێك‌دەچن : هەموو بە زمانی ئینگلیزی دەئاخێون •

لایەنگیرانی نیگای بایۆلۆجی لەبارەی زمانەوە ، کە باوەڕیان بە یەکێتی یەکگرتنەوەی زمانو ڕەگەز هەبوو ، بوونە هۆی شێواندنی ئەو پێوەندی‌یە واقیعی‌یەی لەنێوان ئەو دوو دیاردەیەدا هەیە •

بەڵام گەلێك لە زمانناسان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستداتوند دژی ئەو یەکێتیو یەکگرتنەوەو پێوەندی‌یە وەستان • بەوێنە ئی • ئا • بەدوئێن دێ کورتەنێ ( ١٨٤٥ — ١٩٢٩ ) نووسیویە : « یەکێ لە سەرلێ‌شێواندنە زانستی‌یەکان مەسەلەی یەکێتی زمانو ڕەگەزە ••• لەنێوان ڕەگەزو زمانێکی دیاری‌کراودا کەمترین پێوەندی چی‌یە ، نی‌یە »[٥] •

لایەنگیرانی نیگای بایۆلۆجی سەبارەت بە زمان بەڵگەیەکی‌تریشیان بەدەستەوەیە • ئەوەش وێکچوونی « زمانی منداڵان »ە لای گشت میللەتان •

بەسەرنج‌دان دەردەکەوێ ، کەوا لەڕاستیدا هەموو منداڵان لە گشت سووچێکی جیهاندا ئەو « دەنگانە »ی لە سەرەتادا دەریان‌دەبڕن پێکهاتنێکی

برگەیی‌یان هەیەو بـە دەنگی لێوەکی دەست‌پێ‌دەکەن ، وەك : ما ــ ما ، با ــ با ، پا ــ پا . دواتریش : دا ــ دا ، نا ــ نا ، تا ــ تا . ئەم یەکێتی‌یەش پێوەندی بەوەوە هەیە ، کەوا جوولانەوەی لێو ئاسانترە وەك لە جوولانەوەی بنی زمان ... ، بەلام ئەو « گڕوگاڵ »ەی منداڵ هێشتا هیچ شتێکی لـە زمان ناچێ ، چونکە ئەمە تەنها « دەنگ »ێکی بێ‌واتایە کە لەئەنجامی تاقی کردنەوەی ماسوولکەوە پەیدا دەبێ ، وەك چۆن پێ بە زەوی‌دا دان ــ نە دانسەو نە هەڵپەڕکێ .

ئەو « گڕوگاڵ »ە تەنیا کاتێ دەبێتە وشە ، کە ببێ بە ناوی شتێك ، کە واتایێك بگەیەنێ . ئیتر ئەوسا گشت نهێنی‌یەکی یەکێتی «زمانی منداڵان»و سروشتی پەیدابوونی ئاشکرا دەبێ .

لەزمانانی جیاوازدا وشە هەیە وەك یەك‌دەوترێن ، بەلام مانایان جیاوازە . بەوێنە لە زمانی ڕووسیدا بە « دایك » دەڵێن « مامە » ، بەلام لە زمـانی گورجیدا « مامە » واتای ( باوك ) دەگەیەنێ‌و لە کوردیدا بۆ ( برای باوك ) بەکاردەهێنرێ . وشەی « بابە » لە رووسیدا واتای ( نەنك ) دەگەیەنێ ، لە کوردیدا « باوك » ،لە زمانە تۆرانی‌یەکاندا « باپـیر » ... ئەگەرچی منداڵ ئەو دەنگانە وەك یەك بەکاردەهێنن ، بەلام ناتوانن لە یەکتر تێ‌بگەن ، چونکە زمانیان جیاوازە . هەرچی زمانیشیانە بەندە بە زمانی گەورەوەو گەورەش منداڵ فێردەکا ئەو برگە بێ‌واتایانە بکا بە وشە .

لە کاتی خۆیدا ئەرستۆ ڕای خۆی دژی ئەو جۆرە بۆچوونە دەربڕیوە : « لەنێو هەموو زیندەوەراندا تەنیا ئادەمیزاد بەهرەی ئاخاوتنی هەیـە » ( « سیاسەت » ) . ئەم وتەیەی ئەرستۆ زۆر جار بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەلایـەن ڕووناکبـیرانی ولاتـانی جیـاوازی سـەدەی بووژاندنـەوە « ڕێنیسانس »ەوە بەرچاو دەکەوێ . بەوێنە دانتێ ( سـەدەی چواردە )

پەنجەی بۆ ئەوە درێژکردووە ، کەوا ئاخاوتن تەنیا بۆ ئادەمیزاد پێویستە ، تاکو بیروڕای خۆیان بۆ یەکتر دەربڕن ( لێکۆڵینەوە « لەبارەی زمانی ڕازاوەی میللی‌یەوە » ) • بۆسیوئێت ( سەدەی حەڤدە ) نووسیویە : « دەکرێ دەنگ‌و وشە وەك یەك وەربگیرێن ، چونکە هەردووکیان کار لە هەوا دەکەن ، دوایی لە گوێ‌و ئنجا لە مێشك • هەروەها بەتەواوی دەشێ وەك نیشانە وەربگیرێن ، کە ئادەمیزاد داینا‌و‌و لە بیرو لێکدانەوەی خۆیدا واتای شت دەگەیەنن » ( لێکۆڵینەوە « لەبارەی ناسینی خواو خودی خۆوە » ) •

بەڵێ لە هەندێ حاڵەتدا بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێك هەست بە بەکارهێنانی دەنگ دەکەین لەلایەن گیاندارەوە • بەوێنە ئەو دەنگەی مریشك‌و هەندێ باڵندەی مێی دی کە جووجکەکانیانی پێ بانگ‌دەکەن • یاخود سەگ کە بە کەسێکی نەناسیاو دەوەڕێ ••• گیانداران هەروەها دەتوانن لە ڕێی دەنگەوە هەستی خۆیان دەربڕن ( تووڕەیی ، ترس ، خۆشی ) ، بەڵام هەموو ئەمانە دیاردەی ڕەنگ‌دانەوەی بایۆلۆجین ، کە بەشێکی لەسەر ( ڕەنگدانەوەی عەفەوی ) دامەزراوەو بەشێکی‌تری لەسەر ( ڕەنگدانەوەی چاولێکەری ) پەیدا بووە ، کە لێرانەدا نە « وشە »و نە دەربڕینی « واتا » نی‌یە •

هەندێ‌جار پەنا دەبەنە بەر ئەو حاڵەتانەی باڵندەو گیاندار بە هۆش‌و ئاگاوە دەنگ دووپات‌دەکەنەوە • ڕاستە دەتوانرێ تووتی فێری قسەکردن بکرێ — واتە ئەو باڵندەیە دەتوانێ لەڕێی مەشقەوە لەسەر بنچینەی ڕەنگدانەوەی لاسایی دەنگ لاسایی ئاخاوتنی ئادەمیزاد بکاتەوە ، بەڵام کاتێ تووتی « دەڵێ » : « تووتی بێ‌ئەقڵە » ، ئەوە لەوە تێ‌ناگا کە خۆی قسە بە خۆی دەڵێ • کەواتە قسەی تەنیا لاسایی کردنەوەی قسەی ئادەمیزادە • شتێکی‌تری سەیر ئەوەیە ، هەندێ گیاندار بۆ مەبەستێك

دەنگی خۆیان دەگۆڕنو لاسایی دەنگی گیاندارێك دەکەنەوە کە دەبێتــە نێچیریان • بەوێنە کاتێ ئاسکی نێر لەسەر ئاسکی مێ بەشەڕ دێن ، پڵنگ دەنگی خۆی وەك دەنگی ئەوان لێ دەکا ، تاکوو شەڕکەرەکان بێنە پێشەوە • وەك گەریدەی بەناوبانگ ڤ • ك • ئارسێنێڤ پەنجەی بۆ درێژکردووە « پڵنگ نۆتی ئەو دەنگانە دووپات دەکاتەوە »(٦) • جا لەمەشدا لاسـایی پڕبەپڕ نایەتە ئەنجام • خۆ ئەوە هەر ناکرێ ، کە پشیلە فێری وەڕین بکرێو سەگیش فێری میاواندن ، ئەگەرچی پشیلەو سەگ گیانداری هەرەماڵیو لە مرۆڤ نێزیکن •

لێکۆڵینەوەکانی ئی • پ • پاڤلۆڤ ڕێگە خۆشدەکەن ئەو کێشانە بەشێوەیێکی تیۆری ، ڕاست ساغبکرێنەوە •

ئی • پ • پاڤلۆڤ نووسیوێتی : « ••• گیاندارو مرۆڤی سەرەتایی تا ئەو دەمەی هێشتا نەبووبوونە ئادەمیزادی ڕاستەقینەو لە دۆخی ئێمـە نزیك نەکەوتبوونەوەو پێوەندیان بە جیهانی دەوروبەریانەوە تەنهـا بـە یاریدەی ئەو سەرنجانەوە بوو ، کە لەئەنجامی کارتێکردنی هەر شتێکدا ڕەنگیاندەدایەوە و لە وێنەی هەموو جۆرە هەستێکەوە ــ بینین ، دەنگ ، سەرما ، گەرما ••• هتد • ئنجا کە لە کۆتاییدا مرۆڤ پەیدابوو ، ئەوە ئەو یەکەم نیشانانەی واقیع ، کە ئێمە هەمیشە سەرنجیان دەدەینێ تا ڕادەیێکی دیار کران بە وشە ••• کاوێکی دیارە ، کەوا لەسەر بناغەی سەرنجدان لە واقیع ، لەسەر بناغەی ئەو یەکەم نیشانانە لای ئێمە دووەم نیشانە لە شێوەی وشەدا دەرکەوت »(٧) •

سەرنجو هەستو ڕا لە دیوی دەرەوەی دەوروبەر چ سروشتی گشتیو چ سروشتی کۆمەڵایەتی بێ ( جگە لە وشە کە ببیسترێو ببینرێ ) ــ « ئەو یەکەم سیستەمی نیشانەیەی واقیع گشتییە لە نێوان ئێمەو گیانداراندا »(٨) •

دووەم سیستەمی نیشانە بەندە بە تەجرید ( ئەبستراکت ـ Abstraction )ی بیرەوە ، کە واتای گشتیو وشە پێكدێنێ •

« سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەی ئادەمیزاد بەسەر گیانداردا هەبوونی توانستی واتای گشتییە ، کەوا بە یاریدەی وشە پێکهاتووە ••• »[٩] •

« ••• وشە کە نیشانەی یەکەم نیشانەیە بەتایبەتی دووەم سیستەمی نیشانەی واقیعی ئێمەی داناوە »[١٠] •

لە یەکەم سەیر کردندا وا دێتە پێش چاو ، کە ئەمە گیاندارانی ماڵی ناگرێتەوە ، کەوا لە مرۆڤو ئاخاوتنی « تێدەگەن » • بێ گومان گیاندارانی ماڵی ، کەوا پشتاوپشت لە دەوروبەری ئادەمیزاد دەژینو لەگەڵیان ڕاهاتوونو سەرنجیان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتییان ڕاکێشاوە ، ڕاهێنانو فێرکردنی « گوێگرتنیان » لە مرۆڤ ئاسانە ، بەوێنە ( ختتە ـ بۆ پشیلە ؛ چغە ـ بۆ سەگ ••• ) • یاخود کاتێ ئەو گیاندارانە بۆ هەندێ مەبەست هەندێ دەنگ بەکاردێنن ••• بەڵام هەموو ئەمانە دەکەونە ئەودیو سنووری یەکەم سیستەمی نیشانەوە ، لەبەرئەوەی تەنانەت « پێشکەوتووترین » گیانداریش لە بەهرەی چالاکیی قسە بێبەرە •

دیورینگ[١١] کە هەوڵیدا تەجریدو ڕەسەنی بیر لە « ڕێی ئاخاوتنەوە » ئازاد بکا لە ( ئێ )وە ڕەخنەی توندی لێ گیرا : « ئەگەر وابوایە ، ئەوە دەبوو گیانداران خاوەنی تەجریدترینو ڕەسەنترین بیر بوونایە ، لەبەرئەوەی بیریان هەرگیز بە لووتێژەنینی زمان گەردی لێ نانیشێ »[١٢] •

لە وەڵامی پرسیاری « سروشتایەتی » یان « مەرجایەتی »ی پێوەندیی دەنگو واتا لە وشەدا دواتر لە باسی کێشەی پێکهاتنی زماندا لێی دەدوێین •

هەموو ئەوەی لێیدواین ، ڕێماندەدا ئەو ئەنجامانەی لێ هەڵێنجێنین :

١ ــ زمان نه دیاردەییکی سروشتەو نه دیاردەییکی بایۆلۆجی •

٢ ــ بوون‌و پێشکەوتنی زمان ژێردەستەو گوێڕایەڵی یاساکانی سروشت نی‌یــه •

٣ ــ نیشانەی فیزیایی ئادەمیزاد ( بەوێنه ڕەگەزی ) پێوەندی به زمانەوه نی‌یــه •

٤ ــ تەنیا ئادەمیزاد خاوەنی زمانه • گیاندار لەم دووەم سیستەمەی نیشانه بێ‌بەره •

ــ ٢ ــ

## زمان وەك دیاردەییکی کۆمەڵ

ئەگەر زمان دیاردەییکی سروشتی نەبێ ، دەبێ جێی لەنێو دیاردەکانی کومەڵدا هەبێ • ئەم بڕیاره شتێکی ڕاسته ، بەڵام بۆئەوەی بەتەواوی ئەو کێشەیه ڕوون‌بێتەوه ، پێویسته شوێنی زمان لەنێو دیاردەکانی تری کۆمەڵدا ئاشکرا بکرێ • ئەم شوێنەی زمان تایبەتی‌یه ، چونکه زمــان دەورێکی تایبەتی بۆ کۆمەڵ هەیه •

ئەو وێکچوونانه چین که لەنێوان زمــان‌و دیاردەکانی‌تری کۆمەڵدا هەن‌و له چیدا زمان لەگەڵیان جیاوازه ؟

وێکچوونی زمان لەگەڵ دیاردەکانی‌تری کۆمەڵ لەوەدایه ، که زمان ــ مەرجێکی پێویستی بوون‌و پێشکەوتنی کۆمەڵی ئادەمیزادەو ماکی گیانی کولتورێتی • زمان وەك گشت دیاردەکانی‌دی کۆمەڵ ناشێ له مایەکی‌یەت داببرێ •

بەڵام ئەرکی زمانو سروشتی بەجێهێنانی ئەرکو جۆری پێشکەوتنی لە دیاردەکانیتری سروشت جیاوازە •

باوەڕ دەربارەی ئەوەی زمان بوونەوەرێکی بایۆلۆجی نییە ، زووتریش نوێنەرانی « قوتابخانەی زانستی کۆمەڵ » وەك ( ف • دێ سۆسسیور ، ژ • ڤاندرییس ) لە ژێر ئاڵای نسوونایەتی ( المثالیة ــ Idealism )دا دەریان بڕیوەو ( ل • نوارێ ، ن • یا • مارر )یش لەژێر ئاڵای مایەکیەتی ( المادیـة ــ Materialism )دا نیشـانیان داوە ، بـەڵام گرانیو گیروگرفت لە تێنەگەیشتنی پێکهاتنی کۆمەڵو خاسـیەتەکانی دیاردەکانی کۆمەڵدا بوو •

مارکسیزم لە دیاردەکانی کۆمەڵدا ژێرخان ( basis ) و سـەرخان ( superstructure ) جیادەکاتەوە ــ واتە پێکهاتنی ئابووریی کۆمەڵ لـە یەکێك لە قوناغەکانی گۆڕانو پێشکەوتنیداو لە ڕای سیاسیو یاساییو ئاینیو هونەریی کۆمەڵو دەزگا هاوشان و جووتەکانی هەر ژێرخانێکیش ، سەرخانی خۆی هەیە •

بە بیری کەسدا نەهاتبوو زمانو ژێرخان بە یەك بگرێ ، بەڵام دانانی زمان لەناو سەرخاندا چۆن لە زمانناسیی سۆڤیەندا پەیڕەوی کرابوو ، لـە هەندەرانیش هەر بەوچەشنە بوو •

ڕای هەرە باوی دژبایۆلۆجیستەکان دانانی زمان بوو بە « ئایدۆلۆجی » لە مەسەلەی سەرخانو هاوشانو جووتیی زمان لەگەڵ کولتووردا • ئەمەش کۆمەڵێ ئەنجامی چەوتی بەدوا خۆیدا هێنا •

بۆچی زمان نابێتە سەرخان ؟

چونـکە زمان ئەنجامو بەرهەمی ئەو ژێرخانە نییە ، بەلـکو ئامێری

تێکەڵبوونو لەیەک گەیشتنی کۆمەڵی ئادەمیزادە ، کە لە ماوەی گەلێ سەدەدا کەڵەکە بووەو پارێزراوە ، ئەگەرچی لەو ماوەیەشدا گۆڕان بەسەر ژێرخانو سەرخانە هاوشانو جووتەکانیدا هاتبێ •

سەرخان لە کۆمەڵی چینایەتیدا موڵکی ئەم چین یان ئەو چین نییە ، بەڵکو هی هەموو دانیشتوانەو خزمەتی جۆربەجۆرەکانی دەکاو بە بێ ئەمە کۆمەڵ پێك نەدەهات •

ن • یا • ماررو لایەنگیراتی « لێکۆڵینەوەی نوێ لەبارەی زمانەوە » چینایەتیی زمانیان بە یەکێك لە بیروڕا بنەڕەتییەکانی خۆیان دادەنا • ئەمە نەك هەر ئەوە دەردەخا کە باش لە کێشەی زمان تێنەگەیشتبوون ، بەڵکو لە دیاردەکانی تری زمانیش کەمئاگا بوون ، چونکە لە کۆمەڵی چینایەتیدا شتی گشتی بۆ چینە جۆربەجۆرەکان تەنها زمان نییە ، بەڵکو ئابوورییشە ، کە بە بێ ئەمە کۆمەڵ لەناودەچێ •

لایەنگیرانی چینایەتیی زمان بۆ نیشاندانی دابەشبوونی کۆمەڵ بەرژەوەندیی پرۆلیتارو بورژوایان لەگەڵ خەباتی چینایەتییان بەرانبەر یەك ڕاگرتووەو بەوپێوانەیە وایانداناوە کەوا لەبەر ئەوەی کۆمەڵێکی یەکگرتوو نییەو تەنها چین هەیە ، ئیتر بۆ کۆمەڵ زمانی هاوبەش پێویست نییە •

بەڵام بێ زمانی گشتیو بێزمانێ کە تێکرای ئەندامانی کۆمەڵ تێیبگەن ، کۆمەڵ لە بەرهەمهێنان دەکەوێو پەرشو بڵاو دەبێتەوەو وەك کۆمەڵ نامێنێ •

دیالێکتی دەوری دەرەبەگ بۆ سەرپاکی پلەکانی دەرەبەگایەتی « هەر لە میرەوە تا خزمەتکار »(١٣) هاوبەش بوو • ئەگەر تەماشای دەورەکانی پێشکەوتنی سەرمایەداریتیو سۆشیالیستی کۆمەڵگەی ڕووس بکەین ، دەبینین زمانی ڕووسی چۆن ئێستا خزمەتی ڕژێمی سۆشیالیستیو

کولتووری سۆشیالیستیی کۆمەڵگەی ڕووس دەکا ، بەر لە شۆڕشی سۆشیالیستیی ئۆکتۆبەری مەزنیش وا باش خزمەتی کولتووری بۆرژوای ڕووسی دەکرد .

بەوجۆرە چینایەتي زمان نی‌یەو نەبووە .

دووەم هەڵەی زمانناسان ، مەسەلەی هاوشانو جووتیی زمانو کولتووره . ئەم هاوشانو جووتی‌یە ڕاست نی‌یە ، لەبەرئەوەی کولتوور ئایدۆلۆجی‌یەتە ، واتە دیاردەی سەرخانە ، بەڵام زمان سەر بە سەرخان نی‌یە .

بۆچوونی نادروستی هاوشانو جووتیی زمانو کولتوور هەندێ ئەنجامی ناڕاستی لەپاش خۆی بەجێهێشت... کولتورو زمان وەك یەك نین . جیاوازیی کولتوور لە زمان ، ئەوەیە کە دەتوانێ هی بورژوا یان هی چینی کرێکار بێ . هەرچی زمانە کە ئامێری پێوەندیی نێوان ئادەمیزادو لەیەکتر گەیشتنە هەمیشە هی گشت میللەتەو خزمەتی کولتووری بورژواشو چینی کرێکاریش دەکا .

ئەو پێوەندی‌یە چی‌یە کە لەنێوان زمانو کولتووردا هەیە ؟ زمانی نەتەوەیی فۆرمی کولتووری نەتەوەیی‌یە . زمان بە کولتوورەوە بەندەو بە بێکولتوور مەحاڵە ، وەك چۆن کولتووریش بە بێ زمان نابێ ، بەڵام زمان ئەو ئایدۆلۆجی‌یە نی‌یە ، کە بنەمای کولتووره .

لە کۆتاییدا هەوڵی ئەوە درا بەتایبەتی لەلایەن ن . یا. مارڕەوە کە زمان وەك ئامێری بەرهەم تەماشا بکرێ .

بەڵێ زمان ئامێری بەرهەمە ، بەڵام « ئامێر » بە واتایێکی تایبەتی . هاوبەشیی زمان لەگەڵ ئامێرەکانی بەرهەم ئەوەیە ، کە هەردوکیان بەرانبەر بە سەرخان بێباکنو خزمەتی چینو کۆمەڵی جیاواز دەکەن ، بەڵام ئامێری

بەرهەم خێروبێری ماددی دێنێتە بەرهەم ، هەرچی زمانە هیچ ناهێنێتە بەرهەم ، بەڵکو تەنیا هۆیە بۆ خزمەتی پێوەندیو لەیەکتر گەیشتنی ئادەمیزاد . زمان ئامێرێکی ئایدۆلۆجی یە . ئامێری بەرهەم ( تەور ، داس ، پاچ ، بێڵ... ) بەدەنو شێوەو دیمەنێکی هەیە ، زمانیش خاوەنی پێکهاتنو سیستەمێکی ئۆرگانی یە .

بەمچەشنە نابێ زمان لەگەڵ ژێرخان یان لەگەڵ سەرخان یان لەگەڵ ئامێری بەرهەم دابنرێ . زمان لەگەڵ کولتووردا هاوشانو هاوجووت نی یەو ناتوانێ هی یەك چین بێ .

هەرچەندە ، زمان دیاردەیێکی کۆمەڵە ، کە لەنێو دیاردەکانی تری کۆمەڵدا جێگای تایبەتی خۆی هەیەو خاوەنی خاسیەتی خۆیەتی . ئەو خاسیەتانە چین ؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە زمان ئامێری پێوەندیو لەیەکتر گەیشتنە ، لە هەمان کاتیشدا کەرەستەی ئالوگۆڕکردنی بیروباوەڕە . جا شتێکی ئاسایی یە باسی پێوەندیی زمانو بیر بێتە پێشەوە .

لەبارەی ئەم کێشەیەوە دوو شێوە بۆچوونی دژبەیەکی وەك یەك ناڕاست هەیە :

١ ــ پچڕاندنی زمان لە بیرو بیر لە زمان .

٢ ــ هاوشانو جووتیی زمانو بیر .

زمان سامانو موڵکی کۆمەڵەو پێوەندیو لەیەکتر گەیشتن لەنێوان کۆمەڵدا پێكدێنێو مەودای ڕاگەیاندنو پاراستنی هەواڵی پێویستی هەر دیاردەیێکی ماددیو مەعنەویی ژیانی ئادەمیزاد خۆشدەکا . زمانیش وەك سامانو موڵکی کۆمەڵ لە ماوەی چەندین سەدەدا کۆبووەتەوەو پێکهاتووە .

بیر گەلێك خێراتر لە زمان گەشەدەکاو نوێ‌دەبێتەوە ، بەڵام بیر بە بێ‌زمان « شتێکە تەنها بۆ خودی خۆ » • ئەگەر بیر بە زمان دەرنەبڕێ ، ئەوە ئەو بیرە ڕوون‌و ئاشکرایە نابێ ، کەوا یارمەتیی ئادەمیزاد بدات‌و دەرك بە دیاردەکانی واقیع بکاو تێی‌بگاو گەشە بە زانست بداو بیگەیەنێتە لووتکە •

ئادەمیزاد هەمیشە دەتوانێ کەڵك لە کەرەستەی حازربەدەستی زمان ( وشە ، ڕستە ) وەربگرێ ،وەك ڕێژە ( matrix ) **یان قاڵب** ( formula ) نەك تەنها بۆ شتی ناسراوو زانراو ، بەڵکو بۆ شتی نوێش • لەباسی لێکسیکۆلۆژی‌دا ، ئەوە نیشان دەدرێ کە چۆن دەتوانرێ لە زماندا زاراوە بۆ ئەو شتە نوێیانە دابنرێ یان دابڕێژرێ کە لە زانستدا دەدۆزرێنەوە • کاتێ وشەیەکی پێویست یان واتایێکی نوێ دەهێنرێتە ناوانەوە ، ئاسانکردنی تێگەیشتنی هەر بۆ کەسانی‌تری کۆمەڵ نی‌یە، بەڵکو بۆ ئەوانەشە کە دەیانەوێ ئەو واتا نوێ‌یە ببەنە ناو زانست‌و ژیانەوە • لەم‌بارەیەوە لەکاتی خۆیدا پلاتۆنی فەیلەسووفی یۆنانی ( کۆتایی سەدەی پێنجی پ•ز• ) وتوویە : « سەیر دێتە پێش چاوم ، کە گێرمۆگین وای‌دەربڕیوە گوایا شت ڕوون‌دەبێتەوە ئەگەر بە یاریدەی پیت‌و بڕگە نیشان‌بدرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وایە »(١٤) •

هەر مامۆستایێك دەزانێ ، تەنیا ئەو دەمە دەتوانێ بێ‌گومان بێ ڕوون دەرس‌دەڵێتەوە ، کە بتوانێ ئەوەی پێویستە بە وشە بۆ قوتابێکانی باس‌بکا • دیارە خەڵکی ڕۆما بەخۆڕایی نەیان‌وتووە : ( Docendo discimus ) — فێرمان بکەن فێر دەبین •

وەك بیر بە بێ‌زمان دەرنابا ، زمانیش بە بێ‌بیر دەرنابا • ئێمە بیردەکەینەوەو قسەدەکەین‌و دەنووسین‌و هەوڵ‌دەدەین ڕێك‌وپێکترو ڕوونتر بیری خۆمان لە زماندا دەربڕین • ڕەنگە لەو حاڵەتانەدا کە قسەکەر ئەو

وشانەی دەیانڵێ هی خۆی نەبن ، بەوێنە کاتێ یەکێك شیعری شاعیرێك دەخوێنێتەوە یان ئەکتەرێك کە دەور دەبینێ ••• وا بێتە پێش چاو لێرەدا بیر نەبێ • بەڵام مەحاڵە ئەکتەرێك ، حیکایەتخوانێك ، تەنانەت موزیعێکیش وەك تووتی یێك خۆی بنوێنێ کە تەلەفوز دەکا ، بەڵام قسە ناکا • نەك تەنها ئەکتەرو حیکایەتخوان ، بەڵکو هەرکەسێك کە « تێکستی کەسێکی‌تر بڵێتەوە » بەپێی تێگەیشتنی خۆی واتای ڕادەگەیەنێو دەیداتە گوێ گر • ئەمە هەروەها پێوەندی بە بەکارهێنانی دەقی پەندی پێشینانو قسەی نەستەقەوە هەیە لە ئاخاوتنی ئاسایی‌دا • ئەو دەقانە کەرەستەیەکی چاکن ، چونکە کورتو لەبارن ، بەڵام هەلبژاردنیانو ماناپێدانیان دەگەڕێتەوە بۆ بیرو هۆشی ئاخێوەر • بە گشتی ئاخاوتنی عادەتیی ئێمە بریتی‌یە لە وەرگرتنو کۆکردنەوەی دەق لەو زمانەوەی لێمان ئاشکرایە • دەقەکانیش ئەو وشەو ڕستانەن ، کەوا لە ئاخاوتنماندا بەکاری‌دێنین ( خۆ هەرچی سیستەمی دەنگو ڕێزمانە ناتوانرێ‌شتی « نوێ »یان تێدا بدۆزرێتەوە ) •

بێ گومان بارو دۆخی وەهاش هەیە ، کاتێ قسەکەرێك ( بەوێنە شاعیرێك ) خۆی بە جوونەوەو دووپاتکردنەوەی وشەی عادەتی‌یەوە نابەستێتەوەو خۆی شت دادەهێنێ ( هەندێ جار سەر کەوتووانەو هەندێ‌جار بەپێچەوانەوە ) ، بەڵام وەك دەستوور وشەی نوێی شاعیرو نووسەر بەزۆری نرخی هەر لە تێکستەکەدا دەبێتو ناچێتە ناو زمانی هەموو خەڵکەکەوە • دیارە ئەو وشانە بۆ ڕاگەیاندنی واتای « هەموو شتێك » ڕۆنەنراون ، بەڵکو بۆ واتابەخشینی تاکایەتی (فردی ـــ Individual ) شتێك دروستکراون ، کە پێوەندییان بە ڕوخساری سیستەمی ئەو تێکستەوە هەیە • ئەو جۆرە وشانە بۆ ئەو مەبەستە نین کە تێکڕای خەڵك بەکاریان‌بێننو گشت هەواڵێکیان پێ ڕابگەیەنن •

ئـەم بیرە لـە شێوەیەکی بەڕواڵەت ناسازدا سـێکست ئێمپیریك ( سەدەی دووەمی پ • ز • )ی فەیلەسووفیی یۆنانی دەری بڕیوە ، کە وتوویە :

« وەك ئەوە وایە کـە چۆن مرۆیەك بەڕەهاوەت پارەیێکی ناسـراو بەدەستەوە دەگرێ ، کە بە پێی داب و نەریتی ئەو شوێنە لە شاردا دەچێ و ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ • ئەوکەسە دەتوانێ بە بێ گیروگرفت ئەو پارەیە ، کە لەو مەڵبەندەدا شوێنی خۆی هەیە ، بەکاربێنێ • کەسێکی دی کە ئەو پارەیە بەلاوە بنێ و بێت جۆرە پارەیەکی تر بۆ خۆی دروست بکاو بیەوێ خەڵك لێی وەرگرن ، ئەوە کارێکی پووچ دەکا • هەروەها لە ژیانیشدا ئەو مرۆیە لە شێت دەچێ ، کە نایەوێ ئاخاوتنی وەك پارەیێکی بڕواپێکراو بێ و وا بە باش بزانێ زمانی تایبەتیی خۆی دروست بکا »[١٥] •

کاتێ ئێمە بیردەکەینەوەو ئارەزوودەکەین شتێ بە یەکێ ڕابگەیەنین و تێمان بگات ، ئەوە بیر دەخەینە فۆرمی زمانەوە •

بەمچەشنە بـیر لەسـەر بنچینەی زمان لەدایك دەبێ و لەناو زماندا پتەو دەبێ • بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بە هیچ چەشنێك ئەوە ناگەیەنێ کە زمان و بیر هاوشان و جووتن •

زیریێـــژی ( المنـــطق ــ Logic ) لـە یاســـاکانی بـــیر دەکۆڵێتەوەو جیاوازی لـــە نێوان مەفهووم و دەلالـەت ؛ تەصەورات و تەصدیقات ؛ لێچواندن ( القیاس )و ــ قاڵبەکانیدا دەکات • بەڵام لـە زماندا بەشێوەیێکیترەو واتای دانەکانی : مۆرفێم ، وشە ، ڕستە لەگەڵ دابەش کردنی ژیریێژیدا وەك یەك نین •

گەلێك لە زانایانی ڕێزمان و ژیریێژیی سـەدەکانی نۆزدەو بیسـت هەوڵیاندا گونجان لەنێوان مەفهووم و وشەدا ؛ حوکم و ڕستەدا دەست نیشان

بکەن ، بەڵام ئاشکرایە ، هەموو وشەیێك واتا ناگەیەنێ ( بەوێنە ئامرازی سەرسوڕمان هەستو ئارەزوو ڕادەگەیەنێ ، بەڵام واتا ناگەیەنێ ؛ جێناو تەنیا شت نیشاندەدا ، بەڵام ناوی ناباو خۆی واتا نابەخشێ ؛ گەلێ لە ناوی تایبەتی واتایان تێدا نی‌یە ... هتد ) . هەروەها وەنەبێ هەموو ڕستەیەکیش حوکمی تێدا بێ ( بەوێنە ڕستەی پرسیارو ورپاکردنەوە ) . جگە لەوە سنوورەکانی حوکم لەگەڵ ئەندامەکانی ڕستەدا یەك ناگرنەوە .

یاساکانی ژیربێژی بۆ گشت ئادەمیزاد وەك یەکن ، لەبەرئەوەی خەڵك هەموو وەك یەك بیردەکەنەوە ، بەڵام ئەو بیرە بە زمانی جیاوازو بە جۆری جیاواز دەردەبڕن . تایبەتێتی نەتەوایەتیی زمان هیچ جۆرە پێوەندی‌یێکی بە مەنتیقی ناوەرۆکی گوتەوە نی‌یە . هەروەها بەنیسبەت فۆرمی لێکسیکی‌و ڕێزمانی‌و فۆنەتیکی گوتەی زمانێکی دیاری‌کراوەوە دەتوانرێ بە چەند جۆرێ دەربڕرێ ، بەڵام لەگەڵ مەنتیقی دانەکاندا یەك‌ بگرنەوە . ( بەوێنە : من دەست هەڵدەبڕم / من دەست بەرزدەکەمەوە ؛ ئەو چوو بۆ قوتابخانە / ئەو چووە قوتابخانە ... ) .

بەلای پێوەندیی زمانو بیرەوە کێشەی سەرەکی‌و بنەڕەتی جۆری تەجریدە ، کەوا چووەتە ناو سەرانسەری زمانەوە ، بەڵام لە پێکهاتنی هێلە ئاسۆیی‌یەکانی : لێکسیکی‌و ڕێزمانی‌و فۆنەتیکی‌دا جیاوازەو خاسیەتی لێکسیك‌و ڕێزمانو فۆنەتیك دیاری‌دەکاو تایبەتێتی جیاوازیی چۆنەکیی ئەو دانانەو پێوەندیی نێوانیان ڕادەگەیەنێ .

زمانو بیر یەکێتی پێك‌دێنن ، چونکە بە بێ‌بیر زمان ناتوانێ ببێ‌و بیریش بە بێ‌زمان مەحاڵە .

زمانو بیر لەڕووی مێژووەوە لە یەککاتدا پەیدابوون لــە ئەنجامی پێشکەوتنی زەحمەت کێشانی ئادەمیزادەوە « زمانیش هەروەك بیر دێرینە، زمان وەك چۆن تەجروبەو هەبوونە بۆ خەڵکی‌تر ، هەر ئەو هەبوونەشــە بۆ من • واقیعی بیریش هەر بەوجۆرەیە ••• »(١٦) •

— ٣ —

## پێکهاتنی زمان ، زمان وەك سیستەم

زمان وەك ئامێری پێوەندی بەستنو لەیەکترگەیشتن دەبێ وەك ڕێکخراوێکی یەكدەنگ بێو پێکهاتنێکی ناسراوی هەبێو وەك هەندێ سیستەم یەکێتی ماکەکانی پێك بێنێ •

بەرلەوەی بێینە سەر باسی پێکهاتنو سیستەمی زمــان ، پێویستــە کێشەیێکی‌تریش ڕوونبکەینەوە •

ئەگەر بۆچوونی ئێمەو ئەنجامی لێکدانەوەی بیرمــان بریتی بێ لــە ڕەنگدانەوەی « شێوە »و « قاڵب »و « ڕوخســار »ی شــتی واقیعیو پرۆتسێسی سروشت ، ئەوە ئەمە پێوەندی بە وشــەکانی زمــانو زمــان بەتێکڕاییەوە نی‌یە •

« ڕەنگدانەوە »ی ڕاســـــتەوخۆی شت تەنیا لــــە چاولێکردنی دەنگدا دەبێ ، وەك ( باع — باع ، وەو — وەو ••• )و تەنانەت ئەمانەش دەستوورێکی ناوەکیی فۆنەتیکنو دەتوانن ببنە گیروگرفت لە ڕێگای باش دەربڕینی دەنگەکانی سروشت بە دەنگەکانی ئاخاوتن • جا بۆیە ئەو دەنگە سروشتی‌یانە لە زمانانی جیاوازدا بەجۆری جیاواز تەقلید دەکرێن • وشەی ئاسایی دەنگ تەقلیدنەکراو لە کەرەستەی ڕۆنانیدا هیچ شتێکی گشــتی

نی‌یە لەگەڵ واتای ئەو شتەدا یان ئەو دیاردەیەدا کە دەیگەیەنێ • لەڕاستیدا چ شتێکی گشتی لەنێوان کۆمەڵە دەنگی ( دەم ، چاو ، برا پشیلە ••• )و مانای ئەو شتو دیاردانەدا هەیە ، کە دەیانگەیـەنن ؟ بەتـەواوی ڕوونو ئاشکرایە ، کەوا ئەو کۆمەڵە دەنگانە « ڕەنگدانەوە »ی واقیع نین •

لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەی بۆچی دەزانین کەوا « دەم » یانی « دەم »و « پشیلە » یانی « پشیلە » ••• ؟ •

وەڵامی ئەمە لە تیۆری نیشانەدا دەبینینەوە • پێویستە چی لە زاراوەی نیشانە تێبگەین ؟ دەشێ ئەمە بەپێی ئەو چەند خاڵانەی بەسەر زمانـدا دادەبڕێن ، لێك بدرێتەوە :

١ ــ نیشانە دەبێ مادی بێ ــ واتە وەك هەموو شتێك بەئاسانی هەستو دەرکی پێ بکرێ •

٢ ــ نیشانە واتای نی‌یە ، بەڵام ئاراستەی واتا کراوە • هـەبوونی لەبـەر بەجێهێنانی ئەو ئەرکەیە • بۆیە نیشانە ــ دووەم ئەندامی سیستەمی ئیشارەتە •

٣ ــ ناوەرۆکی نیشانە لەگەڵ خاسییەتە مادی‌یەکاندا یەك ناگرنەوە ، ئەوسا وەك ناوەرۆکی شت لە خاسیەتە مادی‌یەکانی دووردەکەوێتەوە •

٤ ــ ناوەرۆکی نیشانە بە خاسیەتە جیاکەرەوەکانیدا دەردەکەوێ ، کە بـە ڕێگەی شی‌کردنەوەدا جیادەکرێتەوەو لە جیانەکراوەکان جیادەکرێتەوە •

٥ ــ نیشانەو ناوەرۆکی بە جێگەو دەوری ئەو نیشانەیە لە سیستەمی شی‌کردنەوەی بەدوایەکداهاتنی نیشانەدا دیاری دەکرێ •

ئەمە دەشێ بەوجۆرە نموونانە ڕوونبکرێتەوە • ئەگەر ( پەڵە )و پیت ،

کە سروشتی مادییان وەك یەکەو هەردووکیـان بەر توانـای ئەندامەکانی هەستدەکەون ، بەراوردبکرێن ئەوە ئاشکرا دەبێ کە بۆ خاسـیەتەکانی ( پەڵە ) هەموو خاسیەتە مادی‌یەکانی : بارست ، شێوە ، ڕەنگ ، پـلەی کاڵی‌و تۆخی ... وەك یەك گرنگن . بەڵام بۆ پیت تەنها ئەوە گرنگە ، کە ئەم پیتە لە پیتێکی‌تر جیابکرێتەوە : پیتی ( ا ) دەشێ گەورە بێ یـان بچووك ، کاڵ بێ یان تۆخ ، ڕەنگی هەمەچەشن بێ ... بەڵام هەر ( ا )یە ، کەچی لە گۆڕینی ئەو خاسیەتانەدا ( پەڵە ) جیادەبێتەوە . ( پەڵە ) هیـچ ناگەیەنێ ، بەڵام پیت دەیگەیەنێ ، ئەگەرچی واتـای خۆی نی‌یە . ( ا ) لەبەرئەوە بوونی هەیە ، کەوا لە ( ۆ ، ی ... هتد ) جیابکرێتەوە ، تاکو ( مار ) لەگەڵ ( مۆر ، میر ... ) تێکەڵ نەکرێن ... هتد . پیت دەشێ شێوەی مـاددی بگۆڕرێ ، بەوێنـە : ح ، ج ، ج ، ج ... ج ، ج ، ج ، ج ... بەڵام ئەمە بەنیسبەت ( پەڵە )وە ، کە شێوەی بگۆڕێ دەبێ بە پەڵەی جیاواز . لێرەدا مەسەلە ئەوەیە ، کەوا نیشانە بریتی‌یە لە ئەندامی دیاری‌کراوی سیستەمی نیشانە .

توانستی نیشانە ، کە بەجێ‌هێنانی ئەرکی جیاکردنەوەیە ، لەسەرئەوە دامەزراوە کە نیشانە لە سنووری ئەو سیستەمی نیشـانەیەدا ( ئەلفوبێ ، پێکهاتنی دەنگیی زمان )[17] خۆی جیادەبێتەوە یان بەتێکڕایی یان بەیاریدەی تایبەتێتی‌یەك . ئەمەش دیسان ئاسانترە لەسەر پیت نیشانبدرێ . بەوێنـە ( ۆ )و ( ن ) بەتێکڕایی لە یەك جیاوازن‌و هیچ شتێکی گشتی لەنێوانیاندا نی‌یە . بە پێچەوانەوە ( س )و ( ش ) هەموو شتێکیان وەك یەکە ، جگە لە تایبەتێتی‌یێك ، کە « سێ خاڵ »ە لەسەر ( ش ) .

لەنێو زانایاندا لەبارەی نیشانەوە لە زماندا ڕایێکی یەکگرتوو نی‌یەو زۆریان ئەو تێگەیشتنە بەجۆری جیاواز لێك‌دەدەنەوە .

ف • ف • فۆرتوناتۆف زاراوەی « نیشانە »ی بەلاوە پەسەند بووەو زۆری بەکارهێناوەو نووسیوێتی : « زمان بریتی‌یە لە هەمەکی نیشانە ، بە شێوەییێکی سەرەکی بۆ بیرو دەربڕینی بیر لـە ئاخاوتندا • جگە لەوەش ، لە زماندا هەروەها نیشانە بۆ دەربڕینی هەستیش هەیە »[١٨] • فۆرتوناتۆف هەروەها نیشانەی بۆ دەربڕینی پێوەندییش تەماشاکردووە : « •••دەنگەکانی وشە بریتین لە نیشانەی بیر ، بەتایبەتی نیشانە وەك ئەوەی بۆ بیر دێت ( واتە ــ نیشانەی شتەکانی بیر ) ، وەك ئەوەی بیر دەیهێنێت ( واتە ــ نیشانەکانی ئەو پێوەندییانەی کەوا لە بیردا دەکرێنەوە لەنێوان بەشەکانی بیردا یان لەنێوان تێکڕای بیردا »[١٩] • دواتر فۆرتوناتۆف تەماشای کاری هاوبەشیی نیشانەی هەمەچەشنەی لە زماندا کردووە ، کەوا لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی فۆرمی وشەو تێگەیشتنی واتای هاوسەنگی نیشـانەدا • فۆرتوناتۆف باسی ئەو جۆرە خزمایەتی‌یەی لایەنی دەنگیی زمان دەکات ، کەوا هەستی پێ‌دەکرێ ( لەو نیشانانەی زماندا کە خراونەتەڕوو ) وەك واتاگۆڕیی ئەو نیشانانە کە لەگەڵیان یەکدەگرن‌و چونکە وەك دروستکەرانی ئەم نیشانانە لە نیشانەی‌تر خۆیان بریتین لە جۆری نیشانەی ناسراو لە زماندا ، بەتایبەتی نیشانە لەگەڵ واتای شێوەیی‌و واتای ناشێوەیی نیشانەکانی زمـان لـە پێوەندی‌یاندا لەگەڵ واتای شێوەیی زماندا بە واتای ماددی یاخود واقیعی ناودەبرێن »[٢٠] •

لە مەیدانی تیۆریی نیشانەدا ژیربێژی ئەڵەمانی ــ ئێدمۆند هوسسێرل لە « لێکۆڵینەوەی ژیربێژی »دا پەنجەی بۆ جیاکردنەوەی ئێجگار گرنگ ڕاکێشاوە :

١ ــ هەموو دەربڕینێك نیشانەیە •

٢ ــ پێویستە نیشانەی ڕاستەقینە ( Zeichen ) لە هێما یان پێوار ( Anzeichen ) جیابکرێتەوە وەك لە وێنەکێشانی خاجی هەمەجۆر بۆ

مەبەستی جیاواز ؛ پەت کردنەدەستو گرێلێدان بۆ لەبیرنەکردن » •

٣ ــ نیشانە بۆ واتا ئاراستەکراوە ، هەرچی هێماو پێوارە بۆ واتای ساکار دەمێنێتەوە •

٤ ــ ئاراستـــەکردنی نیشانە دەشێ پێوەندی بە شتە ناوبراوەکەوە هەبێ ــ ئەمە « پێوەندیی شت » ە بە « دەربڕینی قسەکەر »ەوەو بەتایبەتی بە واتاوە •

٥ ــ شـــتی زۆر گرنگ بۆ زمانەوانان بریتیە لـە جیاکردنەوی حاڵەتەکانی : أ ) یەك واتا ــ شـــتی جیاواز • ئەمە کۆکەرەوەیە ــ مانای گشتی ، وەك : ئەسپ ، مرۆڤ •••؛ ب ) یەك شت ــ مانای جۆربەجۆر ــ ئەمە هاوواتایە ، وەك : پەنجە ــ قامك •••(٢١)

لە گەشەپێدانی بیروڕای ئێ • هۆسسێرلدا دەروونناسو فەیلەسووفو زمانناسی نەمسایی ــ کارڵ بیولێر لە کتێبی « تیۆریی زمان »دا باســـی بەریانی جۆربەجۆری نیشـــانەکانی زمانی کردووەو ئەرکە بنەڕەتییەکانی زمانی دەستنیشان کردووە :

١ ــ ئەرکی دەربڕیـــن یاخود چۆنێتی دەربڕین ، کـە دۆخو باری قسەکەر دەردەبڕێ • ئەو نیشانانەی دەریاندەبڕێ بریتین لـــە « بەڵگە » ، بەوێنە ئامرازی ئاخ ، ئۆف ••• هتد •

٢ ــ ئەرکی بانـــگکردنو ڕووکردنە گوێگر یـــان ئەرکی داوای یارمەتیکردن • ئەم جۆرە نیشانانە بریتین لە ئیشارەت (بەوێنە ، هاوارکردن : هێی ؛ ڕێژەی فەرمان : بوەستە •••هتد ) •

٣ ــ ئەرکی بۆچوون • کاتێ یەکێك باسی شـــتێك بـــۆ یەکێکی تر

دەکات یان شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە ، ئــەوە بیولێر ئەو جۆرە نیشــانانەی ناوناوە نیشانەی ڕەمز • ئەم ئەرکە ، ئەرکی هەرە گەورەو گرنگی زمانە ، چونکە بەهۆی ئەم ئەرکەوە پێوەندی سازدەبێ(٢٢) •

زماننناسی دانیمارکی ــ ل • ئێلمسلێڤ دەربارەی نیشانە نووسیوێتی : « مەبەستی زمان بەر لە هەرشت سیستەمی نیشانەیە ، بۆئەوەی بەتەواوی ئەو مەبەســتە بەجێبێنێ ، پێویستە هەمیشــە ئامادەبێ بۆ دروستکردنی نیشانەی نوێو وشــەی نوێو ڕەگی نوێ ••• پەیدابوونی بارو دۆخی بێسنووریی ژمارەی نیشانە لەوەوە دێ کە هەموو نیشانەکانی لەسەر شتێ ڕۆدەنرێن کە نیشانە نینو ژمارەیان سنووردارە • ئەو ناوونیشانانە ، کە وەك بەشێکی نیشــانە دەکەونە سیستەمی نیشــانەوە پێیان دەوتــرێ تــەن ( figure ) • ئەمە زاراوەیێــکی برینســازییەو لێــرەدا بەکارهێنــانی لەبارە • بەم شێوەیە زمان کۆکراوەییێکی وایە ، کــە بــە یاریدەی تەنی ئامادەبوو و لە ڕێگەیەوە دەتوانێ ژمارەییێکی بێشومار نیشــانەی نــوێ ڕۆبنێ ••• »(٢٣) •

هەروەها باوەڕێکی وەهاشــی هەیە ، کە ئەوەی ئێلمسلێڤ ناوی ناوە تەن figure پێی دەڵێن نیشانەی جیاکەرەوە Diacritical mark sign ئەوەش کە بە نیشانەی تایبەتی ناوبردووە ، بە نیشانەی ڕەمز ( Symbol ) دادەنێن • هەروەهــا دەشێ نیشانەی جۆری یەکەم ( تەنو جیاکەرەوە )و جۆری دووەم ( ڕەمز )یشیان پێبوترێ •

نیشانەی جۆری یەکەم بریتین لە نیشانەکانی دەنگو نووسین ، کە بەر هەستی ئادەمیزاد دەکەونو خۆیان واتایان نییە ، لە سیستەمێکدا دانراونو ڕێكوپێك کۆکراونەتەوەو لەویوە خاسیەتی خۆیان وەردەگرن •

مۆرفێم کە بەشێکی سنووری هەیە وەك ( ئافیکس )و ، بەشــێکی

سنووری نی‌یه ، وه‌ك ( ڕه‌گ ) واتای خۆی هه‌یه • وشه له زماندا سنووری نی‌یه ( ئه‌گه‌رچی هه‌ر تێکستێك ده‌کرێ ژماره‌ی وشه‌کانی دیاری بکرێ ) ، به‌ڵام له‌به‌رئه‌وه‌ی مۆرفیم‌و وشه لـه نیشانه‌کانی جۆری یه‌که‌م ( فۆنیم ، پیت ) پێك‌دێن ، بۆیه ئه‌م دانانه‌ی زمانیش ــ هه‌روه‌ها نیشانه‌ن • ئه‌مه پتر ڕوون‌ده‌بێته‌وه ، ئه‌گه‌ر ته‌ماشای پێوه‌ندیی وشه‌و واتای ئه‌و شتانه بکه‌ین که ده‌یانگه‌یه‌نێ •

وشه وه‌ك ناوی شـتو دیارده هیچ شتێکی هاوبه‌شی له‌گه‌ڵ ئـه‌و شت‌و دیاردانه‌دا نی‌یه ، ئه‌گه‌ر پێوه‌ندی‌یێکی وه‌ها ئاسایی له‌نێوان وشه‌و شـتدا) هه‌بوایه ، ئه‌وه لـه زماندا نه وشـه‌ی هاوواتا ( مرادف ــ Synonym ) ــ ئـه‌و وشـانه‌ی یـه‌ك مانـا ده‌به‌خشـن یاخـود مانایان لێك نزیکه ، به‌ڵام له خوێندنه‌وه‌و نووسیندا جیاوازن ( تووش ــ دژوار ــ سه‌خت ــ ناخۆش ؛ خاپوور ــ وێران ••• )و نه وشه‌ی هاوبێژ ( مشترك لفظی ــ Homonym ) ــ ئـه‌و وشـانه‌ی لـه خوێندنه‌وه‌و نووسـیندا وه‌ك‌یه‌کن ، به‌ڵام مانایان جیاوازه ( ئاشـــ ــ جێی هاڕین‌و پاك‌کردنی دانه‌وێڵه‌و ــ ئاش ــ چێشت ؛ بیر ــ بیرو هۆش‌و بیر ــ بئری عـه‌ره‌بی ••• ) نه‌ده‌بوو • هه‌روه‌هـا مانای پێچـه‌ك ( المعنی المجـازی Transferred meaning )یشـس ( ئاگرنانه‌وه ــ ئاگربه‌ردانه شوێنێکه‌وه کـه بسـووتێ‌و ئاگرنانه‌وه ــ هه‌ڵگیرسـاندنی شـسـه‌ڕو ئاشوبنانه‌وه ؛ نه‌رم ــ شتێك که ڕه‌ق نه‌بێت‌و نه‌رم ــ مرۆڤی نـه‌رم ••• هتد ) په‌یدانابێ • له کۆتاییشدا ، هه‌روه‌ها له زمانانی جیاوازدا بۆ گه‌یاندنی واتای یه‌ك دیارده وشه‌ی جیاواز دروست‌نه‌ده‌بوو •

مارکس نووسیویه که‌وا «ناوی هه‌ر شتێك هیچ شتێکی هاوبه‌شی له‌گه‌ڵ سروشتیدا نی‌یه »(٢٤) •

بۆیە ناکرێ مانای ڕاستەوخۆی وشەی دانەڕێژراو بزانرێ • ئێمە نازانین بۆچی بە « چاو » دەوترێ « چاو »و بـە « بەرخ » دەوترێ « بەرخ »و بە « بەرد » دەوترێ « بەرد » •••

بەڵام وشەی داڕێژراو لە وشەی سادە ، واتازانینی لە ڕێگای وشـە دانەڕێژراوەکانەوە ئاسانە • بەوێنە « چاویلکە » لە ڕێگای « چاوەوە » ؛ « بەرخۆلـە » لـە ڕێگای « بەرخ »ەوە ؛ « بەردەلان » لـە ڕێـگای « بەرد »ەوە ••• ئەمەش وەك ئەوە وایە ، کە مانای پێچەکی وشە لە ڕێگای مانای ڕاستەوخۆی ( المعنی الحقیقی ــ Direct proper meaning ) یـەوە ڕوون دەبێتەوە • بووێنە وشـەی « بارخسـتن » بە مانای ( کەوتنی مریشك‌و کەڵەشیر لەسەر تەنیشت ) لە ڕێگای تێزیکی‌و وێکچوونی ئەو ڕووداوە لەگەڵ « بارخسـتن » بە واتای ( کردنەوەی بارو خستنی لـە شوێنێك )دا ئاشـکرا دەبێ • یاخود وشـەی « نەرم » بە مانای ( مرۆڤی لەسەرخۆو ناسـك‌و بەئەدەب ) بەهۆی تێزیکی‌و وێکچوونی خاسـیەت‌و ئەرکی ئەم دیاردەیە لەگەڵ « نەرم » بـە واتای « شتێك کـە ڕەق نەبێ » بەدەردەکەوێ ••• هتد •

بەمچەشنە وشەی داڕێژراو لەگەڵ واتای پێچەکی ئەسڵیان دیارەو لە زمانی ئەمڕۆدا لە ڕێگەی وشـەی دانەڕێژراوو مانای ڕاسـتەوخۆوە ڕوون‌دەکرێنەوە • هەرچی دانەڕێژراوو مانای ڕاسـتەوخۆیە ئەسـڵیان ئاشکرا نی‌یەو لە ڕێگای زمانی ئەمڕۆوە ڕوون‌ناکرێنەوە • زانینی ئەسڵی ئەو ناوانە تەنیا لە ڕێی لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژی‌یەوەو بەیارمەتی شێوازی بەراوردکاریی مێژوویی ئەنجام دەدرێ •

لەگەڵ ئەوەشـدا ئەی بۆچی « چاو ، بەرخ ، بەرد ••• » هـەر یەکگرتنی دەنگ نین‌و وشەن‌و مانایان هەیەو ئاخێوەری کورد تێیان دەگات ؟

ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویست بە ئاوڕدانەوە لە پێکهاتنی زمان دەکات •

مەبەست لە پێکهاتن یەکێتی ماکی جیاوازە لە سنوورێکی گشتیدا •

ئەوەی لە یەکەم هەنگاوی تەماشاکردنی پێکهاتنی زماندا بەرەنگاری دەبین ، سەرنج چوونە بۆ شتێکی زۆر سەیر ، ئەویش مەسەلەی ئالۆزیو نەسازانی ئەو پێکهاتنەی زمانە •

بەڵێ لە یەکەم سەرنجدا لە قسە گەیشتنی یەکتر زۆر ئاسانە : من قسەدەکەم ، تۆ گوێدەگری ، ئێمە لە یەکتر تێدەگەین • ئەمە تەنها لەبەرئەوەی عادەت وایە • بەڵام ئەگەر باش لەوە بیربکەینەوە کە ئەمە چۆن ڕوودەدات ، ئەوە بەرەنگاری دیاردەی ئێجگار سەرنجڕاکێش دەبین : قسەکردن بە هیچ چەشنێك وەك گوێگرتن نییە • هەرچی تێگەیشتنیشە لە هیچیان ناکات • ئەمە وادەگەیەنێ قسەکەر شتێك دەکاو گوێگر شتێکی دی، کەچی هەردووکیان شتێکی سێیەم تێدەگەن •

پرۆتسێسی قسەکردن و گوێگرتن وەك ئاوێنەو پێچەوانەکەیەتی • کۆتایی پرۆتسیسی قسەکردن بریتییە لە سەرەتای پرۆتسێسی گوێگرتن • قسەکەر کە لە ئێوەندی مێشکەوە پل وەردەگرێ ، ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکەونە کارو لەئەنجامدا دەنگ پەیدا دەبێ ، کە بەڕێگای هەوادا دەگاتە ئەندامی بیستن – ( گوێ )ی گوێگر • پەردەی گوێو ئەندامەکانی تری ئەو گوێی بیسەر ئەمە دەدەن بە دەمارەکانی بیستنو ئنجا دەگاتە ئێوەندی مێشك لە شێوەی هەستکردنداو لەکۆتاییدا لێتێگەیشتنی •

ئەوەی قسەکەر دەیهێنێتە ئەنجام کۆمەڵی ئەندامانی وتن ڕێکیدەخەن • ئەوەش کە وەریدەگرێو هەستی پێدەکا کۆمەڵی ئەندامانی بیستن سازیدەکەن •

کۆمەڵی ئەندامانی وتن لەڕووی فیزیاوی‌یەوە لە کۆمەڵی ئەندامانی بیستن ناچێ • بەڵام لە کاری قسەکردندا ئەو دوو کۆمەڵە یەك شت سازدەکەن ، ئەمە دوو ڕووی یەك مەبەستە • لەڕاستیدا وشەی « چاو » ئەگەر دەری‌بڕین یان بیبیسین لە ڕووی زمانەوە هیچ جیاوازی‌یێکی نی‌یە •

وێکچوونی وتراوو بیستراو لە خۆنواندنی ئاخاوتندا بەهۆی ئەوەوە دەگاتە ئەنجام ، کە کاری ئاخاوتن دوو لایەنە • ئەمە بەتایبەتی لە وتووێژدا دەردەکەوێ کە قسەکەر دەبێتە گوێگرو گوێگر دەبێتە قسەکەر • جگە لەوە هەر قسەکەرێك بێ‌ئاگایانە بیستنی خۆی تاقی‌دەکاتەوەو گوێگریش وتنی • وێکچوونی وتراوو بیستراو ڕێك‌وپێکی هەست دەگەیەنێتە ئەنجامو بە بێ ئەمە ــ واتە بە بێ هەست قسەکەران ناتوانن لە یەکتر تێ‌بگەن •

لە دەرك‌کردنی زمانێکی نەناسراودا یەکێتی وتن‌و بیستن پەیدا نابێ • بۆ دەرك‌کردنی ڕاست پێویستە هەردوو قسەکەرو گوێگر ــ زمانی ئەو وتراوو بیستراوە باش بزانن • بەڵام کار ( act ) ی زمان بە دەرك‌کردن ناگاتە کۆتایی ، ئەگەرچی بە بێ‌دەرك‌کردن هیچ ئەنجامێك پەیدا نابێ • پلەی دواتر ــ تێگەیشتن ــ ە • تێ‌گەیشتن ئەو دەمە دەوری تەواوی خۆی بەجێ‌دێنێ ، کە قسەکەرو گوێگر ئەو یەکێتی وتن‌و بیستنە لەگەڵ هەمان واتادا پێکەوە ببەستن • خۆ ئەگەر قسەکەرو گوێگر ئەو یەکێتی وتن‌و بیستنە لەگەڵ واتای جیاوازدا بەیەکەوە ببەستن ، ئەگەرچی لە بواری دەرك‌کردنێکی ڕاستیشدا بێ ، لەیەکتر گەیشتن پەیدا نابێ • بەوێنە ئەگەر عەرەبێك‌و کوردێك بە یەك بگەن‌و عەرەبەکە بڵێ « دار » ، ئەوە کوردەکە بە ئاسانی کۆمەڵی ئەندامی وتنی « دار » دەخاتە ژێر باری کۆمەڵی ئەندامی بیستنی کوردی « دار »ەوە ، بەڵام بە « درەخت » یان « لقی درەخت »ی تێ‌دەگا ، چونکە « دار »ی عەرەبی بەکوردی « خانوو »ە • بەمچەشنە لە پلەی دووەمی کاری زمانیشدا ، هەروەك لە پلەی یەکەمدا پێویستە کەوا

قسەکەرو گوێگر سەر بەو کۆمەڵە بن ، کە بە یەك زمان قسەدەکەن ، ئەوسا کۆبوونەوەیێکی نوێی لەیەك نەچوو پێكدێ : وتن و بیستن و واتاش یەکێتی یێك پێك دێنن .

واز لە پلەی یەکەمی کاری قسەکردن دێنین و سەیرێکی پێوەندیی دووەم دەکەین .

لە زماندا هەمیشە پێویستە دوو ڕوو هەبێ : یەك ــ ڕووی دەرەوە ، کە ماددییەو بە کۆمەڵی ئەندامانی وتن و بیستنەوە بەندە ؛ دوو ــ ڕووی ناوەوە ، کە ماددی نییەو بەواتاوە بەندە . دیاردەی یەکەم ئەرکی ئەوەیە لە ڕێگای نیشانەوە قسە بگەیەنێتە ئەندامانی هەستکردن ، کە بە بێ ئەمە لەیەکتر گەیشتن مەحاڵە . دووەم ــ ئەرکی لێکدانەوەی ناوەرۆکەو بە بیرەوە بەندە .

دەربڕینی ڕاستەوخۆی واتا لە دەنگدا بۆ زمان شتێکی ئاسایی نییە . ئەمە لە ئیشارەتی هەمەچەشنەی میکانیکیدا دەردەکەوێ . بەوێنە لە ترافك لایتدا ڕەنگی سەوز « ڕاستەوخۆ » واتای « دەشێ » دەگەیەنێ ؛ ڕەنگی سوور واتای « ناشێ » دەدات ، ڕەنگی زەردیش واتای « ئامادەبە »یە . لەم جۆرە سیستەمانەی ئیشارەتدا لەنێوان واتاو دەرکدا هیچ ماددییەتێك نییە . لە زماندا تەنانەت ئامرازەکانیش لەو پێکهاتنە نەخشەییە جیاوازن ، چونکە ئامراز دەتوانێ ئەرکی ڕستەیێکی سەرلەبەر بەجێبێنێ ، وەك ( ئاخ ــ ئاخ هەڵکێشان ... )و وەك ئاشکرایە ، دوورەوپەرێز نەوەستاوە ، بەڵکو پێوەندی لەگەڵ ماکەکانیتری زماندا هەیەو وەك سیستەمی ئیشارەت دروستکراو نییە .

ئەوەی بۆ زمان ئاسایی بێ ، ئەوەیە بریتییە لە سیستەمێکی ئاڵۆزی تێکچڕژاوی ماکی هەمەجۆر .

بۆ دیاری کردنی ئەو ماکانەی دەکەونە پێکهاتنی زمانەوە ، ئەو نموونەیە لێكدەدەینەوە : دوو ڕۆمایی گرەویان کرد کێ دەتوانێ کورتترین ڕستە بلێ ( یان بنووسێ ) • یەکێکیان وتی ( نووسی ) : (( Eo rus — من دەچم بۆ لادێ )) • ئەوی تریان وەڵامی دایەوە : (( i ـ بچۆ )) • ئەمە کورتترین وتراو ( یان نووسراو )ە • بیهێنە بەرچاو ، کە لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی وتراوێکی تەواوکراوەو لەو وتووێژەدا لە تێکستێکی تەواو پێکهاتووەو دیارە تێکڕای ئەو خاسیەتانەشی تێدایە کە لە هەر وتراوێکدا هەن • ماکەکانی ئەم وتراوە چین ؟

١ ـ ( i ) ـ ئەمە دەنگی ئاخاوتنە ( ڕاستتر فۆنیمە ) ـ واتە نیشانەی ماددیی دەنگە گوێ دەرکی پێ‌دەکا ، یاخود ( i ) ـ ئەمە پیتە ـ واتە نیشانەی ماددیی نووسینەو چاو دەرکی پێ‌دەکا •

٢ ـ ( i ) ـ ئەمە ڕەگی وشەیە ( بەگشتی مۆرفیمە ) ـ واتە ماکێکە مانایەك دەردەبڕێ •

٣ ـ ئەمە وشەیە ( کردارە لە ڕێژەی فەرماندا بۆ تاك ) ، دیاردەیێکی واقیعی دیاری‌کراو ناودەبا •

٤ ـ ( i ) ـ ئەمە ڕستەیە ـ واتە ماکێکە هەواڵێك دەگەیەنێ •

دەرکەوت ، ئەو ( i )یە بچووکە هەموو ئەوەی گرتۆتەخۆ کە بەگشتی زمانی پێکهێناوە :

١ ـ دەنگەکان ـ فۆنەتیك ( یاخود پیتەکان ـ نووسین ) •

٢ ـ مۆرفیم ( ڕەگ ، پاشگر ، کۆتایی ) ـ مۆرفۆلۆژی •

٣ ــ وشه ( لێكسیك ) •

٤ ــ ڕسته ( سینتاكس ) •

له زماندا لەمە زیاتر نی‌یەو نابێ •

بۆچی بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی پێکهاتنی زمان ئەو نموونە سەیرە پێویست بوو ؟ بۆئەوەی ڕوونو ئاشکرا ببێ ، که جیاوازیی ماکه پێکهێنەکانی زمان چەندەکی نی‌یە • ئەگەر ڕستەیێکی درێژمان بکردایەتە نموونەو وشه وشەو مۆرفێمو فۆنێم فۆنێم جیامان بکردایەتەوە ، ڕەنگە به چەندەکی بهاتایەتە پێش چاو • لەو نموونەیەدا ئەو مەترسی‌یە لادراوە : هەموو پلەکانی پێکهاتنی زمان هەر ( i )ن ، بەڵام هەر جارە بە چەشنێکی تایبەتی •

بەو پێ‌یە جیاوازیی ماکە پێکهێنەکانی زمان ــ چۆنەکی‌یە • چی ئەرکە جیاوازەکانی ئەو ماکانە دیاری دەکا ؟ ئەرکی ئەو ماکانە چین ؟

١ ــ دەنگ ( فۆنێم ) نیشانەیێکی ماددیی زمانە ، نەك تەنها دەنگێکی گوێ لێ‌بوو •

نیشانەی دەنگیی زمان ( هەروەك لە نووسینیشدا ) دوو ئەرکی هەیە :

أ ــ دەرككردن ــ واتە بەر كاری هەست کەوتن •

ب ــ واتاگەیاندن ــ بوونی توانای جیاکردنەوەی واتای ماکەکانی زمان : مۆرفێم ، وشە ، ڕستە •

ئەوەی لە زماندا پێوەندی بە جیاوازیی پیت ( نیشانەی نووسین )و دەنگ ( نیشانەی فۆنەتیك )ەوە هەیە شتێکی ئەركگیری نی‌یە ، بەڵکو ماددی‌یە • ئەرکی هەردووکیان ــ پیتو دەنگ ــ یەك شتە •

٢ ــ مۆرفێم دەتوانێ واتا بگەیەنێ :

أ ــ ڕیشەیی ، وەك : سەر ، شار ، ڕەش ، جل ...

ب ــ ناڕیشەیی • ئەمیش دوو جۆرە : واتای خاسیەتو واتای پێوەندی • ئەمەش ئەرکی واتاناسی ( Semasiology ) یە ، ئەرکی دەربڕینی واتایە •

٣ ــ وشە دەتوانێ ناوی شتو دیاردەی واقیعی بێ • ئەمە ئەرکی ناونانە • بۆ ئەرکی ناونان وشە هەیە ، کەوا بێ هیچ یاریدەیێك یەکسەر ئەرك دەبینێ ، ئەویش ناوی تایبەتی‌یە •

٤ ــ ڕستە دەوری گەیاندنی هەواڵێك دەبینێ ، کە ئەمە شتی هەرە گرنگی لەیەکترگەیشتنی ئاخاوتنە ، چونکە زمان ئامێری لەیەکترگەیشتنە • ئەمە ئەرکی لەیەکترگەیشتنە ، لەبەرئەوەی ڕستە بریتی‌یە لە وشەو ، لە پارچە پێکهێنەکانی وشەشدا ئەرکی ناونانو ئەرکی واتاناسی هەیە •

ماکەکانی ئەم پێکهاتنە لە زماندا یەکێتی پێك‌دێنن • تێگەیشتنی ئەمەش ئاسانە ، ئەگەر سەرنج لە پێوەندی‌یان بدەین : هەر پلەیەکی خوارتر بریتی‌یە لە وزەی پلەی داهاتووی سەرووتر • بەپێچەوانەشەوە هەر پلەیەکی سەرووتر بە لایەنی کەمەوە لە یەکێکی خوارووتر پێکهاتووە • بەوێنە ، ڕستە دەشێ بە لایەنی کەمەوە لە وشەیەك پێکهاتبێ ، وەك : ( چوون ، ڕاکردن ، سەهۆڵ ... ) • وشە دەشێ لە یەك مۆرفێم پێکهاتبێ : ( ڕێ ، جێ ، دڵ ... ) ؛ مۆرفێم دەلوێ لە یەك فۆنێم سازبووبێ وەك ( ه ؛ ە ) لە وشەکانی : ڕاستە ، سەوزە ... ) دا •

جگە لەو ئەرکانەی ناومانبردن ، زمان دەتوانێ ئەرکی هەست بزواندنی قسەکەر ببینێ ، وەك : ئارەزوو ، هیوا ، ناسکی ، تووڕەیی ...

دەربڕینی ئەو دیاردانەش بەر ئەرکی شێوەو چۆنیەتی دەربڕین دەکەوێ • شێوەو چۆنیەتیی دەربڕین دەشێ بە ماکی جیاجیای زمان بەجێ بهێنرێ ، بەوێنە : ئامرازی ( ئاخ ، داخ ، حەیف ، ئۆی ••• ) بۆ ئەسەف‌و پەژارە ؛ ئامرازی ( پەح ••• ) بۆ سەرسوڕمان ؛ هەندێ فۆرمی ڕێزمانی ( وشە لەگەڵ پاشگری بچووککردنەوە بۆ گەیاندنی مانای نازداری ، وەك : کیژۆڵە ، جامۆڵکە ، باخچە ؛ هەندێ وشەی بەرزو نزمی شێوازو لە کۆتاییشدا ئاواز •

پێویستە ئەرکێکی‌تریش باس‌بکەین ، کە ماکەکانی زمان‌و بزواندن ( بەتایبەتی ڕاوەشاندنی دەست ) پێکەوە دەبەستێ • ئەمەش ئەرکی « نیشاندان »ە • جێناوی کەسی‌و جێناوی نیشاندان‌و هەندێ ئامراز ئەم ئەرکە دەبینن •

لە سنووری هەر دەورەیەکدا پێکهاتنی زمانی ( فۆنەتیکی ، مۆرفۆلۆژیی ، لێکسیکی ، سینتاکسی ) سیستەمی خۆی هەیە ، چونکە هەموو ماکەکانی ئەو دەورەیە وەك ئەندامی سیستەم خۆیان دەنوێنن • سیستەم ــ بریتی‌یە لە یەکێتی کۆمەڵە ماکێکی جۆرو هەڵو مەرج وێکچوو •

بە هیچ چەشنێك ناشێ واتای سیستەم بگۆڕرێ بە واتای ڕێکهێنانی ڕوخساری میکانیکی • هەر بەم‌جۆرەش زمان کە ئامێری لەیەکتر گەیشتن‌و پێوەندی بەستنە لە ئامێری بەرهەم جیادەبێتەوە • لە ڕووی ڕوخسارەوە ڕێکهێنانی چۆنەکی هەر ماکێك بە سەرجەمەوە بەند نی‌یە ( ئەگەر کورسی چوار ــ چوار یان هەشت ــ هەشت ڕیز بکەین‌و گشتیان ببن بە ٣٢ یان ٦٤ کورسی ، ئەوە هەر کورسی‌یێك وەك ئەو شێوەیە دەمێنێتەوە ، ئەگەر بەتەنیا دابنرایە ) •

ئەندامەکانی سیستەم ، بە پێچەوانەوە ، پێکەوە بەندن‌و سەرجەم هەڵوهەڵو مەرجن ، بۆیە ژمارەی ماکەکانی‌و پێوەندیی نێوانیان لە هەر

ماکێکی ئەو سیستەمەدا ڕەنگ‌دەداتەوە • خۆ ئەگەر ماکێك بمێنێتەوە ، ئەوە ئەو سیستەمە پووچ دەبێتەوە • بەوێنە سیستەمی گەردان کاتێ دەبێ ، کە هیچ نەبێ بـە لایەنی کەمەوە دوو دۆخ هەبێ ( بەنموونە لە جێنـاوی he - him ی ئینگلیزیدا ) • سیستەمی گەردان لەباری بوونی تاکە یەك دۆخدا پەیدا نابێ • بەنموونە لە زمانی کوردیدا تەنیا کاتێ کرداری تێپەڕ دەبێ ، کە لەو سیستەمی ڕێزمانەدا کرداری تێنەپەڕ هەبێ •

سیستەمی پێکهاتنی ڕیزە جیاجیاکانی زمان کار لە یـەکتر دەکەن‌و سیستەمێکی گشتیی ئەو زمانە سازدەکەن •

— ٤ —

## زمان‌و ئاخاوتن

زمانناسانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سـەدەی بیستەم پەتی گشتی‌یایەتی ( Universalism ) و وشـکەبڕوایـەتی ( الدوغمائیة ــ Dogmatism )ی ڕاڕەوی سروشتەکی ( مذهب الطبیعیین ــ Naturalism )ی شلێخەریان پساندو تا دەهات پتر لـە لێکۆڵینەوەی تاکایەتیی ڕاستی‌یەکانی زماندا قوڵتر دەبوونەوەو لێکۆڵینەوەی خۆیـان گەیاندە ئاخاوتنی تاکە تاکەی ئادەمیزاد • سـەرکەوتنی زانسـتی نوێی دەروونناسی ڕێگەی بۆ ئەو هەوڵە خۆش کرد ، لێکۆڵینەوە بگەیەنێتە تاکە تاکەی خەڵك • پێگەیشتنی ئەم بیرو ڕایە گەیشتە ئەو سنوورەی نکوولی ئەوە بکا کە زمان سەرمایەی کۆمەڵ بێ •

ئا • ئا • شاخمەتۆف وای‌بۆچووە ، کە « لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەر تاکایەتی‌یێك خاوەنی زمانە : زمـانی گونـد ، زمـانی شـار ، زمـانی ناوچە ••• »[٢٥] •

لایەنگیرانی ئەو جۆرە بیرو ڕایە، بەپێی ئـەو پەندە ڕووسـیـیەیە «لەپشت درەختەوە دارسـتان نابینن» . لەم‌بارەیەوە ڤ . گومبۆلدت (١٧٦٧ ــ ١٨٣٥) نووسیویە : «... لە واقیعدا زمان هەمیشە تەنها لـە کۆمەڵدا گەشـەدەکاو مرۆ لـە خۆی دەگا، چونـکە مادام تەجروبـە چەسپاندوویەتی، کە هەروەها کەسانی‌تر لە وشەکانی تێ‌دەگەن»[٢٦] .

ئەم بیرە بـە شـێوەیێکی تیژتر لەلایەن (م)ەوە بەم‌شـێوەیە وتراوە : «زمان چۆن تەجروبەو هەبوونە بۆ خەڵکی‌تریش، هەروەها ئەو هەبوونەشە بۆ من»[٢٧] و ئەگەر زمان هەمیشە موڵکی کۆمەڵ بێ، ئـەوە ناتوانێ ببێتە کۆکراوەیێکی میکانیکیی زمانی تاکایەتی . ڕاستتر وایە، ئاخاوتنی هەر قسەکەرێك وەك دەرکەوتنی ئەو زمانە لە بارو دۆخی ئـەم یاخود ئەو ژیانەدا تەماشابکرێ . بەڵام تایبەتێتی تاکایەتی لە ئاخاوتنی هەر مرۆیەکدا شتێکی بێ‌دەمەتەقەیە .

بەم‌جۆرە کێشەیێکی زۆر گرنگ دێتە ئاوانەوە : زمانو ئاخاوتن . ئەو دوو مەفهومە زۆر جار تێکەڵ دەکرێن، ئەگەرچی بەتەواوی ئاشکرایە، کە بەوێنە فیزیۆلۆژیو دەروونناسی کاریان تەنیا لەگەڵ ئاخاوتندا هەیە، لە پەروەردەدا دەشێ باسی گەشەکردنو دەوڵەمەندبوونی ئاخاوتنی قوتابیان بکرێ . لە پزیشکیدا دەشێ باسی کەم‌وکورتیو گیروگرفتی ئاخـاوتن بکرێ ... هتد . لە هەموو ئەو حاڵەتانـەدا ناشـێ «زمـان» لەجێی «ئاخاوتن» دابنرێ، چونکە مەبەست پرۆتسێسی دەروونیو فیزیۆلۆژییە .

لەسەر زەمینەی زمانناسیی ڕووتدا جیاکردنەوەی زمانو ئاخاوتن زۆر گرانترە .

ڤ . گومبۆلدت نووسیویە : «زمان وەك کۆکراوەی گشت بەرهەمی ئاخاوتن لەگەڵ ئاخاوتنی زاری میللەت یەك شت نین»[٢٨] .

ئەم هەڵوێستەی گومبۆلدت لەلایەن ف • دێ سۆسسیورەوە ( ١٨٥٧ – ١٩٧١ ) گەشەی پێدراوەو لە کتێبی « زمانناسیی گشتی »دا فەسڵێکی تەواوی گرتۆتەوە •

هەڵوێستە بنەڕەتی‌یەکانی سۆسسیور لەو بەندانەدا کۆدەبنەوە :

« لێکۆڵینەوەی چالاکیی زمان دەبێ بە دوو بەشەوە : یەکێکیان سەرەکی‌یەو ماددەی خۆی هەیە کە زمانە – واتە شتێکە لە بووندا کۆمەڵایەتی‌یەو بە تاکایەتی‌یەوە بەند نی‌یە ••• ئەوی‌تریان – لە پلەی دووەمدا دێت‌و ڕووی چالاکیی ماددەی ئاخاوتنی تاکایەتی‌یە ، واتە – ئاخاوتن ، وتراو دەگرێتە خۆ »[٢٩] • دواتر « ئەو دوو ماددەیە توند پێکەوە بەندن‌و بەیەکەوە وا نیشان‌دەدەن : زمان پێویستە ، تاکو لە ئاخاوتن تێ‌بگەین‌و بۆئەوەی گشت چالاکییەکانی خۆی بنوێنێ • ئاخاوتنیش لە ڕیزی خۆیدا پێویستە بۆئەوەی زمان پتەو ببێ • ڕاستیی مێژووی ئاخاوتن هەمیشە پێش زمان دەکەوێ »[٣٠] •

بەپێی بۆچوونی سۆسسیور لێکۆڵینەوەی چالاکیی زمان دەبێ بە دوو بەشەوە : ١ – « یەکێکیان سەرەکی‌یەو ماددەی خۆی هەیە ، کە زمانە ، واتە – شتێکە لە بووندا کۆمەڵایەتی‌یەو بە تاکایەتی‌یەوە بەند نی‌یە ••• »[٣١] ؛ ٢ – « ئەوەی تریان – لە پلەی دووەمدا دێت‌و ڕووی چالاکیی ماددەی ئاخاوتنی تاکایەتی‌یە ، واتە – ئاخاوتن ، وتراو دەگرێتەوە »[٣٢] •

بەم جۆرە بەلای سۆسسیورەوە سێ مەفهووم هەیە : چالاکیی ئاخاوتن ( langage ) و زمان ( langue )و ئاخاوتن ( parole ) .

سۆسسیور کەمتر ڕوون چالاکیی ئاخاوتنی دیاری کردووە : « چالاکیی ئاخاوتن خاوەنی خاسیەتی هەمەڕەگەزە »[٣٣] • « بە باوەڕی ئێمە مەفهوومی زمان ( langue ) لەگەڵ مەفهوومی چالاکیی ئاخاوتن ( language )

بەگشتی یەك ناگرنەوە • زمان تەنیا بەشێکی دیاری کراوە ، بەڵێ بەشی هەرە گرنگ و چالاکی ئاخاوتنە »[٣٤] •

« ئاخاوتن »یش لەڕێی پێوەندی یەوە لەگەڵ زمان دیاری دەکرێ ، بەڵام دیارتر : « ••• ئاخاوتن بریتی یـە لە کاری سـەربەخۆی خـوازو تێ گەیشتن ، کەوا پێویستی بە جیاکردنەوەیە :

١ ــ ئاوێتەیێك بە یاریدەی ئەوەی کەوا قسەکەری کارا کەڵك لـە یاسای زمان وەردەگرێ بەو مەبەستەی بیری خۆی دەربڕێ •

٢ ــ ئامێرایەتی دەروونی و بەدەنی بە پێشکەوتنی بابەتەکی یەتی ئەو ئاوێتەیە »[٣٥] • لە دابەش کردنی زمان و ئاخاوتندا ، ئەوەش جیادەکەینەوە :

أ ــ کۆمەڵایەتی لە تاکایەتی •

ب ــ کرۆکی و بنەڕەتی لە لاوەکی یان ڕێکەوت[٣٦] •

ئەو دیاردەیە « هەمیشە تاکەو بەتەواوی تاکایەتی حوکم دەکا تێیدا ، ئێمە ناوی دەبێین ئاخاوتن ( parole ) »[٣٧] • بەڵام لەم دیاری کراوانەدا شتێکی زۆر نەساز ونە : یان تەنیا « ئاخاوتن » تاکایەتی یـە ، لاوەکی یـە تەنانەت ڕێکەوتیشەو تەنیا یان ئەو « ئاوێتەیە کە بە یاریدەی ئەوەی کەوا قسەکەری کارا کەڵك لە یاسای زمان وەردەگرێ » ، کە بە هیچ جۆرێك ناشێ لاوەکی بێت و بەتایبەتی هەر ناشێ ڕێکەوت بێ و تەنانـەت ناتوانێ تاکایەتی یش بێ •

کارڵ بیولێری دەروونناس و زمانناسی نەمسایی و بەدوایدا ن • س • تروبێتسکی لەم مەیدانەدا دوو مەفهوومیان جیاکردووەتەوە : کاری ئاخاوتن ( Sprechakt ) و پێکهاتنی زمان ( Sprachgebilde )[٣٨] • ئەگەر بشـێ زاراوەی Sprachgebilde لەگەڵ زاراوەی «زمان» langue ی سۆسسیوردا

یەكبگرنەوە ، ئەگەرچی سۆسسیور خۆی پەنجەی بـۆ زاراوەیێکی تری ئەڵەمانی هاوواتا درێژ کردووە : Sprache ـ « زمان » ، ئەوە زاراوەی کاری ئاخاوتن ( Sprechakt ) لەلای سۆسسیور لەگەڵ هیچدا یەكناگرنەوە •

هەرچی بۆ زاراوەی ( « ئاخاوتن » ـ Parole ) ە زاراوەی ( Rede ـ « ئاخاوتن » )ی ئەڵەمانی داناوە •

سۆسسیور لەنێو ئەو مەفهوومانەدا ، مەفهوومی « زمان »ی باشترو تەواوتر دیاری کردووە : « زمان ساماتێکی‌تەجروبەی ئاخاوتنە لە هەموو ئەوانەوە کۆبۆتەوە کە سـەر بە کۆمەڵی کۆمەڵگایەکن »(٣٨) ؛ « زمـان سیستەمی نیشانەیە ، کە یەکێتی کرۆكو بنەڕەت تێیدا بریتی‌یە لە یەکگرتنی واتاو شێوەی بیستن • ئەم دوو ماکەی نیشانە وەك یەك هۆشەکین »(٤٠) •

لەئەنجامی هەندێ لەو بیروباوەڕانەی سەرەوەدا دەتوانین چ‌ئەنجامێك هەڵهێنجین :

١ ـ سۆسسیور لەوەدا ڕاسـتە ، کە پێویستە زمان وەك دیاردەی کۆمەڵایەتی سامانی کۆمەڵ جیابکرێتەوەو ئەو دیاردانە بەچالاکیی زمانەوە بەندن •

٢ ـ سۆسسیور لەوەشدا ڕاستە ، کە دیاری دەکا ، بەر لە هەر شت بە سیستەمی نیشانەی دادەنێ ، چونکە بە بێ‌سیستەمی نیشانە پێوەندیی‌و لەیەکتر گەیشتنی ئادەمیزاد پێك‌نایەت ، کە ی • پ • پاڤلۆڤ بە دیاردەی دووەمی سیستەمی ئیشارەتی ناوبردووە •

٣ ـ سۆسسیور لەوەدا ڕاست نی‌یە ، کـەوا دادەنێ ئەم دیاردەیەی کۆمەڵ ، واتـە ـ زمان هۆشـــەکی‌یە ، ئەگەرچی دیاردەی زمان لەگەڵ دیاردەکانی هونەرو دابو نەریتو تەکنیك بە هۆشی ئادەمیزاددا تێ‌دەپەڕن ،

بەڵام وشەکان ؛ دەستووری گۆڕانو گەردان ؛ شیعرو ڕۆمان ؛ سیمفۆنیاو گۆرانی ؛ وێنەو نەخشە وەك کەوچكو کورسیو زینو ئەشکەوتو منارەو کۆشكو تیروکەوان نموونەو ڕاستیی هۆش نین • بۆ زمان بەگشتیو بۆ نیشانەی زمان بەتایبەتی ماددییەتیان پێویستە ( دەنگو پیتو پێکهاتنیان ) •

٤ ــ ئەو لەوەشدا ڕاست نییە ، کە واتای کاری ئاخاوتنو ئاخاوتن وەك سیستەمی نیشانەی تەجروبەی پێوەندیو لەیەکترگەیشتن بەهۆی زمانەوەی بەیەکەوە بەستووە •

٥ ــ سۆسسیور هەروەها ڕاست نییە ، کە مەفهوومی ئاخاوتنو کاری ئاخاوتنی جیانەکردۆتەوە ، ئەویشــــن لەبەرئەوەیە ، کە مەفهوومی چالاکیی زمانی باش لێك نەداوەتەوە •

٦ ــ سۆسسیور ئەگەرچی ئەو چەند هەڵەیەی کردووە ، بەڵام دەبێ ئەوەشــ لەبیرنەکەیــن ، ئەوەی ئەو لەبارەی زمانو ئاخاوتنەوە وتوویەتی دەوری ڕابەرێکی بینیوە بۆ ساغکردنەوەی کێشە هەرە گرنگەکانی ئـەو مەیدانە لە ماوەی چەندین ساڵدا •

لەئەنجامدا دەڵێین :

١ ــ زمان پێویستە بە مەفهوومی سەرەکی دابنرێ • لەڕاستیدا ئەمە گرنگترین ئامێری پێوەندیو لە یەکتر گەیشتنی ئادەمیزادە • زمان موڵکی کۆمەڵەو بابەتی مێژووە • زمان دیالێکتو بەشەدیالێکتە هەمەچەشنەکان ؛ ئاخاوتنی چینە جیاوازەکانو خاوەن پیشــــە جۆربەجۆرەکان ؛ ئاخاوتنی زارەکیو شێوەی نووسین ••• پێکەوە دەبەستێ • زمانی تاکایەتی نییە ؛ زمان ناتوانێ موڵکی تاك بێ ، چونکە زمان تاکەکانو گرووپە هەمەجۆرەکان یەكدەخا ، کەوا دەتوانن زمانی گشتی بە شێوەی جیاواز بەکاربێنن لـە بواری هەڵبژاردنی وشەو پێکهاتنی ڕێزمانیو تەنانەت لە تەلەفوزکردنیشدا •

بۆیە چ ئەمڕۆو چ لە مێژوودا بوونی زمانی وەها : ڕووسی ، ئینگلیزی ، فەرەنسی ، چینی ، عەرەبی ... هتد شتێکی واقیعەو دەشێ باسی زمانی ئەمڕۆی ڕووسی یان ڕووسیی کۆن یان سلاڤیانیی گشتی بکرێ .

٢ ـ کاری ئاخاوتن تاکایەتی‌یەو هەر جارە بەکارهێنانێکی نوێی زمان وەك ئامێری لەیەکتر گەیشتنی تاکی جۆربەجۆر . کاری ئاخاوتن پێویستەو دەبێ دوو لایەنی بێ : گوتراوو بیستراو ، کە یەکێتی‌یێکی نەپچڕاو پێك‌دێنن‌و مەرجی لە یەکتر گەیشتنی تێدایە . کاری ئاخاوتن بەر لە هەر شت پرۆتسێسێکە ، کە زانایانی فیزیۆلۆژی‌و بیستن‌و دەروون‌و زمان لێی دەکۆڵنەوە . کاری ئاخاوتن مەرج نی‌یە هەر ببیسترێ ( لە قسەی بێژەیی‌دا ) ، بەڵکو هەروەها دەشێ نووسراو بێ ( لە نووسیندا ) ؛ هەروەها لە حاڵەتی پێوەندیی بێژەیی ئاخاوتندا کە لەسەر شریت تۆمار کرابێ . کاری ئاخاوتن دەشێ بەپێی ڕای جۆربەجۆرو بە شێوازی زانستی هەمەچەشن لێی بکۆڵرێتەوەو باس بکرێ .

٣ ـ لە هەمووی گرانتر دیاری کردنی پێناسەی ( ئاخاوتن )ە . بەر لە هەر شت ئەمە زمان نی‌یەو هەروەها کاری جیاوازی ئاخاوتن نی‌یە . ئێمە باسی ئاخاوتنی بێژەکی‌و ئاخاوتنی نووسین دەکەین‌و ئەمە بەتەواوی هاوسەنگن . ئێمە باسی ئاخاوتنی منداڵ‌و قوتابی ، ئاخاوتنی لاوان ؛ ئاخاوتنی سەر شانۆ ، ئاخاوتنی نووسین ؛ ئاخاوتنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ، ئاخاوتنی کارگێڕی‌و هونەری ؛ ئاخاوتنی وتوویژ ... دەکەین . هەموو ئەمانە بەکارهێنانی جیاوازی توانای زمانە ، بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم یان ئەو مەبەست ؛ ئەمە فۆرمی جیاوازی بەکارهێنانی زمانە لە هەل‌و مەرجی جیاوازی پێوەندی‌و لەیەکتر گەیشتندا . هەموو ئەمەش بریتی‌یە لە بابەت‌و کەرەستەی زمانناسی .

❋ ★ ❋

## پەراوێزەكان :

(١) ئەم چەند باسەم لە لاپەڕە ( ٧ – ٣٧ )ی كتێبی ( ئا . ئا . ڕیفۆرماتسكی ، سەرەتایێكی زمانناسی ، چاپی چوارەم ، مۆسكۆ ، ١٩٦٧ )ەوە وەگرتووە . لەگەڵ ئەوەشدا ، كە ئەو نووسینەم دەقاودەق وەرگێڕاوە ، لە دوو حاڵەتدا ناچاربووم دەستكاری بكەم :
١ – لابردنی چەند ڕستەیەك .
٢ – دانانی نموونەی كوردی لەجێی هەندێ نموونەی ڕووسی .

(٢) Jules Verne نووسەرێكی فەرەنسەیی یە ، لەنێوان سالانی ( ١٨٢٨ – ١٩٠٥ )دا ژیاوە ، « دوورگەی نهێنی » ڕۆمانێكیتی كە سالی ١٨٧٥ بلاوی كردۆتەوە ( وەرگێڕ ) .

(٣) بڕوانە : ئا . ئا . لیۆنتێف ، زمانناسی و سەرەتای پێشكەوتنی زمان ، مۆسكۆ ، ١٩٦٣ ، ل ١٦ . بۆ باسی تەواوی ئەم ڕووداوە ، بڕوانە : ك . ك . پلاتۆنۆف ، دەروونناسیی سەرنجڕاكێش ، مۆسكۆ ، ١٩٦٢ ، ١٦١ – ١٦٦ .

(٤) میللەتێكە لە خوارووی ئەفەریقا دەژی ( وەرگێڕ ) .

(٥) ئی . ئا . بەدوئێن دێ كورتەنێ ، زمان و زمانان ، كارە هەلبژاردەكانی لەبارەی زمانناسییەوە ، مۆسكۆ ، ١٩٦٣ ، ب ٢ ، ل ٦٧ – ٩٦ .
هەندێ لە زانایانی دیش بە هەمان شێوە ڕای خۆیان دەربڕیوە . بەوێنە بڕوانە : ف . ف . فۆرتوناتۆف ، كارە هەلبژاردەكانی ، مۆسكۆ ، ١٩٥٦ ، ب ١ ، ل ٦١ – ٦٢ ؛ ف . دێ سۆسسیور ، زمانناسی ( ئا . م . سوخۆتین كردوویە بە ڕووسی ) ، مۆسـكۆ ، ١٩٣٣ ، ل ١٩٩ – ٢٠٠ ؛ ئێ . سێپر ، زمان ، موسكۆ ، ١٩٣٤ ، ل ١٦٣ – ١٧٠ .

(٦) ڤ . ك . ئارسێنێف ، لەنێوان دارستانە چڕەكانی ئوسوریسكیدا ، مۆسكۆ ، ١٩٥١ ، ل ٢٢٧ .

(٧) دەوروبەرەكانی پاڤلۆڤ ، ب ٣ ، ١٩٤٩ ، ل ٣١٨ .

(٨) هەمان سەرچاوە ، ل ٣١٨ .

(٩) ئی . پ . پاڤلۆڤ ، سەرجەمی كارەكانی ، ب ٣ ، ١٩٤٩ ، ل ٥٦٨ .

(١٠) دەوروبەرەكانی پاڤلۆڤ ، ب ٣ ، ١٩٤٩ ، ل ٢٧٠ .

(١١) فەیلەسووفێكی ئەلەمانی یە ( ١٨٣٣ – ١٩٢١ ) ، هەروەها خەریكی ئابووریی سیاسی و یاساش بووە . سالانی ( ١٨٦٣ – ١٨٧٧ ) لە زانكۆی

بەرلین یاریدەدەری پرۆفیسۆر بووە . هەوڵیدا سیستەمێکی تایبەتی خۆی « فەلسەفەی واقیع » دامەزرێنێ ، کە بە پێی قسەی خۆی بە شێوازی بیرکردنەوەی نوێی لـە قەڵەم داوە ، بەڵام دەرکەوت کە ئەو ڕۆنراوەی ماکێکی سەیری میتافیزیکە ... ( وەرگێڕ ) .

(١٢) م . و ئێ ، بەرهەمە کانیان ، چاپی دووەم ، ب ٢٠ ، دژی دیورینگ ، ل ٨٥ .

(١٣) هەمان سەرچاوە ، ب ٢١ ، ل ١٧٠ .

(١٤) بڕوانە : تیۆریی کۆنی زمانو شێواز ، لێنینگراد ، ١٩٣٦ ، ل ٤٩ .

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٨٤ .

(١٦) م . و ئـی . ، بەرهەمەکانیان ، چاپـی دووەم ، ب ٣ ، ئایدۆلۆژیـی ئەڵەمانی ، ل ٢٩ .

(١٧) ئەگەر نیشانەیێك بگوێزرێتەوە بۆ سیستەمێکی‌تر ،ئەوە دەبێ جێگەو ئەرکی لـە سیستەمدا بگۆڕێ . بەوێنە ( P ) لە ئەلفوبێی ڕووسیدا ـ نیشانەی فۆنێمی ( ر )ە ، بەڵام لە لاتینیدا ( P ) ـ نیشانەی فۆنێمی (پ )ە . وەك « شت » یەکن ، بەڵام وەك « نیشانە » جیاوازن .

(١٨) ف . ف . فۆرتوناتۆڤ ، زمانناسیی بەراوردکاری . بڕوانە : کارە هەلبژاردەکانی ، ب ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ ،ل ٣ .

(١٩) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٧ .

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٤ .

(21) Husserl, Logisch Untersuchungen,

چاپی دووەم ، ب ٢ ، ١٩١٠ ، فەسڵی دووەم :

( Ausdruck und Bedeutung ) 1934. ...

(22) Bühler, Sprachtheorie lena, 1934.

ئەو ئەرکە جۆربەجۆرانەی زمان کە بیولێر ـ دەست‌نیشانی کردوون ن . س . تروبێتسکی لـە کتێبی « بنەماکانی فیلۆلۆژی » ( مۆسکۆ ، ١٩٦٠ )دا باسی کردوون .

(٢٣) لون ئێلمسلێڤ ، یەکگرتنەوە لەگەڵ تیۆریی زمان ( تەرجومەی ڕووسی : « نوێ لە زمانناسیدا » ،ب ١ ، ١٩٦٠ ، ل ٣٠٥ ) .

(٢٤) م . ، سەرمایە ، ب ١ ، کتێبی ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ل ١٠٧ .

(٢٥) ئا . ئا . شـاخمەتۆڤ ، لەبارەی زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆوە ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٤١ ، ل ٥٩ . وەنەبێ هەر شاخمەتۆڤ لەسەر ئـەم ڕایـە بووبێ ، بەوێنـە بڕوانـە : ئی . ئا . بۆدوئێن دێ کورتەنێ ، زمانو زمانان ، فەرهەنگی ئەنسکلۆپیدی برۆکگاوزو ئیفرۆن ، ب ٨١ ، ل ٥٣١ ؛ بۆدۆئێن دێ کورتەنێ ، کارە هەڵبژاردەکانی لەبارەی زمانناسییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ب ٢ ؛ ڤ . پیزانی ، ئێتیمۆلۆژی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ ، ل ٤٣ ؛ ج . بۆنفانتێ ، « باری زمانناسیی نوێ » ؛ ڤ . ئا . ژڤێگینتسێڤ ، مێژووی زمانناسیی سەدەکانی ١٩ ـ ٢٠ ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ ، ب ١ ، ل ٣٣٥ ...

(٢٦) ڤ . گومبۆلدت ، دەربارەی جیاوازیی پێکهاتنی زمانەکانی ئادەمیزادو کاری لەسـەر پێشـکەوتنی ڕەگەزی ئادەمیزاد ، بڕوانە : ڤ . ژڤێگینتسێڤ ، مێژووی زمانناسیی سـەدەکانی ١٩ ـ ٢٠ ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ ، ب ١ ، ل ٩٧ .

(٢٧) م . و ئـی . ، بەرهەمەکانیان ، چاپـی دووەم ، ب ٣ ، ئایدۆلۆژیـی ئەڵەمانی ، ل ٢٩ .

(٢٨) ڤ . گومبۆلدت ، لەبارەی جیاوازیی ئۆرگانی زمانی مرۆڤەوەو سەبارەت بـە کاری ئەو جیاوازییە لەسـەر پێشـکەوتنی ئەقڵیی ڕەگەزی ئادەمیزاد (پ . س . بیلیارسکی کردوویە بە ڕووسی) ، سانپیتربورگ ، ١٨٥٩ .

(٢٩) ڤ . دێ . سۆسسیور ، زمانناسیی گشـتی ، ( ئا . م . سوخۆتینا کردوویە بە ڕووسی ) ، ١٩٣٣ ، ل ٤٢ .

(٣٠) هەمان سەرچاوە .

(٣١) هەمان سەرچاوە .

(٣٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٣١ .

(٣٣) هەمان سەرچاوە .

(٣٤) هەمان سەرچاوە .

(٣٥) هەمان سەرچاوە .

(٣٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٨ .

(٣٧) هەمان سەرچاوە .

(38) K. Bühler, Sprachtheorie, lena, 1934; N. Trubetzkoy, Grundzüge der Phonologie, " Travaux du Cercle Linguistique de Prague ", 1938, No 7 .

(٣٩) سەرچاوەی ناوبراو ، سۆسسیور ، ل ٣٨ .

(٤٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩ .

# دیسان ئیدیەم
# پێداچوونەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا

محمد معروف فتاح
ماموستا لە بەشی ئینگلیزی
زانکۆی سەلاحەدین

**١ ــ پیناسەی دیاردەکە :**

زاراوەی ئیدیەم تائێستا بە چەند واتایەکی جیاجیا لە ڕێزماندا بەکارهاتووە • هەندێ جار بە واتای زمانی کۆمەڵە خەڵکێك دێ[١] و زۆر جاریش ئەو دەربڕینانە ( تعابیر ) دەگرێتەوە کە بەتایبەتی لە زمانێکی یان شێوە زمانێکی دیاریکراودا هەن و ئەو زمانە یان شێوە زمانە لەوانیتر جیادەکەنەوە[٢] • نزیکترین پیناسە کە لەگەڵ مەبەستو تیڕوانینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بگونجێت ئەم پێناسەیەی خوارەوەیە[٣] :

ئیدیەم بریتییە لەو تێکەڵیو تێکچرژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن • ئەو واتایەی کە دێتە کایەوە ( لەئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە ) لە واتای کەرتەکانەوە یان لە پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانەوە پێش بینی ناکرێت •

ئەم پێناسەیە دوو پێوانەی ڕوونمان دەداتێ بۆ ناسینەوەی ئیدیەم :ــ

( ١ ) ئیدیەم لە رووی ڕۆنانەوە ناسادەیە ، بە واتای ئەوەی لە رووی ڕێزمانەوە لە دوو کەرت یان زیاتر پیك دێت •

( ٢ ) ئیدیەم بە پێی ئەم پیناسەیە بێ هاوتایە ، بە واتای ئەوەی واتای ئیدیەم لە ڕۆنانی ڕێزمانیو ڕۆنانی واتایی کەرتەکانەوە نایەت یان ، بە

واتایەکی تر ، واتای ئیدیەم تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بە واتای کەرتە پیك هێنەرەکانیەوە نیەو لەمانەوە واتای ئیدیەمەکە نادۆزرێتەوە • بەم پێیە ، فریزی « دووزمان »و « بە دەست » لە رستەی یەکەمدا ئیدیەمن ، بەڵام لە رستەی دووەمدا بە ئیدیەم دانانرێن لەبەر نەبوونی مەرجی دووەم :

(١) ا ــ حەز لە مرۆڤی دوو زمان ناکەین • ( فتنە ) •

ب ــ دوو زمان دەزانێ •

(٢) ا ــ پیاوێکی بەدەستە • ( بەدەسەڵاتە ، دەستڕوییوە ) •

ب ــ بە دەست نامەکەی نووسی • ( چاپی نەکرد ؟ ) •

هەندێ زمانەوان پێناسەی ئیدیەم وا فراوان دەکەن کە مۆرفیمو گوتنیش بگرێتەوە • هەرچەندە ئەمانە مەرجی دووەمیان تێدایە لە هەڵکەوتدا ، بە واتای ئەوەی بێهاوتان یان واتاکانیان پێش بینی ناکرێ[٤] ، بەلای ئێمەوە چاك وایە سوور بین لەسەر بوونی مەرجی یەکەمیش و مۆرفیم بە ئیدیەم دانەنێین تاوەکو بتوانین سنووری ئیدیەم بەڕێکی بکێشینو لە دانە ڕێزمانیەکانیتر جیای بکەینەوە • بەم پێیە ، لەم لێکولینەوەیەدا ئیدیەم بەو دەربڕینانە دەوترێ کە فرە کەرتن بەڵام لە رووی واتاوە کەرت ناکرێن ( بێ ئەوەی واتاکە بشێوێ ) •

بەپێی ئەم بۆچوونەمان ئیدیەم بە دانەیەکی واتایی دادەنرێو پەیوەندی « نواندن » دەیبەستێتەوە بە دانە ڕێزمانەییەکانیترەوە[٥] • لەبەرئەمەیە کە ئیدیەم هەندێ جار بەهۆی فریزەوە دەردەبڕرێو هەندێ جاریش دانەی لەمە گەورەتر دەینوێنێ ( وەك گوتن یان رستە ) • بۆنموونە هەموو ئەم کەرەسە زمانییانەی خوارەوە ، بەپێی ئەم بۆچوونو پێناسەیەمان بە ئیدیەم دادەنرێن هەرچەندە لە رووی ڕێزمانیەوە دەبن بە چەند پۆلێکی جیاوازەوە :

١ ــ ئیدیەم ( لە شێوەی وشەی لێکدراودا ) •

چاوچنۆك ، گوێ لەق ، دەستبڵاو ، زماندرێژ •

٢ ــ ئیدیەم ( لە شیوەی فریزدا ) •

مانگابەکەڵ ، چاولەدەر ، ئەسپێی کراسەکۆن •

٣ ــ ئیدیەم ( لە شیوەی رستەدا ) •


باڵی لێ پەیدابووە •

ئاویان کردە ژێر •

پارووی گەورە دەگلێنێت •

بە شووی داوی •

ئەم نەخشەیەی خوارەوە پەیوەندی ئیدیەم لەگەڵ دانە ڕێزمانییەکانیتردا دەردەخات :




## ٢ ــ سنووری ئیدیەم :

### ٢ ــ ١ ئیدیەم‌و فریز :

چاکی ئەو پیناسەی سەرەوە لەوەدایە کە بەئاسانی ئیدیەم لە فریز جیادەکاتەوە • هەرچەندە ئیدیەم لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا لە فریز دەچێت ( لە

رواڵەتدا ) ، بە واتای ئەوەی هەردووکیان فرەکەرتن ، لـە زۆر رووەوە ئیدیەم لە فریز جیادەبێتەوە :

ــ فریز رێگەی ئەوە دەدات وشەی تر بەکاربێت لەجێی کەرتەکانی خۆی بێ ئەوەی واتا گشتیەکە بگۆڕێت یان ئەو گۆڕینە کارکاتـە سـەر کەرتەکانی‌تر ، هەرچەندە ژمارەی ئەو گۆرینە رێزمانیانەی کـە ئیدیـەم رێگایان دەدات بۆنموونە ، لە فریزی « لە ماڵەوە » دەیان وشـە دەتوانێ جێگەی « ماڵەوە » بگرێت ( لـە رووی تیوریەوە دەتوانـین بڵێین هەموو ناوێك بەمەرجێ شوێن پیشان بدات دەتوانێ بێتە ئەم چوارچیوەیەوە ) وەك « دەرەوە » و « ناوەوە » و « ژوورەوە » ، بەپێچەوانەوە ، لە ئیدیەمدا ئەم گوڕینانە یان نابێت ( وەك لە ئیدیەمی « چنگ لەسەر شان » دا دەبینین ) یان لە سنووریکی زۆر تەسکدا دەبێت ( وەك لە ئیدیەمی « شووڵی لێ هەڵبڕی » کە دەتوانین نەك هەر راناوەکە بەڵکو کەرتی دواوەیشی بگۆڕین بێ ئەوەی ئیدیەمەکە بشێوێ ! شووڵت لێ هەڵبریوە ، شووڵیان لێ‌هەڵکێشاوە •

٢ ــ لە فریزدا ئاسایی هەر وشەیە واتای سەربەخۆی خۆی هەیـە و ئەو زانیاری‌یەی فریزەکە دەیگەیەنێ بەرەبەرە وشـە لەدوای وشـە لـە زیادبووندایە تا دواکەرتی فریزەکەو هەر وشەیە کار لەوەی پێشـەوەی دەکات • بۆنموونە لە فریزێکی وەك « ئەم سەرزەمینە پانو بەرینە » هەموو کەرتەکان ( ئەم ، پان ، و بەرین ) واتای ( سەرزەمین ) دیاری دەکەنو تـا نەگەینە دوایی فریزەکە بەتەواوی تێناگەین لە چی سەرزەمینێك دەدوێنو مەودای ئەوەشمان هەیە تا کۆتایی شتێك بڵێین کە گوێگر بەتەمای نەبێ ( وەك : ئەم سەرزەمینە پانو بەرینو پر لە ئاشووبە •••••• ئەم سەرزەمینە پانو بەرینو پۆخلە کە •••• ) • لە ئیدیەمدا ، بە پێچەوانەوە ، کەرتەکان واتای سەربەخۆی خۆیان نی‌یە ، بەڵکو وازیان لە واتا بنەرەتیەکانی خۆیان هێناوە لەپێناوی ئەو تیکەڵیو تێکچرژانە کە پێکی‌دەهێنن • لەبەرئەمـە

ناتوانین بڵێین لە ئیدیەمدا وشە لەدوای وشە زانیاریمان زیاد دەکات ، بەڵکو کە گەیشتینە کۆتایی ئیدیەمەکە ئەوسا واتایەکی ئامادەکراومان دێتە دەست • بە واتایەکیتر ، تا دەگەینە کۆتایی دواکەرتی ئیدیەمەکە ، ناتوانین پێشەکی واتای دانەکە بزانین • لەم تایبەتی یەدا ، ئیدیەم لە وشە دەچێت ، هەردووکیان دانەی ئامادەن لە زمانداو پیویستیان بەوەیە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن[٦] •

٣ ــ لەبەرئەوەی کەرتەکانی ئیدیەم زۆر لەگەڵ یەکتریدا دێن و لە پاڵ یەکتریدا دەبینرێن و تێکەڵیەکی تەواویان لە نێواندا هەیە زۆربەی قسەکەرانی زمانەکە دەتوانن ئیدیەمەکە تەواوکەن هەر کە کەرتێکیان گوێ لێ بوو • بۆنموونە ، قسەکەرێکی کوردی بەئاسانی دەتوانێ ئیدیەمێکی وەك « ملی شکاند » یان « چاوبەستی لێ کرد » تەواو بکات هەر کە کەرتی یەکەمی درایە • بە واتایەکی تر ، تێکەڵی کەرتەکانی ئیدیەم ئەم توانایە دەدات بە قسەکەر کە بتوانێت پێش بینی کەرتەکانیتر بکات ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە ژمارەی ئەو کەرتانەی کە لەو چوار چیوەیەدا دێن کەمن • بەپێچەوانەوە لە فریزی ئاسایی‌دا ( بەرەڵا ) قسەکەر ناتوانێ پێشەکی بۆ کەرتەکان بچێت چونکە ژمارەی ئەو کەرتانەی کە بەتەمایەتی ولەو چوارچیوەیەدا دێت بێ‌سنوورەو بەراورد ناکرێ لەگەڵ ژمارەیان لە ئیدیەمدا • بۆنموونە لە چوارچیوەی « بۆ •••••• »دا سەدان وشەی کوردی جێگەی دەبێتەوە ، بەڵام لە چوارچیوەی « شووڵی لێ •••••• » ، تەنیا چەند کارێك جێگەیان دەبێتەوە ئەوەی یەکەم جار بەبیردا دێ « هەڵکێشاوە » یان « هەڵبڕیوە »یە ، چونکە ئەم کۆمەڵە وشەیە زۆر لەگەڵ یەکتریدا دێن و هاوریەتی‌یان گرتووە •

٤ ــ یەکیەتی‌یەکی واتایی یان تایبەتیەکی واتایی لە ئیدیەمدا هەیە کە لە فریزی ئاسایی‌دا نی‌یە[٧] • بۆنموونە ، « بەخێرایی » و « بەپەلە » فریزن بەڵام « چنگ لەسەر شان » ( هەر چەندە لەواتاو رۆناندا لەگەڵ

ئەمانەداجیاناکرێتەوە ) بە ئیدیەم دادەنرێ چونکە کەرتەکان بە هەموویان واتایەکی تایبەتیمان دەدەنێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە واتای « چنگ »و « لەسەر شان »ەوە نیە • ئەم یەکیەتی واتایە زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کە ناتوانین هیچ کەرتێك لەم کەرتانە لابەرین یان بیگۆڕین بێئەوەی واتـای ئیدیەمەکە بشێوینین • تەنانەت ڕێگەی ئەوەشمان نیە وشەی هاوواتاش بخەینە جێگەی کەرتەکان وەك ئەو نموونانەی خوارەوە بۆمان دەردەخەن •

(١) چنگ لەسەر شان = زۆر بەخێرایی

* قۆل لەسەر شان •
* دەست لەسەر شان •
* مەچەك لەسەر شان •
* باسك لەسەر شان •
* چنگ لەبان شان •
* قۆل لەبان شان •
* مەچەك لەبان شان •
* چنگ لەسەر مل •
* چنگ لەسەر دەفەی شان •
* چنگ لەسەر شانی ڕاست •
* چنگ لەسەر پشت •

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، لە فریزی بەرەڵادا ( ئەوانەی کە ئیدیەم نین ) یەکیەتی واتایی نیە • لەبەر ئەمەیە کە دەتوانین بەئاسانیو بەپێی خواستو ئارەزووی خۆمان کەرتەکان بگۆڕینو پاشو پێشیان پێبکەین بێئەوەی

واتای فریزەکە بشێوێنین وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا بومان دەردەکەوێ.

بەخێرایی ( خۆی کرد بە ژوورەکەدا )

بەپەلە ..........................................

بەڕاکردن ..........................................

بە قەڵەمباز ..........................................

بە پەرۆشەوە ..........................................

بە هەنگە شەلێ ..........................................

بە سواری‌یەوە ..........................................

بە پاسکیلەکەیەوە ..........................................

بە هەڵەداوان ..........................................

**٢ ـ ٢ ئیدیەم‌و وشە :**

لە رواڵەتدا ئیدیەم‌و وشەی لێکدراو لە چەند روویەکەوە لـە یەکتر دەچن :

(١) ئیدیەم دانەیەکی وشە ئاساییە ، بە واتای ئەوەی ئیدیەم وەك وشە هەڵس‌وکەوت‌دەکات . بەڵگەمان بۆ ئەم راستی یە ئەوەیە کە وشە زۆر جار دەتوانێ جێگەی ئیدیەمێك بگرێتەوە بێ‌ئەوەی واتای رستە تێك بدات :

١ ـ دنیا کش‌و ماتە ( ئیدیەم )

١َ ـ دنیا خامۆشە ( وشەی سادە )

٢ ـ ئەو دوانە دڵیان بەیەکترەوەیە ( ئیدیەم )

٢َ ـ ئەو دوانە حەزیان لەیەك کردووە ( وشەی لێکدراوە )

٣ ــ دیمەنێکی دڵفرێنە ( ئیدیەم )

٣َ ــ دیمەنێکی جوانە ( وشە )

٤ ــ لاوێکی دڵقایمە ( ئیدیەم )

٤َ ــ لاوێکی ئازایە ، نەترسە ( وشە )

بەڵگەیەکی تریش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیدیەم وشەئاسایە لەوەدایە کە ئیدیەم وەك وشە یەکیەتیەکی رۆنانی لەنێوان کەرتەکانیدا هەیە[٨] . دیسانەوە وەك وشە رێگە نادات بە کەرەسەی تر بچێتە نێوان کەرتەکانیەوەو لە یەکتریان دووربخاتەوە . بۆنموونە ، هەروەك چۆن وشە رێگەی کەرەسەی تر نادات بچێتە نێوان مورفیمە پێك هێنەرەکانیەوە[٩] ( چاکتر : * چاك نەتر ) ئیدیەمیش هەمان ئارەزووی خۆپاراستن‌و خۆ جیاکردنەوەی لە کەرەسەی تر تێدا بەدیدەکرێ . ئەم دەربڕینانەی خوارەوە لەبەر لادان لەم یاسایە لە رووی رێزمانەوە بەهەڵە دادەنرێن : ــ

(١) لەش بە بار ( نەخوش )

* لەش زۆر بە بار      * لەش نە بەبار

(٢) پایزە برا

* پایزە گەورە برا      * پایزە زۆر برا

(٣) ئەسپێی کراسەکۆن

* ئەسپێیەکی گەورەی قەڵەوی کراسەکۆن

(٢) وشەو ئیدیەم هەردووکیان بە ئامادەکراوی هەنو دەخرێنە گوتنەوە . بەواتایەکی‌تر ، وشەو ئیدیەم لەم کەرەسانەن کە واتای فەرهەنگی‌یان هەیەو پیویستیان بەوە دەبێت لە فەرهەنگدا تومار بکرێن‌و واتاکانیان روون بکرێتەوە[١٠] . لەم رووەوە ، بەپیچەوانەی فریزو وشەی

لێکدراوەوە ڕەفتار دەکەن چونکە ئەمانە پێویستیان بە تۆمارکردن نی یە لە فەرهەنگدا چونکە بەئاسانی لە واتای کەرتەکانو پەیوەندییە ڕێزمانیەکەوە (بەستن یان لێکدان) دەتوانین واتای فریزەکە یان وشە لێکدراوەکە هەلبێنین • بە پێچەوانەوە ، ئیدیەمێکی وەك « کونە با » یان « لـــە گوێی گادا نوستووە » ، هەرچەندە لە ڕووی ڕێزمانیشـــەوە شی بکرێتـــەوەو کەرتی وردتریان لێ دەربێت ، لەبەر ئەوەی کەرەسەی ئامادەکراون ، ئەم شی کردنەوەو کەرت کردنە ئەوەمان نادات لە واتاکانیان بگەین • لەبەر ئەوە دەبێ لـــەم ڕووەوە ئیدیەم وەك مۆرفیم سەیربکرێتو شی نەکرێتەوە بۆ کەرتی وردتر ، ئەگینا واتاکەی دەشێوێ[11] • هەر لەبەر ئەمەشە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا ئیدیەم وەك وشە بە دانەیەکی زمانی دادەنرێ • لە دوو سەرەوە وشە لە ئیدیەم جیا دەبێتەوە :

**١ ـ لە ڕووی ڕێزمانەوە :**

وشە لە مۆرفیمێك یان زیاتر پێك دێت بەلام ئیدیەم لە چەند وشەیەك • بونموونە ، « ئاگردان »کە وشەیەکی لێکدراوە ، لە مورفیمی « ئاگر »و « دان » پیك هاتووە ، بەلام ئیدیەمی « ئاگری بن کا » لە وشەی « ئاگر »و «بن»و «کا» ڕاستەوخۆ پیك هاتووە • بە واتایەکی تر کەرتە پیك هێنەرەکانی ئیدیەم هەموویان دەتوانن جارێکی تر سەربەخۆ بەکاربێنەوە *[12] • هەرچی کەرەسە ڕاستەوخۆکانی وشەیە ، هەندێکیان سەربەخۆ بەکاردێنەوە ، بەلام هەندێکی تریان ( مۆرفیمە بەندەکان ) بەتەنیا هەر خۆیان بەکار نایەنەوە ، بەم جۆرە دەتوانین بلێین وشە شی دەکرێتەوە بۆ دانە ( یەکە ) کە لەوە زیاتر کەرت ناکرێت بەلام ئیدیەم شـــی دەکرێتەوە بۆ کەرەسەی لێکدراو کـــە زۆربەیان جارێکی تریش شـــی دەکرێنەوە ( وەك دانەی « ئاگری » کـــە دیسانەوە دەبێت بە دوو مۆرفیمەوە « ئاگر » لەگەل « ـ ی » نیشانەی ئیزافە • بڕوانە نموونەکەی سەرەوە •

**ب ـ له رووی واتاوه :**

وه‌ك له‌پێشتره‌وه روونمان‌كرده‌وه له واتای كه‌رته‌كانی وشـه‌یه‌كه‌وه ده‌توانین پێش‌بینی له واتای وشه‌كه بكه‌ین بۆنموونه ، كه واتای « پیاو »و « چاك »مان زانی ده‌توانین واتای « پیاوچاك » بزانین بێ‌ئه‌وه‌ی پێویستمان به فه‌رهه‌نگ بێ • به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه‌شه‌وه ، واتای كه‌رتـه‌كانی ئیدیـه‌م یارمه‌تیمان نادات بۆ هه‌ڵ هێنان‌و دۆزینه‌وه‌ی واتای ئیدیه‌مه‌كه ، به‌ڵكو هه‌ندێ جار ده‌بێته هۆی سه‌رلێ‌تێك‌دان‌و بزركردنی واتـاكه چونـكه كه‌رته‌كان له‌پێناوی هێنانه دی ئه‌و ئیدیه‌مه‌دا زۆر جار یان به‌ته‌واوی وازیان له واتاكانیان هێناوه یان هه‌ندی رووی واتاكانیان خستۆته لاوه • له‌م رووه‌وه لێكچوونێك له‌نیوان « مه‌ره‌كه‌بی كیمیاوی »[١٣]و « ئیدیه‌م »دا به‌دی‌ده‌كرێ • هه‌روه‌ك چۆن توخمی هایدرۆجین وتوخمی ئۆكسجین وازیان له هه‌ندێ‌تایه‌به‌تی خۆیان هێناوه له پیك‌هێنانی مه‌ره‌كه‌بی «ئاو»دا ، هه‌روه‌ها وشه‌یه‌كی وه‌كو «كون»و وشه‌یه‌كی وه‌ك « بـا » وازیان له هه‌ندێ لایه‌نی واتا بنه‌ره‌تیه‌كانی خۆیان هیناوه بۆ پیك‌هێنانی ئیدیه‌مێكی وه‌ك « كونه با » • له‌به‌ر ئه‌مه‌یـه كـه شی‌كردنه‌وه‌ی ئیدیه‌مه‌كه بۆ « كون » و « با » نامان‌گه‌یه‌نێته واتای ئیدیه‌مه‌كه به‌ڵكوئه‌گه‌ر واتای « كون » و « با » مان نه‌زانیایه ، ره‌نگه به‌ئاسـانی‌تر فێری واتای « كونه‌با » ببووینایه‌و كه‌متر لێمان تێك‌بچوایه یان له‌بیرمان بچوایه‌وه • واتای ئیدیه‌مه‌كه كه مرۆڤێكی پر له هاشه‌و هووشه‌و هیچ له‌بارا نه‌بوو ده‌گرێته‌وه هیچ په‌یوه‌ندی‌یه‌كی به واتای وشه‌ی «كون»و «با»وه نی‌یه چونكه لێره‌دا « كون »كه به واتای ( سه‌ر چاوه ) دێت‌و وازی له واتـا بنه‌ره‌تیه‌كه‌ی خۆی به‌ته‌واوی هێناوه • هه‌روه‌ها وشه‌ی « با »ش كه له‌بنه‌ره‌تدا به واتای « هه‌وایه‌كی جوڵێنه‌ر »دێ وازی له زۆر لایه‌نی ئاساییه‌كه‌ی خۆی هێناوه لێره‌دا زیاتر كاری با له‌سه‌ر ده‌وروبه‌رو ئه‌و هاشه‌و هووشه‌یه‌ی له‌گه‌ڵیه‌وه هه‌ست به بوونی با ده‌كرێ دراوه‌ته به‌ر رۆشـنایی‌و تاكیدی كراوه‌ته سـه‌ر • به واتایه‌كی‌تر ، له ئیدیه‌می « كونه‌با »دا « با » به واتای ئه‌و

هاشەو هووشەیە دێ کە لەبنەڕەتدا بەشێکی گرنگ نی‌یە لەو وشەی « با » بەهۆیەوە پێناســە ناکرێ • بێ‌گومــان واتاکە لەمەشـــەوە گۆڕاوە بـــۆ هاشەوهووشەی بێ سوود یان قسەی هیچ‌وپووچ • ئیدیەمەکە یان مەڕەکەبە کیمیاوێکە بە واتای « کەسێك کە سـەرچاوەی قســەی پروپووچ بێت » دێت • بەم‌جۆرە دەبینین نەك هەر کەرتەکانی ئیدیەمەکە لەپێناوی ئیدیەمەکەدا واتای خۆیان ناوەتەلاوە بەڵکو مەڕەکەبە کیمیاویەکەش لەئەنجامی یەکگرتنی کەرتەکان واتای‌تری بۆ خۆی سەندووە کە لە کەرتەکانـــەوە نەهاتـــووە • لێرەدا ئەو واتا زیادەیە ئەوەیە کە ئیدیەمەکە بێ‌ئەوەی هیچ گرەیەك وەرگرێ ، ئەرکی ڕێزمانیشی گۆڕاوە لە ناوێکی بەرجەستەوە بووە بە ناوێکی بکەر ، چونکە ئیدیەمەکە بە واتای « ئەوکەسەی کە ••••• » دێ • لە کاتی‌تردا زمانی کوردی بۆ دەربرینی ئەم ئەرکە پاشگر بەکاردێنێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ •

کرێکار ( کرێ + کار ) = ئەوکەسەی بە کرێ کار دەکات

جووتیار ( جووت + یار ) = ئەوکەسەی کە زەوی دەکێلێ •

ئاسنگەر ( ئاسن + گەر ) = ئەوکەسەی کە بە کاری ئاسنەوە خەریکە

کوونەبا ( کون + با + • ) = ئەوکەســەی کە ســەرچاوەی قســەی هیچ‌و پووچە •

**٣ ـ تایبەتیەکانی ئیدیەم :**

لەدوای ئەوەی پێناسەیەکی وردی ئیدیەممان کردو بەوردی لە وشەو فرێزمان جیاکردەوە وپەیوەندیمان لەگەڵ ئەم کەرەسە زمانیانەدا دەرخست ، دەتوانین لە سێ خاڵدا تایبەتیەکانی ئیدیەم دیاری بکەین •

١ ـ واتای ئیدیەم لە کۆی واتای کەرتەکانی گەورەترە :

وەك لە بەشی یەکەم‌و دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا روونکرایەوە ئیدیەم

بریتی‌یە لەو زنجیرە وشەیەی کە واتاکەی لە واتای کەرتـەکانی گەورەترە لەوەدا کە واتای ئەم بەشانە نامانباتە سـەر واتـای ئیدیەمەکەو توانـای دۆزینەوەی واتاکەیمان ناداتیو هەندێ جار ڕێگەشمان لێ هەڵە دەکات • بۆنموونە ، زانینی واتای ( « کەوڵ » = پێست )و ( کۆن نـوێ ) یاریدەمان نادات بۆ لێکدانەوەی واتای ئیدیەمی ( کەوڵەکۆن ) چونکە بـە واتای ( « پێستێکی کۆن » ) نایەت وەك ڕۆنانە ڕێزمانیەکەی دەری‌دەخات ( ناو + ئیزافە + ئاوەڵناو ) بەڵکو بە واتای « کەسێکی پیری پەككەوتە » بەکاردێت • ئەم واتایەشی پەیوەندی‌یەکی زۆر کەمی بە واتای کەرتەکانەوە هەیە چونکە « کۆن » لێرەدا بە واتای « بەتەمەن » بەکارهاتووەو زیاتر لە « پیر » نزیك‌بۆتەوە • ( کەوڵ ) یش بۆتە ( نسبة ) بۆ مرۆڤ کە شتێکی زۆر نائاسایی‌یە لەبەرئەوەی (کەوڵ) لە کاتی ئاسایی‌دا بۆ «مرۆڤ» بەکارنایەت • جگە لەمەش گۆڕانێك لە پۆلی ناوەکەدا ڕوویداوەو لە ناوێکی بەرجەستەوە گۆڕاوە بۆ ناوی بکەر « ئەوکەسەی کە •••• » هەموو ئەم گۆڕانکاری‌یە پێکەوە وامان‌لێ‌دەکات کە ئیدیەم وەك وشەیەکی نوێی ئامادە سەیر بکەین‌و بە واتاو فۆرمەوە لەبەریان بکەین کاتێ کە زمانێکی بێگانە فێر دەبین • بـە واتایەکی‌تر ئیدیەم وەك هەموو مۆرفیم‌و وشەیەکی سادە لە ڕووی واتـاوە هێمایەکی « تاریکە »و*[14] بەمە لە وشەی لێکدراوو فرێز جیادەبێتەوە کە کەرەسەی ڕونن لە زماندا •

٢ ــ ئیدیەم سەرکەشـەو کـەم خۆی دەدات بەدەسـت یاسای گۆڕانکاری‌یەوە • یەکێك لـە تایبەتی‌یەکانی ئیدیەم لەوەدایەکە سەرکەشەو سەرپێچی لە زۆربەی یاسا گۆڕانکاریەکان دەکات • هەر لەبەرئەمەشە کە ئیدیەم بۆتە یەکێك لەو بابەتانەی کە زۆربەی زمانەوانەکان ( سەر بە هەر قوتابخانەیەك بن )[15] دوورە پەرێز لێی دەوەستن‌و خۆیانی لێ گێل دەکەن‌و تایانـەوی پێیەوەی خەریك بن • ئـەم سـەر کەشـی‌یەی ئیدیەم لەوەدا دەردەکەوێ کە زۆر جار فۆرم‌و ڕۆنانی نزیك خۆی لێوی لێوە وەرناگیرێ •

یاسا گۆڕانکاری‌یەکان بە شێوەیەکی گشتی دەبن بە سێ چەشنەوە :

١ ــ یاسای ئاسانکاری کە ئەو یاسا زمانیانە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە دەمانەوێ لە دووپات‌کردنەوەی کەرەسەیەکی زمانی رزگارمان بێت • ئـەم چەشنە یاسایە لە دوو شێوەدا دەبینرێ (١) ئەو یاسایانەی کە کەرەسـەی دووپات‌کراو دەسڕنەوە (٢) ئەو یاسایانەی کە کەرەسەکە دەگۆڕنەوە بـە کەرەسەی کورتتر لە خۆی • بۆنموونە ، رستەیەکی وەك « نازانم کەی بێم بۆ لات » لە « من$_{1}$ نازانم من$_{2}$ کەی بێم بۆ لات »ەوە وەرگیراوە بـەهۆی سڕینەوەی ڕاناوی « من$_{2}$ »ەوە کە دوو پات‌بۆتەوەو بۆ هەمان کەس ( من$_{1}$ ) دەگەرێتەوە • بە هەمان شێوە بەکارهێنانی یاسای ئاسانکاری ( چەشنی یەکەم سڕینەوە ) لە رستەی دووەمدا لە دووپات کردنەوەی منالەکان ( رستـەی یەکەم ) رزگارمان دەبێ :

(١) منالەکان لەسەر شەقامەکە یاری دەکەن !

(٢) بچۆ بیانهێنەوە

٢ ــ یاسای ئاخنین :

بەو یاسایە ئەوترێ کە هەندێ کەرەسـەی زمـانی دەئاخنـنـە نـاو رستەیەکەوە • ئاسایی ئەم کەرەسانە لە رووی واتاوە بەتاڵن‌و زیاتر ئەرکی رێزمانی دەبینن وەك ئەو یاسایەی کە پاشبەندی ( ە ) بە دوای ئاوەڵنـاوی ئیشارەوە دەلکێنن لە کوردیدا :

( ئەو پیاو ← ئەو پیاوە ) یان ئەو یاسایەی کە ( ی )ی ئیزافە دەئاخننە نیوان دوو ناو یان ناوێك‌و ئاوەلکارێك یان ناوێك‌و ئاوەڵناوێك گەرمـاو شیرین ← گەرماوی شیرین ، پیاوەکە بەر دەرگا ← پیاوەکەی بەر دەرگا ، کوڕ ئازا ← کوڕی ئازا ) •

٣ ــ یاسای پاش وپێش کردن :

ئەو یاسایانەن کە شیوەی ریزبوونی کەرەســەکانی رســتە دەگوڕن‌و هەندێ کەرەسە پاش یان پێش ئەوانیتر دەخەن وەك ئەو یاسایانەی کە لارستە دێننە پێش شارستەوە یان هەندی ئاوەڵناو دەبەنە پێش ناوەوە یان ئامرازی پرسیار دەبەنە پێش رستەوە وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

(١) من نایەم تاتۆ نەڵێیت ← تا تۆ نەڵێیت من نایەم

(٢) شیلان دوینێ گەیشتە جێ ← کەی شیلان گەیشتە جێ ؟

(٣) پیازی تەڕ ← تەڕە پیاز

(٤) کاڵەك‌و شووتی ← شووتی‌و کاڵەك

(٥) برۆ تا نەهاتوون بەدواتا ← تا نەهاتوون بەدواتا برۆ •

ئەم یاسایانە کە بەسەر هەموو فرێزێکی ئاسایی‌دا جێ‌بەجێ دەبن ، لەگەڵ زۆربەی ئیدیەمدا رێك‌ناکەون • جگە لەمەش هەر ئیدیەمە لەگەڵ جۆرێك لەم رستانەدا دەرواو تەنانەت تا هەر ئیدیەمە تاکە تاکە وەرنەگرین‌و هەوڵی ئەوە نەدەین یاساکانی بە سەردا جێ‌بەجێ بکەین نازانین کام یاسایە لەگەڵ کام ئیدیەمدا رێك‌دەکەوێ • بۆنموونە ، هەندی ئیدیەم رێگە بە یاساکانی تێ‌ئاخنین‌و ئاسانکاری‌و پاش‌و پێش کردن دەدات وەك :

١ ــ لە گوێی گادا نووستووە ( = ئاگای لە دنیا نی‌یە )

ا ــ بۆ من لە گوێی گادا نووستوم ! ( تێ ئاخنین )

ب ــ کاکە ( ئیۆە ) ئەوان لە گوێی گادا نووستوون ( تێ‌ئاخنین )

ج ــ دەزانێ ( دەزانیت )لە گوێی گادا نەنووستوم •

٢ ــ زمان‌لووس

پیاوێکی زمانلووسە

پیاوێکی چەند زمانلووسە ( زمانلووس بوو ) ( تێئاخنین )

تو سەیری چەند زمانی لووسە ( زمانت لووسە ) ( تێئاخنین )

زمانی زۆر لووسە (تێئاخنین )

زمانلووسی لە خۆی دێ •

٣ ــ ناوی بە گەرووی ئاشا چێت

ناوت/ ناوتان/ ناویان بە گەرووی ئاشا چێت ( تێئاخنین )

لە هەمان کاتیشدا هەر ئەم ئیدیەمانە خۆیان رێگە بە هەندێ چەشن لەو گۆڕانکاریانە نادەن[١٧] • ئەم ئیدیەمانەی خوارەوە هەموویان ناپەسەند بوون چونکە بەزۆر هەندێ یاسای گۆڕانکارییان بەسەردا جێبەجێ کراوە :

* کە تۆ هاتیت من لە گوێی گادا نووستبووم • ( تێئاخنین )
* ناوت بە گەرووی ئاشا نەچێت • ( تێئاخنین )
* ئەو ساڵە من لە گوێی گادا نەنووستبووم • ( تێئاخنین )
* ناوی بە گەرووی ئاشێکی گەورەدا چێت • ( تێئاخنین )
* لە گوێ ی گادا بنوو !
* ناوی بە گەرووی ئاشدا بەرە !
* زمانم نا لووسە

هەندێ ئیدیەمیش هەن خۆیان بە دەست هیچ لەم یاسایانەوە نادەنو هەروەك خۆیان بێئەوەی فۆرم بگۆڕن دەچنە گوتنەوە وەك :

١ ــ ریس‌و گوریس بۆ من مەخوێنەرەوە

* گوریس‌و ریس ........

٢ ــ من تاقەتی ئەو راوە رێوی‌یەم نی‌یە

* من حەز لەم ڕاوەرێوی‌یە دەکەم

٣ ــ کەولەکۆن !

* کەولێکی کۆن .

٤ ــ کەوتۆتە ڕاوڕووت

* کەوتۆتە رووت‌و ڕاو

٥ ــ شەڕی خۆترێن دەکات

* شەڕی خەلك‌ترێن دەکات

٦ ــ شەل نی‌یەو پای شکاوە .

* شەل نیم‌و پام شکاوە .

٧ ــ لەم بەندو وباوە سەرم دەرناچێ

* لەم باوو بەندە سەرم دەرناچێ

* لەم بەندو باوە سەرم دەردەچێ

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئیدیەم زۆر کەمتر لە فریزی ئاسایی خۆی دەدات بە دەست یاسای گۆرانکاری‌یەوە هەرچەندە ئەم سەرکەشی‌و سەرپیچیەی ئیدیەمیش لە ئیدیەمێکەوە بۆ یەکێکی‌تر دەگۆرێ[١٨] . هەندێکیان تەواو سەر کەشن‌و خۆیان بە دەست هیچ یاسایەکەوە نادەن ( وەك شەل نی‌یەو پای شکاوە ) ، هەندێکی‌تریان سەرکەشی‌و سەرپێچیان زۆر کەمەو خەریکن لە سروشتدا لە فریزی ئاسایی نزیك دەبنەوە ( وەك

زمان‌لووس ) • بەڵام بەشی زۆریان ەتیوان ئەم دوو پەڕەدا دەوەستن‌و هەندێ یاسا وەردەگرن‌و هەندێکیش ڕەت‌دەکەنەوە • ( وەك « دانی پیدا نا » كە دەتوانین دەستکاری راناوو تافی کاتەکەی بکەین ← دانم پێدا نەناوە ، دانیان پێدا ناوە ، دانی پیدا مەنێ ! بەڵام ناتوانین وەك کردارێکی لێکدراو کەرتەکانی پاش‌و پێش خەین ←

**٣ ـ ئیدیەم بە واتا خوازراوەکەی زیاتر بەکاردێ‌و واتا پیتیەکەی بەرەو لەبیرچوونەوە دەڕوات :**

ئاشکرایە کە زۆربەی ئیدیەم لە قۆناغی ئێستەیدا لە دوو شێوەدا دەبینرێت ، شێوەی ئیدیەمی ( ئەوەی واتاکەی خوازراوەو دوورە لە واتای کەرتەکانیەوە ) و شێوەی پیتی ( ئەوەی کە واتاکەی لە کۆی واتای کەرتەکانیەوە دێ‌و بێ‌یارمەتی فەرهەنگ واتاکەی ئەدۆزرێتەوە ) • بۆنموونە ڕۆنانێکی وەك « سك‌سووتان » هەردوو بەکارهێنانەکەی هەیە وەك لەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێ :

(١) وریا بە ، لە زۆپاکە نزیك مەکەوەرەوە با سکت نەسووتێ •
ئاگرەکە پرژایە ناو پشێتنەکەیەوەو سکی سووتاند •

(٢) نەکەی ئازاری ئەو پیرێژنە سك سووتاوە بدەی ، دوعای گیرا دەبێت •
ئافتاو : هەواری نوێتان پیرۆز بێت‌و تیا بحەسێنەوە !
فاتە : سکت نەسووتێ ! ( منالەکەت نەمرێ )

لە کۆمەڵی یەکەمدا ڕۆنانەکە فرێزێکی بەرەڵایەو واتاکەی لە « سك »و « سوتاندنەوە » بەدی‌دەکرێ‌و هەموو یاسا گۆرانکاریە ڕێزمانی‌یەکانی بەسەردا جێ‌بەجێ دەکرێت ؛ ( بەواتایەکی‌تر : دەکرێ بە پرسیار ، دەکرێ بە نەفی ، راناوەکانی دەگۆرێت بە هی‌تر ، وشەی‌تری تێدا ئاخنرێ وەك سکت سووتا ، ووریا بە سکت بە زۆپاکە نەسووتێ ، سکی زۆر سووتاوە ••••

ئاگادار نەبی سکت دەسووتێ ) لە کۆمەڵی دووەمدا ڕۆنانەکە ئیدیەمەو واتاکەی لە واتای کەرتەکانیەوە دوورەو زۆر یاسای گۆڕانکاری ڕەتدەکاتەوە ( *وریا بە سکت نەسووتێ ؛ سکی سووتا* ؛ سکت نەسووتێ ( بۆ پیاو )*[٢٠] ... هتد ، دەبێ لەو ڕاستییە بگەین کە زمان تارادەیەك دەتوانێ ڕێگە بەم « بەرەڵاییە » بداتو بهێڵی هەمان ڕۆنان بە دوو واتای جیاواز یان زیاتر بەکاربێت . تا ژمارەی ئەم جۆرە ڕۆنانە پڕتەومژانە پتر بێت ، سەرلێتێكدان زیاتر دەبێو توانای زمانەکە کەمتر دەبێتەوە[٢١] . جا هەر لەبەر ئەمەشە کە ئیدیەم زیاتر بە واتا خوازراوەکەی بەکاردێو دەکەوێتە سەر زاری خەڵکیو بلاودەبێتەوە . لە زۆر کاتدا کە ئیدیەمەکە بە واتا خوازراوەکەی زۆر بلاو بوەوەو لەناو خەڵکیدا چەسپا ئیتر واتا تیپیەکەی بەرەو لەبیرچوونەوە دەڕواتو لەوانەیە پاش ماوەیەکی مێژوویی لە زمانەکەدا دەژی بەڵام شانبەشانی یەکتری بەکارنایەن . بەڵگەشمان بۆ ڕاستی ئەم باوەڕە ئەوەیە کە بۆ ڕوونکردنەوەو تێگەیشتنی واتای پیتی ئیدیەمێك پێویستمان بە دەوروبەر هەلبەستن زۆر دەبێت ، بەواتایەکیتر خەڵکی لە واتا خوازراوەکەی ئیدیەم زووتر تێدەگات وەك لە واتا پیتیەکەی ، هەرچەندە گوێگر زۆربەی کاتیش ئاگاداری هەردوو واتاکەیە بەوەدا کە زۆر جار کەڵك لەم بارە وەردەگرێو دەیکاتە سەرچاوەیەك بۆ نوکتە لە کاتی ئاخاوتندا[٢٢] وەك بەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ .

(١) — کاکە تۆ زۆرت تێ گووشیوە ؟

— ڕاستە ، وام دەزانی شلەکە لە دەستم ڕادەکات

. . . . . . . . . . . . .

(٢) — کوڕم گوێ مەدەرێ ، دنیا پێچی مێزەرێکە

— ئەی لەو پێچە وریابە وەر نەگەرێی

. . . . . . . . . . . . .

بۆ زیاتر روونکردنەوەی هەردوو واتای ئیدیـەم ، واتای خوازراوو واتای پیتی ، وا لە خوارەوە هەندێ نموونە دەدەین

(١) کۆمەڵی یەکەم : بریتییە لە کۆمەڵە ئیدیەمێك کە بە هەر دوو واتاکە دێن و لەسەر زارن

(٢) کۆمەڵی دووەم بریتییە لە چەنـد ئیدیەمێـك کە لەبەرئەوەی تەواو چەسپاون واتای پیتیان لەناوچووەو دەوروبەر هەلبەسـتنیش ئـەم واتایەیان زیندوناکاتەوە

(٣) کۆمەڵی سێیەم بریتییە لە هەندی ئیدیەم کە زۆر جار دەبنە سەرچاوە بۆ نوکتە لەبەرئەوە گوێگر دەتوانێ خۆی بە ئارەزووی خۆی لـە مەبەستی قسەکەر گێل بکاتو بە واتا پیتیەکە وەری گرێ بە مەبەستی گاڵتەو پێکەنین

(١) کۆمەڵێ یەکەم

(١) حەوشەکەی خوارە !

= (١) بیانوومان پێ دەگرێ •
= (٢) حەوشەی ( خانووەکە ) خوارە •

(٢) زمانی سووتا

= (١) هەڵەی کرد
= (٢) زمانی بە چایەکە سووتا

(٣) پرچی سپی بهۆنێتەوە

= چاوەروانی بێهودە ئەگەر بەتەمـای کۆشكو تەلار بێت دەبێ پرچی سپی بهۆنێتەوە

(٤) خۆی پێدا هەڵواسیوە

= (١) بە مەرامێك خۆی لە یەكێك نزیك دەكاتەوە •
= (٢) منالەكە خۆی ( بە لۆریەكەدا ) هەلواسیوە

(٥) لە بەردی دا

= (١) فەوتانی ( پارەكەی باوكی لە بەرد دا )
= (٢) تایەكەی لە بەرد داوەو تەقاندوێتی

( ٢) كۆمەلی دووەم :

(١) گوێی مسی تێ كراوە
(٢) سەری هێناو برد
(٣) دلی شكاند
(٤) دلی دایەوە
(٥) دلی شەقی برد
(٦) دلی لێ سەندم
(٧) دلی لێ هەلكەنراوە
(٨) شەڕی پێ فرۆشتم
(٩) قسە بەردەداتەوە •

(٣) كۆمەلی سێیەم :

(١) دەستی ڕەشە ! ( ئەی بۆ ناوبەناو نایشوات )
(٢) سەری سووكە ! ( خۆ نەتكێشاوە تا بزانی )
(٣) سەری گوریسەكەی بەدەستە ( هاكا پچڕانی •••• )
(٤) دنیای بەكۆلەوە گرتووە ( بۆیە ناتوانێ هەنگاوێ بروات )
(٥) دلی لەسەر لەپی دەستێتی ( كوا من نەمدی بەدەستیەوە )
(٦) حەمامی ژنانە ! ( ئەی كوا ناترەكەی ؟ )

بنكەی ژین

**(٤) پلەکانی ئیدیەم(٢٤) :**

هەر چەندە یەکێك لە تایبەتی‌یە هەرە گرنگەکانی ئیدیەم لەوەدایە کە واتایەکی تایبەتی بێ‌هاوتا دەبەخشی کە پەیوەندییەکی زۆر دووری بە واتای کەرتەکانیەوە هەیە ، ئاشکرایە کە هەموو ئیدیەمێك لەم‌رووەوە وەك یەکتر نین • هەندێ ئیدیەم واتاکانیان تەواو تاریکەو چەندین یاسای واتاییان دەوێ تاوەکو لە واتای کەرتەکانەوە بمانگەیەننە واتای ئیدیەمەکە هەمووی • هەندێ ئیدیەمی‌تر ، بەپێچەوانەی ئەمانەوە ، گۆرانکاریەکی واتایی کەمتریان بەسەردا هاتووەو تەنیا چەند قۆناغێك لە واتای کەرتەکانەوە دوورکەوتوونەتەوەو بەئاسانتر دەتوانین بیان‌گێرینەوە سەر واتای کەرتەکانیان • بۆنموونە ، ئیدیەمێکی وەك « چنگ لەسەر شان » ناچێتە ریزی ئیدیەمێکی وەك « دڵپاك » یان « سەرراست » ئەگەرچی بە هەموشیان دەوترێ « ئیدیەم » • واتای « چنگ لەسەرشان » تەواو تاریك‌و لێڵەو زۆر بە گران لە واتای کەرتەکانەوە بەدی‌دەکرێ • بەپێچەوانەشەوە ، هەموو کورد زمانێك هەست بەوە دەکات کە لە « دڵپاك »و « سەرراست »دا ئەو تاریکی‌یەی کە لە ئیدیەمەکەدا هەیە زۆر کەمترەو گەیاندنیان‌و بەستنەوەیان بە واتای پیتی کەرتەکانەوە کارێکی گران نی‌یەو پیویستی بە خەیاڵێکی بەپیت ناکات • سەرنجێکی ورد تێمان دەگەیەنێ کە ئەو جیاوازی‌یە لە « تاریکی »و « روونی » ئەم دوو کۆمەڵە ئیدیەمەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەو راستیەی کە لە کۆمەڵی دووەمدا ( « دڵپاك »و « سەرراست » ) تەنیا یەکێك لە کەرتەکان ــ دڵ‌و سەر ــ واتا بنەرەتیەکەی خۆیان گۆریوەو دوور کەوتوونەتەوەو لەوە کەوتوون کە ئەندامێ بن لە لەشی ئادەمیزاد بەڵکو بوونەتە نوێنەری ئادەمیزادەکە خۆی • کەرتەکانی‌تر (ــ « پاك‌و راست » ــ ) کەم‌و زۆر واتا بنەرەتیەکەی خۆیان پاراستووە • لەبەرئەوەی ئەم گۆرانکاریەی کە بەسەر ئیدیەمی « دڵپاك » و

« سەرراست »دا هاتووە زۆر بڵاوە نەك هەر لە کوردیدا ، بەڵکو لە زمانی‌تریشداو لەبەر ئەوەی بنەمای « بەکارهێنانی پارچە لە جیاتی هەموو » لە ئیدیەمی‌تریشدا دەبینرێ ، کورد زمانێك بە ئاسانی لە کۆی واتای « دڵ »و « پاك »ەوە یان « سەر »و « راست »ەوە زۆر بەئاسانی دەگاتە واتای ئیدیەمەکە هەمووی کە «ئەو کەسەی کە پاکە یان راستە» دەگرێتەوە •
بێ‌گومان بەدی‌کردن‌و دۆزینەوەی واتای « چنگ لەسەرشان » لە واتای کەرتەکانیەوە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵترەو زۆربەشمان چەندیش جلەو بۆ خەیاڵ شل کات رەنگە هەر نەی‌گاتێ تا وەکو واتاکەی پێ نەوترێ یان لە فەرهەنگ‌دا دەری‌نەهێنێ یان لەئەنجامی دووپات‌بوونەوەدا بەهۆی دەوروبەری قسەوە بۆی روون‌نەبێتەوە و هەڵی‌نەهێنی • کەواتە بەلای کەمەوە دەتوانین دوو چەشن ئیدیەم لە یەکتر جیا بکەینەوە :

ئیدیەمی پلە یەك‌و ئیدیەمی پلە دوو • ئیدیەمی پلە یەك ئەو چەشنە ئیدیەمەیە کە واتاکەی تەواو تاریکەو زۆر لە واتای کەرتەکانی دوورکەوتۆتەوەو پەیوەندییەکی کەی لە رووی واتاوە لەگەڵیاندا ماوەو بۆ گەیشتن لە واتای کەرتەکانیەوە بۆ واتای ئیدیەمەکە هەمووی پێویستمان بە یاسای واتایی ئاڵۆز دەبێت • ئیدیەمی پلە دووش ئەو ئیدیەمەیە کە تارادەیەك واتاکەی روونە یان بەهۆی ئەوەوە کە یەکێك لە کەرتەکانی واتا بنەرەتیەکانی خۆیان پاراستووە یان بەهۆی ئەوەوە کە دەتوانین لە واتای کەرەتەکانەوە بەهۆی یاسایەکی جیهانی‌و بەربڵاوەوە بگەینە واتای ئیدیەمەکە هەمووی • وا لەخوارەوە چەند نموونەیەك لەسەر هەردوو چەشنەکە دەدەین لەگەڵ چەند تێبینیەکدا دەربارەی چۆنیەتی جیاکردنەوەیان لە یەکتری •

(١) ا ــ ئیدیەمی پلە یەك • لە وشەی « دڵ »ەوە :

دڵ‌تەڕ ، دڵ‌قایم ، دڵ‌سووتاو ، دڵ‌شکاو

هەردوو کەرتەکەو واتاکانیان گۆڕاوە :

١ ـ دڵ : نەك هەر كۆئەندامێكی لەشە بەڵكو لەجیاتی ئادەمیزاد بەكارهاتووەو بەواتای « ئەو كەسە كە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ »

٢ ـ كەرتی دووەمیش گۆرانی بەسەردا هاتووە ٠ تەڕ « بە واتای بەزەوق » ، قایم = نەترس و سووتاو = بەبەزەیی و شـكاو = یەشـاوە ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ هتد ٠

ب ـ ئیدیەمی پلە دوو : دڵمردوو ، دڵوریـا ، دڵرەق ، دڵنەرم ، دڵپاك ، دڵگەرم ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠ ٠

ئەم ئیدیەمانە واتاكانیان روونترە لە كۆمەڵی ( أ ) لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە : ـ

(١) تەنیا یەكێك لە كەرتەكانیان واتاكانیان تەواو گۆڕاوە ٠ « دڵ » لە هەموو ئەم ئیدیەمانەدا بە واتای « ئەوكەسەی كە ٠٠٠٠ » دێ ٠ ئـەم گۆڕانەش هێندە قووڵ نی‌یە چونكە گۆرانێكی بڵاوە نەك هەر لە كوردیدا بەڵكو لە زمانی‌تریشداو تەنانەت لە وشەشدا روودەدات وەك بەكارهێنانی « تاج » یان « كۆشك » لەجیاتی « پاشا » كە دەوترێ ، بۆنموونە ، كۆشك بریاری‌دا ٠٠٠٠٠ لەجیاتی ئەوەی بڵێین « پاشا بڕیاری ٠٠٠٠ » ٠

(٢) ئەو گۆڕانە كەمەی لە واتای كەرتی دووەمدا هەستی پێ دەكرێ بە گۆڕان دانانرێ چونكە لەراستیدا لە واتای بنەرەتی وشەكاندا هەیە تەنیا لێرەدا ئەم لایەنەی خراوەتە بەر رۆشنایی ٠ بۆنموونە ، دڵمردو لەو واتایەی « مردوو »ەوە وەرگیراوە كە لە رۆنانێكی وەك « زەوق مردوو »دا هەستی پێ دەكرێ ٠ هەروەها « رەق »و « نەرم »و « پاك »و « گەرم »كە لـەو ئیدیەمانەی سەرەوەدا هەن دیسانەوە بە هەمان رێگە لە یەكێك لە واتاكانی ئەم وشانەوە وەرگیراون كە لە رۆنانێكی وەك « مرۆڤێكی پاكە / نەرمە / رەقە »یان پاكە / رەقە / گەرمە / نەرمە لەگەڵ خەڵكیدا » هەسـتی پێ

ده‌کرێ • به واتایه‌کی‌تر ، هه‌رچه‌ندی وشه‌ی « نه‌رم »و « ره‌ق »و « پاك » له‌م ئیدیه‌مانه‌دا واتاکانیان خوازراوه ، به‌ڵام « خواستنه‌که » ئه‌وه‌نده بڵاوه له زمانداو ئه‌وه‌نده به‌کارهاتووه که ده‌توانین به « خوازه‌ی » دانه‌نێین‌و له‌راستیشدا له زۆر که‌م له‌م جۆره ئیدیه‌مانه‌دا هه‌ست به‌م « خواستنه » ده‌که‌ین ، هه‌ر له‌به‌رئه‌مه‌شه وا هه‌ست ده‌که‌ین که گێرانه‌وه‌ی ئه‌م ئیدیه‌مانه‌و به‌ستنه‌وه‌یان به واتای پیته‌کانیانه‌وه کارێکی گران نی‌یه‌و به‌هۆی یاسای واتاییه‌وه دیاری ده‌کرێ • هه‌ر ئه‌مه‌شه که وامان لێ ده‌کات ئه‌م چه‌شنه ئیدیه‌مانه به پله دوو دابنێین چونکه ئه‌و خواستنه‌ی تیایاندا هه‌یه سوواوه‌و له‌کارکه‌وتووه‌و جوانی تێدا نه‌ماوه‌و سه‌رنجی خه‌ڵکی راناکێشێ • به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه ، ئه‌و خواستنه‌ی له ئیدیه‌می پله یه‌کدا هه‌یه هێشتا نه‌سواوه‌و جوانی تێدا ماوه‌و کار ده‌کاته سه‌ر خه‌ڵکی • جیاکردنه‌وه‌ی ئیدیه‌می پله یه‌ك له ئیدیه‌می پله دوو له‌سه‌ر بنه‌مای واتاییه نه‌ك له‌سه‌ر بنه‌مای هه‌ڵکه‌وتی ئه‌و فۆرمانه‌ی که ئیدیه‌مێك پێك‌دێنن • به واتایه‌کی‌تر ، هه‌مان فۆرم له‌وانه‌یه له هه‌ردوو چه‌شنه ئیدیه‌مه‌که‌دا خۆی نیشان‌بدات • بۆنموونه ، وشه‌ی « یه‌ك » له ئیدیه‌می « یه‌ك‌شه‌وه »له دروست‌کردنی ئیدیه‌مێکی پله یه‌کدا به‌شداری کردووه چونکه : ــ

١ ــ ئیدیه‌مه‌که فۆرمێکی تێدا نی‌یه به واتای « ئه‌وکه‌سه که ••••• » بێت • ( مۆرفیمی [ ــ ه ] له کوردیدا ناو دروست‌ده‌کات له ناوی‌تره‌وه ( وه‌ك شه‌و ← شه‌وه ، به‌ڵام نه‌بینراوه ناوی کار دروست‌کات له‌به‌رئه‌وه ناتوانین بڵێین لێره‌دا به‌و کاره هه‌ستاوه • )

٢ ــ ئیدیه‌مه‌که فۆرمێکی تێدا نی‌یه که که‌مێك به لای واتاکه‌یدا بچێت و بیری « ده‌وڵه‌مه‌ندی » یان « سامان » بگه‌یه‌نێ •

٣ ــ « یه‌ك » لێره‌دا ژماره نی‌یه به‌ڵکو له‌گه‌ڵ « شه‌و »دا به‌یه‌که‌وه رۆشنایی ده‌خه‌نه سه‌ر کورتی ماوه‌که •

کەواتە « یەکشەوە » بە واتای ئەوگەسەی کە لە ماوەیەکی کورتدا سامانێکی زۆری دەستدەکەوێ ، ئیدیەمێکی پلە یەکە چونکە پەیوەندی نێوان واتای ئیدیەمەکەو واتای کەرتەکانی زۆر دوورە لە یەکترییەوە . دیسانەوە هەمان وشە ، وشەی « یەك » لە دروستکردنی دەیان ئیدیەمی پلە دووشدا بەشداری کردووە وەك « یەك باڵ » ،« یەك تەن » ، « یەك ساڵ »کە تیایاندا کەرتی « یەك » هەر واتا بنەرەتیەکەی خۆی پاراستووە و وەك ژمارە بەکارهاتووەو کەرتەکانی‌تریش دیسانەوە گۆڕاتێکی هێندە بنەرەتییان بە سەردانەهاتووە کە واتای پیتی ئیدیەمەکەو واتا خوازراوەکەی نەگەنەوە بە یەکتری .

هەرچەندە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە لەو ئیدیەمانەن کە «ئاوەڵناون» لە رووی رێزمانەوە ، دەبێ وا تێ‌نەگەین کە ئیدیەمی پلە یەك‌و دوو تەنیا لەناو ئەم کۆمەڵە ئیدیەمەدا دەناسرێتەوە . بۆنموونە ئیدیەمێکی وەك « دڵی لە مشتیدایە »یان « دڵی لەسەر لەپی دەستێتی » ئیدیەمی پلە یەکە ، بەڵام « دڵی نەرم بوو »یان « دڵی دەلەرزێت » لەو ئیدیەمانەیەکە پلە دوون*(٢٤) .

( ١٠٥ . پۆلکردنی ئیدیەم :

جیاکردنەوەی فریزو وشەو رستە لە ئیدیەم‌و دانانی کەرەسەکانی پێشەوە بە دانەی رێزمانی‌و کەرەسەی دوایی بە دانەیەکی ئاستی واتاسازی ( بروانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆلینەوەیە بۆ زانیاری زیاتر ) نەك هەر پێویستە بۆئەوەی لە دیاردەی ئیدیەم بگەین ، بەڵکو ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێ کە لە دابەشکردنی ئیدیەمدا دەتوانین دوو رێگە بگرینە بەر :

(١) بەهۆی شیکردنەوەی واتای ئیدیەمەوە وەك پۆلینەکەی د . ئەورەحمانی حاجی مارف‌و زۆربەی ئەو پولینانەی لە زمانی روسیدا کراون ( بڕوانە پاشکۆی یەکەمی ئەم لێکولینەوەیە بۆ نرخاندنێکی ئەم جۆرە دابەشکردنە بەگشتی‌و پولینەکەی د. ئەورەحمانی حاجی مارف بەتایبەتی ) .

(٢) بەهۆی شیکردنەوەی ڕۆنانی سەرەوەی ئیدیەمەکانەوە وەك پۆلینەکەی م • غازی وەیس ( دیسانەوە بروانە پاشکۆی یەکەمی ئەم لێکۆلینەوەیە بۆ زانیاری زیاتر ) بوونی ئەم دوو ڕێگایە لە دابەشکردنی ئیدیەمدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئیدیەم دانەیەکی واتاییەو بە هۆی دانەی ریزمانییەوە یان لە شێوەی ئەمانەدا ( لە شێوەی ووشەی لێکدراوو فریزو ڕستەدا )خۆی دەنوێنێ • بە واتایەکیتر ، ئیدیەم وەك « واتا »یان « بیر »پەیوەندی بە ئاستی ژێرەوە هەیەو کاتێ کە شێوەی وشەی لێکدراوو فریزو ڕستە وەردەگرێ ، دێتە ئاستی سەرەوەو بوونێکی فیزیکی دەدرێتێو دەتوانرێ بەپێی ڕۆنان دابەش بکرێت • تا لە شێوەی بیردا بێتو لە ئاستی ژێرەوە بێت ، هەر دەتوانین لەسەر بناغەی واتا بیسکەین بە چەند پۆلو کۆمەلێکەوە • شایانی باسە کە لە هەر دوو پۆلینەکادا تووشی چەندین گیروگرفت دێینو هیچیان تەواو نموونەیی دەرناچن چونکەئیدیەم ئالۆزترو دژوارترە لە هەموو کەرەسە زمانییەکانیترو[٢٥] زۆر کەم خوی دەدات بە دەست یاسای ڕێزمانیو واتاییەوەو لەمەشدا چوتەوە سەر واتاو دانەی واتایی بە گشتی کە لە هەلکەوتدا ناوێزەییەکی ( شواذ ) زۆری تیدایە[٢٦] •

٢٠٥ پولێن بەپێی ڕۆنان •

بەپێی ڕۆنانی سەرەوە ئیدیەم دەکرێت بە چەند کۆمەلێکەوە :

١ ـ کۆمەلی ناو ـ ئاسا : ئەو ئیدیەمانە دەگرێتەوە کە ئەرکی فریزێکی ناوی دەبینن لە ڕستەدا ، بە واتای ئەوەی یان دەبنە بکەر یان بەرکار • ئەو کۆمەلەش لە چەند کۆمەلێکی بچووکتر پێك دێت :

ا ـ کۆمەلەی ( ناو + و + ناو ) : وەك بڕوبیانو ، بەیتو بالورە ، دەستو پەیوەند ، ئایینو ئۆیین ، باسو خواس ، ئاشناو ڕۆشنا ، پشتو پەنا ، پەلوپۆ ، ڕازو گلەیی ، دێوو درنج •

ب ـ ( ناو + ی + ناو + ( ئاوەلناو ) وەك ، ئەسپێی کراس کۆن •

ج ــ ( ناو + ە + ناو ) وەك : قنگە شەڕ ؛ پایزە برا ، شەڕە دەنوك ، شەڕەسەگ ، شەڕە شۆق ؛ فەریکەکەر ، سیرەکۆڵە ، نانەسکی ، بڕەڤۆك .

د ــ ( ناو + ی + شوێن ) : قسەی گوێ ئاگردان ، بزنی دێلێژە ، پەشتەمالی حەمام .... هتد .

هـ ــ ( ناو + شوین ) وەك شەولەبان ، هەموو ئــەم کۆمەڵانەی سەرەوە لەوەدا یەکدەگرنەوە کە لە دوو کەرتی سەرەکی پێكهاتوون کە هەردووکیان ناون ، جا یان بەهۆی ( و ) یان ( ە ) یان ( ی )ی ئیزافەوە یان بە بێ‌هۆ بەستراون بەیەکتریەوە . دەتوانین دروستبوونی هەموو ئــەم کۆمەڵانە بەهۆی نەخشەیەکی واوە پیشان بدەین .

ن + ناو (          ) = مەرج نی‌یە هەبێ .

و ، ە ، ی = ئامرازی بەستن

= هیچ

أ = یەکێك لە

ن +          أ + ن + ( ئاوەڵناو )

بەمجۆرە دەگەینە یاسایەکی گشتی دەربارەی رۆنانی ئەم جۆرە ئیدیەمە ناو ــ ئاسایانە لە کوردیدا ئەویش ئەوەیە کە لە دوو ناو پێكدێن کە بەهۆی یان بێ هۆ بەسترابن بەیەکتریەوە . لەم ڕووەوە لە فریزی ناوئاسایی دەچن‌و لەمان جیانابنەوە[٢٧] .

چەشنێکی‌تر لــە ئیدیەمی ناو ــ ئاســا ئەوانەن کە دەتوانین بــە داینامیکی‌یان دابنێین لەبەرئەوەی کەرتی دووەمیان کاریان ڕەگی کارە .

ئەمانەش لە دوو شێوەدا دەبینرێن :

١ ــ ( ناو + کار ) : وەك گورگەزێ ( گورگ ئەزێ )

ئەم کۆمەڵە ژمارەیان زۆر کەمە لە کوردیداو لەوە ناچێت ئیستاکە ئەم

ڕێگەیە بۆ دارِشتنی وشەی نوێ بە کاربێت •

٢ ـ ناو + ڕەگی کار : وەك شەڕفرۆش ، گێرەشیوێن ، کفن‌دز ، کاسەلێس ، نمەك‌ناس •••• هتد •

ئەم کۆمەڵە زۆر چالاکە لە کوردیداو بەردەوام لە دارِشتنی وشەی نوێ‌دا بەکاردێ • شایانی باسە کە ئەم کۆمەڵە دەشتواتن بینە بەشێك لـە ئیدیەمی ئاوەڵناوی چونکە لـە کوردیدا هەردوو ئەرکەکە ( ئەرکی ناوو ئەرکی ئاوەڵناو ) دەتوانن ببینن لە ڕستەدا وەك بەم‌نموونانەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێ •

١ ـ گێرەشێوێن بۆ دەرەوە • ( منالەکان بۆ دەرەوە ••• )(٢٨) •

٢ ـ ئیدیەمی ئاوەڵکار ئاسا :

بەو ئیدیەمانە دەوترێ کە دەتوانن لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵکار ببینن ، بە واتای ئەوەی چۆنیەتی کارەکە دیاری بکەن • ئەم چەشنە ئیدیەمە لـە جۆرەکانی‌تر زۆر کەمترن لە ژمارەداو لە چەند شێوەیەکی دیاری کراودا دەبینرێن :

١ ـ ( ناو + و + ناو ) : وەك « تەپ‌ونم » = « ڕەپ‌وڕاست » ، « کوت‌و پڕ » لە ڕستەی ( ڕەپ‌وڕاست قسەکەم نایە مستی ) یان ( کوت‌وپڕ خۆی کرد بە ژوورەکەمدا ) •

٣ ـ ( ناو + شوین ) : « چنگ لەسەرشان » لە رستەی « چنـگ لەسەر شان هەڵی‌کوتایە سەرمان » •

ئەم جۆرە ئیدیەمەش دەتوانین لە شێوەی یاسایەکدا پێشـان بدەین چونکە یان لە دوو ناو یان ئاوەڵناو پێك‌هاتبوون کەبەهۆی ئامرازێکەوە (و) یان بەهۆی ئامرازێکی پەیوەستەوە ( حرف جر ) بەسترابن بەیەکتریەوە :

ناو (ئاوەڵناو) + أ و [یان ئامرازی پەیوەست] أ + ناو (ئاوەلناو)[٣٩] .

٣ ــ ئیدیەمی ئاوەڵناو ــ ئاسا :

ئەو ئیدیەمانەن کە ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن بە واتایەکی‌تر لە رستەدا جێگەی ئاوەڵناو دەگرنەوە بە شێوەیەکی گشتی ، دەتوانین ئەم چەشنەش بکەین بە دوو کۆمەڵەوە کە هەریەکەیان لە چەند کۆمەڵێکی وردتر پێك‌هاتوون :

ا ــ ئیدیەمی ئاوەلناوی نادایناميکی : ــ بەو ئیدیەمە ئاوەڵناو ئاسایانە دەوترێ کە کار یان رەگی بەشداری لە دروست‌بوونیاندا ناکات .

ئەم چەشنە لە چەند کۆمەڵێکی بچووکتر پێك‌هاتووە :

١ ــ کۆمەڵی ( ناو + ناو ) : وەك : خەیال‌پلاو .

٢ ــ کۆمەڵی ( ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو ) : وەك : رەق‌وتەق ، کش‌ومات ، شل‌وشیواو ، عال‌وسال ، کاڵ‌وکرچ .

٣ ــ ( ناو + ئاوەلناو ) : وەك : ترزك ، دەست‌رەش ، دەست‌پیس ، دەست‌پاك ، ڕووخۆش ، دڵخۆش ، گوێ‌لەق ، چاوچنۆك ، زمان درێژ ، زمان‌لووس ، لووت‌بەرز ، سك‌پڕ ، چاونەرم ، ڕووڕەش ، سەرسەخت ، ڕەزاگران ، لەش‌سووك .

٤ ــ (ناو + ئاوەڵناوێکی لێکدراو) : وەك : لێو بەبار ، مانگا بەکەڵ ، چاو بەخومار ، لەش بەبار ، لەش بەدووشاو .

٥ ــ ژمارە ( ئاوەڵناو ) + ناو وەك : دووزمان ، دووگیان ، تەنیاباڵ ، یەك‌قسە .

٦ ــ ( ناو + شوێن ) وەك : چـاو لەدەر ، چاو بەرەوژێر ، ئاگری بن‌کا ، گونکی سەر دڵ ، گوێ‌لەمست •

ب ــ ئیدیەمی ئاوەڵناوی دینامیکی : بەو ئیدیەمە ئاوەڵناو ئاسایانە دەوترێ کە کەرتی دواوەیان یان کارە یان لە کارەوە وەرگیراوە • ئـەم چەشنەش لە چەند شێوەیەکدا دەبیندرێ وەك :

١ ــ ناو + ••••• + پارتی سپڵ : وەك : قنگ لێ‌کەوتوو •

٢ ــ ئاوەڵناو + ڕەگی کار : وەك : دوورکـوژ ( = لـەدوورەوە جوانە ) ، ڕەش‌بین ، دوورناس ، دووربـین ( = پێش بینی لـە دوارۆژ دەکات ) گەش‌بین •••• هتد[٣٠] •

٤ ــ ئیدیەمی کار ــ ئاسا •

بەو ئیدیەمانە دەوترێ کە یەکێك لە کەرتەکانی ، بەتایبـەتی کەرتی دواوە لە شێوەی کاردا بێت • ئەم جۆرە ئیدیەمە زۆر لە سادەترین رستەی کوردی ( کار + ڕاناو ) نزیك دەبێتەوە چونکە زۆربەیان تەنیا ڕاناوێکیان کەمترە لەم جۆرە رستەیەو دانانی ڕاناوەکەش پێویستە بۆ تێ‌گەیشتن لە ئیدیەمەکە هەر چەندە بەشێکی سەرەکیش نی‌یە لێی • ئیدیەمی کار ــ ئاسا لە زۆر شێوەدا دەبینرێ لە کوردی‌دا • وا لەخوارەوە هەندێ لەم شێوانە دەخەینەڕوو : ــ

١ ــ ( ناو + کار ) وەك : بـاری کەوت ••••• ئابڕووی چـوو ، پێستیان گووروو ، ئاشی دەگەڕێ •

٢ ــ ( ناو + ئاوەڵناو + کار ) : ئاگرەکـەی خۆش کـرد ، دەمی شیرین کرد ، دەمی چەور کرد •

٣ ــ ( ئاوەڵکار + کار ) : بەرز دەفرێ ، زۆری تێدەگووشی •

٤ ــ ( ناو + و + ناو + کار ) : پەڕوباڵی دەرکرد •

٥ ــ ( ناو + کار + ئاوەڵکار ) وەك : ئاوی کردە ژێر •

٦ ــ ناو + ( بەرکاری ناراستەوخۆ ) + کار : ئاگری تێ بەربوو ، ئاش بەتاڵی ( پێ ) کرد ، پێی ( لێ ) داگرت ، دانی پێدا نا •

خ ــ ( ڕونانی جەر + کار ) : بە دەمیدا دا ، بەر گوێم کەوت ، بەسەرا چووم ، بە شووی دا ، لەسەری کردەوە ، بەسەرمان دەکاتەوە ••• هتد شایانی تێبینی‌یە کە هەندێ لەم شێوانە زۆر بڵاو نین لە زمانەکەداو تەنیا چەند نموونەیەکمان لەسەریان دەست دەکەوێ ( وەك ٥ ) • هەندێ شێوەی‌تریان ، بەپێچەوانەوە ، زۆر بڵاون‌و بەردەوام ئیدیەمی نوێمان دەدەنێ وەك ( ١ ، ٦ ، ٧ ••• ) لەبەرئەوەی ئیدیەمی کار ــ ئاسا لە کوردیدا شێوەی زۆرە ، نەمانتوانی هەموو شێوەکانی کۆبکەینەوەو دابەش بکەین‌و ئەو شیوانەی سەرەوە هەموو باسەکە تەواو ناکەن‌و هەندێ شێوە هەیە نەمانخستۆتە بەرچاو تا باسەکە هێندەی‌تر ئاڵۆز نەکەین • بۆ نموونە ، لەو دابەشکردنەوەی سەرەوەدا جێگەمان بۆ ئەو ئیدیەمە کارئاسایانە دانەناوە کە کارەکەیان ( هەبوون / بوون ) ن •

وەك : دڵیان بەیەکترەوەیە / سەری گوریسەکەی بەدەستە / بوو بەڕیشەوە / بوو بە پەڕۆ / •••• هتد*(٣٠) •

لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە هەندێ ئیدیەم ( وەك هەندێ ووشە ) لــە زیاتر لە کۆمەڵێك لەمانەی سەرەوەدا دەبینرێن • بــە واتایەکی‌تر ، هەندێ ئیدیەم لــە کۆمەڵێــکەوە دەچن بۆ کۆمەڵێــکی‌ترو بەپێچەوانەوە وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

(١) پرسەگورگانێی پێ ناوێ • ( ناو ــ ئاسا )

پرسه گور گانێی پێ کردین ( کار ــ ئاسا )

(٢) باری کەوتووە ( کار ــ ئاسا )
بار کەوتووەکان ( ناوی بکەر )
بار کەوتوو ( ئاوەڵناو )

(٣) جێی خۆی خۆش‌کرد ( کار ــ ئاسا )
حەزم لە جێی خۆ خۆش‌کردن نی‌یە ( ناو )

(٤) خۆی بردە پێشەوە • ( کار ــ ئاسا )
حەزی لە خۆبردنە پێشەوەیە ــ ( ناو ــ ئاسا )

ب ــ پولین بەپێی واتا :

لە پۆلینکردنی واتاییدا دوو بۆچونی جیاواز بەدی‌دەکرێ •

١ ــ پۆلین بەپێی بابەت

ئەو زمانەوانو شارەزایانەی کە ئیدیەم بە کێشـەیەکی زمانـەوانی کارەکی دادەنێن خۆیان بـە کۆکردنەوەی ئیدیەمو لێکدانەوەی واتـاو شیکردنەوەیان خەریك دەکەن بێ ئـەوەی گوێ‌بدەنە کێشـە تیوریـیـە سەرەکیکانی ئیدیەمو چۆنیەتی دابەشکردنیان •هەندێکیش لەمانە لـە فەرهەنگەکانیاندا ڕێگەی بابەتیان گرتووە لە پۆلێنکردنی ئیدیەمداو ئیدیەمی کشتوکاڵیان لە ئیدیەمی ڕاوو یاریو ماڵەوەو مووبـەقو خوێنـدەواری جیاکردۆتەوە(٣٢)* •

ئەم بۆچوونە زیـاتر لای ڕۆژئاواییـەکان ( ئەوروپـای ڕۆژئاواو ئەمریکاییەکان ) باوێتیو بو ئەوکەسانەیە کە دەیانەوێ فێری زمانێـکی بێگانە بن • ئەمەش لەبەرئەوەیە کە فیربوونی ئیدیەمو زاڵبوون بەسەریدا یەکێکە لەو گیروگرفتە سەختانەی کە دێنە ڕێگای خوێنـدکاری زمـانی

بێگانەو زاڵ بوون بە سەریدا پێویستی بە هەوڵێکی یەکجار زۆرە •

٢ — پۆلین بە پێی پەیوەندی نێوان سەرجەمی واتای ئیدیەم ، واتای کەرتەکانی :

ئەم بۆچوونە زیاتر گوێ دەدات بە لایەنە تیوورییەکانی ئیدیەم‌و خۆی بە شیکردنەوەی واتای کەرتەکانیەوە خەریك دەکات‌و دەیەوێ پەیوەندی نێوان واتای سەرجەمی ئیدیەم‌و واتای کەرتەکانی دیاری بکات • ئەم کێشەیە زیاتر لە لایەن زمانەوانەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە گوێی دراوەتێ‌و تارادەیەك تەنیا لای ئەمان ( فریزیولوجی ) بۆتە بەشێکی گرنگی زمانەوانی*(٣٣) •

یەکێك لەو پۆلینە واتاییانەی کە لەم ڕووەوە لە ئیدیەم دەکۆلێتەوە دابەشکردنە بەناوبانگەکەی ڤینۆگرادۆڤە کە لە بنەڕەتدا بۆلێکۆڵینەوەی ئیدیەم لە ڕووسیدا دای‌ناوە*(٣٤) • ئەم پۆلێنە کە بریتی‌یە لە دەستکاری‌یەکی بنەڕەتی پۆلینەکەی زمانەوانی سویسری چارلز بالیێ*(٣٥) ، بەندە بە تاریکی‌و ڕوونی ئیدیەمەوەو*(٣٦) بەپێی ئەم بنەمایە ڤینوگرادۆڤ سێ جۆر ئیدیەم ( یان فریزیولوجی ) جیادەکاتەوە :ـ

١ — ئیدیەمی ( فریزیولوجی ) تێکچرژاو Phrasiologioal Fusions
بەو ئیدیەمانە دەلێ کە کەرتەکانیان تەواو تێك ئاڵاون‌و واتای کەرتەکان بەتەواوی لەناو بۆتەی ئیدیەمەکەدا تواونەتەوەو واتای ئیدیەمەکە لە واتای کەرەتەکانەوە پێش‌بینی ناکرێ • ئەم‌جۆرە ئیدیەمە بە ئاسانی لە زمانێکەوە وەرناگێڕرێتە سەر زمانێکی‌تر • نموونە لە کوردیدا : کێ بە کێ‌یە ؟ چنگ لەسەرشان ، سەرچاو ( هاتی ) •••• هتد •

٢ — ئیدیەمی یەکگرتوو :

بە باوەری ڤینوگرادۆڤ ئەم جۆرە ڕوونە ، بە واتای ئەوەی کە

واتاکانیان تارادەیەك لە کەرتەکانەوە بەدیدەکرێن • جگە لەمەش لە ژمارەدا لە جۆری یەکەم زۆرترن‌و واتای کەرتەکانیشی خوازراوە • ئەمانە زیاتر خۆ دەدەن بە دەست یاسای گۆڕانکارییەوەو بەئاسانیش وەردەگیررێنە سەر زمانی‌تر*[٣٧] •

٣ ـ ئیدیەمی لێکدراو

ئەم چەشنە ئیدیەمە تەواو ڕوونەو یەکێك لە کەرتەکانی ڕاستەوخۆ واتای خۆی داوە بە ئیدیەمەکەو واتای کەرەتەکەی‌تریش خوازراوە • ئەم جۆرە ئیدیەمە زیاتر لە جۆری دووەمیش خۆی دەدات بە دەست یاسای گۆڕانکارییەوە وەك : قسەومسە ، شت‌ومت ، زمان‌لووس ، دڵ‌ڕەق •••• هتد لە زمانی کوردی‌دا •

سەرنجێکی ورد لەو دابەشکردنەی سەرەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە لەگەڵ ئەوەشدا پۆلێنەکە لەسەر بناغەکی درووستە چەند کەم‌و کورتیەکی تێدایە تەنیا لەو کاتانەدا دەردەکەوێ کە دەمانەوێ لە زمانی‌تردا بەکاری‌بێنین ، کەم‌و کورتیەکانیش ئەمانەن : ـ

١ ـ تاریکی‌و ڕوونی کەرەسە لەرووی واتاوە نابێت بە بنەمایەکی تەواو بۆ پۆلین کردنی دیاردەیەك چونکە تاریکی‌و ڕوونی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر دەگۆڕێ بە پێی پلەی رۆشنبیری‌و شارەزایی لە زماندا •

٢ ـ ڤینۆگرادۆڤ زۆر سەرکەوتوو نی‌یە لە جیاکردنەوەی جۆری یەکەم‌و دووەمی ئیدیەمدا چونکە ئەو بنەمایانەی دەماندات لە هەردووکیاندا هەیەو دەبێ تەنیا بە رادە یان پلەی بونیاندا دوو جۆرە ئیدیەمەکە لە یەکتر جیابکەینەوەو ئەمەش لە خۆیدا کارێکی ئاسان نی‌یە • بۆنموونە ، کە هەولی ئەوە دەدەین پۆلێنەکەی لە کوردیدا بەکاربێنین دەبینین دەیان ئیدیەم سەر بە هەردوو بەشەکە دەردەچن‌و پۆلێنەکە دەستەوسان

دەوەستێ بەرامبەریان چونکە بە پێی ئەو بنەمایانەی کە هەمانــە ( وەك تاریکیو ڕوونی ، توانینی وەرگێرانو خوازراوییو نەخوازراویی ••• هتد ) لە یەکتر جیا ناکرێنەوە • بۆنموونە ، هەرچەندە ئیدیەمی « دڵپیس » و « دڵپـاك » لـە یـەك چەشـنن بەپێی تاریکیو ڕوونیو خوازراوییو نەخوازراوی ، ئەگەر بەپێی توانسـتی وەرگێرانیان بێت ئـەوا دەبێت هەریەکەیان سەر بە جۆرێك بن ، « دڵپاك » سەر بە ئیدیەمی یەکگرتووە چونکە بەئاسانی وەردەگێڕرێتە سەر زمانیتر وەك عـەرەبیو ئـنـگلیزی و « دڵپیس » سەر بە جۆری تێکچرژاوە چونکە بەئاسانی وەرناگێڕرێتە سەر زمانیتر • لێرەدا دەبێ ئاگەداری ئەوە بین کە تەنانەت ئیدیەمی ( دڵپاك ) یش بە دلنیاییەوە نادرێت تەنیا بە یەکێك لـە چەشـنەکان چونـکە دەتوانین بیشیسەلمێنین کە دیسانەوە دەگەرێتەوە بۆ جۆری سێیەمیش لەبەرئەوەی یەکێك لە کەرتەکانی « پاك » تارادەیەکی زۆر واتای خۆی پاراستووە و لە « پاکی جلەوە » بۆ « پاکی دەست » و « پاکی دڵ » بازێکی واتایی گەورە نەدراوەو دەتوانرێ بەئاسانی هـەر دوو واتاکە بـگەیێنرێتە یـەکتری • بەمجۆرە دەبینین پۆلێنەکەی ڤینوگرادۆڤ وەك زوربەی پۆلێنە واتاییەکان درشتەو ناتوانێ بە وردی ئەوچەشنە ئیدیەمانەی ناویاندەنێ لە یەکتریـان جیابکاتەوە •

هەروەك لە سەرووترەوە دەرمان خست پۆلینەکەی ڤینوگرادوڤ لەم شێوەی ئێسـتایدا زۆر بەگران لـە کوردیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت • بەلام گۆڕینێکی زۆر کەم لە پولێنەکەدا وایلێدەکات بەکەڵکی کوردی بێت • گۆڕینەکەش ئەوەیە کە دەست لە جیاکردنەوەی جۆری یەکەمو دوەم هەڵگرینو هەردووکیان بشکێنینەوەو وبیانکەین بـە یەك جۆر چونکە هەروەك لە سەرووترەوە پیشانماندا جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ڤینوگرادوڤ داوێتی کارێکی زۆر گرانەو هەندێ ئیدیەم سەر بە هەردوو جۆرەکە دەبنو جیاناکرێنەوە • بەدوای گۆڕینێکیوادا ، تەنیـا

دوو جۆر ئیدیەم لە کوردیدا لە ڕووی واتاوە لە یەکتری جیادەبنەوە : ئیدیەمی یەکگرتوو و ئیدیەمی لێکدراو • لە ئیدیەمی یەکگرتوودا واتای ئیدیەمەکە لەئەنجامی تواندنەوەی واتای کەرتەکانەوە دێ‌و لەژێر کاری مێژوویی خەڵك و کەلچەرەکەیاندایە • لە ڕواڵەتدا ئەم جۆرە ئیدیەمانە ڕەق‌و وشك‌و نەگۆڕن بە واتای ئەوەی کەرتەکانیان شوێن ناگۆڕن‌و ڕێگە بە کەرەسەی‌تر نادەن لە یەکتری بیان‌ترازێنێ‌و بێتە نێوانیانەوەو خۆشیان پاش‌و پێش کەم دەکەن • هەندێ جار ئەم وشکی‌و نەگۆڕی‌یە بەهۆی ( وەزن‌و قافیە )و لێك‌چوونی دەنگ‌و هاوواتایی یان دژواتایی‌یەوە چەسپاوتر بووە ( بۆنموونە ، حازروبزر ، هاتەران‌و پاتەران ، بێ‌سێ‌ودوو ، دیق‌وفیق ( تەنك ) ، ریس‌و گوریس ، حوشترو قاپ‌قاپ ••• هتد ) هەندێ جاریش ڕەقی‌و نەگۆڕیی ئیدیەمەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی یەکێك لە کەرتەکانی کۆنەو لەناوچووەو بەکارنایەت ( وەك « نۆلە » لە ئیدیەمی « نۆنۆلە »و « لۆغان » لە ئیدیەمی « شایی‌و لۆغان »دا ••• هتد) • زوربەی کات‌و واتای ئەم جۆرە ئیدیەمانە جوانترو ڕەوانبێژترو بەهێزترە لە واتای ئەو کەرەسانەی کە لە زمانەکەدا هەن بە هەمان واتای ئەمانەو دەتوانرێن لە جێگەیان بەکاربێن وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێ :

(١) « چنگ لەسەرشان خۆی کرد بەژووردا » = بەپەلە ••••• یان بە خێرایی خۆی کرد بەژووردا •

(٢) «دڵیان بە یەکتریەوەیە » = یەکتریان خۆش‌دەوێ یان حەزیان لە یەکتر کردووە •

(٣) «دڵی لە ژنەکەی پیسە » = گومانی لە ژنەکەیەتی •

(٤) « ڕوو گەرمە » = « ناسکە لە گەڵ خەڵکدا » •

(٥) دەستێکی گەیاندە مناڵەکە = لە مناڵەکەی دا •

ئیدیەمی لێکدراو ، بەپێچەوانەی جۆری یەکەمەوە ، تەنیا یەکێك لە کەرتەکانی گۆڕانی واتایی بەسەردا دێو ئەم گۆڕانەش مەرج نی‌یە هێزو ڕەوانبێژیو جوانی پێ ببەخشێت • جگە لەمەش لە رووناندا شل‌و شیواوترە، بە واتای ئەوەی ڕێگا زۆرتر دەدات بە یاسا گۆڕانکارییەکانی زمانو ئاساییش خاوەنی ئەو هۆیانە نی‌یە کە کەرتەکانی ئیدیەم تووند دەکاتەوە وەك وەزن‌و قافیەو دژواتایی‌و هاوواتایی •••• هتد • بەم‌پێ‌یە ، هەموو ئەم ئیدیەمانەی خوارەوە لە جۆری لێکدراون :ـ

١ ــ گۆشتی خۆشە ( = برینی زوو چاك‌دەبێتەوە ) گۆشتی تالە ( = گۆشتی درەنگ چاك‌دەبێتەوە ) ، گۆشتی قیمەت ناکات ؛ لە یەکەم و دووەمدا « گۆشت » واتای خۆی پاراستووە ، « تاڵەو » « خۆشە » کەمێك واتایان گۆڕیوە • لە سێ‌یەمدا « گۆشت » واتاکەی گۆڕاوەو بووە بە ( = « کەس یان خۆ » ) •

٢ ــ گوێی مسی تێکراوە ( تێ‌ناگات ) یان « کەڕە » گوێی تەپە ( = سەرشۆڕە ) ؛ گوێی لێ خەفاندووە • ( خۆی لێ کەڕ کردووە ) لە یەکەمدا « گوێ » بە واتا بنەڕەتیەکەی خۆی هاتووەو « مس تێ‌کردن » بە واتای « گرتن » و « داخستن » هاتووە و ئەمەش کەمێك گۆڕانی واتایی تێدایە • لە دووەم‌و سێ‌یەمدا « گوێ » بە واتای نوێ بەکارهاتووە • شایانی سەرنجە کە پولینەکەی ڤینوگرادوڤ لەدوای ئەم گۆڕینەی ئێمە پێشنیازی دەکەین لەگەڵ جیاکردنەوەی ئیدیەمی پلە یەك‌و پلە دوودا ( بڕوانە بەش چوارەمی ئەم لێکۆلینەوەیە ) یەك‌دەگرێتەوەو وەك یەك دەردەچێ • بە واتایەکی‌تر ، هەموو ئەو ئیدیەمانەی ئێمە بە پلە یەکیان دادەنێین دەچنە جۆری یەکگرتوو ( یان تێکچرژاوەوە ) و هەموو ئیدیەمە پلە دووەکانیش لەو جۆرە دەبن کە ڤینوگرادوڤ لە پۆلینەکەی خۆیدا بە « لێکدراو »یان دەداتە قەڵەم •

٦ ـ گەشەی واتایی لە ئیدیەمدا :

بۆئەوەی لەو گەشە واتاییە بگەین کە بەسەر فریزێکی بەرەلاّ یان وشەیەکی لێکدراودا دێتو دەیکات بە ئیدیەم پێویستە دوو جۆر واتا لەیەکتری جیابکەینەوە[٣٨] :

١ ـ واتای سەرەکی ( یان راستەوخۆ یان گشتی ) •

٢ ـ واتای لاوەکی ( یان خوازراو یان تایبەتی ) •

جۆری یەکەم ئەو واتایە دەگرێتەوە کە وشەیەك یان کەرەسەیەکی زمانیتر کاتێك پەیدای دەکات کە خۆی بەتەنیا بەکارهاتبێت ( وەك ئەو واتایانەی کە فەرهەنگ توماری دەکات ) یان لەگەڵ هاوسێو هاورێی ئاسایی خویدا بێت وەك واتای وشەی « باران » لەم رستانەی خوارەوەدا :

(١) ئێمە نەگەیشتبوینە ماڵەوە کە باران لێی داکردین •

(٢) بارانەکە هەموو گیانمانی تەڕکرد •

(٣) لە ماوەیەکی کورتدا بارانەکە لافاوێکی دروستکرد • وەك ئەم رستانەی سەرەوە بۆمان دەردەخەن واتای سەرەکی « وشەی باران » بریتییە لە چەند سیمایەك کە بە هۆیانەوە دەتوانین « باران » لە دیاردە نزیکەکانی ( وەك تەرزە ، بەفر ، سەهۆل ••••• هتد ) جیابکەینەوە • سیما جیاکەرەوەکانی بارانیش وەك واتای فەرهەنگی وشەکە بۆمان دەردەخات لەمانەی خوارەوە پێك‌هاتووە :

١ ـ باران بریتییە لە دڵۆپە ئاو •

٢ ـ ئەم دڵۆپانە خەست بوونەتەوە •

٣ ـ ئەم دڵۆپانە رەق نەبوون ( نەیانبەستووە ) •

٤ ـ ئەم دڵۆپانە لە هەورەوە دێن بۆ سەر زەوی •

٥ ـ ئەم دڵۆپانە گەلیٚ جار زۆرو تیژو بەهێزن‌و خێرا بەدوای یەکتریدا دێن •
هەندیٚ لەم سیمایانە ناو کۆیە ( هاوبەشە ) لەنێوان « باران » و « تەرزە »و « بەفر »دا وەك سیمای ( ١ ، ٢ ) • هەندێکی‌تریان « باران » لە « تەرزە » جیادەکاتەوە ( سیمای ٣ ) • سیمای پێنجەمیش ناوکۆیە لەنێوان « باران »و « تەرزە » ، بەڵام ئەم دووانە لە « بەفر » جیا دەکاتەوە • واتای سەرەکی وشەی « باران » بریتی‌یە لە کۆی هەموو ئەم سیمایانە بە یەکەوە •

جۆری دووەم ، واتای لاوەکی ، ئەو واتایەیە کە وشە یان کەرەسەیەکی‌تری زمان لەئەنجامی کۆبوونەوەو هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتاری لەگەڵ هاوڕیٚی نائاساییدا پەیدای دەکات • بە واتایەکی‌تر ، ئەم جۆرە واتایە ، تەواو بەندە بەدەوروبەرەوە و وشەکە بەهۆی ئەملاو لایەوە ئەم واتایە دێنێتە کایەوە • واتای لاوەکی لەوانەیە هەر یەکێك بێت لە سیما جیاکەرەکانی واتای سەرەکی‌و درابێتە بەر ڕۆشنایی‌و پیٚی لەسەر داگیرابیٚ • بۆنموونە ، وشەی « باران » لەئەنجامی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ چەند کەرەسەیەکدا کە زۆر کەم « هاوریٚیەتی » دەکەن ، دەتوانیٚ واز لە هەموو سیماکانی خۆی بێنیٚ‌و یەکێك لە سیما لاوەکیەکان هەڵبژێری‌و بیٚ‌داتە بەر ڕۆشنایی وەك لەم ڕستەیەی خوارەوەدا دەبینین :

گوللە وەك باران دەباریٚ •

لێرەدا بەهۆی دەوروبەریەوە ـ لەئەنجامی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ وشەی « گوللە »دا ـ « باران » دەستی لە سیمای ١ ـ ٤ هەڵگرتووەو تەنیا سیمای پێنجەمی داوەتە بەر ڕۆشنایی ، لەکاتێکدا کە ئەم سیمایە تەنانەت یەکێکیش نی‌یە لەوانەی کە « هەمیشەیی » بێت ، بەواتایەکی‌تر ، هەموو بارانێك زۆرو تیژو بەهێز نی‌یە ، دڵۆپەکانی مەرج نی‌یە خێرا بەدوای یەکتریدا بێن لەبەرئەوەی سیمای پێنجەم ، هەروەك لەسەرەوە دەرمان خستووە هاوبەشە لەنێوان « باران » و « تەرزە »دا ، وشەی « تەرزە »

دەتوانێ لە هەمان ڕستەدا جێگەی « باران » بگرێتەوە :

گوللە وەك تەرزە دەبارێ •

بەلام لەبەر هەمان هۆ وشەیەکی وەك « بەفر » ناتوانی بەم کارە هەلسێ لەبەرئەوە ڕستەیەکی وەك گوللە وەك بەفر دەبارێ ناپەسەندە •

بەمجۆرە دەبینین لەو ڕستانەی سەرەوەدا « باران » واتایەکی لاوەکی یان تایبەتی وەرگرتوە چونکە بەهۆی دەوروبەریەوە ( بەهۆی هاورێی نائاساییەوە ) هەندێ لە سێما جیاکەرەوە بنەڕەتی‌یەکانی خۆی سڕیوەتەوە و سیمایەکی لاوەکی هێناوەتە پێشەوەو داویەتە بەر ڕووناکی • هەر وەك چۆن لە شانۆگەرێتی‌دا هەموو ڕۆشنایەکە هەندێ جار دەخرێتە سەر خالێکی بچووكو هەموو ئەملاولای خالەکە لە تاریکیدا دەهێلرێتەوە ، لێرەشدا بەهۆی دەوروبەری وشەکەوە دەتوانین یەکێك لە سیما ناسەرەکیەکانی وشەی باران ، کە توندو تیژیو زۆریو خێرایی‌یە ، بەمجۆرە، بۆ ماوەیەکی کورت ، هەموو سیماکانی‌ترمان شاردۆتەوە یان سڕیوەتەوە ، هەرچەندە سیماکان ماون ولە بەکارهینانی‌تری وشەکەدا دەردەکەونەوە ، لەم بەکارهێنانەدا « تەجمید » یان لەکارخراون • ئەم نموونانەی کە لەسەرەوە داومانە دەربارەی گۆڕانی واتاییە لە وشەدا ، بەلام سەرنجێکی وزد ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە ئیدیەم دروستبوونیش لەئەنجامی هەمان گۆڕانی واتاییەوە ( سیما سڕینەوەو سیما بەررۆشنایی‌دان ) دەبێ ، بۆنموونە واتای سەرەکی ووشەی « پەردە » وەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ •

١ ــ پەردەکە دادەرەوە با دیار نەبین •

٢ ــ پەردەکە دڕاوە •

٣ ــ ئەو پەردەیە هەلدەرەوە با چاومان لە کولان بێ •

به واتای ئەو پارچە قوماشەیە کە بەسەر دەرگا ، پەنجەرە یان کونیکدا دەدرێ بە مەبەستی داپۆشین یان شاردنەوەو خاوەنی سێ سیمای واتاییە کە لە دیاردە نزیکەکانی خۆی جیادەکاتەوە . سیماکانیش شتێکن لەمانەی خوارەوەدا : ــ

١ ــ بەسەر « کونێکدا » دەدرێ .

٢ ــ لە پارچە قوماشێك پێك دێ ( لێرەدا قوماش دەبێ گونیەو شتیتریش بگرێتەوە ) .

٣ ــ بۆ شاردنەوە بەکاردێ .

هەمان وشە کە لەگەڵ وشەی « کوللە »دا کۆدەبێتەوەو وشەی لێکدراوی « پەردەو کوللە » دروستدەکەن وەك لە ڕستەی لە پەردەو کوللەدا دەنووین لە ترسی مێشوولە واز لە یەکێك لە سیما جیاکەرەوەکانی خۆیدێنێ ــ ( سیمای یەکەم )و دووانەکەیتر دێنێتە پێشەوەو دەیانداتە بەر ڕووناکیو بەمجۆرە لە پێناسەی « پەردەو کوللە »دا گرنگی دەدرێ بەوەی کە لە پارچە قوماشێکی تەنك پێك دێتو بۆ خۆپاراستنە .

سێمای یەکەم کە پەردە دەبێ « بەسەر کونێکدا بدرێ » لەکارخراوەو گۆڕاوە بۆ بە « دەوری قەرەوێڵەدا دەدرێ » . لەبەرئەوەی ئەم گۆڕانە شتێکی هێندە سەرەکیو دوور لە یەکتری نین ــ هەردووکیان هەر شوێن دەگرنەوە ــ « کوللەو پەردە » بە ئیدیەم نازمێررێن چونکە هێشتا واتاکەی لەواتای کەرتەکانیەوە پێش بینی دەکرێ .

دیسانەوە هەمان وشە ، وشەی « پەردە » کە لەگەڵ کاری « پیادە »دا کۆدەبێتەوەو بەتایبەتی کە کارەکە شێوەی « فەرمان » وەردەگرێ لە ئیدیەمی :

(١) هەر پەردەیەکی پیا ( د )ە ( پێدادە ) •

ئەوا نەك تەنیا وازی لە سیمای یەکەمی هێناوە ( لێرەدا دەرگاو پەنجەرە زیاتر سەرمان لێ تێکدەداو نایەلێ بۆ واتای ئیدیەمەکە بچین ) بەڵکو سیمای دووەمیشی ( پارچە قوماش ) دەست پێوەناوەو دووریخستۆتەوە • لەم ئیدیەمەدا تەنیا سیمای سێیەم ( شاردنەوە ) هاتۆتە پێشەوەو دراوەتە بەر ڕۆشنایی ( بێ گومان سیماکانیتریش هەر ماون هەرچەندە چوونەتە تاریکیەوەو بوون بە ژێر لێوەوە وکەم دەردەکەون • لێرەوە « کون » بووە بە « کەمو کورتیەك » یان « عەیبێك » کە پێویستی بە « شاردنەوە » هەیەو پەردەکەش ، ئەو شتەی کە عەیبەکەی پێ دادەپۆشرێ مەرج نیە قوماش بێ بەڵکو هەموو شتێ دەگرێتەوە ••• ) لەبەر ئەمەشە کە بۆ ڕوونکردنەوەی واتاکەی پێویستمان بە ووشەیوا دەبێ کە بە واتای « شاردنەوە » بێت لە شێوەی فەرماندا وەك :

(١) هەر بیشارەوە •

(٢) هەر باسی مەکە ( ئەوەندە ناپەسەندە ) •

(٣) هەر لای کەس ئەم قسەیە مەکە :

(٤) هەر مەهێلە کەس بزانێ •

وەك بەم ڕستە هاوتایانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوی ، « پەردە » وازی لە دوو سیمای بنەرەتی خۆی هێناوە لە ئیدیەمەکەدا لەبەرئەوە لێکدانەوەی وشەی وەك « قوماش » و « کونی » هەر تێناکەوێ • بەڵکو لەجیاتی « پەردە » دەتوانین بۆ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی واتای ئیدیەمەکە وشەیەکی وەك « قوڕ » بەکاربهێنین کە تەنیا لە واتادا لەوەدا لەگەڵ « پەردە »دا یەكدەگرنەوە کە هەردوکیان بۆ مەبەستی «شاردنەوە»و « داپۆشین » لێرەدا بەکاردێن ، ( هەرچەندە داپۆشین مەبەستێکی سەرەکی

« قوڕ » بەکارهێنان نی‌یە ، بە واتای ئەوەی « قوڕ » وەك « پەردە » هەر بۆ « شاردنەوە » بەکارنایەت ) • ئەم رستەیەی خوارەوە ئـەم راستـی‌یە دەسەلمێنێ • هەر پەردەیەکی پیادا دە = هەر قوڕێکی پیادا دە •

لەبەرئەوەی گۆڕانی واتایی هەر لەخۆیەوەو بێ رێ‌وشوێن ڕوونادات ( ئەگەر وابوایە کەس لە واتای نوێی وشە نەدەگەیشت ) ، بەڵکو بەپێی یاسایەکی مـەنتیقی‌و دەروونی دەڕوات بـەڕێوە ، دەتـوانین جۆرەکانی واتاگۆڕین دیاری‌بکەین‌و بزانین کام لەم گۆڕانانە بەسەر وشەیەکی لێکدراو یان فریزیکدا هاتووەو گۆریوێتی بۆ ئیدیەم*(٣٩) • واتـا گۆڕین چەنـد جورێکی هەیە کە گرنگترینیان ( ئەوانەی لـە دروسـت‌بوونی ئیدیـەمی کوردیدا دەوری بالآیان هەیە ) ئەمانەی خوارەوەن •

(١) واتا خواستن •

واتا خواستن بەندە بە لێکچوونی دووشت یان زیاتر لە رووی ئەرك ، دیمەن ، رەفتار یان شوێن‌و کاتەوە • ئاسایی دوو جۆر خواستن لە یەکتری جیادەکرێتەوە :

ا ــ خوازە :

لێرەدا دووشت ( یان زیاتر ) بەیەکتری ئەچوێندرێن‌و ناوی یەکێکیان دەنرێ لەوی‌تر ( یان لەوانی‌تر ) • خوازە لە هەڵکەوتدا زۆر لە لێکچوواندنێ دەچێ کە ئامرازی لێکچوواندنەکەی نەمابێت ( لێکچوواندنی شاراوە )(٤٠) لێکچوواندن لە خوازەدا لەوانەیە لە رووی ئەرکەوە بێت ، ( وەك « سەر کار » وەك چۆن « سـەر » لەشی ئادەمیزاد « دەبات‌بەڕێوە » هەروەهـا سەرکاریش ئەرکی « سەر » دەبینێ یان کار دەبات‌بەڕێوە ) یان لەڕووی دیمەنەوە ( وەك سیەمارە ــ سیە وەك مـار ) ، یـان لـەڕووی شـوێنەوە ( وەك : سـەرقاپ ، قاچی مێز ) ؛ زۆر جاریش لێکچوواندنی نیوان دوو

شت پەیوەندی بەکاتەوە هەیە ( وەك کورتە چیروك ، چیرۆکی درێژ یان وتارێکی کورت ) • بلاوترین جۆر لە خوازە لە زمانی کوردیدا ، ئەوانەن کە پەیوەندییان بە ئەندامی لەشی ئادەمیزادەوە هەیە ( وەك : دەمی کانی رووبار ، چاوی مێز ) دەستی ( دەستکی ) کورسی ، زمانو ملو لەشی پاندان •••• هتد ) واتای خوازەی زمانی بەئاسانی لەدەورو بەرەوە هەڵدێو جۆری لێکچووندانەکە بەئاسانی جیادەکرێتەوە بێ ئەوەی پیویستیمان بە بیرێکی قوڵو لێکدانەوەیەکی زۆر بێ وەك ئەوەی لە خوازەی ئەدەبیدا پێویست دەبێ*(٤١) • نموونەمان زۆرە لەسەر ئەو ئیدیەمانەی کە بەهۆی خوازەوە لە کوردیدا دروستبوون • وا لەخوارەوە هەندێ نموونە دەخەینە روو تەنیا بە مەبەستی روون کردنەوەی رێبازەکە نەك بەنیازی تومار کردنی هەموو ئەو ئیدیەمانەی بەمرێگەیە دێنە زمانەکەوە چونکە ئەمانە لە ژمارەدا بێسنوورنو وەهەر روو لە زۆر بوونیشن •

هەزار قورو چلپاو بە قنگیا هەڵپرژاوە = ( قاڵ بووە ) ؛ وشکەپیاو ؛ وەك ترێ بن گۆم رۆیشت ؛ وەك ئاو بخواتەوە ، ( بە ئاسانی ) ؛ ناوی بەقوردا ( بە کۆڵەکەی ، قورگی ئاشدا ) بچێتە خوارێ ، نانی کەوتە رۆنەوە ؛ مێشی میوان نی‌یە = ( بێ باکە ، گوێ ناداتە هیچ ) ، ریشی ماشو برنجە ( رەشو سپی تێکەڵە ) ، مەچۆرە ژێر داری شکستە ؛ مارانگازە ؛ لێی کەوتە تەقە = لێی کەوتە پلار هاویشتن ؛ لەنێو دوو ئاگردایە ؛ مل لە چەقۆ ئەسوێت ، لە گوێی گادا نووستووە ، ئاوی کردە ژێر ، لە بنی کولەکەی دا = هەموو نهێنی‌یەکانی درکاند • ماستاو دەکات = دەیەوێ خۆی بەرێتە پێش ، لە یەك پرن ، نانی شوانی خواردووە •

لێکچواندنەکە لە هەندێ لەمانەدا لە رووی دیمەنەوەیە ( وەك ریش ماشو برنج ، لە هەندێکی تریاندا لەرووی ئەرکەوەیە ( ماستاو دەکات = چۆن ماستاو رێبوارێکی تینوو رازی دەکات ، رەفتاری تۆش هەمان ئەرك

دەبینێ بـۆ ڕازی کردن ) لـە بەشێکیانیشدا لێکچوونەکە پەیوەندی بـە ڕەفتارەوە هەیە ( وەك مێشی میوان نی‌یە = وەك چۆن گوێ ناداتە مێشێ بەلایدا بڕوا ، کێشەکانی ژیانیشی هەروا بەئاسانی گرتووە ) • دیسان لـە هەندێکی تریاندا لێکچوونەکە لە ڕووی شوێنەوەیە ( وەك ، لە گوێ‌ی گادا نووستووە = گوێ‌ی گا وەك ئەو دنیایەی تۆ داخراوەو هەواڵی بۆ ناچێ ؛ هەروا : لە بنی کولەکەکەی دا = کولەکە = شوێنی هەموو نهێنیەکانە کە شکا هەموو نهێنی‌یەکان دێنە دەرەوەو دەکەونەڕوو ) •

لە بەشێکی زۆریش‌دا واتا گواستنەوەکە لەوەدایە کە وشە سەرەکیکە واتاکەی فراوانتر بووە ، بە واتای ئەوەی شت زیاتر دەگرێتەوەو زۆرتـر دیاردە دادەپۆشێ*(٤٢) • ئەم واتا فراوانی‌یەش بێ‌گومان لەئەنجامی ئەوەدا دێت کە وشەکە لەگەڵ هاورێ‌ی‌تردا خۆی دەبینێتـەوەو دەوروبـەری « نائاسایی » بۆ خۆی دروست‌کردووە • بێ‌گومان زوربەی کات وشەکە بە هەردوو واتاکە ، واتا فراوانو واتا تەسکەکەیەوە ، لە زمانەکەدا دەمێنێتەوە ، هەرچەندە هەندێ جار لەدوای بڵاوبوونەوەی وشەکە بە واتا فراوانەکەی ، واتا تەسکەکەی لەناودەچێو لە زمانەکەدا نامێنێ • شایانی تێ‌بینی‌یە کە ئەم واتا فراوانە زۆربەی کات وشەکە لە بەشێکی ناوەوە( ناوی بەرجەستە ) دەباتە بەشێکی تر ( ناوی نابەرجەستە ) • وا لەخوارەوە هەندێ ئیدیەمی کوردی دەخەینە روو کە واتاکانیان لەوەوە دروست‌بوون کە وشە سەرەکیکە ( نان ) واتایەکی فراوانتری بۆ خۆی پەیدا کردووە : ــ

(١) نانو دۆی بڕی ( دەری پەڕاند ) •

(٢) نانی بڕی ( = لە کارەکەی دەریان‌کرد ) •

(٣) نانو نمەك دەتگرێت ( = چاکەی دەتگرێت ) •

(٤) نانو نمەکیان بەیەکەوە خواردووە ( = هەقیان بەسەریەکەوە هەیە ) •

(٥) نانی بە ئاو نابێت ( = نابێت بە هیچ ) .

(٦) نانی کەوتۆتە ڕۆنەوە ( = کەوتۆتە خۆشیەوە ) .

(٧) نانی نانیە ( = چاکە بۆ چاکە دەکات ) .

(٨) نانی وا لە دۆڵەی ئەودا ( = بەهۆی ئەوەوە دەژی ) .

(٩) نانی پێ پەیدا ناکرێ ( = خۆی پێ بەخێو ناکرێ ) .

(١٠) نانێکی بەو ڕۆنەوە خواردووە ( = جارێك خێری لە شتی بێنیوەو بەتەمای کەڵکی تریشە لێی دەستکەوێ ) .

لە هەموو ئەم ئیدیەمانەی سەرەوەدا وشەی « نان » واتاکەی فراوان کردووە بە واتای « هەر شتێك کە مرۆڤ پێیدەژی ، [ بژوێن ] دێت » . لە هەمانکاتیشدا وشەکە واتا تەسکەکەی خۆی پاراستووە و ( وەك چووە نان بکڕێ ؛ نانێکی بیست فلسی بێنە ، نانوچا دەخۆی ) هەردوکیان شانبەشانی یەکتری لە زمانەکەدا ماونەتەوەو بەکاردێن .

ب ــ درکە(٤٣) .

لەم جۆرە خواستنەدا ئەو دوو شتەی ناو دەگۆڕنەوە زۆر نزیکن لە یەکتری ، بە واتایەکیتر ، لێرەدا ناو گۆڕینەوەکە لەنێوان دوو شتدا دەبێ کە لە واقیعدا پەیوەندیان زۆرە لەگەڵ یەکتریدا . لەوانەیە پەیوەندیەکە پەیوەندی شوێن بێت یان کات ، ئەرك بێت یان هۆ یان لەوانەشە یەکێك لە شتەکان نیشانەی ئەویتریان بێت . بێگومان ، ئەم جۆرە واتا خواستنە ، وەك خوازە ، تەنیا هەرلە ئیدیەمدا دەورێکی باڵای نیە بەڵکو لە بواری تریشدا زۆر بەکاردێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ .

(١) شاردەکە خرۆشا ( لێرەدا مەبەست لە خەڵکی شارەکەیە ) .

(٢) گەرەکەکە لێمان کوبۆوە .

(٣) وەستاین تا ماڵەکە هاتنەدەرێ •

(٤) ئەو قۆرییە / کترییە بڕێژە • ( چایەکەی یان ئاوەکەی ناوی •• ) •
کاری ئەم جۆرە واتا خواستنە لە ئیدیەمدا زۆر بلاوە • وا لەخوارەوە چەند نموونەیەك دەدەینو دوو شتە پێوەندیدارەکەش دیاریدەکەین •

(١) ورگی سەرناوە = قەڵەو بووە ( پێوەندییەکە لەنێوان ورگو خواردندایە ؛ ورگ سەرنان لە ئەنجامی زۆرخۆرییەوەیەو دەبێتە هۆی « قەڵەوی » ) •

(٢) لێوی لێ نەداوە = نەی خواردووە ، تامی نەکردووە • ( پێوەندییەکە لەنێوان لێوو کو ئەندامانی خواردندایە لەبەر ئەوە « دەم » دەتوانێ جێگەی بگرێتەوە • )

(٣) لێوی لە لێوی نەداوە = قسەی لەگەڵ نەکردووە •

( ٤) لێوی هەڵنەپچڕی = قسەی نەکرد •

( لە هەر دووکیاندا « لێو » پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی ئاخافتندا هەیە لەبەرئەوە « زمان » دەتوانێ بێتە جێگەی بە هەمان واتا • )

(٥) دووکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ = هەژارە •

( دووکەڵ لێرەدا نیشانەیە بۆ « چێشت لێنان » ؛ دووکەڵ ( جاران ) لەهەر ماڵێکەوە هەڵسابێت ، ئەوا نیشانەی ئەوەبووە کە ماڵەکە شتێ ئامادە دەکەن بۆ خواردن ) •

دەبێت لێرەدا پەنجە بۆ ئەو ڕاستیە رابکێشین کە واتا خواستن بە هەموو جۆرەکانیەوە دیاردەیەکی زۆر بلاوە نەك هەر لە زماندا بەڵکو لە ئەدەبیشدا هەرچەندە دیاردەکە لە زمانو ئەدەبدا لە یەکتری جیاوازن(٤٤) • لە واتا خواستنی ئەدەبیدا نووسەرو خوێنەر هەردووکیان کەمو زۆر بەئاگان

لە خواستنەکە • جگە لەمەش واتا خواستن لە ئەدەبدا بەری بیرکردنەوەو خەیاڵی ڕەسەنی تاکە شاعیرێك یان نووسەرێکە • هەرچی واتا خواستنی زمانی‌یە ، قسەکەرو گوێگر یان نووسەرو خوێنەر مەرج نی‌یە هەست بە بوونی بکەن • لە سەرێکی‌تریشەوە ، دیاردەکە لە زماندا مۆری کۆمەڵی پێوەیەو مانەوەو لەناوچوونی بەندە بە بڕیاری کۆمەڵەوە •

جگە لە واتا خواستن ، واتا گۆڕین شێوەی‌تریش وەردەگرێ • هەرچەندە ئەمانە دەوریان لە ئیدیەم دروست کردندا کەمترە لە ڕێگەی پێشو ، بەڵام ئەوەندە گرنگن کە نەتوانین بەئاسانی بیانخەینە پشت گوێ • وا لەخوارەوە زۆر بەکورتی لەم ڕێگەیانەش دەدوێین •

٢ ــ خوێ پێوە کردن ( موبالەغە )(٤٥) •

هەندێ جار واتای ئیدیەمەکە بەگشتی بریتی‌یە لەو خوێ‌یەی کە پێ‌ی خۆش‌کراوە • بە واتایەکی‌تر ، هەر ئەوەندە کە زانیمان ئیدیەمە کە خوێ‌ی پێوە کراوە ئیتر بەشی زۆری واتا شاراوەکەیمان دۆزیوەتەوەو دەتوانین پێش بینی واتا گشتی‌یەکەی بکەین • بۆنموونە ، لە ئیدیەمی « موو بەبەینیانا ناچێ » ، هەر کە زانیمان لێرەدا « موو » بۆ موبالەغە بەکارهاتووە ، ئیتر دەزانین کە ئیدیەمەکە بە واتای « زۆر نزیکن » یان « زۆر ڕێکن لەگەڵ یەکتریدا » دێ • نموونەی‌تر ، دەربارەی ئەم دیاردەیە لە کوردیدا زۆرە وەك « هەژدە هەژدە قسە دەکات = ( زۆر ••••• ) ، هەزار ئاڵەو ساتم دەکات ؛ هەزار تەڵەی بە کلك تەقاندوە = ( زۆر فێڵبازە ) ؛ هەزار پەڵی بە پشتی براکەی‌دا داوە ، هەر دەرە لنگێی لە ماڵی پاوە ؛ لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکۆی‌یە ؛ لە هەولێر کۆنترە ( = زۆر کۆنە •••• ) ؛ لە سەگ سواڵ دەکات ( = زۆر هەژارە ) ؛ لە هەزار ئاوی داوە ( = زۆر وریایە ) ؛ هەزار فاکت بە فیکێکی ( = زۆر فێڵبازە ) ؛ یەك باڵە = ( بێ یاریدەدەرە ) ؛ یەك قسەیە ( = لە قسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە ) ، هەر دانێکی بە سەد ساڵ

دەرهاتووە ( = زۆر پێسکەیە ) ؛ هەر پەلێـکی بە دەست ئیزرائیلێکەوە بێت = ( چەندیش پشتی هەبێ ) ؛ لە هەزار ئاشی کرد ( = زۆر هەوڵی دا ) ..... یەکێك لە تایبەتیەکانی ئـەم جۆرە ئیدیەمانـە ئەوەیـە کـە لـە لێکدانەوەیاندا پێویستمان بە وشەیەکی وەك « زۆر » یان « چەند » یـان « هێندە » دەبێ •

٢ ــ تەوس[٤٦] :

هەندێ جار بۆ لێکدانەوەی ئیدیەمێك پێویستمان بەوە دەبێت کـە بزانین بەتەوسەوە گوتراوە ، بە واتایەکی‌تر ، واتـای ئیدیەمەکە کت‌ومت پێچەوانەی واتای وشەکانە • بۆنموونە ، کە دەڵێین « پاشەڵی جوانە » ؟ واتای ئیدیەمەکەمان بۆ لێك‌نادرێتەوە تا لەو ڕاسـتیە نەگەین کـە لێرەدا « جوان » بەتەوسەوە بۆ گاڵتە پێ‌کردن بەکارهاتووەو کت‌ومت پێچەوانەی « جوان »ەو زیاتر بە واتای « پیس » یان « بۆگەن »دێ هەمان گۆرانی واتایی لە ئیدیەمی « دەست‌بخەرە دەمیەوە بزانە دەیگەزێت »و « دەستی بەماڵی خۆیەوە نا »و « دەستی خێری نایە سەر » وە دەیـان ئیدیـەمی‌تردا بەدی‌دەکرێ •

٣ ــ پۆشین[٤٧] :

دروست‌بوونی هەندێ ئیدیەم لە بنـەرەتدا بۆ داپۆشـینی چەنـد دیاردەیەکە کە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی یـان دینی دەمانەوێ بـە زەقی‌و ڕاستەوخۆ لێیان نەدوێین‌و بەلایاندا نەچین • ئەم دیاردانە بەزۆری پەیوەندییان لەگەڵ جنس‌و نەخۆشیدا هەیە نموونە لەسـەر ئەو جۆرە ئیدیەمانەی کە بۆ پۆشین هاتوونەتە کایەوە زۆرە وا لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو : ــ

(١) دەستیان لێ وەشاندووە ( = لە بریتی « شێت بووە » ) •

(٢) دەستیان تێکەڵ کردووە •

(٣) دەست بە ئاو دەگەیەنێ •

(٤) چاو لەدەرە •

(٥) چووە سەر جێگای •

(٦) لە دەردەکەیەتی •

(٧) بازاری گەرمە ( بۆکچ ) •

(٨) دڵیان بە یەکترەوەیە •

(٩) دڵ تەڕە •

(١٠) دوو گیانە ( بۆ ژن = سکی پڕە ) •

شایانی تێبینییە کە هەر ئیدیەمێ وەرگرین دەبینین کە بەزیاتر لە یەکێك لەم گۆڕانە واتاییانەی سەرەوەدا تێپەڕ بووە • بە واتایەکی تر هەمیشە دووان یان زیاتر لەم گۆرانە واتاییانە لە ئیدیەمێکدا هەن‌و هەست بەبوونیان دەکرێ • بۆنموونە ، کە دەڵێین « لە حەوت ئاشی داوەو مشتێ ئاردی نی‌یە » ، ئەوا ژمارەکە ، « حەوت » بومان دەردەخات کە قسەکە خوێی پێوە کراوە ، لە هەمان‌کاتیشدا « مشتێ ئارد » خوازەیە ، بە واتای « بژوێن » دێ ( هەر شتێ مرۆڤ پێی بژی ) •

دیسانەوە دەتوانین وشەی « ئارد » وەك « درکە »ش سەیر بکەین چونکە لەجیاتی « نان » بەکارهاتووە کە یەکێکە لەو کەرەسە گرنگانەی کە لە ئارد دروست‌دەکرێ • هەروەها دەبینین کە بە واتای ئەو « ئاردە » نەهاتووە کە دەکرێتە کیسەو فەردەوەو لە بازاڕ دەفرۆشرێ ، بەڵکو بە واتای بژوێن هاتووە • بەم‌جۆرە دەبینین لە ئیدیەمێکی وادا نزیکەی هەموو جۆرە واتا گۆڕینەکان ( خوازەو درکەو موبالەغە ) •• هەموو بەیەکەوە

دەورێکی باڵایان گێڕاوە لە دەرهێنانو دروستکردنیدا •

٧ ــ کورتەی لێکۆڵینەوەکە :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی ئیدیەم ئەوڕۆنانە دەگرێتەوە کە لە دوو ووشە یان زیاتر پێکهاتبێتو لێکدانەوەیەکی سیماتێکی هەمیشەیی هەبێتو واتای گشتی لە واتای کەرتەکانیەوە دیاری نەکرێ • ئیدیەم دانەیەکی سیمانتیکیە ، ( دیاریکردنی سنوری بەندە بە واتاوە ) بەڵام لە فریزو رستەو وشەی لێکدراودا خۆی دەنوێنێ • لەبەرئەمە ، بە گرنگمان زانی لەسەرێکەوە ئیدیەم لەمانە جیابکەینەوەو لە سەرێکیتریشەوە ، لە پۆلین کردنی ئیدیەمدا فۆرمو واتا بکەینە بنەما • یەکێك لە مەبەستە هەرە سەرەکیکانی ئەم لێکوڵینەوەیە ، ئەو مەبەستەی کە لە چەندین شوینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دووپات کراوەتەوە ، ئەو راستییەیە کە ئیدیەمی ئیمڕۆی زمانی کوردی ( و تەنانەت هەموو زمانێکی تریش ) لە بنەڕەتدا نموونەی بەکارهێنانی خوازەی زمانی بوونو بە تێپەڕبوونی کات یەکێك لەم واتا خوازراوانە جێگیر بووەو خۆی سەپاندووەو ڕەق هەڵگەڕاوە[٤٨] • کورد زمانێکی ئیمڕۆ لەوانەیە تەواو بێئاگا بێت لە واتای بنەڕەتی ئیدیەمێك ؛ لەوانەشە بەئاگا بێت • بەئاگاییو بێئاگاییەکەی پەیوەندی تەواوی بە کۆنیو نوێیی ئیدیەمەکەوە هەیە ، ئەو ئیدیەمانەی کاتیان زۆر بەسەردا تێپەڕیوە ، واتا پیتیەکەیان ( واتا بنەڕەتیەکەیان ) لەناوچووە ؛ بەپێچەوانەشەوە ، ئەو ئیدیەمانەی کە تارادەیەك نوێن ، هەر دوو واتاکەیان زیندووەو شانبەشانی یەکتری بەکاردێن هەرچەندە واتا خوازراوەکە ( ئیدیەمەکە ) بڵاوترە •

بە ڕای لێکۆڵەر ئەو یاسا واتاگۆڕانەی کە فریزێك یان ووشەیەکی لێکدراو دەگەیەننە پلەی ئیدیەم هەر ئەو یاسا گشتیانەن کە لە واتا گۆڕیندا دەورێکی باڵا دەبینن وەك خوازەو درکەو پۆشینو موبالەغەو کردن بە ژێر

لیۆەوەو واتا فراوان کردنو ..... هتد .

هەرچەندە لێکۆڵەوە لێرەدا لە هەڵکەوتو چۆنیەتی نووسینەوەی ئەم یاسایانە نەدواوە ، ئاشکرایە کە ئەو رایانەی کە لە دوابەشی لێکۆلینەوەکەدا دەری بڕیون بۆ ئەوە دەستدەدەن کە بکرێنە بنەما بۆ دەرهێنانی ( بەو واتایەی کە تەحویلیەکان بەکاریدێنن ) ئیدیەم لە فریزو وشەی لێکدراوی ئاسایییەوە(٤٩) . بێ گومان یەکێك لە تایبەتییەکانی ئەم جۆرە یاسایانە دەبێ سیما گۆڕین بێو ( سیمای واتایی فریزە بنەرەتییەکە بگۆری بەوەی سیمایتری بداتێ یان هەندێ لە سیما بنەرەتیەکان بسڕێتەوە ) . یاساکانیش دەبێ بەسەر ڕۆنانی سەرەوەی « فریزێکدا » جێبەجێ بکرین .

## پاشکۆی لێکۆڵینەوە(١)

کاری پێشتر دەربارەی ئیدیەم لە کوردیدا ، پیداچوونەوەو نرخاندنیان : ئیدیەم لەو دیاردە زمانیانەیە کە لەچاو دیاردەکانیتری زمانی کوردیدا کەمێك گوێی پێدراوەو چەند کتێبێكو لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی نوسراوە ، بەلام بەشی زۆری ئەم کارانە لە هەڵکەوتدا لە فەرهەنگ نزیكدەبنەوەو لە کاری ڕێزمانیەوە دوورن*(٥٠) . بە واتایەکیتر ، زۆربەی ئەم کارانە بریتین لە گەڕان بەدوای ئیدیەمی کوردیداو تومارکردنیانو لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتاکانیان . بێ گومان نووسەری ئەم کارانە ئاسایی گرنگی نادەن بە لایەنی تیوری کێشەی ئیدیەمو بەدەگمەن خۆیان بە کێشەی پۆلین کردنیانەوە خەریك دەکەن . هەر لەبەرئەمەشە کە زۆربەی جار ئیدیەمەکان لەم کارانەدا بەپێی تیپی سەرەتای ئیدمەکە ریز دەکرێنو باسیان لێوە دەکرێت . بێ گومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم جۆرە کارانە ئاسانن یان بێکەڵکن ، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەم کارانەدا ئەرکێکی

زۆر گەورە دەکەوێتە سەر شانی نووسەرو بەرهەمەکەش کارەکی‌یەو دەبێتە بناغەیەك بۆ لێکوڵینەوەی تیووری •

لەناو ئەو کارانەدا کە پێشتر دەربارەی ئیدیەم نووسراون ، دوو لێکۆڵینەوە جێگەی تایبەتی‌یان هەیەو شایانی توژینەوەیەکی وردن ، چونکە ئەم دووانە بۆ یەکەم جار لە کوردیدا خۆیان لە هەندێ لایەنی تیوری ئیدیەم دەدەن‌و هەوڵی‌دەدەن زانیارییانە ئیدیەمی کوردی دابەش بکەن • ئەم دوو لێکولینەوەیەش ، یەکەمیان چەند باسێکی :

د• ئەورەحمانی حاجی مارفە*[٥١]و دووەمیان لێکۆڵینەوەیەکی کورتی م• غازی فاتح وەیسە[٥٢] •

د• ئەورەحمانی حاجی مارف لە پێشەکی لیکۆڵینەوەکانیدا فریزی گیراو ( کە لێرەدا ئیدیەمی پێ دەڵێین ) لە فریزی نەگیراو ( ئاسایی ) جیادەکاتەوەو پێناسەیەکی « ئیدیەم » دەکات کە زیاتر بەندە بە واتاوە • بەدوای ئەمانەشدا ، د • پۆلێنێکی واتایی ئیدیەم دەخاتە ڕوو کە لە بناغەو زاراوەدا لە پۆلێنەکانی ڤینوگرادۆڤ‌و لارین‌و سمبرتنسکی دەچێ*[٥٣] • هەرچەندە لە وردەکاریدا ( تفاصیل ) لەمانەوە دوورە • لەم بوارەدا د • ئەورەحمان هەندێ ڕاستی بۆ یەکەم جار دەربارەی کوردی دەخاتەڕووو چەند تێ‌بینیەکی ورد دەربارەی دیاردەکە بەگشتی تۆمار دەکات • کورتی کارەکەی د • بە بیرو ڕای ئێمە لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە :ـ

١ ـ لە لێکولینەوەکەیدا د• ئەورەحمان گرنگی‌یەکی تەواوی داوە بە « واتا »و کەم‌و زۆر خۆی بە فۆرمی ئیدیەمەوە خەریك نەکردووەو هەوڵی ئەوەی نەداوە ئیدیەم لەو وشەی لێکدراوو ڕستەو لاڕستە جیابکاتەوە یان بە پێی ئەرکیان دابەشیان بکات • لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەو ڕاستی‌یە دواوین کە ئیدیەم هەرچەندە دانەیەکی واتاییە دەبێ لە ڕووی

فۆرمو واتاوە لێی بکولرێتەوە چونکە ئیدیەم خۆی لە شێوەی وشەی لێکدراوو فریزو رستەدا دەبینێتەوە •

٢ ــ پۆلینە واتاییەکەی د• ئەورەحمان تارادەیەك درشتەو دیاردەکە بەتەواوی ڕەچاو ناکاتو جۆرەکانی ئیدیەم بەتەواویو بێ گیروگرفت لە یەکتری جیاناکاتەوە •

جگە لەوەی کە پۆلینەکە پشت بە دوو بنەمای جیاواز دەبەستێ ، فریزولۆژی یەکگرتوو بە پێی واتا لەوانیتر جیادەکاتەوە ، گوایا واتاکانیان لە سەرپاکی پارچەکانەوە هاتووە ، بەڵام فریزیولۆژی تێك ئالاوو تێکچرژاو بەهۆی چالاکی ــ مردەو زیندویی ــ کەرتەکانیانەوە جیادەکاتەوە )*(٥٤) •
د• ئەورەحمان نەیتوانیوە سەرکەوتوانە جۆری دووەمو سێیەم لە یەکتری جیا بکاتەوە بەجۆرێك کە ئیدیەمی یەکگرتوو تێکەڵ بە ئیدیەمی تێك ئالاو نەبێو هەریەکەیان سنووری خۆیان بپارێزن • بۆنموونە ، ئیدیەمی « خۆلەتەلدان » بە جۆری تێك ئالاو دادەنێ چونکە « لەتەلدان » تەنیا لەم فریزەدا هەیەو لە کوردیدا بەم واتایە جارێکیتر بەکارنەهاتووە • هەروەها ئیدیەمی « ناوی بە گەرووی ئاشا چێ » بە جۆری یەکگرتوو دادەنێ(٥٥) لەبەرئەوەی « واتاکەی » لە سەرپاکی ئەو وشانەوە کە پێکیانهێناوە دەردەکەوێ • ئاشکرایە ئیدیەمەکەی دوایی بە ئاسانی دەتوانرێ لە هەمان کاتدا بەجۆری تێك ئالاو دابنرێ ، چونکە « گەرووی ئاش » جارێکیتر بەم واتایەی کە لێرەدا هەیەتی هەرگیز دووبارە نابێتەوە • دیسانەوە هەموو ئەم ئیدیەمانە « دەستەئەژنۆ » ، « کای کۆن بەباکردن » « کەوڵە کۆن » بەپێی پولینەکەی د• سەر بە هەردوو جۆرەکە دەبن چونکە واتای ئیدیەمەکە لە سەرپاکی واتای کەرتەکانەوە هاتووەو لە هەمان کاتیشدا ئەو کەرتانەی ئیدیەمەکە پێك دێنن وەك دەستە = دەست لە سەر ، کەوڵ*(٥٦) = پیاو ، کا = بە واتای « شەڕو ناخۆشی » ، هەرگیز جارێکیتر بەم واتایانە

بەکارنەهاتوونەتەوە • وەنەبێ پۆلێنەکە هەر لە نموونەکانی د• خۆیدا تووشی گیروگرفتمان بکات ، بەڵکو هەمان نەگونجان دێتە ڕێگەمان کە دەمانەوێ پۆلینەکە بۆ جیاکردنەوەی ئیدیەمی‌تر بەکاربهێنین • دەتوانین ، بۆنموونە ، زۆر بەئاسانی بی‌سەلمێنین کە دیسانەوە ئیدیەمێکی وەك « ئاگرێکی نایەوە » ( نموونەکەی م• غازی ) لە هەمان‌کاتدا ( بەپێی ئەو بنەمایانـەی کە د• ئەوڕەحمان داوێتی ) سەر بە هەردوو جۆرەکە دەبێ • لە لایەکەوە لە جۆری یەکگرتووە چونکە واتاکەی لەسەر پاکی کەرتەکانیەوە دێ : بە واتایەکی‌تر کاتێ « ئاگر » بە واتای « ئاشووبە » و « شەڕ » دێ کە لەگەڵ کارێکی وەك « نانەوە » و « خۆشکردندا » کۆبوویێتەوە •

لە لایەکی تریشەوە ئیدیەمەکە لە جۆری تێك‌ئالاّوە چونکە یەکێك لە کەرەسەکان « نایەوە » جارێکی‌تر لە کوردیدا بە واتـای « کردنـەوە »و خۆش‌کردنی « ئاگر » ، تەنیا لە چەند مەودایەکی زۆر تەسکداو بەتایبەتی هەر لەگەڵ کاری « نانەوە »و « خۆشکردن »دا بە واتای فیتنەو شـەڕو ئاشووب دووبارە دەبێتەوە •

هەرچەندە ئەم دوو کەم‌وکورتی‌یە لە نرخی کارەکەی د• ئەوڕەحمان کەم‌دەکاتەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لێکولینەوەکانی دەربارەی ئیدیەم وردن‌و کەلێنێکی باشیان گرتووە •

شایانی تێ‌بینییە کە ئێمە لەم لێکولینەوەیەدا هەوڵی ئەوەمـان داوە لەم دوو کورتی‌یە خۆ لادەین ، لەبەر ئەوە لە بەشی یەکەم‌و دووەم‌و سێ‌یەمدا لە ڕووی فۆرمەوە لە ئیدیەم دەکۆڵینەوە •

بەشەکانی تریشمان بە گشتی بۆ ئیدیەم لە ڕووی واتـاوە تەرخـان کردووە • دیسانەوە بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی دابەشکردنەوە ، دوو جۆر پۆلین کردنمان خستۆتەڕوو : بەپێی ڕۆنان‌و بەپێی واتا ( بڕوانە بەشی

« ٥ » ) • له پۆلێنی واتاییشدا هەوڵی ئەوەمان داوە ( بە پێچەوانەی پۆلینەکەی د• ئەورەحمانەوە ) تەنیا دوو جۆر ئیدیەم لە یەکتر جیا بکەینەوە • جا ئەمە هەرچەند لە وردی کارەکە کەم دەکاتەوە لە سەرێکەوە ، بەڵام لە سەرێکیترەوە تووشی گیروگرفتی ئەوە نابین کە ئیدیەمێك سەر بە دوو لایەن یان دوو جۆر بێت چونکە سنوری نێوان دوو جۆرە ئیدیەمەکە روونو ئاشکراو فراوانە •

لە لێکولینەوەکەیدا م• غازی لە هەردوو لایەنەکەی ئیدیەم فۆرمو واتا دەدوێو هەوڵی ئەوە دەدات بیان بەستێتەوە بەیەکترەوە •

لێکولینەوەکە بەگشتی نەك هەر وردو قووڵو ڕەسەنە بەڵکو بیرجووڵێنیشە ، بە واتای ئەوەی دەیان پرسیار دێنێتە کایەوەو هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات • لەزۆر ڕووەوە لەگەڵ بیروڕاکانی م• غازی ڕێكدەکەوین ؛ وا لەخوارەوە تەنیا ئەو خاڵانە دەخەینە ڕوو کە بەلامانەوە دروست نین :

١ ــ م• غازی لە ڕووی فۆرمەوە ئیدیەم دەکات بە دوو بەشەوە : ئەوانەی فۆرم دەگۆڕنو ( وەك لە سەرباێکەوە فرێم بدەنە خوارەوە ) ئەوانەی لەڕووی فۆرمەوە نەگۆڕن ( لە گوێی گادا نووستوە ! ) بەلای ئێمەوە ئەم دابەشکردنە دروست نی‌یە چونکە هەموو ئیدیەمێ زۆرو کەم فۆرم دەگۆڕێو یەکێك لە تایبەتی‌یەکانی ئیدیەم ئەوەیە کە فۆرمەکانیان بەگشتی خەستبۆتەوەو ڕەق هەڵهاتووەو توانای گۆڕانیان کەمە ( بڕوانە بەشی سێ ، خاڵی دووەمی ئەم لێکولینەوەیە بۆ زانیاری زیاتر ) • جا تەنانەت ئەو ئیدیەمانەی کە م• غازی بە فۆرم گۆڕیان دادەنێ زۆر یاسای گۆڕانکاری ڕەت دەکەنەوەو لەم ڕووەوە زۆر لە فریزی ئاسایی ( نەگیراو ) جیاوازن • بۆ سەلماندنی ئەم راستیە ، وا لەخوارەوە ئەو نموونەیە شی‌دەکەینەوە کە م• غازی لە سەرئیدیەمی فۆرم‌گۆڕ داوێتیو ئەو یاسایانە دیاری دەکەین

که ڕەتیاندەکاتەوە(٥٧) • هەرچەندە نموونەکە « وەك لـە سـەربانێکەوە فرێمبدەنە خوارەوە » ڕێگەی ئەوە دەدات ( وەك م• غازی دەری خستووە* ) کە بەرکارەکەی بگۆڕێ ، لە هەمان کاتیشدا ، چەندین یاسای گۆڕانکاری ڕەتدەکاتەوە وەك : ـــ

١ ـــ کاری ئیدیەمەکە نەفی ناکرێ(*) : وەك لەسەر بانێکەوە فرێمنەدەنـە خوارێ •

٢ ـــ ئیدیەمەکە هەمووی ناکرێ بە پرسیار(*) ئایە وەك لە سەربانێکەوە فریمبدەنە خوارەوە وایە ؟

٣ ـــ پرسیار لە بەشێکی ناکرێ بۆ ئەوەی واتاکەی بشێوێ : وەك لەکوێوە فرێمبدەنە خوارەوە ؟

٤ ـــ ڕێگای ئەوە نادات شوینەکە ( بناسرێ )(*) ، وەك لەسەر بانەکەوە فرێمبدەنە خوارەوە •

٥ ـــ ڕێگا نادات شوێنەکە لە شێوەی کۆدا بێ(*) : وەك لەسـەربانانەوە فرێمبدەنە خوارەوە(*) • وەك لە سەربانەکانەوە فرێمبدەنە خوارەوە •

٦ ـــ ڕێگەی ئەوە نادات ( شوینەکە ) سـەربانەکە پاش کەوێ(*) : وەك فڕێمبدەنە خوارەوە لە سەربانێکەوە •

٧ ـــ نابێت بە تەواوکەر بۆ کاری تر ( ناوەخن ناکرێ لەگەڵ ڕستەی تردا ) لێم پرسی وەك لە سەربانەوە فڕیدرابێتە خوارەوە(*) • ئەزانم وەك لە سەربانێکەوە فڕێدرابمە خوارەوە •

٨ ـــ ئیدیەمەکە ناچێتە شێوەی فرمانەوە(*) : وەك لە سەربانێکەوە فرێم مەدەرە خوارەوە(*) • فڕێیمەدەرە خوارەوە وەك لە سەربانێکەوە •

٩ ـــ کاتی کارەکە نابێ دیـاری کرێ(*) : ئـەمرۆ ( دوێنـی ) وەك لـە

سەربانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە •

١٠ـ تافی کارەکە بە مەرجێك دەگۆڕێ ( بیری ئیلزامی ) تیدا بمێنێ ، لەبەرئەمە کارەکە ناگۆڕێ بۆ رابووردو ( رابورووی سادەو بەردەوامو تەواو )و ڕانەبوردووی سادە(*) : وەك لە سەربانێکەوە فڕێیان دابوومە خوارەوە • ئەو تێبینیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دروست نیە بەم ئیدیەمە بڵێین « فۆرم گۆڕ » هەر لەبەرئەوەی کە دەتوانین بەرکارەکەی بگوڕین و هەندێ وشەی هاوواتا بخەینە جێگەی کەرتەکانی • هەروەها درووستیش نیە بە ئیدیەمێکی وەك « لە گوێی گادا نووستووە »(٥٨) ( نموونەکەی م • غازی لەسەر ئیدیەمی فۆرم نەگۆڕ ) بڵێین فۆرم نەگۆڕ چونکە تەنانەت ئەم ئیدیەمەش وەك هەموو ئیدیەمێکی تر ڕێگا بە چەند یاسایەکی گۆڕانکاری دەدات کە بەسەریدا جێبەجێ بکرێ ، هەروەك چۆن ڕێگەش لە هەندێکی ترلەم یاسانە دەگرێ • بۆنموونە ، ئەم ئیدیەمە ڕێگەی ئەم یاسایانەی داوە :ـ

(١) دەکرێ بە تەواوکەر بۆ فرمانی‌تر ( دەچێتە ناو رستەی‌ترەوە ) • وامزانی لە گوێی گادا نووستووە • وا دەزانێ لە گوێی گادا نووستووم •

(٢) ڕێگەی ئەوە دەدات بکرێت بە نەفی : خۆ من لە گوێی گادا نەنووستووم ! هەروەها کە دەچێتە رستەی‌تریشەوە هەر دەکرێ بە نەفی : چاك‌دەزانی من لە گوێی گادا نەنووستوومو نانووم •

(٣) کارەکە دەخرێتە هەندێ تافی ترەوە : خۆت دەزانی من لە گوێی گادا نانووم •

(٤) کاتی ڕووداوەکە دەتوانرێ بەهۆی ئاوەڵکارەوە دیاری‌بکرێ : ئەوکاتەی تۆ باسی دەکەیت من لە گوێی گادا نووستبووم • جارێکی‌تر من نابینی لە گوێی گادا بنووم •

ئەو ساڵە هەموو لە گوێی گادا نووستبووین •

(٥) وەك جۆری فۆرم گۆڕ ( بەپێی رای م• غـازی ) رێـگە دەدات ڕاناوەکەو کارەکەی بگۆرێ بە ڕاناوو وشەی هاوواتای‌تر :
لە گوێی گادا نوستبووم / نووستبوین ، نوستبوون ••••
لە گوێی گادا خەوتووم ، خەوتوون •

کەواتە ، تاکە جیاوازی نێوان ئـەم دوو ئیدیەمە لـەوەدا نی‌یە کـە یەکێکیان فۆرم گۆڕو ئەویتریان فۆڕم نەگۆڕە ؛ بەڵکو لەوەدایە کە هەریەکەیان رێگە بە جۆرێك یاسای گۆڕانکاری دەداتو ڕێگە لە جورێکی‌تر دەگرێت • لەبەرئەمە پێوانەیەکی ڕاستو درووستمان دەست‌ناکەوێ بۆ جیاکردنەوەو ترازاندنیان لە یەکتری بەپێی فۆرم •

٢ ــ ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە زۆر زمان ئیدمی هاوبەشیان هەیە ، بە واتای ئەوەی کە هەندێ ئیدیەم بەهەمان فۆرمو واتا لە دوو زمان یـان زیاتردا دەبینرێن • م• غازی بۆ ئەم ڕاستیە چووە بەڵام ئەو چەند ئیدیەمەی کەبەرامبەر یەکتری لە کوردیو ئینگلیزی‌دا دایناون زوربەیان تـەنیـا لەفۆرمدا لە یەکتر دەچنو لەواتادا تەواو جیاوازن • بە واتایەکی‌تر ، ئـەم نموونانەی م• غازی تەنیا لە روخسار یان ڕەواڵەتدا لە یەکتر دەچن ، بەڵام لەژێرەوە تەواو جیاوازن وەك بەوردی لەخوارترەوە دەری‌دەخەین[٥٩] :

ا ــ گوێ دان = Lend me your ears

« گوێ‌دان » لە کوردیدا بە واتای « گرنگی پێدان » یان « نەخستنە پشت گوێ » دێت • ئیدیەمە ئینگلیزیەکە بە واتای « گوێم لێ ڕاگرە » یان « گوێم لێ بگرە » دێت ، دەربڕە ئینگلیزیەکە زۆر ئەدەبی‌یەو لە ئینگلیزی رۆژانەدا بەکارنایەت : بە پیچەوانەشەوە « گوێ‌بگرە »ی کوردی زۆر بڵاوە •

ب ـ دەستشۆردن = wash one's hands of

ئەم دووانە دیسانەوە لە واتادا وەك یەكتر نین • لە كوردیدا كە دەست لە یەكێك یان لە كارێك « دەشۆین » ئومێدمان پێی نامێنێ‌و بەتەمای خێر نین لێی بوەشێتەوە و بێتەدی ، بەپێچەوانەوە ، كە لە ئینگلیزیدا دەست لە كەسێك یان كارێك « دەشۆین » پەیوەندیمان بە كەسەكە یان كارەكەوە نامێنێت‌و لێپرسراو نابین بەرامبەر هەر هەڵەو گۆتاورۆیەك كارەكە هەیبێ یان هەر كێشەیەك كەسەكە تووشی بێت ـ كەواتە ئیدیەمەكە زیاتر لە كوردیدا بەرامبەر « هەقم بەسەریەوە نی‌یە » دەوەستێ •

ج ـ بە دەستی ئەوە = on one's own hand

دیسانەوە ئەم دووانە بەرامبەر یەكتر ناوەستن لە ڕووی واتاوە ، ئیدیەمە ئینگلیزییەكە بەواتای « هی خۆی » یان « ئەو دەبێ پێی هەستێ ( بەكارێك ) » دێت‌و یەكێكە لەو ئیدیەمە یەكگرتووانە كە گرانە وەربگێڕێنە سەر زمانی‌تر • ( بڕوانە كۆتایی بەشی پێنجەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە ) •

٣ ـ دەستی پاكە = have clean hands

ئەم دووانەش كت‌ومت واتایان لە كوردی‌و ئینگلیزیدا وەك یەك نی‌یە چونكە دەستپاكی لە كوردیدا بە واتای سەر ڕاستی‌و دزی نەكردن دێت • هەرچی ئیدیەمە ئینگلیزییەكەیە بە واتای « بێ تاوان » یان « بێ گوناح » دێ‌و ئەم دوو شتەش لە یەكترەوە دوورن چونكە كەسێك دەتوانێ بێ گوناح یان بێ تاوان بێ ( پیاوكوژ نەبێ ) بەڵام لە هەمان كاتیشدا دەستپاك نەبێ ( بدزێ ) • كەواتە ئیدیەمە ئینگلیزییەكە پەیوەندی بە «پیاوكوشتن»ەوە هەیە ، كوردیەكەش بە ڕەوشتی كەسێكەوە •

٣ ـ م• غازی لەو باوەڕەدایە كە ئیدیەم لەگەڵ ڕستەی فرەواتادا نابێ تێكەڵ بكرێ‌و ئەو ڕستانەی كە دوو واتا دەبەخشن « ئەبێ لە ڕووی

سینتاکس و سیمانتیکەوە لێك بدرێنەوە »*(٦٠) • هەرچەندە لێرەدا تەمو مژێك لە بیرەکاندا هەیەو م• غازی راکەی خۆی بە زەقی و بەئاشکرا نەدرکاندووە ، واتێ دەگەم م• غازی دەیەوێ بڵێ « سك سووتان » بە واتای « منال مردن » جیاوازەو پەیوەندی بە « سك سووتان » بە واتا پیتیەکەیەوە نییە • بە باوەڕی من ئەم دوو شتە هەر یەکێکن « سك سووتان » بە واتای « منال مردن » یان « جەرگ سووتان » وەك درکەیە لەجیاتی کەسێکی زۆر خۆشەویست ( کە بەشێك بێت لە ئافرەتەکە ) بەکارهاتووەو « سووتانیش » بە واتای خوازراوی « مردن / لەناوچوون » دێت • زوربەی ئیدیەم ئەم دوو واتایەی هەیە ، هەرچەندە ئیدیەم بە واتا خوازراوەکەی زۆر بلاوتر بەکاردێ ( بڕوانە بەشی ٣ — ٣و بەشی چوار بۆ لێکدانەوەی ئەم باوەڕە بەدرێژی ) • بە باوەڕی ئێمە ئیدیەمێکی وەك « کاسە لێس » لە ڕستەیەکی وەك « ئەوکەسەی کاسە دەلێسێتەوە وەردەگیرێ و ئەم ڕۆنانە ژێرییە دوو ڕۆنانی سەرەوەمان دەداتێ (١) واتای پیتی وشەکانە (٢) واتایەکی خوازراو ( کەسێکی سووك ) واتای دووەم لە واتای یەکەمەوە بەهۆی چەند یاسایەکی واتا گۆڕەوە دێتەکایەوە • هەرچەندە تا ئێستا بیرمان لە هەڵکەوت و چۆنیەتی ئەم یاسا واتاگۆڕانە نەکردۆتەوە ، بەڵام ( بڕوانە بەشی شەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە ) دڵنیاین کە دەبێ لەوجۆرانە بێ کە خوازەو درکەو موبالەغەو پۆشینی زمانی ( نەك ئەدەبی ) ڕەچاو بکات • تەنانەت بۆ ئەو ئیدیەمانەش کە ئێستە تەنیا واتا خوازراوەکەیان ماوەتەوەو واتا بنەڕەتیە پیتیەکەیان لەناوچووە ( وەك گونکی سەردڵ ، دڵتەڕ ، ڕەزاگران ، دەستڕۆیو ... هتد ) دەبێ بە باوەڕی ئێمە ڕۆنانێکی ژێرەوەی بۆ دابنێین کە کتومت واتا پیتیەکەیان بێت هەرچەندە ئەمانە لە زمانەکەشدا نەمابن • شایانی تێبینییە کە تیاچوونی واتا بنەڕەتییە پیتییەکە پەیوەندی لەگەڵ پلەی ئیدیەمایەتی و جۆری ئیدەیەمەکەدا ( یەکگرتوو ولێکدراو ) هەیە : ئیدیەمی پلە یەك یان

یەکگرتوو ئەوانەن کە واتا بنەڕەتیەکان لەناوچووە • ئیدیەمی پلە دوو یان لێکدراو ئەوانەن کە هەردوو واتاکانیان ماوەو قسەکەر یان گوێگر ئاگاداری ئەم راستیەن‌و زۆر جار کەڵکی لێ وەردەگرن نەك بۆ تێ گەیاندن بەڵکو بۆ گاڵتەوگەپ ( بڕوانە بەشی ٣٠٣ ) •

٤ ــ م• غازی لە پۆلێن‌کردنی ئیدیەمەکاندا بەپێی فۆرم ( ڕۆنـان ) کەوتۆتە گێژاوەوە چونکە نەی‌توانیوە بەپێی ئەو بنەما بێ‌هێزەی کە داینـاوە بۆ خۆی جۆرەکانی ئیدیەم ( ناوی‌و ئاوەڵناوی وفرمانی ) بەتەواوی لـە یەکتری بترازێنێ‌و جیایان بکاتەوە • هۆی سەرەکی ئەم گێژاوەش لەوەدایە کە پێوانەکەی م• غازی تەم‌ومژێکی زۆری پێوە نیشتووەو مەبەستەکەی ئاشکرا نی‌یە • بۆ نموونە ، کە دەڵێ « بە ئیدیەمێك ئەتوانرێ بووترێت ئاوەڵناوی ئەگەر ئاوەڵناوێکی تێدا زاڵ بێ ویان فرمانی ئەگەر فرمانێکی تێدا زاڵ بێ »[٦١] دەبوایە « زاڵ » بوونی تەواو روون‌بکردایەتەوە چونکە زیاتر لە واتایەکی هەیەو هەموو پۆلێن کردنەکەش بەم بنەمایەوە بەندکراوە • بەلای منەوە بێ هێزی بنەماکە وای لە م• غازی کردووە ئیدیەمی :

١٧ ــ لەشی سووکە •

١٨ ــ لەشی گرانـە •

بە ئاوەڵناوی دابنێ ، لەکاتێکدا کە ئەمانە لەبەرئەوەی « کاریـان » تێدایە هەر دەبێ کاری بن ، چونکە هیچ ئاوەڵناوێك بـە تەنیا جێگەیـان ناگرێتەوە :

لەشی سووکە ✻ ئازا •

لەشی گرانـە ✻ تەمەڵ •

جگە لەمەش ، ئەمانە کاتێك دەبنە ئاوەڵناوی کە لە یەکتر نەترازێن :

لەش سووك ← کورێکی لەش سووکە •

لەش گران ← کیژێکی لەش گرانە •

لێرەدا ، لەبەر ئەوەی « ئاوەڵناون » دەتوانین ئاوەڵناوێ لە جێگەیان دانێین ، بەڵام دیسان ئەمانە هەر کاری « کارەکە » ناکەن •

لەش سووك = ئازا •

لەش گران = تەمەڵ

کوڕێکی لەش سووکە = کوڕێکی ئازایە •

کوڕێکی لەش گران بوو = کیژێکی ( تەمەڵ ) بوو •

هەروەها م• غازی ڕوونی نەکردۆتەوە لەبەرچی ئیدیەمی :

٢٣ ــ دڵیان بە یەکەوەیە •

ی بە ئیدیەمێکی ناوی داناوە • دیسانەوە لەبەر ئەوەی ئیدیەمەکە کاری تێدایە ( ە ) ، هیچ ناوێ بە تەنیا ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە • خۆ ئەگەر م• غازی لە وانەش بێ کە ( ــ م ، ــ ن ، ــ بت ، ••• هتد ) بە « کار » دانێ ، ئەوا هەر دەبوایە تێبینی ئەوەی بکردایە کە ئیدیەمەکە لە بەشی « گوزارە » Predicete دا دێ لە ڕستەداو بەشی گوزارەش بە لایەنی کەمەوە دەبی کار ــ ئاسا بێ وەك بەم تاقیکردنەوانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

(١) ئەم کوڕو کچە دڵیان بەیەکەوەیە •

(٢) * ئەم کوڕو کچە هاورێ •

( ئەگەر ئیدیەمەکە ناوی بوایە دەبوو « هاورێ » جێگەی بگرتایەوە • )

(٣) ئەم کورو کچە بوون •

( کارەکە « بوون » دەتوانی جێگەی ئیدمەکە هەمووی بگرێتەوە •

کەواتە ئیدیەمەکە « کار ــ ئاسا »یە ) •

(٤) ئەم کوڕو کچە دەرۆن •

( دیسانەوە کارێکی تەواویش دەتوانێ ئەرکی ئیدیــەمەکە هەمووی ببینێ ) •

(٥) ئەم کوڕو کچە هاورێن •

( لێرەدا ناوێك‌و کاریك جێگەی ئیدیەمەکەیان گرتۆتەوە • لەبەرئەوەی ناوەکە بەتەنیا ناتوانێ ئەم کارە بکات ( بڕوانە رستەی دوەم لەسەرەوە ) ، بەلاّم کارێك بە تەنیا دەتوانێ ( بڕوانە رســتەی ٣ و ٤ لە ســەروترەوە ) کەواتە ئیدیەمەکە کار ــ ئاسایە نەك ناوی ) •

**پەراوێزەکان :**

(١) Trivedi, R. D. (1977) English Grammar, Vikas Publishing House, New Delhi, Part II, P. 44.

(٢) هەمان سەرچاوە ل. ٤٥ •

(٣) Meetham, A. R. (ed) 1974, Encyclopaedia of Linguistics, Informational Control, Pergammon Press, P. 667.

(٤) Pyles / Algeo, 1979, English Harcourt Brace, P. 10 I.

(٥) Bolinger, D. ( 1972 ) Regarding Language, Harcourt Brace, New York pp. 52 - 53.

(٦) هەمان سەرچاوە ل. ٦٨ •

(٧) Kooij, J. G. (1968) "Compounds and Idioms" , Lingua 2 I , pp. 250 - 268.

(٨)
Bolinger, pp. 67 - 68.

(٩) هەمان سەرچاوە .

(١٠)
Arnold, I. V. (1973) the English Word, Mir Publishing House, Moscow, pp. 67 - 73.

(١١) بڕوانە
Pyles / Algeo p. 10 I.

(١٢) بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین وشە دەبێ دووپات ببێتەوە هەرچەندە کەرتەکانی ئیدیەم مەرج نییە سەربەخۆ بە هەمان واتا دووپات ببنەوە تەنانەت ئەگەر وشەش بن . بۆنموونە ، کەرتی دووەم لە ئیدیەمی « قسەو مسە »دا بەو واتایەی هەیەتی تەنیا لەم ئیدیەمەدا دەبینرێ و هەرچەندە وشەشە جارێکی تر لە زمانەکەدا دووپات نەبۆتەوە .

(١٣)
Meys, W. J. (1974) Compound Adjectives in English and the Ideal speaker — Listener, North Hollands, Amsterdam, p. 3.

(١٤)
Ullmann, S. (1957) Principles of Semantics 2nd edition, Glasgow, Jackson, Oxford Blackwell.

(١٥)
Kooij, p. 245.

(١٦)
Langacker, R. W. ( 1967 ) Language and Its Structure 2and edition, Harcourt Brace, pp. 127 - 136.

(١٧) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سەرکەشی ئیدیەمو خۆنەدانی بە دەست هەندێ دەستووری ڕێزمانەوە بڕوانە پێشەکی ...
Cowie / Mackin (1957). Oxford Dictionary of Current Idiomatic English, V1. I, Oxford.

(١٨) بڕوانە لێکۆلینەوەکەی م. غازی وەیس کە بە پێچەوانەی ئەم ڕایەوە دوو جۆر ئیدیەم لە یەکتری جیادەکاتەوە ، ئیدیەمی فۆرم گۆڕو ئیدیەمی فۆرم نەگۆڕ . ( ئۆتونۆمی ، ژمارە ٤ ، ساڵی حەوتەم ، ل ٥٩ ـ ٦٤ ) .

(١٩)
Francis, W. N. (1973) the English Language, Norton and Company, New York, p. 117 - 119.

(٢٠) ئەم نموونەیە یەکێکە لە دەیان ئیدیەم کە تەنیا ئافرەت لە زاری سلێمانیدا بەکاریان دێنێ .

(٢١) بڕوانە Ullmann, p. 34.

(٢٢) بۆ نموونە ، ئیدیەمیکی وەك "run down" لە رستەیەکی وەك "He can run down himself" دوو واتا دەدات بە دەستەوە بە پێی باری قسە : (١) ئەو خۆی دەتوانێ بڕوات (٢) ئەو خۆی دەتوانێ بکات بە ژێرەوە ( بەژێر سەیارە ، عەرەبانە ... هتد ) . قسەکەر دەتوانی یاری بەم دوو واتایە بکاتو بۆ گاڵتە بەکاریبێنێ .

(٢٣) بڕوانە Arnold, p. 155.

(٢٤) بڕوانە Kooij, J. p. 252. لێرەدا نووسەر ، نەك هەر دوو پلە ئیدیەم بەڵکو چەند پلەیەك ئیدیەم لە یەکتری جیا دەکاتەوەو نموونەیان لە ئینگلیزیدا بۆ دەهێنێتەوە . بە ڕای ئەم ئیدیەمێکی وەك "sweet meat" یار ، پلەیەکی زیاترە لە "sweet heart / ( حەڵوا ) ، هەروەها ئەمەش پلەیەك لە سەروو "sweet corn" وەیە .

(٢٥) هەمان سەرچاوە ل. ٢٥٠ .

(٢٦) هەموو زمانەوانە تەرکیبیەکان بە تایبەتی ئەمریکاییەکان باوەڕیان وابوو کە لە قۆناغی ئیستای زمانەوانیدا ( تاساڵەکانی پەنجا )و بەهۆی ئەو تەکنیکانەی کە لە بەردەستتدایە واتا شیناکرێتەوە . لەبەرئەوە زۆربەی زۆریان ، جگە لە ( Pike ) واتایان دەخستە پشتگوێ .

(٢٧) فریزی ئاسایی لە کوردیدا لە قالبێکیوادا دەبێ :

ناو + و / ە / ی + ناو یان ( ئاوەڵناو )

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ : کاڵەکو شووتی ؛ شەقامی کاوە ؛ سەعات چوار ، ئەم پیاوە ئازایە ....

(٢٨) جۆرێکیتر لە ئیدیەمی ناو ـ ئاسا لە دوو ناو پێکدێت کە دووەمیان لەسەر وەزنی یەکەم داڕێژاوە وەك « قسەو مسە »و کاڵەکو ماڵەك .

به پێچەوانەی ڕای‌هەندی کوردەوانەوە ، ئەم جۆرە فریزەم لێرەدا بە بە ئیدیەم نەداوەتە قەڵەم (بڕوانە د. ئەورەحمانی حاجی مارف) لەبەر دوو هۆ (١) لە ڕووی واتاوە ئەم فریزانە ئەو بێ هاوتایی‌یەیان تێدا نی‌یە کە بە گشتی لە ئیدیەمدا هەیە ، بە واتای ئەوەی واتاکەیان لە سەرجەمی واتای پارچەکانەوە نەهاتووە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ، هەموو واتاکە لە کەرتی یەکەمدا کۆبۆتەوە (٢) ئەم شێوە فریزە ، بەپێچەوانەی ئیدیەمەوە کە نەگۆڕو چەسپاوو ڕەق هەڵهاتووە ، بەردەوام لە زمانەکەدا بەکاردێ‌و فریزی نوێی لەسەر دادەڕێژرێ ( وەك فیدیۆو میدیۆ ، غەسالەو مەسالە ... هتد ) .

(٢٩) دیسانەوە ئەمەش لە ڕۆناندا دەچێەوە سەر ڕۆنانی ئاوەڵکاری لێکدراوی ئاسایی وەك « شڵپو هووڕ »و « تەپو کوت »و ... هتد .

(٣٠) زۆربەی ئەمانەش لە ڕۆناندا دەچنەوە سەر ڕۆنانی ئاوەڵکاری لێکدراوی ئاسایی وەك : خان‌ومان ، باڵابەرز ، کلك‌و گوێ‌کراو ، لێو داقلێشاوە .... هتد .

(٣١) ئەو ئیدیەمانەی کاری « بوون » یان تێدایە کۆمەڵێکی گەورەن‌و نموونە لەسەریان زۆرە وەك : ڕیوی دەرەوە ، شێری ماڵەوە ؛ زمانی لە دەمدا نی‌یە ، پشتی قایمە ، زۆری تێ‌گوشیوە ، بەدنمەکە .... هتد .

(٣٢) هەندێ نووسەریش بەپێی تیپی ئەبجەدی لە ئیدیەمەکان دەدوێن وەك زۆربەی ئەو کارانەی دەربارەی ئیدیەمی عەرەبی کراوەو هەروەها کارەکەی م. جلال مەحمود علی لە کوردیدا .

(٣٣) بڕوانە Arnold, p. 154.

(٣٤) هەمان سەرچاوە ، پۆلێنەکەی ڤینوگرادۆڤ ل ١٥٥ .

(٣٥) هەمان سەرچاوە ل. ١٥٦ .

(٣٦) بڕوانە Ullmann, p.

(٣٧) بە باوەری من بەپێی ئەو بنەمایانەی کە ڤینوگرادۆڤ داوێتی زۆر بە گران جۆری یەکەم‌و دوەم لە یەکتری جیادەکرێنەوە . لەبەرئەمە نموونەم لە کوردیدا بۆ کۆمەڵی دوەم ( ئیدیەمی یەکگرتوو ) نەهێناوەتەوە . بڕوانە خوارتر بۆ نرخاندنێکی ئەم پۆلێنە بە گشتی .

(٣٨)
Viktor, V. L. "Semantic word structure and Extra Linguistic Factors" , in Soviet Studies in Language and Language behaviour, 1975, North — Holland, Amsterdam, p. 126.

(٣٩)
Leech, G. N. (1968) A Linguistic Guide to English Poetry, Longman, London, pp. 147 - 178.

(٤٠) هەمان سەرچاوە .

(٤١)
Leech. G. N. "Linguistics and the Figures of speech" in Essays on style and Language, (ed) Fowler R. (1975) Routledge and Kegan, pp. 135 - 156.

(٤٢) Pyles / Algeo pp. 225.

(٤٣) بڕوانە Leech, 1968 p. 152.

(٤٤) Leech, 1975 p. 140.


(٤٥) Leech, 1968, pp. 162 - 170.

(٤٦) هەمان سەرچاوە .

(٤٧) بڕوانە Pyles / Algeo p. 201.

(٤٨) Arnold p. 152.

(٤٩) بۆ زیاتر روونکردنەوەی کارو ئـەرکی یاسـای واتـاگۆڕ وا لەخوارەوە بەدرێژی پێشانی دەدەین چۆن ئیدیەمی « پەردەیەکی پیادا دە » لە فریزی ئاسایی « پەردە دادانەوە »وە وەردەگیرێ بە هۆی یاسای واتا گۆڕەوە کە ئەرکی گۆڕینی هەندێ تایبەتی « پەردە » دەگرێتە ئەستۆ . شـایانی باسە کە ئەم یاسایانە دەبێ ئارەزوومەندانە بەکار بێ وبەسەر ئەو ڕۆنانەدا جێ بەجێ بکرێ کە دەچێت بۆ بەشی فۆنولوجی . بۆ دەرهێنانی رستەی « ژنەکە پەردەیەکی بە پەنجەرەکەدا دا » پێویستمان بە چەند یاسایەکی دەرهێنانە ( وەك رستە بریتی‌یە لە فریزی کاریو فریزی ناوی ؛ فریزی ناو پێکهاتووە لەناو لەگەڵ نیشانەی ناسیندا .... هتد ) کە دەتوانین بەهۆی ئەم دایەگرامەی خوارەوە پیشانی بدەین .



\+ کەرەسە
فریز مارکەری ژێرەوە + کەلەبەر
\+ پۆشین
← یاسای واتا گۆڕ + پۆشین

لەدوای بەجێ هێنانی یاساکانی بەشی فۆنۆلوجی ، ڕۆنانی سەرەوە دەبێ بە : ژنەکە پەردەیەکی پێدادا .
یاسای واتا گۆڕ کاتێ جێ بەجێ دەکرێ کە « پەنجەرەکە » ببێتە ناوێکی نابەرجەستە وەك « کێشەکە ، مەسەلەکە ...... »

(٥٠) بڕوانە : جەلال ئەمین مەحمود ، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا ، ١٩٨٢ بەغداد کە کارێکە لەم بابەتەو زۆربەی نموونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەی لێوە وەرگیراوە .

(٥١) بڕوانە :
(١) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەی زمانی کوردی ١٩٧٥ ، بەغداد .
(٢) « کاریکی گەورە لە باسی ئیدیەم لە زمانو فەرهەنگ نووسی کوردیدا » ، حوزیرانی ١٩٨٠ ، بەیان ، ژمارە ٦٣ ل. ١ ــ ٦ .

(٥٢) غازی فاتح وەیس « فۆرمو ناوەرۆکی ئیدیەم » ، ئۆتونۆمی ، ژمارە ٤ ، سالی حەوتەم ، ل ٥٩ — ٦٤ .

(٥٣) Arnold p. 155.

(٥٤) بڕوانە د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٥ ل ٦١ — ٦٦ .

(٥٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٤ نموونەکەش لێرەوە وەرگیراوە .

(٥٦) لێکدانەوەیەکی ئەم ئیدیەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە « دەستە ئەژنو » لە « دەست لەسەر ئەژنووەوە » وەرگیراوە . هەروەها لە « کەوڵە کۆن » دا « کەوڵ » بەواتای « کەس » دێ . دیسانەوە « کا » لە « کای کۆن » دا بە واتای « شەڕ » یان « ئاشووبە » دێت .

(٥٧) غازی فاتح وەیس ل ٦٠ .

(٥٨) هەمان سەرچاوە ل ٦١ .

(٥٩) هەمان سەرچاوە ل ٦١ .

(٦٠) هەمان سەرچاوە ل ٦٢ .

(٦١) هەمان سەرچاوە ل ٦١ .

## ملخص البحث

# الكنـــاية الكرديــة

**محمد معروف فتاح**

اربيل ـ جامعة صلاح الدين

بالرغم من أن الكناية الكردية قد حظيت باهتمام أكبر من غيرهـا من المواضيع اللغوية من لدن الكتاب واللغويين الاكراد والاجانب ، الا ان هذا الاهتمام كان ومايزال منصباً على محاولة جمع الكنايات وتفسيرها دون التطرق الى تصنيفها وطرق اشتقاقها • كما أن اللفظة نفسها مازالت تكتنفها كثير من الغموض •

يحاول الباحث في مقدمة البحث تعريف اللفظة وتحديد مفهومها وتمييز الكناية عن الكلمة المركبة والعبارة ويعتبر الكناية احدى وحدات المسـتوى الدلالي للغة تأخذ تارة شكل كلمة مركبة أو عبارة وتظهر تارة أخرى على شكل جملة أو شبه جملة • ان الكناية كأي مركب كيمياوي كل" أكبر من

الاجزاء من ناحية المعنى ولا يمكن التنبؤ بالخصوصية الدلالية لهذا الكل الا من خلال تحليل لغوي دقيق للأجزاء المكوّنة لها .

ثم يُضيف الباحث الكناية الكردية وفق الشكل والمضمون ويميز درجتين من الكناية من ناحية المعنى (١) الكناية المزيجة التي لا يمكن التنبؤ بمعناها و (٢) الكناية المركبة التي يحتفظ أحد أجزائها بقسط كبير من معناه الأصلي .

ويربط الباحث في القسم الأخير من البحث بين المضمون اللفظي والمضمون المجازي للكنايات ويؤكد أن المضمون المجازي يقتبس أو يشتق من المضمون اللفظي ( كما في استعمال التحويليين للاشتقاق ) باستعمال قواعد أو قوانين معينة ومحددة يحاول الباحث صياغة نماذج منها لتطبيقها على المضمون اللفظي لنقله الى المضمون المجازي .

ويحاول الباحث في ملحق البحث تقييم عدد من المقالات والبحوث عن الكناية الكردية ويركز على بحوث كل من الدكتور عبدالرحمن معروف والسيد غازي فاتح ويس محاولاً اظهار مواطن القوة والضعف فيها . ويؤكد الباحث على أن هذه البحوث خلافاً لغيرها من الدراسات وعلى الرغم من تحاشيها لبعض الجوانب النظرية للظاهرة وبالرغم من عدم اتفاق الباحث مع بعض الآراء التي ترد فيها ، بحوث جيدة تحفز على التفكير وتثير تساؤلات يمكن أن تمهد الطريق الى دراسة أشمل وأعمق لهذه الظاهرة اللغوية .

★ ★ ★

# شێوازی "ئەرێ" و "نەرێ" لە ئاخاوتنی کوردی‌دا

**نوری عەلی ئەمین**

لە ئاخاوتنی کوردی‌دا دوو شێواز(١) دوان هەیە :
١ ــ شێوازی ئەرێ(٢) .
٢ ــ شێوازی نەرێ .

**١ ــ شێوازی ئەرێ :**

رووداني کارو بوونی شتێ ، یان بارێ باس دەکات ، دەشێت باسەکە راست بێت ، یان درۆ ، وەك :

بارام سێو دەخوات .
جوتیارەکە زەوی‌یەکەی کێڵا .
هەنارەکە ترشە .

**٢ ــ شێوازی نەرێ :**

روونەدان‌و نەبوونی شتێ ، یان نەبوونی بارێ باس دەکات بە ئامرازێکی تایبەتی ، وەك :

بارام سێو ناخوات . (نا)
جوتیارەکە زەوی‌یەکەی نەکێڵا . (نە)
هەنارەکە ترش نی‌یە . (نی)

ئەو ئامرازانەی کە ڕێژەی فرمانی لە شێوازی ئەرێ‌وە ، پێ دەگۆڕدرێتەسەر شێوازی نەرێ ، ئەمانەن :

١ ــ ئامرازی (نە)
٢ ــ ئامرازی (نا)

---

(١) شێواز = اسلوب .

(٢) ئەم زاراوانەم ( ئەرێ ، ئەرێتی ، ئەیاندن ) بەرچاو کەوتووە بۆ موسبەت . هەروەها زاراوەی ( نەرێ ، نەرێتی ، نەیاندن )م بۆ مەنفی بەرچاو کەوتووە . بە بیروڕای خۆم زاراوەی ( ئەرێ‌و نەرێ )م پێ لەبارترە ، گەرچی لە رووی دارشتنیشەوە ڕەنگە تارادەیێك تەواو نەبن .

٣ ـ ئامرازی (مە)
٤ ـ ئامرازی (نی)
٥ ـ ئامرازی (بێ)

## یەکەم ـ ئامرازی (نە)

ئەم ئامرازە ڕێژەی دەمەرابوردووەکان‌و دەمی رانەبووردووی ئینشائی پێ‌نەفی دەکرێت .

**(١)**

### ڕێژەکانی دەمەرابوردووەکان(٣)

**١ ـ ڕێژەی سادەی دەمەڕابوردووەکانی تێنەپەڕ :**

لە ڕێژەی سادەی دەمەڕابوردووەکانی تێنەپەڕ ، ئامرازی (نە)ی نەفی دەخرێتە بەرایی قەدی فرمانەکان ـ بەڵام لەبەردەوامدا دەخرێتە پێش نیشانە ڕێژە (دە)و لە ناتەواوی ئینشائی‌دا نیشانەی (ب) هەڵدەگیرێت‌و ئامرازە نەفیەکەی دەخرێتەجێ ـ فرمانەکان لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێن بۆ شێوازی نەرێ :

**١ ـ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :**

پووشەکە
سووتا
سووتاوە
سووتابوو

---

(٣) دەمەرابوردووەکان حەوت جۆرن :
١ ـ دەمی رووت ، وەك : رووشا ـ خواردی .
٢ ـ دەمی تەواو ، وەك : رووشاوە ـ خوراوە .
٣ ـ دەمی دوور ، وەك : رووشابوو ـ خواردبوو .
٤ ـ دەمی بەردەوام ، وەك : دەڕووشا ـ دەخوارد .
ئەم چوار دەمە بە زۆری لە رستەدا بۆ شێوازی ئەخباری بەکاردەهێنرێن .
٥ ـ ناتەواوی ئینشائی ، وەك : بڕوشایە ـ بخواردایە .
٦ ـ دووری ئینشائی ، وەك : رووشابوایە ـ خواردبوایە .
٧ ـ لێکدراوی ئینشائی ، وەك : رووشابم ـ خواردبم .
ئەم سێ دەمەش بە زۆری لە رستەدا بۆ شێوازی ئینشائی بەکاردەهێنرێت .

ده‌سووتا
بسووتایه
سووتابوایه
سووتابێت .

**ب ـ وێنه بۆ شێوازی نه‌رێ :**

کۆتره‌که نه | فڕی(٤)
فڕیوه
فڕیبوو
ده‌فڕی
فڕیایه
فڕیبوایه
فڕیبێت

له شێوازی نه‌رێدا ، ته‌نیا ئامرازی (ش)ی عه‌تف به دوای ئامرازی (نه‌)دا دێت ، وه‌ك :

گه‌لاکه ـ نه ـ ش | وه‌ری
وه‌ریوه
وه‌ریبوو
ده‌وه‌ری
وه‌ریایه
وه‌ریبوایه
وه‌ریبێت .

**٢ ـ ڕێژه‌ی ساده‌ی ده‌مه‌ڕابوردووه‌کانی تێپه‌ڕی(٥) کارادیار(٦) :**

له‌م ده‌مانه‌شدا دیسان ئامرازی (نه‌)ی نه‌فی ده‌خرێته به‌رایی قه‌دی فرمانه‌کان ، فرمانه‌کان له شێوازی ئه‌رێوه ده‌گۆڕدرێن بۆ شێوازی نه‌رێ :

---

(٤) دوو فرمانی رابوردووی‌تریش هه‌ن ، به‌لام که‌م به‌کارده‌هێنرێن ، ئه‌وانیش ؛ وه‌ك :
— فڕیبووبوو .
— فڕیبووبێت .

(٥) تێپه‌ڕ = متعدی ، تێنه‌په‌ڕ = لازم .

(٦) کارادیار = منبی للمعلوم ، کارانادیار = مبنی للمجهول .

ا ــ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :

| | |
|---|---|
| بایز هەنارەکەی | خوارد<br>خواردووە<br>دەخوارد<br>بخواردایە<br>خواردبوایە<br>خواردبێت . |

ب ــ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :

| | |
|---|---|
| بایز هەنارەکەی ــ نە | خوارد<br>خواردووە<br>خواردبوو<br>دەخوارد<br>خوازدایە<br>خواردبوایە<br>خواردبێت |

لە شێوازی نەرێی تێپەڕدا ، ئامرازی ( نە ) ی نەفی ئەمانەی بەدوادا دێت :

١ ــ ڕاناوە لکاوەکانی ک A ، بە مەرجێ تەواوکەری فرمانەکە لە ڕستەکەدا باس نەکرابێت ، وەك .

نەمچاند . ( م )

نەتخواردووە . ( ت )

٢ ــ ئامرازی ( ش ) ی عەتف ، وەك :

نە ــ ش ــ دەکێلا .

نە ــ ش ــ کێلرابوایە .

وە ئەم ئامرازە عەتف دەتوانێت :

ا ــ پێش ڕاناوی لکاوی ک A بکەوێت ، وەك :

نە ــ ش ــ م ــ دیبوو

نە ــ ش ــ مان ــ دەکری

ب ــ پاش ڕاناوی لکاوی ک A بکەوێت ، وەك :

نه ـ م ـ یش ـ خواستبوو
نه ـ تان ـ یش ـ خواستبێت .

**٣ ـ ڕێژەی سادەی دەمەڕابوردووەکانی کارانادیار :**

لەم دەمانەشدا دیسان ئامرازی ( نـه ) ی نەفی دەخرێتە بەرایی قەدی فرمانـه رابوردووە کاراناديارەکان . فرمانەکان لـه شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێن بۆ شێوازی نەرێ :

**ا ـ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :**

نەمامەکە | ڕوێنرا
ڕوێنراوە
ڕوێنرابوو
دەڕوێنرا
بڕوێنرایە
ڕوێنرابوایە
ڕوێنرابێت .

**ب ـ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :**

پیازەکە ـ **نه** ـ | پیشێنرا
پێشێنراوە
پێشێنرابوو
دەپێشێنرا
پیشێنرایە
پیشێنرابوایە
پیشێنرابێت .

بنکەی ژین

له شێوازی نـەرێی ئـەم دەمانەدا دەتوانرێت تەنیـا ئامرازی ( ش ) بەدوای ئامرازە نەفیەکەدا بهێنرێت ، وەك :

پیاوەکە ـ نه ـ ش | کوژرا
کوژراوە
کوژرابوو
دەکوژرا
کوژایە
کوژرابوایە
کوژرابێت .

## ٤ – ڕێژەی ناسادە ( داڕژاو ) ی دەمەڕابوردووەکانی تێنەپەڕ :

لەم دەمانەدا ئامرازی ( نە ) ی نەفی دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەکان‌و قەدەکانیان . فرمانەکان لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێن بۆ شێوازی نەرێ :

### ا – وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :

چێشتەکە – هەڵ
چوو
چووە
چووبوو
دەچوو
بچوایە
چووبوایە
چووبێت .

### ب – وێنە بۆ شێوازی نەرێ :

مریشکەکە – هەڵ – نە
نیشت
نیشتووە
نیشتبوو
دەنیشت
نیشتایە
نیشتبوایە
نیشتبێت .

لەم بارەدا ( لە باری شێوازی نەرێدا ) دەتوانرێت :

ا – ئامرازی ( ش )ی عەتف بەدوای ئامرازی ( نە )ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

کوڕەکە – ڕا – نە – ش – وەستابوو .
قەلەکە – هەڵ – نە – ش – فڕیبوو .

ب – بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :
ڕووبارەکە – هەڵ – یش – نە – ستاوە .
گوڵەکە – هەڵ – یش – نە – وەریبوو .

### ٥ ـ ڕێژەی ناسادە ( داڕژاو )ی دەمەڕابوردووەکانی تێپەڕی کارادیار :

لـەم دەمانەشدا ئـامرازی ( نـە )ی نـەفی دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەکانو قەدەکانیان . فرمانەکان لـە شێوازی ئەرێوە ، دەگۆڕدرێن بۆ شێوازی نەرێ :

**ا ـ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :**

| | |
|---|---|
| دەرگاکەم ـ دا ـ | خست<br>خستووە<br>خستبوو<br>دەخست<br>بخستایە<br>خستبوایە<br>خستبووبێت . |

**ب ـ وێنە بۆ شیوازی نەرێ :**

| | |
|---|---|
| پارەکە ـ م ـ وەر ـ نە | گرت<br>گرتووە<br>گرتبوو<br>دەگرت<br>گرتایە<br>گرتبوایە<br>گرتبێت . |

لـەم بارەدا واتە لـە شیوازی نەرێدا ، ئامرازی ( شـ )ی عەتف دەتوانرێت :

ا ـ بەدوای تەواوکەری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

بەرانەکە ـ ش ـ م ـ دا ـ نە ـ بەستایە
کەوەکە ـ ش ـ تان ـ هەڵ ـ نە ـ فڕاندایە

**ب ـ بەدوا ڕاناوی لە A (٧)دا بهێنرێت ، وەك :**

چراکە ـ م ـ یش ـ هەڵ ـ نە ـ گرساندبوو .
بەڕەکە ـ تان ـ یش ـ ڕا ـ نە ـ دەخست .

ج ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

دەر ــ یش ــ تان ــ نە ــ بڕی .
هەڵ ــ یش ــ یان ــ نە ــ گرتووە .

د ــ بەدوای ئامرازی ( نە )ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك .

هەڵ ــ ی ــ نە ــ ش ــ قرچاندایە .
دا ــ ت ــ نە ــ ش ــ خستبوو .

## ٦ ــ ڕێژەی ناسادە ( داڕژاو )ی دەمەڕابوردووکانی کارانادیار :

لەم دەمانەشدا ، ئامرازی ( نە )ی نەفی دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەکانو قەدەکانیان . فرمانەکان لە شێوازی ئەرێوە ، دەگۆڕدرێن بۆ شێوازی نەرێ :

### ا ــ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :

ساوەرەکە هەڵ | خرا
خراوە
خرابوو
دەخرا
بخرایە
خرابوایە
خرابێت .

(٧) ڕاناوە لکاوەکانی کۆمەکەی A ئەمانەن :

| کەس | کــۆ | تــاك |
|---|---|---|
| یەکەم | مان | م |
| دووەم | تان | ت |
| سێیەم | تان | ی |

**ب ـ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :**

| | |
|---|---|
| بارەکە ـ دا ـ نە | گیرا<br>گیراوە<br>گیرابوو<br>دەگیرا<br>گیرایە<br>گیرابوایە<br>گیرابێت . |

لەم باردەدا ، واتە لە شێوازی نەرێدا ، دەتوانرێت ، ئامرازی ( ش )ی عەتف :

ا ـ بەدوای ئامرازی ( نە )ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

ساوەرەکە ـ هەڵ ـ نە ـ ش ـ خرابوو

زێرابەکە ـ دا ـ نە ـ ش ـ پۆشراوە

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

زنجیرەکە ـ دا ـ ش ـ نە ـ **دەکوترا .**

شیرەکە ـ هەڵ ـ یش ـ نە ـ شڵەقێنرا .

**( ب )**

## ڕێژەی دەمی ڕانەبوردوو

**ا ـ ڕێژەی سادەی دەمی ڕانەبورد دووی تێنەپەڕ :**

لەم دەمەدا شێوازی ئەرێو شێوازی نەرێ بەم شێوەیە پێك دێت :

**ا ـ شێوازی ئەرێ**

لەم شێوازەدا :

— نیشانەی ڕێژە ( ب )دەخرێتە بەرایی ڕەگی فرمانەکەوە

— ڕەگی فرمان

— راناوی لکاوی ك B (٨) وەك :

ب ـ خەو ـ م ← بخەوم

ب ـ خەو ـ ین ← بخەوین

ب ـ خەو ـ یت ← بخەوێت

ب ـ خەو ـ ن ← بخەون

ب ـ خەو ـ ێت ← بخەوێت

ب ـ خەو ـ ن ← بخەون

**ب ـ شێوازی نەرێ ، لەم شێوازەدا :**

— نیشانەی ڕێژە (ب) هەڵدەگیرێ .
— ئامرازی (نە)ی دەخرێتەجێ .
— ڕەگی فرمان .
— ڕاناوی لکاوی لـ B ، وەك :

نە ـ شەل ـ م ← نەشەلم .
نە ـ شەل ـ ین ← نەشەلین .
نە ـ شەل ـ یت ← نەشەلیت .
نە ـ شەل ـ ن ← نەشەلن .
نە ـ شەل ێت ← نەشەلێت .
نە ـ شەل ـ ن ← نەشەلن .

لە شێوازی نەرێی ئەم دەمەدا دەتوانرێت تەنیا ئامرازی (ش) ی عەتف بەدوای ئامرازی (نە)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

---

(٨) ڕاناوە لکاوەکانی لـ B ئەمانەن :

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| ١ | م | ین |
| ٢ | ی ( یت ) ـ ە | ن |
| ٣ | ێ ( ێت ) ـ ت<br>ات ـ ا | ن |

نه ــ ش ــ کەو | م
---|---
 | ین
 | یت
 | ن
 | ێت
 | ن

**٢ ــ ڕێژەی سادەی دەمی ڕانەبوردووی تێپەڕی کارادیار :**

لەم دەمەدا دیسان ئامرازی (نــە)ی نەفی دەخرێتــەجێی نیشــانەی (ب)ڕێژە ، فرمانەکە لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شــێوازی نەرێ ، بەلآم :

١ ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە رستەکەدا باسکرابوو لە شــێوازی نەرێدا ، پەرتەکانیتری رستەکە وەهادەسازێن :

— **تەواوکەری فرمان**
— ئامرازی (نە)ی نەفی
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی ك B ، وەك :

هەویرەکە ــ نە ــ شیل | م
---|---
 | ین
 | یت
 | ن
 | ێت
 | ن

لەم بارەدا ، واتە لە شێوازی نەرێدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف
١ ــ بەدوای ئامرازی (نە)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

گەنمەکە ــ نە ــ ش ــ چێن | م
---|---
 | ین
 | یت
 | ن
 | ێت
 | ن

ب ــ بەدوای تەواوکەری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| زەوی‌یەکە ــ ش ــ نە ــ کێڵ | م<br>ین<br>یت<br>ن<br>ێت<br>ن |

بەڵام ئەگەر تەواوکەرەکە ، ڕاناوی لکاوی ك B بوو ، ئەوا ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ــ یان بەدوای ئامرازی (نە)ی نەفیدا دێت ، وەك :

نە ــ ش ــ م ــ ژمێر ــ یت ← نەشمژمێریت .

نە ــ ش ــ مان ــ ژمێر ــ ن ← نەشمان ژمێرن .

ب ــ یان بەدوای ڕاناوی ك A دا دێت ، وەك :

نە ــ ت ــ یش ــ خۆ ــ م ← نەتیشخۆم

نە ــ تان ــ یش ــخۆــین ← نەتانیشخۆین

٢ ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە ڕستەکەدا ناونەهێنرابوو ، پەرتەکانی‌تری فرمانەکە لەتەك ئامرازی (نە)ی نەفیدا وەها دەسازێن :

ــ ئامرازی (نە)ی نەفی

ــ ڕەگی فرمان

ــ ڕاناوی لکاوی ك B ، وەك :

نە ــ نووس ــ ێت ← نەنووسێت .

نە ــ نووس ــ ن ← نەنووسن .

لەم بارەدا دەتوانرێت تەنیا ئامرازی (ش)ی عەتف بە دوای ئامرازی (نە)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

نە ــ ش ــ پێو ــ یت ← نەشپێویت

نە ــ ش ــ پێو ــ ن ← نەشپێون

**٣ ــ ڕێژەی سادەی دەمی فرمانی ڕانەبوردووی کارانادیار :**

لەم دەمەشدا ئامرازی (نە) دەخرێتەجێی نیشانەی (ب)ی ئینشائی ،

فرمانەکە لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ ، وەك :

**١ ـ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ ، وەك :**

ب ـ سووتێنرێ ـ م ← بسووتێنرێم .
ب ـ سووتێنرێ ـ ین ← بسووتێنرێین .
ب ـ سووتێنرێ ـ یت ← بسووتێنرێیت .
ب ـ سووتێنرێ ـ ن ← بسووتێنرێن .
ب ـ سووتێنرێ ـ ێت ← بسووتێنرێت .
ب ـ سووتێنرێ ـ ن ← بسووتێنرێن .

**ب ـ وێنە بۆ شێوازی نەرێ ، وەك :**

| | |
|---|---|
| نە ـ شێوێنرێ | **م**<br>**ین**<br>**یت**<br>**ن**<br>**ێت**<br>**ن** |

لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف ، تەنیا بەدوای ئامرازی (نە)دا بهێنرێت ، وەك :

نە ـ ش ـ خەوێنرێ ـ ین ← نەشخەوێنرێن .
نە ـ ش ـ کێشرێ ـ م ← نەشکێشرێم .

**٤ ـ ڕێژەی ناسادە (داڕژاو)ی ڕانەبوردووی تێنەپەڕ :**

ا ـ شێوازی ئەرێی ئەم فرمانە لەرستەدا وەها پێكدێت :

— پێشگری فرمان
— نیشانەی ڕێژە(ب)
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی ك B ، وەك :

دابنیشم ـ دابنیشین
دابنیشیت ـ دابنیشن
دابنیشێت ـ دابنیشن

ب ـ شێوازی نەرێی ئەم فرمانە لە رستەدا وەهاپێكدێت :

— پێشگری فرمان
— ئامرازی (نە)ی نەفی لە جێی نیشانەی (ب)
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لكاوی ك A ، وەك :

| | |
|---|---|
| لە ئەسپەكە ـ دا ـ نە ـ بەز | م<br>ین<br>یت<br>ن<br>ێت<br>ن |

لەم بارەدا ، واتە لە شێوازی نەرێدا ، دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ـ بە دوای ئامرازی (نە)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

دا ـ نە ـ ش ـ نیش ـ م ← دانەشنیشم
دا ـ نە ـ ش ـ نیش ـ ین ← دانەشنیشین

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەكەدا بهێنرێت ، وەك :

هەڵ ـ یش ـ نە ـ فڕ ـ ێت ← هەڵیشنەفڕێت .
هەڵ ـ یش ـ نە ـ فڕ ـ ن ← هەڵیشنەفڕن .

**٥ ـ ڕێژەی ناسادە (داڕژاو)ی ڕانەبوردووی تێپەڕی كارادیار :**

لەم دەمەدا نیشانەی(ب) هەڵدەگیرێتو ئامرازی (نە)ی دەخرێتەجێ ، واتە ئامرازە نەفیەكە دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەكەو ڕەگەكەی . فرمانەكە لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدێت بۆ شێوازی نەرێ بەڵام :

ا ـ ئەگەر تەواوكەری فرمانەكە (ناو)بوو ، ئامرازی (نە)ی نەفی لەگەڵ پەرتەكانیتری ڕستەكەدا وەها دەسازێت :

— **تەواوكەر**
— **پێشگری فرمان**
— **ئامرازی (نە)ی نەفی**
— **ڕەگی فرمان**
— ڕاناوی لكاوی ك B ، وەك :

گوڵەکە ـ هەڵ ـ نە ـ وەڕێن | م
یِن
یت
ن
ێت
ن

لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی(ش)ی عەتف :

ا ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

گوڵەکە ـ هەڵ ـ یش ـ نە ـ وەڕێن ـ م .
مەڕەکە ـ دا ـ ش ـ نە بەست ـ ین .

ب ـ بەدوای ئامرازی نەفیەکەدا بهێنرێت ، وەك :

جلەکان ـ هەڵ ـ نە ـ ش ـ گڵۆف ـ یت .
جلەکان ـ هەڵ ـ نە ش ـ گڵۆف ـ ن .

ج ـ بەدوای تەواوکەری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

چراکە ـ ش ـ دانەگیرسێنم .
گوڵەکە ـ ش ـ هەڵنەوەرێنم .

٢ ـ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە راناوی لکاوی ك A ی بوو ، وە لە رستەدا باس‌کرابوو ئامرازە نەفیەکە لەتەك پەرتەکانی‌تری رستەکەدا لە شێوازی نەرێ‌دا وەهادەگونجێت :

— پێشگری فرمان
— ڕاناوی لکاوی ك A
— ئامرازی (نە) لە جێی نیشانەی (ب)
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی ك B ، وەك :

دا ـ ی ـ نە ـ گر ـ م ← دای‌نەگرم
دا ـ یان ـ نە ـ گر ـ ین ← دایان‌نەگرین
دا ـ ت ـ نە ـ گر ـ ێت ← دات‌نەگرێت
دا ـ تان ـ نە گر ـ ن ← داتان‌نەگرن
دا ـ م ـ نە ـ گر ـ یت ← دام‌نەگریت
دا ـ مان ـ نە ـ گر ـ ن ← دامان‌نەگرن

لەم بارەدا واتە لە شێوازی نەرێ‌دا ، دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ـ بەدوای ئامرازی (نە)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

دا ـ ی ـ نە ـ ش ـ خە ـ م ← دای‌نەش‌خەم .
دا ـ یان ـ نە ـ ش ـ خە ـ ین ← دایان‌نەش‌خەین .

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

دەر ـ یش ـ ت ـ نە ـ کە ـ م ← دەریشت‌نەکەم
دەر ـ یش ـ تان ـ نە ـ کە ـ ین ← دەریشتان‌نەکەین

ح ـ بەدوای راناوی لـ A دا بهێنرێت ، وەك :

هەڵ ـ م ـ یش ـ نە ـ مژ ـ ێت ← هەڵمیش‌نەمژێت
هەڵ ـ مان ـ یش ـ نە ـ مژ ـ ن ← هەڵمانیش‌نەمژن

٣ ـ ئەگەر تەواوکەری(٩) فرمانەکە لە رستەدا هەرناوی نەبرابوو ، ئەوا پەرتەکانی‌تری رستەکە وەها لەگەڵ ئامرازی (نە)دا دەگونجێن :

ـــ پێشگری فرمان
ـــ ئامرازی (نە)
ـــ ڕەگی فرمان
ـــ راناوی لکاوی لـ B ، وەك :

تێ ـ نە ـ گوش(١٠) | م
| ین
| یت
| ن
| ێت
| ن

لەم بارەشدا ، واتە لە شێوازی نەرێدا ، ئامرازی (ش)ی عەتف دەتوانرێت :

ا ـ بەدوای ئامرازی (نە)دا بهێنرێت ، وەك :
تێ ـ نە ـ ش ـ گوش ـ م ← تێ‌نەش‌گوشم
تێ ـ نە ـ ش ـ گوش ـ ین ← تێ‌نەش‌گوشین
ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

---

(٩) تەواوکەرەکە (ناو) بێت ، یان راناوی لکاوی لـ A .
(١٠) ـ گوش ـ ڕەگی فرمانی (گوشین)ە .

هەڵ ـ یش ـ ی ـ نە ـ مژ ـ ێت ← هەڵیشی‌نەمژێت

هەڵ ـ یش ـ یان ـ نە ـ مژ ـ ن ← هەڵیشیان‌نەمژن

**٦ ـ ڕێژەی ناسادە (داڕژاو)ی ڕانەبوردووی کاراناديار :**

لەم دەمەشدا نیشانەی ڕێژەی (ب) هەڵدەگیرێت‌و ئامرازی (نە)ی دەخرێتەجێ ، واتە ئامرازە نەفیەکە دەکەوێتە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی . فرمانەکە لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ ، وە ووشەکان لە رستەکەدا وەها پێکەوە دەسازێن :

— جێگری کارا ( ئەگەر باس‌کرابوو )
— پێشگری‌فرمان
— ئامرازی (نە) لە جێی نیشانەی (ب)
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی ك B ، وەك :

| | |
|---|---|
| هەڵ ـ نە ـ خلیسکێنرێ | م |
| | ین |
| | یت |
| | ن |
| | ێت |
| | ن |

لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ـ بەدوای ئامرازی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

دا ـ نە ـ ش ـ گیرسێنرێ ـ م ← دانەش‌گیرسێنرێم

دا ـ نە ـ ش ـ گیرسێنرێ ـ ین ← دانەش‌گیرسێنرێین

ب ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

هەڵ ـ یش ـ نە ـ کێشرێ ـ ت ← هەڵیش‌نەکێشرێت .

هەڵ ـ یش ـ نە ـ کێشرێ ـ ین ← هەڵیش‌نەکێشرێین .

ئامرازی (نە)ی نەفی جگە لەوەی ڕێژەکانی فرمانی ڕابوردووو رانەبوردووی پێ‌نەفی دەکرێت ، هەندێ لە پارچەکانی‌تری ئاخاوتنی پێ‌نەفی دەکرێت :

ا ـ ناوی پێ‌نەفی دەکرێت ، وەك :

— نەدارو نەپەردوو نەعلەت لە هەردوو(١١) .
— نەئەوەندە تاڵ بە فڕێت بدەن ،
نەئەوەندەش شیرین بە قوتت بدەن .
— نەبای دیوەو نە باران .
— نە بەبەرخی تێر شیرمخوارد ، نە بە کاووڕی تێرگیا .
— نەپێڵاوی تەنگ ، نەخانەی بەجەنگ .

٢ ـ ڕاناوی پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

— نەمن هاتم ، نەتۆ .
— نەئەمە هی منە ، نە ئەوە هی تۆیە .
— نەئێمە دارەکەمان ڕواند ، نە ئەوان .
— نە تۆ کوێخابەو نەمنیش گزیر .

٣ ـ ئاوەڵناوی پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

— خۆش نەخۆش
— گوڵێکم دەوێ ، نەسەوزو نەشین بنوێنێ .

٤ ـ چاوگی پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

هاتن نەهاتن
چاندن نەچاندن
کوژران نەکوژران

٥ ـ ڕەگی فرمانی پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

مر نەمر
بەز نەبەز
تێپەڕ تێنەپەڕ
ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر ( خۆخۆر ـ خۆنەخۆر ) .

★ ★ ★

---

(١١) ئەم پەندانە لە کتێبی ( پەندی پیشینان )ی مامۆستا خاڵەوە وەرگیراون .

## دووەم ـ ئامرازی ( نا )

ئامرازی ( نا ) له ئاخاوتندا فرمانی رانەبوردووی پێ لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ .

### ١ ـ ڕێژەی سادەی دەمی ڕانەبوردودی تێنەپەڕ :

لەم دەمەدا نیشانەی رێژەی ( دە ) هەڵدەگیرێتو ئامرازی ( نا ) ی نەفی دەخرێتەجێو لەتەك پەرتەكانیتری رستەكە لە شێوازی نەرێدا ، وەها دەگونجێن :

— ئامرازی ( نا ) ی نەفی لەجێی نیشانەی (دە) .
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی ك B دەخرێتە دوای ڕەگی فرمانەكەوە ، وەك :

### ا ـ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :

دەنووم — دەنووین
دەنوویت — دەنوون
دەنوێت — دەنوون

### ب ـ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :

نا — نوو — م ← نانووم
نا — نوو — ین ← نانووین
نا — نو — ێت ← نانوێت
نا — نوو — ن ← نانوون
نا —نوو — یت ← نانوویت
نا — نوو — ن ← نانوون

لەم بارەدا ، واته لە شێوازی نەفیدا دەتوانرێت ئامرازی ( ش ) ی عەتف بەدوای ئامرازی ( نا ) دا بهێنرێت ، وەك :

ناش گەڕێمەوە — ناش گەڕێینەوە
ناشگەڕێیتەوە — ناشگەڕێنەوە
ناشگەڕێیتەوە — ناشگەڕێنەوە

### ٢ ـ ڕێژەی سادەی دەمی ڕانەبوردووی تێپەڕی كارادیار :

دیسان لە م ڕێژەیەشدا ، نیشانەی ( دە ) هەڵدەگرینو ئامرازی ( نا ) ی نەفی دەخەینەجێو فرمانەكە لە شێوازی ئەرێوە ، دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ ، بەلأم :

١ ـ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە ( ناو ) بوو ، وە لە رستەکەدا باس‌کرابوو ، پەرتەکانی ئاخاوتنەکە لەگەڵ یەکتردا وەها دەگونجێن :

ـــ تەواوکەری فرمانەکە
ـــ ئامرازی ( نا ) ی نەفی لەجیێ نیشانەی ( دە )
ـــ ڕەگی فرمان
ـــ ڕاناوی لکـ B بەدوای ڕەگەکەدا ، وەك :

| | |
|---|---|
| بەرخەکە ـ نا ـ لەوەڕێن | م |
| | ین |
| | یت |
| | ن |
| | ێت |
| | ن |

لەم بارەدا ، واتە لە شێوازی نەرێدا ، ئامرازی ( ش ) ی عەتف دەتوانرێت :

١ ـ بەدوای ئامرازی ( نا ) ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

بەرخەکە ـ نا ـ ش ـ لەوەڕێن ـ م
بەرخەکە ـ نا ـ ش ـ لەوەڕێن ـ ین
ب ـ بەدوای تەواوکەری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :
بەرخەکە ـ ش ـ نا ـ لەوەڕێن ـ م
بەرخەکە ـ ش ـ نا ـ لەوەڕێن ـ ین

٢ ـ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە شێوازی نەرێدا ، ڕاناوی لکاوی لکـ A بوو ، ئامرازی ( نا ) ی نەفی لەتەك پەرتەکانی‌تری رستەکەدا وەهادەگونجێت :

ـــ ئامرازی ( نا ) ی نەفی لەجێی نیشانەی ( دە )
ـــ ڕاناوی لکاوی لکـ A
ـــ ڕەگی فرمان
ـــ ڕاناوی لکاوی لکـ B بەدوای ڕەگەکەدا ، وەك :

نا ـ ی ـ بین ـ م ← نای‌بینم .
نا ـ یان ـ بین ـ ین ← نایان‌بینین .
نا ـ ت ـ بین ـ ێت ← نات‌بینێت .
نا ـ تان ـ بین ـ ن ← ناتان‌بینن .

نا ــ م ــ بین ــ یت ← نام‌بینیت .
نا ــ مان ــ بین ــ ن ← نامان بینن .
لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی ( ش ) ی عەتف :

ا ــ بەدوای ئامرازی ( نا ) ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :
نا ــ ش ــ ی خواز ــ م ← ناشی‌خوازم
نا ــ ش ــ تان ــ خواز ــ ین ← ناشتان‌خوازین

ب ــ بەدوای ڕاناوی لـ A دا بهێنرێت ، وەك :
نا ــ م ــ یش ــ سڕ ــ ن ← نامیش سڕن
نا ــ مان ــ یش ــ سڕ ــێت ← نامانیش‌سڕێت .

٣ ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە شێوازی نەرێدا باس نەکرابوو ، ئەوا پەرتەکانی رستەکە وەها بەیەکەوە دەگونجێن :
— ئامرازی ( نا ) لەجێی نیشانەی ( دە )
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی لـ B بەدوای ڕەگی فرمانەکەدا ، وەك :

نا ــ کڕ ــ م ← ناکڕم
نا ــ کڕ ــ ین ← ناکڕین
نا ــ کڕ ــ یت ← ناکڕیت
نا ــ کڕ ــ ن ← ناکڕن
نا ــ کڕ ــ ێت ← ناکڕێت
نا ــ کڕ ــ ن ← ناکڕن

لەم بارەشدا دەتوانرێت ، تەنیا ئامرازی ( ش ) ی عەتف بەدوای ئامرازی ( نا ) ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

نا ــ ش ــ دڕێن ــ م ← ناش‌دڕێنم .
نا ــ ش ــ دڕێن ــ ین ← ناش‌دڕێنین .

**٣ ــ ڕێژەی سادەی دەمی رانەبوردووی کارانادیار :**

لەم دەمەدا ئامرازی (نا)ی نەفی دەخرێتەجێ نیشانەی ( دە ) ، فرمانەکەی لە شێوازی ئەرێوە پێ دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ :

**ا ــ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :**

پووشەکە دەسووتێنرێت .
مەڕەکە دەلەوەڕێنرێت .

**ب ــ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :**

پووشەکە ناسووتێنرێت .
مەڕەکە نالەوەڕێنرێت .
لە شێوازی نەرێدا ، ئامرازی (ش)ی عەتف دەتوانرێت :
ا ـ بەدوای ئامرازی (نا)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :
پووشەکە ـ نا ـ ش ـ سووتێنرێت .
مەڕەکە ـ نا ـ ش ـ لەوەڕێنرێت .
ب ـ بەدوای جێگری کارادا بهێنرێت ، وەك :
پووشەکە ـ ش ـ نا ـ سووتێنرێت .
مەڕەکە ـ ش ـ نا ـ لەوەڕێنرێت .

**٤ ـ ڕێژەی ناسادە ( داڕژاو )ی دەمی ڕانەبوردووی تێنەپەڕ :**

لەم دەمەدا ، نیشانەی ڕێژەی (دە) هەڵدەگیرێتو ئامرازی (نا)ی نەفی دەخرێتەجێ ، فرمانەکە لە شێوازی ئەرێوە ، دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ :

**ا ـ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :**

ڕا ـ دە ـ وەست | م، ین، یت، ن، ێت، ن

**ب ـ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :**

ڕا ـ نا ـ وەست | م، ین، یت، ن، ێت، ن

لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :
ا ـ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

دا ــ ش ــ نا ــ بەز ــ م ← داشنابەزم
دا ــ ش ــ نا ــ بەز ــ ین ← داشنابەزین

ب ــ بەدوای ئامرازی (نا)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

دا ــ نا ــ ش ــ بەز ــ یت ← داشنابەزیت
دا ــ نا ــ ش ــ بەز ــ ن ← داناشبەزن

**ه ــ ڕێژەی ناسادە (دارِژاو)ی رانەبوردووی تێپەڕی کارادیار :**

لەم دەمەشدا دیسان ئامرازی (نا)ی نەفی دەخرێتەجێی نیشانەی (دە) ، واتە ئامرازی (نا) دەخرێتە نێوان پێشگری فرمانەکەو ڕەگەکەی . فرمانەکە لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ :

ا ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە رستەدا باسکرابوو ، ئەوا پەرتەکانی رستەکە لە شێوازی نەرێدا وەهادەگونجێن :

ــ تەواوکەری فرمان .
ــ پێشگری فرمان .
ــ ئامرازی (نا)ی نەفی لەجێی نیشانەی (دە)
ــ ڕەگی فرمان
ــ ڕاناوی لکاوی ك B لەدوای ڕەگی فرمانەکەوە ، وەك :

| | |
|---|---|
| نەمامەکە ــ هەڵ ــ نا ــ کەن | م |
| | ین |
| | یت |
| | ن |
| | ێت |
| | ن |

لەم بارەدا ، واتە شێوازی نەرێدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ــ بەدوای تەواوکەری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

تەماتەکە ــ ش ــ هەڵ ــ نا ــ کەن ــ م
تەماتەکە ــ ش ــ هەڵ ــ نا ــ کەن ــ ین

ب ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

هەواکە ــ هەڵ ــ یش ــ نا ــ مژ ــ یت .
هەواکە ــ هەڵ ــ یش ــ نا ــ مژ ــ ن .

ج ــ بەدوای ئامرازی (نا)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

کاوورِەکە ــ دا ــ نا ــ ش ــ بەست ــ ێت
کاوورِەکە ــ دا ــ نا ــ ش ــ بەست ــ ن

٢ ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە ڕاناوی لـ A بوو ، ئامرازی (نا)ی نەفیو پەرتەکانیتری رستەکە لە شێوازی نەرێدا وەها دەگرنجێن :

— پێشگری فرمان
— ڕاناوی لکاوی لـ A
— ئامرازی (نا)ی نەفی لەجێی نیشانەی (دە)
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی لـ B ، وەك :

هەڵ ــ ی ــ نا ــ وەشێن ــ م ← هەڵیناوەشێنم .
هەڵ ــ یان ــ نا ــ وەشێن ــ ین ← هەڵیاناوەشێنین .
هەڵ ــ م ــ نا ــ وەشێن ــ یت ← هەڵمناوەشێنیت .
هەڵ ــ مان ــ نا ــ وەشێن ــ ن ← هەڵماناوەشێنن .
هەڵ ــ ت ــ نا ــ وەشێن ــ ێت ← هەڵتناوەشێنێت .
هەڵ ــ تان ــ نا ــ وەشێن ــ ن ← هەڵتاناوەشێنن .

لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ــ بەدوای ئامرازی (نا)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

وەر ــ ی ــ نا ــ ش ــ گر ــ م ← وەریناشگرم .
وەر ــ یان ــ نا ــ ش ــ گر ــ ین ← وەریاناشگرین .

ب بەدوای ڕاناوی لکاوی لـ A دا بهێنرێت ، وەك :

دا ــ م ــ یش ــ نا ــ مەزرێن ــ یت ← دامیشنامەزرێنیت .
دا ــ مان ــ یش ــ نا ــ مەزرێن ــ ن ← دامانیشنامەزرێنن .

٣ ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە رستەکەدا باسنەکرابوو ، ئەوا ئامرازی (نا)ی نەفی لەتەك پەرتەکانیتری رستەکەدا لە شێوازی نەرێدا ، وەهادەسازێن :

— پێشگری فرمان
— ئامرازی (نا)ی نەفی لەجێی نیشانەی (دە)
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی لـ B بەدوای ڕەگەکەدا ، وەك :

دەر ــ نا برِ ــ م ← دەرنابرِم

دەر ــ نا ــ بڕ ــ ین ← دەرنابڕین
دەر ــ نابڕ ــ یت ← دەرنابڕیت
دەر ــ نا ــ بڕ ــ ن ← دەرنابڕن
دەر ــ نا ــ بڕ ــ ێت ← دەرنابڕێت
دەر ــ نا ــ بڕ ــ ن ← دەرنابڕن

لەم بارەشدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ــ بەدوای ئامرازی (نا)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

دەر ــ نا ــ ش ــ بڕ ــ م ← دەرناشبڕم
دەر ــ نا ــ ش ــ بڕ ــ ین ← دەرناشبڕین

ب ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

دەر ــ یش ــ نا ــ بڕ ــ ێت ← دەریشنابڕێت
دەر ــ یش ــ نا ــ بڕ ــ ن ← دەریشنابڕن

## ٦ ــ ڕێژەی ناسادە (داڕژاو)ی ڕانەبوردووی کاراناديار :

لەم دەمەدا نیشانەی (دە) هەڵدەگیرێتو ئامرازی (نا)ی نەفی دەخرێتەجێ ، فرمانەکە لە شێوازی ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ :

### ا ــ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :

کۆڵەکە ــ هەڵ ــ دە ــ گیرێ(١٢) ــ ت
کەوەکە ــ دا ــ دە ــ گیرێ ــ ت

### ب ــ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :

کۆڵەکە ــ هەڵ ــ نا ــ گیرێ ــ ت
کەوەکە ــ دا ــ نا ــ گیرێ ــ ت
ئامرازی (ش) لە شێوازی نەرێدا دەتوانرێت :

ا ــ بەدوای ئامرازی (نا)ی نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

کۆڵەکە ــ هەڵ ــ نا ــ ش گیرێ ــ ت .
کەوەکە ــ دا ــ نا ــ ش ــ گیرێ ــ ت .

ب ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بێت ، وەك :

---

(١٢) « گی » ڕەگی فرمانی ( گیران ) ، وە ( ڕێ ) نیشانەی کاراناديارە لە دەمی ڕانەبوردوودا .

کەوەکە ـ دا ـ ش ـ نا ـ گیرێ ـ ت

ح ـ بەدوای جێگری کارادا بهێنرێت ، وەك :

کۆلەکە ـ ش ـ هەڵ ـ نا ـ گیرێ ـ ت

ئامرازی (نا)ی نەفی جگە لەوەی ڕێژەی دەمی فرمـانی ڕانەبوردووی سادەو ناسادەی پێ نەفی دەکرێت ، هەندێ پارچەکانی‌تری ئاخاوتنی پێ نەفی دەکرێت :

١ ـ ناوی پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| پیاو | ناپیاو |
| چار | ناچار |
| ڕەوا | ناڕەوا |

٢ ـ ئاوەڵناوی پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

| | |
|---|---|
| خۆش | ناخۆش |
| مەرد | نامەرد |
| بەدڵ | نابەدڵ |
| لەبار | نالەبار |
| بەجێ | نابەجێ |

## سێیەم ـ ئامرازی (مە)

ئامرازی (مە)ی نەهی لە ئاخاوتندا ڕێژەی داخوازی تێنەپەڕو تێپەڕی سادەو ناسادەی پێ نەهی دەکرێت‌و شێوازی فرمانەکە لە ئەرێوە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ :

ا ـ شێوازی ئەرێ : ڕۆژنامەکە بخوێنەرەوە .

ب ـ شێوازی نەرێ : ڕۆژنامەکە مەخوێنەرەوە .

ڕێژەکانی فرمانی داخوازیش ئەمانەن :

### ١ ـ ڕێژەی داخوازی تێنەپەڕی سادە :

لەم ڕێژەبەدا ، نیشـانەی (ب) هەڵدەگیرێت‌و ئامرازی (مـە)ی نـەهی دەخرێتەجێ‌و پەرتەکانی‌تر لەتەك ئامرازەکەدا وەها دەسازێن :

ــ ئامرازی (مە)ی نەهی لە جێی نیشانەی (ب)

ــ ڕەگی فرمان

— راناوی لکاوی ك B ، وەك :

( بفڕە ) مە — فڕ — ە ← مەفڕە
( بفڕن ) مە — فڕ — ن ← مەفڕن

لەم بارەدا ئامرازی (ش)ی عەتف دەتوانرێت بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا بهێنرێت ، وەك :

مە — ش — فڕ — ە ← مەشفڕە
مە — ش — فڕ — ن ← مەشفڕن

**٢ — ڕێژەی داخوازی تێپەڕی سادە :**

لەم دەمەشدا نیشانەی ڕێژەی (ب) هەڵدەگیرێتو ئامرازی (مە)ی نەهی دەخرێتەجێ ، بەڵام :

ا — ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە ئاخاوتنەکەدا دیاربوو ، پەرتەکانیتری ئاخاوتنەکە وەها لەتەك ئامرازە نەهیەکەدا دەگونجێن :

— تەواوکەری فرمانەکە
— ئامرازی (مە)ی نەهی
— راناوی لکاوی ك B ، وەك :

مەڕەکان — مە — کڕ — ە ← مەڕەکان مەکڕە
مەڕەکان — مە — کڕ — ن ← مەڕەکان مەکڕن

لەم بارەدا دەتوانرێت ئامرازی (مە)ی نەهی :

ا — بەدوای ئامرازی (ش)دا بهێنرێت ، وەك :

مەڕەکان — مە — ش — کڕ — ە ← مەڕەکان مەشکڕە .
مەڕەکان — مە — ش — کڕ — ن ← مەڕەکان مەشکڕن .

ب — بەدوای تەواوکەرەکەی فرماندا بهێنرێت ، وەك :

مەڕەکان — یش — مە — کڕ — ە ← مەڕەکانیش مەکڕە
مەڕەکان — یش — مە — کڕ — ن ← مەڕەکانیش مەکڕن

٢ — ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە راناوی لکاوی ك A بوو ، وە لە ئاخاوتنەکەدا ناوی هێنرابوو ، ئەوا ئامرازە نەهییەکە وەها لەتەك پەرتەکانیتری ئاخاوتنەکەدا دەگونجێت :

— ئامرازی (مە)ی نەهی
— ڕاناوی لکاوی ك A
— ڕەگی فرمان

— راناوی لکاوی ك B ، وەك :

مە ـ ی ـ ماڵ ـ ە ← مەیماڵە .
مە ـ یان ـ ماڵ ـ ن ← مەیانماڵن .
مە ـ م ـ نێر ـ ە ← مەمنێرە .
مە ـ مان ـ نێر ـ ن ← مەماننێرن .

لەم بارەدا دەتوانرێت ، ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ـ بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا بهێنرێت ، وەك :

مە ـ ش ـ ی ـ بڕ ـ ە ← مەشیبڕە
مە ـ ش ـ یان ـبڕ ـ ن ← مەشیانبڕن
مە ـ ش ـ م ـ گر ـ ە ← مەشمگرە
مە ـ ش ـ مان ـ گر ـ ن ← مەشمانگرن

ب ـ بەدوای ڕاناوی لکاوی ك A دا بهێنرێت ، وەك :

مە ـ ی شی ـ بڕ ـ ە ← مەیشیبڕە .
مە ـ یان ـ یش ـ پاڵێو ـ ن ← مەیانیشپاڵێون .
مە ـ م یش ـ نووس ـ ە ← مەمیشنووسە .
مە ـ مان یش ـ نووس ـ ن ← مەمانیشنووسن .

٣ ـ ئەگەر هیچ تەواوکەرێکی فرمانەکە لە رستەدا ناونەهێنرابوو ، ئەو دەمە ئامرازی (مە) وەها لە ئاخاوتنەکەدا دەربڕێت :

— ئامرازی (مە)ی نەهی
— ڕەگی فرمان
— راناوی لکاوی ك B ، وەك :

مە ـ سڕ ـ ە ← مەسڕە
مە ـ سڕ ـ ن ← مەسڕن

لەم بارەدا ، دەتوانرێت ، ئامرازی (ش)ی عەتف تەنیا هەر بەدوای ئامرازی (مە)ی عەتفدا بهێنرێت ، وەك :

مە ـ ش ـ دڕێن ـ ە ← مەشدڕێنە
مە ـ ش ـ دڕێن ـ ن ← مەشدڕێنن

## ٣ ـ ڕێژەی داخوازی تێنەپەڕی ناسادە (داڕژاو) :

لەم دەمەشدا دیسان نیشانەی ڕێژەی (ب) هەڵدەگیرێتو ئامرازی (مە)ی نەهی دەخرێتەجێ ، واتە دەخرێتە نیوان پێشگرەکەو ڕەگی فرمانەکە .

پەرتەکانی ئاخاوتنەکەش وەها دەگونجێن :

— پێشگری فرمانەکە
— ئامرازی (مە)ی نەهی
— راناوی لکاوی ك B ، وەك :

دا ــ مە ــ نیش ــ ە ← دامەنیشە
دا ــ مە ــ نیش ــ ن ← دامەنیشن

لەم بارەدا دەتوانرێت ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ــ بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا بهێنرێت ، وەك :

دا ــ مە ــ ش ــ نیش ــ ە ← دامەشنیشە
دا ــ مە ــ ش ــ نیش ــ ن ← دامەشنیشن

ب ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

دا ــ ش ــ مە ــ نیش ــ ە ← داشمەنیشە
دا ــ ش ــ مە ــ نیش ــ ن ← داشمەنیشن

**٤ ــ رێژەی داخوازی تێپەڕی ناسادە ( دارژاو ) :**

لەم دەمەشدا دیسان ئامرازی (مە)ی نەهی دەخرێتە جێی نیشانەی (ب) لە بەرایی ڕەگی فرمانەکەدا ، بەڵام :

ا ــ ئەگەر تەواوکەری(١٣) فرمانەکە لە رستەکەدا دیاربوو ، ئامرازی (مە)ی نەهی لەتەك پەرتەکانیتری ئاخاوتنەکەدا وەها دەگونجێت :

— تەواوکەری فرمانەکە
— پێشگری فرمان
— ئامرازی (مە)ی نەهی
— ڕەگی فرمان
— راناوی لکاوی ك B ، وەك :

چراکە ــ دا ــ مە ــ گیرسێن ــ ن ← چراکە دامەگیرسێنن
چراکە ــ دا ــ مە ــ ش ــ گیرسێن ــ ن ← چراکە دامەشگیرسێنن

لەم بارەدا ئامرازی (ش)ی عەتف دەتوانرێت :

ا ــ بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا بهێنرێت ، وەك :

چراکە ــ دا ــ مە ــ ش ــ گیرسێن ــ ە ← چراکە دامەشگیرسێنە
چراکە ــ دا ــ مە ــ ش ــ گیرسێن ــ ن ← چراکە دامەشگیرسێنن

---

(١٣) دەشێت ناو یان راناوی جوێ ، یان ئاوەڵکار ... بێت .

ب ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

چراکە ــ دا ــ ش ــ مە ــ گیرسێن ــە ← چراکە داشمەگیرسێنە
چراکە ــ دا ــ ش ــ مە ــ گیرسێن ــ ن ← چراکە داشمەگیرسێنن

ح ــ بەدوای تەواوکەری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

چراکە ــ ش ــ دا ــ مە ــ گیرسێن ــ ە ← چراکەش دامەگیرسێنە
چراکە ــ ش ــ دا ــ مە ــ گیرسێن ــ ە ← چراکەش دامەگیرسێنن

٢ ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە ڕاناوی لکاوی ك A بوو ، ئەوسا ئامرازە نەهیەکە لە رستەکەدا وەها لەتەك پەرتەکانی‌تردا دەسازێت :

— پێشگری فرمان
— راناوی لکاوی ك A
— ئامرازی (مە)ی نەهی
— ڕەگی فرمان
— ڕاناوی لکاوی ك B ، وەك :

را ــ ی ــ مە ــ وەشێن ــ ە ← رایمەوەشێنە
را ــ یان ــ مە ــ وەشێن ــ ن ← رایانمەوەشێنن
را ــ مان ــ مە ــ وەشێن ــ ن ← رامانمەوەشێنن

دەتوانرێت لەم بارەدا ئامرازی (ش)ی عەتف :

ا ــ بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا بهێنرێت ، وەك :

هەڵ ــ ی ــ مە ــ ش ــ پێچ ــ ە ← هەڵیمەشپێچە
هەڵ ــ یان ــ مە ــ ش ــ پێچ ــ ن ← هەڵیانمەشپێچن
هەڵ ــ م ــ مە ــ ش ــ پێچ ــ ە ← هەڵمەشپێچە
هەڵ ــ مان ــ مە ــ ش ــ پێچ ــ ن ← هەڵمانیش مەپێچن

ب ــ بەدوای ڕاناوی لکاوی ك A دا بهێنرێت ، وەك :

هەڵ ــ ی شی ــ مە ــ پێچ ــ ە ← هەڵیشیمەپێچە
هەڵ ــ یان ــ یش ــ مە ــ پێچ ــ ن ← هەڵیانیشمەپێچن
هەڵ ــ م ــ یش ــ مە ــ پێچ ــ ە ← هەڵمیشمەپێچە
هەڵ ــ مان ــ یش ــ مە ــ پێچ ــ ن ← هەڵمانیشمەپێچن

ح ــ بەدوای پێشگری فرمانەکەدا بهێنرێت ، وەك :

هەڵ ــ یش ــ ی ــ مە ــ پێچ ــ ە ← هەڵیشیمەپێچە

هەڵ ــ یش ــ یان ــ مە ــ پێچ ــ ن ← هەڵیشیانمەپێچن
هەڵ ــ یش ــ م ــ مە ــ پێچ ــ ە ← هەڵیشممەپێچە
هەڵ ــ یش ــ مان ــ مە ــ پێچ ــ ن ← هەڵیشمانمەپێچن .

٣ ــ ئەگەر هیچ تەواوکەرێکی فرمانەکە لە رستەدا ناو نەهێنرابوو ، ئەو دەمە ئامرازی (مە)ی نەهی وەها لەگەڵ پەرتەکانی تری رستەکەدا دەسازێت :

- پێشگری فرمان
- ئامرازی ( مە ) ی نەهی
- ڕەگی فرمان
- راناوی لکاوی ك B وەك :

وەر ــ مە گر ــ ە ← وەرمەگرە
وەر ــ مە گر ــ ن ← وەرمەگرن

لەم بارەشدا ئامرازی ( ش ) ی عەتف دەتوانرێت :

ا ــ بەدوای ئامرازی ( مە ) ی نەهیدا بهێنرێت ، وەك :

وەر ــ مە ــ ش ــ گر ــ ە ← وەرمەش گرە
وەر ــ مە ش ــ گر ــ ن ← وەرمەش گرن

ب ــ بەدوای پێشگری فرماندا بهێنرێت ، وەك :

وەر ــ یش ــ مە ــ گر ــ ە ← وەریشمەگرە
وەر ــ یش ــ مە گر ــ ن ← وەریشمەگرن

## چوارەم ــ ئامرازی ( نی )

ئەم ئامرازە لە ئاخاوتنی کوردیدا . .

یەکەم ــ فرمانی ( بوون ) ی ناتەواوی لە دەمی ئێستای ئیخباریدا ، پێ نەفی دەکرێت ، وەك :

**ا ــ وێنە بۆ شێوازی ئەرێ :**

من باخەوانم . ( م )(١٤)

---

(١٤) راناوەلکاوەکانی ك B ( م ــ ین ، یت ــ ن ، . . . ــ ن ) لێرەدا دەوری فرمانی بوونی سواو یان سووككراو ، دەبینن .

ئێمە باخەوانین . ( ین )
تۆ باخەوانیت . ( یت )
ئێوە باخەوانن . ( ن )
ئەو باخەوانە . ( ە )(١٥)
ئەوان باخەوانن . ( ن )

**ب ـ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :**

من باخەوان نیم ( نی ـ م )
ئێمە باخەوان نین ( نی ـ ین )
تۆ باخەوان نیت ( نی ـ ت )
ئێوە باخەوان نین ( نی ـ ن )
ئەو باخەوان نی‌یە ( نی ـ ی ـ ە )
ئەوان باخەوان نین ( نی ـ ن )

ئامرازی ( ش ) ی عەتف لەم رستە نەرێیانەدا دەتوانرێت :

ا ـ بەدوای ئامرازی ( نی ) نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

من باخەوان ـ نی ـ ش ـ م ← من باخەوان نیشم .
ئێمە باخەوان ـ نی ـ ش ـ ین ← ئێمە باخەوان نیشین .
تۆ باخەوان ـ نی ـ ش ـ یت ← تۆ باخەوان نیشیت .
ئێوە باخەوان ـ نی ـ ش ـ ن ← ئێوە باخەوان نیشن .
ئەو باخەوان ـ نی ـ ش ـ ە ← ئەو باخەوان نیشە .
ئەوان باخەوان ـ نی ـ ش ـ ن ← ئەوان باخەوان نیشن .

ب ـ بەدوای تەواوکەری فرمانی ( بوون ) ی ناتەواودا بهێنرێت ، وەك :
من باخەوانیش نیم .

ئێمە باخەوانیش نین ..

جـ ـ بەدوای کارای فرمانی ( بوون ) ی ناتەواودا بهێنرێت ، وەك :
منیش باخەوان‌نیم
ئێمەش باخەوان نین ...
دووەم ـ فرمانی ( هەبوون ) ی لـە دەمی‌ئێستادا پێ نەفی دەکرێت ،

---

(١٥) بەڵام ( ە ) فرمانی بوونی ناتەواوی سواوە ، هەرچەند هەنـدێ کێشە لەسەر ئەم دوو رایە هەیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە ، لەم بارەیەوە ووتارێکم ئامادەکردووە ـ ئەگەر بۆم لوا لە دەرفەتێکدا بڵاوی دەمەکەوە .

وەك : شێوازی ئەریّ : من خانووم هەیە .

شێوازی نەریّ : من خانووم نی‌یە . بەلاّم :

ا ــ ئەگەر تەواوکەری فرمانەکە لە رستەدا ناوی‌هێنرابوو ، راناوی لکاوی ك A یەکسەر بەدوای تەواوکەرەکەدا دێت لـە شێوازی ئەریّو نەریّدا :

**ا ــ وێنە بۆ شێوازی ئەریّ :**

| | | |
|---|---|---|
| کار | م<br>مان<br>ت<br>تان<br>ی<br>یان | هەیە . |

لەم بارەدا ئامرازی ( ش ) دەتوانێت :

ا ــ بەدوای راناوی لکاوی ك A دا بێت ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| کەوا | م<br>مان<br>ت<br>تان<br>ی<br>یان | یش ــ هەیە(١٦) . |

ب ــ بەدوا تەواوکەرەکەدا بێت ، وەك :

---

(١٦) تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا دەبێت رستـەکە وەهابخوێنرێتـەوە : ( کەوایشی هەیە ) یان ( کەواشی هەیە )

| | | |
|---|---|---|
| کەوا ــ ش | **م** | |
| | **مان** | |
| | **ت** | |
| | **تان** | |
| | **ی** | |
| | **یان** | هەیە . |

**٢ ــ وێنە بۆ شێوازی نەرێ :**

لەم بارەدا بێژەی ( هە ) هەڵدەگیرێت و ئامرازی ( نی )نەفی دەخرێتەجێ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| گوڵ | م | |
| | مان | |
| | **ت** | |
| | تان | |
| | **ی** | |
| | یان | لە باخەکەدا ــ نی‌یە . |

لەم شێوازەدا ئامرازی ( ش ) دەتوانێت :

١ ــ بەدوای راناوی لکاوی لە A دا بێت ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| گوڵ | **م** | |
| | مان | |
| | ت | |
| | **تان** | |
| | ی | |
| | یان | ــ یش لە باخەکەدا نی‌یە . |

ب ــ بەدوای تەواوکەرەکەدا بێت ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| گوڵ ــ یش | م | |
| | **مان** | |
| | **ت** | |
| | تان | |
| | **ی** | |
| | **یان** | لە باخەکەدا ــ نی‌یە . |

٢ ـ ئەگەر تەواوکەری فرمانی ( هەبوون ) لە ڕستەدا باس(١٧) نەکرابوو ، ئەوا :

١ ـ لە شێوازی ئەرێدا ، ڕاناوی لکـ A بەدوای بێژەی ( هە ) دا دێت ، وەک :

| | | |
|---|---|---|
| هە | یان | |
| | م | |
| | مان | |
| | ت | |
| | تان | |
| | ی | ە . |

لەم بارەدا دەتوانرێ ئامرازی ( ش ) :

ا ـ بەدوای ڕاناوی لکـ A دا بهێنرێت ، وەک :

| | | |
|---|---|---|
| هە | م | |
| | مان | |
| | ت | |
| | تان | |
| | ی | |
| | یان | یش ـ ە(١٨) |

ب ـ بەدوای بێژەی ( هە ) دا بهێنرێت ، وەک :

| | | |
|---|---|---|
| هە ـ ش | یان | |
| | م | |
| | مان | |
| | ت | |
| | تان | |
| | ی | ە . |

(١٧) لە کەسی سێیەمی تاکدا ( تی ) دەخرێتە سەر بێژەی ( ە ) و ڕستەکە وەها دەخوێنرێتەوە :
هە ـ ی ـ ە ـ تی ← هەیەتی

(١٨) ڕستەی یەکەم وەها دەخوێنرێتەوە :
هە ـ م ـ یش ـ ە ← هەمیشە

٢ ــ له شێوازی نەرێدا ، ئامرازی ( نی ) نەفی جێی بێژەی ( هە ) دەگرێت ، وەك :

| | | |
|---|---|---|
| نی | م | |
| | مان | |
| | ت | |
| | تان | |
| | ی | |
| | یان | ە . |

لەم بارەشدا دەتوانرێت تەنیا ئامرازی ( ش ) ی عەتف بەدوای ئامرازی ( نی ) نەفیدا بهێنرێت ، وەك :

نی ــ ش ــ م ــ ە ← نیشمە
نی ــ ش ــ مان ــ ە ← نیشمانە
نی ــ ش ــ ت ــ ە ← نیشتە(١٩)
نی ــ ش ــ تان ــ ە ← نیشتانە
نی ــ ش ــ ی ــ ە ← نیشیە
نی ــ ش ــ یان ــ ە ← نیشیانە

## پێنجەم ـ ئامرازی ( بێ )

ئەم ئامرازە هەندێ لە پارچەکانی‌تری ئاخاوتنی زمانی کوردی پێ نەفی دەکرێت جگە لە دەمەکانی فرمان ، وەك گۆران دەڵێ :

تووله رێی باریك ، تووناوتوون پشکن
رێبوار دەخانە ـ ئەندێشەی ( بێ‌بن )
هەروەها :

بێ گیان ( بێ ــ گیان )
بێ‌کەس ( بێ ــ کەس )
بێ‌هێز ( ــ هێز )
بێ‌پێت ( بێ ــ پیت )
بێ‌وەی ( بێ ــ وەی )

---

(١٩) له کەسی سێیەمی تاکدا پاشگری ( ەتی ) لێ زیاد دەکرێت .

بێ‌ترس‌ولەرز ( بێ ــ ترس ولەرز )
بێ‌بار ( بێ ــ بار )
بەبێ(٢٠) ( بە ــ بێ )

★ ★ ★

## یاساکانی شێوازی نەرێ

## یەکەم ــ ئامرازی ( نە )

ئامرازی ( نە ) ی نەفی لە ئاخاوتنی کوردیدا ، ئەم ڕێژانەی فرمانی پێ نەفی دەکرێت ، واتە لە شێوازی ئەرێوە پێ دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی نەرێ :

١ ــ ڕێژەی هەموو دەمەکاتی فرمانی ڕابوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەی کارادیارو(٢١) کارانادیار(٢٢) کە ئەمانەن :

**ا ــ ڕێژەی دەمی ڕووتی سادەو ناسادە .**

**ب ــ ڕێژەی دەمی تەواوی سادەو ناسادە .**

**ج ــ ڕێژەی دەمی دووری سادەو ناسادە .**

**د ــ ڕێژەی دەمی بەردەوام ( ئیستیمراری ) ی سادە و ناسادە .**

٢ ــ ڕێژەی هەموو دەمەکانی فرمانی ڕابوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەی کارادیارو کارانادیار ، کە ئەمانەن :

**ا ــ ڕێژەی دەمی ناتەواوی سادەو ناسادە .**

---

(٢٠) ئامرازی ( بەبێ ) ئامرازی پەیوەندی ناسادەیە ، وەك :

**ئەگەر ( بەبێ ) تۆ سەر لە سەرین گەم**
**لە نیوەشەودا دەست بە ناڵین کەم**

---

(٢١) کارادیار : مبنی للمعلوم

(٢٢) کارانادیار : منبی للمجهول

**ب – ڕێژەی دەمی دووری سادەو ناسادە .**

**ج – ڕێژەی دەمی لێکدراوی سادەو ناسادە .**

٣ – ڕێژەی دەمی فرمانی ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەی کارادیارو کاراتادیار .

٤ – نیشانەی ڕێژەی (ب) لە کاتی نەفیدا ، دەبێت لە فرمانی ڕابوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادە هەڵبگیرێت ، هەروەها لە فرمانی ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادە .

٥ – ئامرازی (نە)ی نەفی :

ا – لە ڕێژەی هەموو دەمەکانی ڕابوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەی کارادیارو کاراتادیار(٢٣) ، دەخرێتە بەرایی قەدی فرمانەکان .

ب – لە ڕێژەی فرمانی ڕانەبوردووی سادەو ناسادەی کارادیارو کاراتادیاری تێپەڕو تێنەپەڕدا دەخرێتە بەرایی ڕەگی فرمانەوە .

٦ – لە ئاخاوتندا چی بە دوای ئامرازی (نە)دا دێت ؟

**ا – ڕاناوی لکاوی ك A لە شێوازی نەرێدا :**

ئەم ڕاناوانە ئەگەر هیچ تەواوکەرێکی فرمانەکە لە ڕستەدا باس نەکرابوو دەتوانن یەکەیەکەو هەم دوو دوو بەدوای یەکتردا بێن لەم ڕێژانەدا :

١ – لە ڕێژەی سادەی دەمەڕابوردووەکانی تێپەڕی کارادیاردا دەکەونە دوای ئامرازی نەفیەوە(٢٤) .

٢ – لە ڕێژەی ناسادەی دەمەڕابوردووەکانی تێپەڕی کارادیاردا دەکەونە دوای پێشگری فرمانە نەفی کراوەکەوە .

٣ – لە ڕێژەی دەمی ڕانەبوردووی سادەی تێپەڕی کارادیاردا دەکەونە دوای ئامرازی نەفیەوە(٢٥) .

---

(٢٣) نە – م – چاند ← نەمچاند .

(٢٤) دا – م – نە – چاند ← دامنەچاند .

٤ ــ لە ڕێژەی دەمی ڕانەبوردووی ناسادەی تێپەڕی کارادیار دەکەوونە دوای پێشگری فرمانە نەفیکراوەکەوە(٢٦) .

٥ ــ لە ڕێژەی دەمەکانی فرمانی ڕابوردووی تێپەڕی کارادیاری سادەدا دەلوێ دوو ڕاناوی لکاو بەیەکەوە بە دوای ئامرازە نەفیەکەدا بێن(٢٧) .

٦ ــ لە ڕێژەی دەمەکانی فرمانی رابوردووی تێپەڕی ناسادەدا دەلوێ دوو ڕاناوی لکاو بەیەکەوە بەدوای پێشگری فرمانە نەفیکراوەکەدا بێن(٢٨) .

**ب ــ ئامرازی (ش)ی عەتف :**

ئەم ئامرازە لە ئاخاوتندا دەتوانێت بە تەنیا بەدوای ئامرازی (نە)ی نەفی یان پێشگری فرماندا بێت ، یان بکەوێتە پێشی راناوی لکاوەوە ، یان پاشی ، وەیا نێوان دوو ڕاناوی لکاوەوە وەك لەم ڕێژە نەفی کراوانەدا دەردەکەوێت :

١ ــ لە رێژەی سادەی دەمەڕابوردووەکانی تێپەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کاراناديار بە تەنیا بکەوێتە دوای ئامرازی (نە)ی نەفیەوە(٢٩) .

٢ ــ لە رێژەی ناسادەی دەمەڕابوردووەکانی تێپەڕو تێنەپەڕی کارادیارو کارانادياردا بە تەنیا بکەوێتە دوای پێشگری فرمانە نەفیکراوەکەوە(٣٠) .

٣ ــ لە ڕێژەی سادەی دەمی رانەبوردووی تێنەپەڕو تێپەڕدا بە تەنیا بکەوێتە دوای ئامرازی (نە)ی نەفیەوە(٣١) .

٤ ــ لە ڕێژەی ناسادەی دەمی ڕانەبوردووی تێنەپەڕو تێپەڕی کارادیارو کارا نادیاردا بە تەنیا بکەوێتە دوای پێشگری فرمانە نەفیکراوەکەوە(٣٢) .

٥ ــ لەگەڵ ڕاناوی لکاوی ك A دا دەتوانێت :

١ ــ بەدوای رێژەی دەمەرابووردووەکانی تێپەڕی سادەی کارادیاردا بێت ، یان پێش ڕاناوەکە یان پاش ڕاناوەکە بکەوێت(٣٣) .

---

(٢٥) نە ــ ی ــ گر ــ م ← نەیگرم .
(٢٦) هەڵ ــ یان ــ نە ــ گر ــ ین ← هەڵیاننەگرین .
(٢٧) نە ــ م ــ ت ــ خوارد ← نەمتخوارد .
(٢٨) دا ــ ت ــ ی ــ نە ــ گرت ← داتینەگرت .
(٢٩) نەشچوو ــ نەشخواست ــ نەشکولێنرا .
(٣٠) هەڵیشنەتوتابوو ــ داشنەچاندبوو ــ وەریشنەگیرا .
(٣١) نەشکەوم ــ نەشچێنم .
(٣٢) ڕۆشنەچووم ــ هەڵیشنەچنم ــ داشنەماڵرێم .

ب ــ بەدوای پێشگری ڕێژەی دەمەکانی ڕابوردووی تێپەڕی ناسادەی کارادیاردا بێت . یان پێش ڕاناوەکە ، یان دوای بکەوێت(٣٤) .

حـ ــ بەدوای ڕێژەی سادەی دەمی ڕانەبوردووی تێپەڕی کارادیاردا بێت و بکەوێتە دوای ئامرازی (نە)ی نەفی‌یەوە ، یان پێش ڕاناوەکە دەکەوێت ، یان دوای(٣٥) .

د ــ بەدوای پێشگری ڕێژەی ناسادەی دەمی ڕانەبوردووی تێپەڕی کارادیاردا بێت ، یان پێش ڕاناوەکە ، یان دوای بکەوێت(٣٦) .

هـ ــ ئامرازی (ش) دەتوانێت بکەوێتە نێوان دوو ڕاناوی لکاوی ك A وە(٣٧) .

٧ ــ ئامرازی (نە)ی نەفی هەندێ لە پارچەکانی‌تری ئاخاوتنی پێ نەفی دەکرێت .

## دووەم ــ ئامرازی (نا)ی نەفی

ئامرازی (نا)ی نەفی لە ئاخاوتنی کوردی‌دا :

١ ــ ڕێژەی فرمانی ڕانەبوردووی تێپەڕی سادەو ناسادەی کارادیارو کاراناديارى لە شێوازی ئەرێوە پێ دەخرێتە سەر شێوازی نەرێ .

٢ ــ نیشانەی ڕێژەی (دە) لە کاتی نەفیدا هەڵدەگیرێت .

٣ ــ ئامرازی (نا)ی نەفی لە ڕێژەی فرمانی ڕانەبوردووی سادەو ناسادەدا ، دەخرێتە بەرایی ڕەگی فرمانەوە .

**٤ ــ ئامرازی (نا)و ڕاناوی لکاوی ك A .**

ا ــ لە ڕێژەی ڕانەبوردووی تێپەڕی سادەدا ، ڕاناوی لکاوی ك A

---

(٣٣) نەشم‌چاند ــ نەمیش‌چاند .
(٣٤) داشت‌نەچاند ــ دامیش‌نەچاند .
(٣٥) نەشت‌خۆم ــ نەتیش‌خۆم .
(٣٦) هەڵیشت‌نەگرم ــ هەڵتیش نەگرم
(٣٧) ــ نەمیشت‌خوارد ( نە ــ م ــ یش ــ ت ــ خوارد )
ــ هەڵمیشت‌نەگرت ( هەڵ ــ م ــ یش ــ ت ــ نە ــ گرت )

بەدوای ئامرازی (نا)دا دێت(٣٨) .

ب ــ لە ڕێژەی ڕانەبوردووی تێپەڕی ناسادەدا ، ڕاناوی لکاوی کۆ A بەدوای پێشگری فرمانە نەفیکراوەکەدا دێت(٣٩) .

٥ ــ **ئامرازی(نا)و ئامرازی (ش)ی عەتف :**

ا ــ لە ڕێژەی ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەدا ، ئامرازی (ش) لە شێوازی نەرێدا دەخرێتە دوای ئامرازی ( نا )وە (٤٠) .

ب ــ لە ڕێژەی ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕی ناسادەدا ، ئامرازی (ش) لە شێوازی نەرێدا دەخرێتە دوای پێشگری فرمانەکە نەک ئامرازە نەفییەکە(٤١) .

٦ ــ **ئامرازی (ش) ی عەتف وڕاناوی لکاوی کۆ A :**

لە شێوازی نەرێدا ئەگەر ئامرازی (ش)ی عەتفو ڕاناوی لکاوی کۆ بەدوای ئامرازی (نا) ، یان پێشگری فرماندا هاتن ، وەها دەسازێن :

ا ــ لە فرمانی ڕانەبوردووی تێپەڕی کارادیاری سادەدا ئامرازی (ش)ی عەتفو ڕاناوی لکاوی کۆ A دەتوانن پێکەوە بێنو بکەونە دوای ئامرازی (نا)ی نەفیبەوە ، دەشتوانن پاشو پێش بکەوون لە هاتنەکەیاندا(٤٢) .

ب ــ لە فرمانی ڕانەبوردووی تێپەڕی کارادیاری ناسادەدا ، ئامرازی (ش)ی عەتفو ڕاناوی لکاوی کۆ A دەتوانن پێکەوە بێنو بکەونە دوای پێشگری فرمانە نەفیکراوەکە نەک ئامرازە نەفییەکەو دەشتوانن دیسان پاشو پێش بکەوون(٤٣) .

٧ ــ هەندێ لە پارچەکانی تری ئاخاوتنی پێ نەفی دەکرێت .

---

(٣٨) نا ــ ی ــ کڕ ــ م ← نایکڕم .
(٣٩) دا ــ ت ــ نا ــ گر ــ م ← داتناگرم .
(٤٠) نا ــ ش ــ نووس ــ ین ← ناشنووسین . ( تێپەڕ ) .
نا ــ ش ــ چ ــ م ← ناشچم . ( تێنەپەڕ ) .
(٤١) تێشناگەم ــ داشناخەین .
(٤٢) ناشتنووسم ــ ناتیشنووسم .
(٤٣) لێشتنائالۆزێنم ــ لێتیشنائالۆزێنم .

## سێیەم ـ ئامرازی (مە)

ئامرازی (مە)ی نەهی لە ئاخاوتندا :

١ ـ ڕێژەی فرمانی داخوازی تێپەڕو تێنەپەڕی سادەو ناسادەی پێ نەفی دەکرێت .

٢ ـ نیشانەی ڕێژەی (ب) لە فرمانی سادەو ناسادەدا هەڵدەگیرێت .

٣ ـ لە فرمانی سادەو ناسادەدا ئامرازە نەهیەکە دەخرێتە بەرایی ڕەگی فرمانەکە .

٤ ـ ڕاناوی لکاوی ك A لە فرمانی سادەی نەرێدا بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا دێت ، بەڵام لە فرمانی ناسادەی نەرێدا بەدوای پێشگری فرمانەکەدا دێت(٤٤) .

٥ ـ ئامرازی (ش)ی عەتف لە فرمانی سادەی نەرێدا بەدوای ئامرازی (مە)ی نەهیدا دێت ، بەڵام لە فرمانی ناسادەی نەرێدا بەدوای پێشگری فرمانەکەدا دێت(٤٥) .

٦ـ ڕاناوی لکاوی ك A و ئامرازی (ش)ی عەتف دەتوانن هەردووکیان پێکەوە بەدوای ئامرازی (مە)دا بێن لە فرمانی سادەی نەرێدا ، بەڵام لە ناسادەی نەرێدا بەدوای پێشگری فرمانەکەدا دێن نەك ئامرازە نەهیەکە(٤٦) .

---

(٤٤) وەك :
سادە : مە ـ م ـ نووس ـ ە ← مەمنووسە .
ناسادە : دا ـ م ـ گر ـ ن ← دامگرن .

(٤٥) وەك :
سادە : مە ـ ش ـ نووس ـ ە ← مەشنووسە .
ناسادە : دا ـ ش ـ مە ـ گر ـ ن ← داشمەگرن .

(٤٦) وەك :
ا ـ سادە : مە ـ ش ـ م ـ نووس ـ ە ← مەشمنووسە .
مە ـ م ـ یش ـ نووس ـ ن ← مەمیشنووسن .
ب ـ ناسادە : دا ـ ش ـ م ـ مە ـ گر ـ ە ← داشممەگرە .
دا ـ م ـ یش ـ مە ـ گر ـ ن ← دامیشمەگرن .

## چوارەم ـ ئامرازی (نی)

ئامرازی (نی) لە ئاخاوتندا :

١ ـ فرمانی (بوون)ی ناتەواوی لە دەمی ئێستادا ، پێ نەفی دەکرێتو ئامرازی (ش)ی عەتفیش بەدوای تەواوکەرەکەیدا دێت .

٢ ـ فرمانی( هەبوون)ی لە دەمی ئێستادا پێ نەفی دەکرێت ، بەڵام :
١ ـ بەشی یەکەمی فرمانەکە (هـە) هەڵدەگیرێتو ئامرازی (نی) دەخرێتەجێ .

٢ ـ دەتوانرێت بەدوای ئامرازی (نی) نەفیدا :

ا ـ راناوی لکاوی ك A بهێنرێت . (نیمه) .
ب ـ ئامرازی (ش)ی عەتف بهێنرێت . (نیشه) .
حـ ـ ڕاناوی لکاوی ك A وئامرازی (ش) عەتف پێکەوە بەدوای ئامرازی (نی) نەفیدا بهێنرێن (نیشمه) .

★ ★ ★

## پێنجەم ـ ئامرازی (بێ)

ئەم ئامرازە هەندێ لە پارچەکانیتری ئاخاوتنی کوردی پێ نەفی دەکرێت جگە لە ڕێژەکانی فرمان .

## سەرچاوەکان


١ ـ دەستووری زمانی کوردی ـ توفیق وەهبی .
٢ ـ مختصر صرفو نحوی کوردی ـ سعید صدقی ـ ١٩٢٨ .
٣ ـ ڕێزمانی کوردی ـ نوری عەلی ئەمین ـ ١٩٦٦ .
٤ ـ ئامرازی (ش) ـ شکور مصطفی ـ گۆڤاری بەیان .
٥ ـ ئامرازی (ش) ـ نوري عەلی ئەمین ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ بەرگی نۆهەم .
٦ ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد ـ ١٩٧٦ .
٧ ـ پەندی پێشینان ـ شێخ محمد خال ـ ١٩٥٧ .
٨ ـ لایەنێکی جیاوازی ـ د. ووریا عمر امین ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد ـ بەرگی دەیەم ـ ١٩٨٣ .
٩ ـ زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ـ ١٩٨٤ .

# پاشبەندەکان

د . وریا عمر امین

بەشی کوردی ــ کولێجی پەروەردە
زانکۆی بەغا

لــە ڕێزمانی کوردی‌یا کێشەیێکی زۆر لەســەر دەست‌نیشان کردنی پێشبەندەکان Preposition و ژمارەو ئەرکیان هەیە . ئەم باسە تخون ئەم کێشەیە ناکەوێ ، تەنیا ئەو پێشبەندانە دەگرێتەخۆ کە پاشبەندی Postposition بەرامبەریشیان هەیە[1] .

بەشێوەیێکی گشتی هەموو ئەوانەی باسی‌پێشبەندیان کردووە لەسەر ئەم شەشە پێك هاتوون ( بۆ ــ بە ــ لــە ــ تــا ــ وەك ــ بێ ) . لەمانە ئەم‌سێ‌یە ( بۆ ــ بە ــ لە ) بە چەند قاڵبێکی‌ترو وەك پاشبەندیش دەردەکەون . ئەم ووتارە هەوڵدانە بۆ دەســت‌نیشان‌کردنی یاســاکانی دەرکەوتنی ئــەم پاشبەندو قاڵبە جیاوازانە کە ڕێزمانی کوردی هێشتا چارەسەری نەکردوون .

هەموو ئەو پێشبەندانەی کە لەگەڵ ئەو جۆرە فرمانانە دەردەکەون کە چــەمکی گوێزانــەوە دەگەیــەنن Dative Case ( وەك چوون بۆ .... دان بە ... هتد ) دەشێ پێشبەندەکە بە پاشبەندی فرمانی ( ە ) جێگیر بکرێ .

ئێوه هاتن بۆ سلێمانی

ئێوه هاتن ـ ه سلێمانی

تۆ دات به ئەو

تۆ دات ـ ه ئەو

تۆمان نارد بۆ هەولێر

تۆمان نارد ـ ه هەولێر

گەر کاتی فرمانەکە لە ئێستەی تەواودا بێ Present Perfect (۲)
پاشبەندە فرمانییەکە قاڵبی ( تە ) دەگرێتەخۆ •

هێناومانە بۆ ئێرە

هێناومانە ـ تە ئێرە

ناردوومە بۆ بەغا

ناردوومە ـ تە بەغا

گەر ڕەگی فرمانەکە بە کپ Consonant کۆتایی هاتبێ •••
بە نەمانی ڕاناوی لکاو لەگەڵ ڕەگی فرمانەکە ( وو ) دەبێتە ( ۆ )و فرمانی بێهێز ( ە ) دەتوێتەوە •

ئێمە ناردوومانە بۆ بەغا

ئێمە ناردوومانە ـ تە بەغا

ئێمە ئازادمان ناردۆتە بەغا

هەمان شت گەر فرمانەکە تێنەپەڕ بێو بکەری ڕستەکە لە کەسی سێیەمی تاکدا بێ ـ وەك باسکرا ( وو ) دەبێتە ( ۆ )و فرمانی بێهێز ( ە ) دەتوێتەوە •

ئەو ڕۆیشتووە بۆ بازاڕ

ئەو ڕۆیشتۆتە بازار[۳] •

لەڕووی پێوەندیی نێوان پێشبەندو بوونیان بە پاشبەند ، ئەم فرمانانە دەبنە سێ کۆمەڵ :

١ ـ ئەوانەن کـە پێشبەندەکەیان ( بۆ ) یەو بەشێوەیێکی گشتی ئاوەڵکاریان لەدوا دێ وەك :

هاویشتم بۆ ئاسمان ـــ هاویشتمە ئاسمان
ڕۆیشت بۆ سلێمانی ـــ ڕۆیشتە سلێمانی
دەچین بۆ سەیران ـــ دەچینە سەیران
دەیبەم بۆ بازاڕ ـــ دەیبەمە بازاڕ
هێنای بۆ هەولێر ـــ هێنایە هەولێر
فڕین بۆ ئاسمان ـــ فڕینە ئاسمان
پەڕی بۆ چاوی ـــ پەڕی یە چاوی
خزی بۆ خوارەوە ـــ خزی یە خوارەوە
•••••• هتد

٢ ـ ئەوانەن کە پێشبەندەکەیان ( بە ) یە :

بەخشیم بە ئەو ـــ بەخشیمە ئەو
بووم بە مامۆستا ـــ بوومە مامۆستا
کردم بە پیاو ـــ کردمە پیاو

٣ ـ ئەوانەن کە تەنیا بەهۆی پاشـــبەندەوە ئەم حاڵەتە دەردەبڕن و پێشبەندی بەرامبەریان نی یە • بەشێوەیەکی گشتیش یەکێ لەم ئاوەڵکارانە لەدوای فرمانەکە دەردەکەوێ :

( ناو ـ نزیك ـ لای ـ سەر ـ ژێر ـ تەنیشت ـ ژوور ـ پێش ـ دوای ••• هتد )

خستمە ناو دۆڵابەکەوە


ڕشتمە سەر ئەرز
کەوتمە نزیك تۆ


**••• هتد**

دەرکەوتنی پاشبەندی بەرامبەر ( بـۆ )و ( بـە ) لـەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە •

| پێشبەند | پاشبەندی فرمانی بەرامبەر | |
|---|---|---|
| | گەر کاتی فرمانەکە ئێستەی تەواو بێ | لە هەموو کاتێکی ڕێزمانیی تردا |
| بۆ | تە | ـە |
| بە | تە | ـە |

لەگەڵ فرمانی ( دان ــ گەیشتن ••• )دا[٤] ئەگەر ئەو ناوە یا ڕاناوەی لەدوای پێشبەندی ( بـە ) دەردەکەوێ بـە ڕاناوێکی لـکاو دەربڕرا[٥] پێشبەندی ( بـە ) دەبێتە پاشبەندێکی فرمانیو قالبی ( ێ ) دەگرێتەخۆ •







دوو بزوێنی ( ــە )و ( ێ ) هاتنەپاڵ یەك (ی) لەنێوانیانا دەرکەوت و بوو بە ( بدەیێ ) • لە هەندێ شێوەدا لەجیاتی ئەم ( ی )یە ( ر ) دەردەکەوێ و دەبێتە :


کتێبەکەم بدەرێ (٦) •

گەر بەرکاری ڕاستەوخۆ ( کتێبەکە ) لابرا ڕاناوی لکاو دەچێتە سەر پێشگری ( ب )و دەبێتە ( بمدەرێ ) •


فرمانەکە داخوازیی تاکە •• گەر بکرێتەکۆ ئامرازی کۆی داخوازی (ن) لەنێوان دوو بزوێنەکەدا دەردەکەوێ • ئەوسا پێویست بەم ( ی ) یا ( ر )یە ناکات •



هه‌مان‌شت له‌گه‌ڵ فرمانی ( گه‌یشتن )




له حاڵه‌تی کۆدا




یاسای کردنی پێشبه‌ندی ( به ) به پاشبه‌ندی ( ێ ) له‌م وێنه‌یه‌دا ڕوون‌کراوه‌ته‌وه •

| پێشبەند | پاشبەندی بەرامبەر |
|---|---|
| | لەگەڵ فرمانی دان – گەیشتن .....! |
| بە | ێ |

ش (٢)

گەر ئەو ناوە یا ڕاناوەی کە لەدوای پێشبەندی (بە)و (لە) دەردەکەوێ بە ڕاناوێکی لکاو دەربڕا ، ( بە ) دەبێتە ( پێ )و ( لە ) دەبێتە ( لێ ) :

بە تۆ دەڵێم

↓

پێت

↓

پێت دەڵێم


لە ئێوە دەترسێم

↓ ↓

لێ تان

↓

لێتان دەترسم




ئەم یاسایە لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە

| ئامرازی بەند | گەر ناو یا ڕاناوی دوای بە ڕاناوێکی لکاو دەربڕا |
|---|---|
| بە | پێ |
| لە | لێ |

هەموو یاساکان لەم وێنەیەدا کۆ کراونەتەوە :

| یاسایی | پێشبەند (Preposition) | | پاشبەند (Postposition (verbal)) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | گەر ناوەکەی دوای بە راناوێکی لکاو دەبرا | کاتێ فرمانی لە پێشەی ئەوداوایێ | | هەموو کاتێکی رانەبردووی ئێستای تەواو نەبێ | | لەگەڵ فرمانی (دان - گەشتن) کە ناوەکە بە راناوێکی لکاو دەبرا | |
| بە | پێ | بە تۆ دەڵێم ↓ پێت دەڵێم | ـە | داومە بە ئازاد ↓ داومەتە ئازاد | ـە | دەیدەم بە تۆ ↓ دەیدەمە تۆ | ێ | دام بە تۆ ↓ دامێتێ |
| لە | لێ | لە تۆ دەترسم ↓ لێت دەترسم | — | — | — | — | — | — |
| بۆ | — | — | ـە | ناردوومە بۆ بەغا ↓ ناردوومەتە بەغا | ـە | دەچم بۆ بازار ↓ دەچمە بازار | — | — |

## پەراوێزەکان

١ ــ مەبەست لە پاشبەند ئەو پاشگرەیە کە لە رووی رێزمانییەوە هەمان دەوری پێشبەند ( پرێپۆزیشن ) دەبینێ •

٢ ــ ئیستای تەواو Present Perfect ئەو کارەیە کە لە رابردوودا رووی‌داو برایەوە بەلام تەئسیری مایە ئیستا ••• یاسای دارشتنی ئەم کاتە لە زمانی کوردی‌یا بەم‌جۆرەیە •

( رەگی رابردوو + وو + راناوی لکاو + ــە ) •

لەگەل فرمانی تێنەپەرا تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا ( ــە ) دەردەکەوێ •• لەگەل فرمانی تێپەرا لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی بۆشی empty morphem ( تی ) دەردەکەوێ •

| تێنەپەر | تێپەر |
|---|---|
| نوستووم | خواردوومە |
| نوستوویت | خواردووتە |
| نوستووە | خواردوویە ( تی ) |
| نوستووین | خواردوومانە |
| نوستوون | خواردووتانە |
| نوستوون | خواردوویانە |

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چەمکی کات‌و کاتەکانی زمانی کوردی سەیری ئەم ووتارەم بکەن :

«چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجیی دارشتنی فرمان» ــ گۆڤاری رۆشنبیری نوی ــ ژمارە ( ١٠٩ ) ئازاری ١٩٨٦ ل ( ٢٥٨ ــ ٢٦٤ ) •

٣ ـ ئەو فرمانە لێکدراوانەی بە پاشگری (ەوە)ی وەك (خواردنەوە ـ بردنەوە ••• هتد ) دادەڕێژرێن ، پاشگری ( ەوە ) ، لەگەڵ کاتی ئێستەی تەواودا ، قاڵبی ( تەوە ) دەگرێتە خۆو بەر هەمان ئەو یاسا فۆنۆلۆجی یانە دەکەوێ کە باس کران :

| | |
|---|---|
| ڕابردووی سادە | ئێمە بردمانەوە |
| ئێستای تەواو | ئێمە بردوومانەتەوە |
| کە ڕاناوی لکاو لەگەڵ فرمانا نامینێ | ئێمە مەرجەکەمان بردۆتەوە |

٤ ـ لەوانەیە فرمانی تری لەمجۆرە هەبێ •

٥ ـ بۆیاساکانی جێگیر کردنی بەرکاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوێکی لکاو سەیری سەرچاوەی ژمارە ( ٢ ) بکەن •

٦ ـ وەك یاسایێکی فۆنۆلۆجیی گشتیی دەرکەوتنی ئەم ( ر )یـە لە فرمانی داخوازیی تاکا •• گەر ڕەگی داهاتووی فرمانەکە بە بزوێـن کۆتایی هاتبێ و دوای ئەم بزوینە بزوێنێکی تر دەرکەوت •• ئەم ( ڕ )یە پەیا دەبێ •

| | | | |
|---|---|---|---|
| خستن | خـە | شتەکە | بخەرە |
| خواردنەوە | خـۆ ـ ە و ە | ئاوەکە | بخۆرەوە |

گیرفانتەوە

•••هتد •

## سەرچاوەکان


١ ــ و. ع. ئەمین ( ١٩٨٤ ) یاساییێکی فۆنۆلۆجی ــ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان
ژ ( ٦٦ ) .

٢ ــ و. ع. ئەمین ( ١٩٨٣ ) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ــ گۆڤاری کاروان ــ ژمارە
( ٨ ) ( ل ٦٨ ــ ٧٤ ) .

٣ ــ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ( ١٩٧٦ ) کۆڕی زانیاری کورد . بەغا .

4 — Lyons, J. (1971) "Introduction to theoretical Linguistics ". Cambridge.

5 — Greenberg, J. H. (ed) "Universals in language". Cambridge, Mass, : MIT Press.

6 — Matthews (1974) "Morphology " Cambridge University Press, Cambridge.

# بەڕێگای ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیدا ئەمەیش هەنگاوێکی تر

محمدی مەلا کریم

براى خۆشەویستو بەڕێزم کاك عەبدوڕڕەززاق بیمار لە ژمارە ( ١٢٠ )ی گۆڤاری ( بەیان )دا وتارێکی بەبۆنەی دەرچوونی چاپی نوێی دیوانی حاجی قادری کۆیی‌یەوە(١) ، بە ناوونیشانی « ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی » بڵاوکردووەتەوە . لەو وتارەیدا سەرنجی ڕەخنەگرانەی خۆی لەبارەی جۆری ڕاستکردنەوەی هەندێ بەیتی ئەو دیوانەوە دەربڕیوە .

منیش ، نەك هەر لەبەرئەوە کە خۆم بە یەکێ لە بەشدارانی دەرکردنی ئەو دیوانە ئەزانم چونکە وەك لە دوا لاپەڕەکانیەوە نووسیومە لەکاتی ڕاستکردنەوەی پرۆڤەی چاپدا تێکستەکەی کاك کەریم شارەزاو کاك سەردار میرانم لەگەڵ دەسنووسێکی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغاو دوو دەسنووسی مستەفا سائیبو هەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوی‌تر بەراورد کردووەو بەگوێرەی پێویست ، چ لەڕووی وشەو چ لەڕووی سەنگی شیعرو چ لەڕووی مەعناوە ، پشت بەو سەرچاوانە گەلێ شوێنیم دەسکاری کردووەو ، لەمڕووەوە لە گەلێ لەو ڕەخنانەی کاك ڕەززاق گرتوونی بەرپرسم ، بەڵکو وەك خوێندەوارێکی کوردی ئەدەبدۆستو قەدرزانێکی تەواوی پایەی هونەرو بیری حاجی‌و ، وەك دارایەکی چەردەیەك شارەزایی‌یش لە شیعری کلاسیکیمان ، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی ئەزانم بێمە مەیدانی دەمەتەقێ‌یەکی برایانە لەگەڵ کاکی بیمارو ، بە مەبەستی کەڵك گەیاندن بە خۆم بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمو ، بەویش بە دەربڕینی چەند سەرنجێك لەئاست هەندێ لە بۆچوونەکانی ، ئەم چەند لاپەڕە بنووسم کە بەشی زۆری بڕگەکانی نووسراوەکەیی پێ ئەگرمەوە .

---

(١) دیوانی حاجی قادری کۆیی ، لێکۆلینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میرانو کەریم مستەفا شارەزا ، پێداچوونەوەی مسعود محمد ، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان ، ٣٠٤ لاپەڕە ، بەغدا ، چاپخانەی ( دار آفاق عربية ) ، ١٩٨٦ .

کاك ڕەززاق لەبارەی بەیتی :

**لە شادی وەك صەفی شایی لە كێوو كەژ ئەزهار**

**هەژا بە خەلعەتی گولگوونو کەوتە ڕەقصو سەما**

( ب ٢ ، ل ٣٢ )وەوە ، دوای بەراوردێك لەنێوان تێكستی جیاجیای سەرچاوە چاپو دەسنووسەکاندا ، ئەوەی بەهەڵە داناوە کە بووترێ « هەژا » چونكە فیعلی موفرەدەو فاعیلەکەی کە ( ئەزهار )ە جەمعەو ، لایوایە ڕاستەکەی ، وەك لە چاپی یەکەمی عەبدوڕڕەحمان سەعیدا نووسراوە ، بەمجۆرەیە :

**هووژا بە خەلعەتی گوولگوون دەکەونە ڕەقصو سەما**(٢)

لێرەدا ئەبێ بڵێم لە تێكستەکەی شارەزاو میراندا «هەزار»و «دەکەوتە» نووسرابوو ، من یەکەمم بەگوێرەی دەسنووسی مەلا ڕەئووفو مستەفا سائیبو گۆڤاری ( دیاریی کوردستان ) کرد بە « هەژا »و ، دووەمیشم بەگوێرەی دەسنووسی مستەفا سائیبو گۆڤاری ( دیاریی کوردستان ) کرد بە ( کەوتە ) لەگەڵ ( و )ێك بەدوای وشەی پێشوویەوە .

من لامwایە چاپەکەی عەبدوڕڕەحمان سەعید کە کاك ڕەززاق بە ڕاستی زانیوە هەڵەیەو ، ئەوەی من نووسیومە ڕاستە لەبەر ئەم هۆیانە :

یەکەم ـ هیچ پێویست نییە لە حاڵێکا کە ضەمیر بۆ غەیرە عاقڵ بگەڕێتەوە ، ضەمیری موفرەد بۆ مەرجەعی موفرەدو ضەمیری جەمع بۆ مەرجەعی جەمع بگەڕێتەوە ، بەڵکو ئەیشكرێ بۆ هەردووکیان هەر ضەمیری موفرەد بگەڕێتەوە . زمانی کوردی پڕە لەم جۆرە بابەتە ، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە مەبەست لە ( ئەزهار ) ئەو سیغەی جەمعە عەرەبییە نییەو ، (گوڵ) مەبەستە کە ئیسمی جینسەو بە هەموو حاڵێ ضەمیری موفرەدی بۆ ئەگەڕێتەوە .

دووەم ـ ( هووژا ) بە ( و )ی درێژ نیوە بەیتەکە لەنگئەکاو ، ئەگەر هەر ڕاستیش بێ ( ه )کە بۆری ببێ ئەبێ ( هوژا ) بێ [ هەروەها ( گوولگوون )یش ] .

سێیەم ـ ئەگەر ( هووژا ) ناوی گیایەك یا گوڵێك بێ ، ئەوە دیارە ئیسمی جینسەو لە حوكمی موفرەددایەو نابێ فیعلی ( دەکەونە )ی جەمعی بۆ بگەڕێتەوەو ئەبێ بووترێ « دەکەوێتە » .

---

(٢) من ئەم نیوە بەیتەم وا نووسیوەتەوە کە لە چاپەکەی عەبدوڕڕەحمان سەعیدا نووسراوە ، هەر ئەوەندەیە هێناومەتە سەر شێوەنووسینی نوێ .

چوارەم ــ ئەگەر فیعلەکە ( دەکەونە ) بێ ، ئەوە دیارە واتە ( لەمەولا ) ، لە کاتێکا کە حاجی باسی بەهارێکی ڕووداوو هاتوو ئەکا کە لەوکاتەدا بەردەوام بووە ، کەواتە ئەبوو بیوتایە « کەوتووەتە » .

پێنجەم ــ ئەگەر ( هووژا ) موبتەدایەو خەبەرەکەی جوملەی (دەکەونە)یە ، یا بە واتەیەکی‌تر فاعیلی ( دەکەونە ) ئەگەرێتەوە بۆ ( هووژا ) ، ئەی ( ئەزهار ) لەم‌ناوەدا بێ‌کەس‌و بێ‌دەر چی‌ئەکاو پێوەندی بە چی‌یەوەیە ؟

شەشەم ــ ئەگەر ( هووژە ) ناوی گوڵێکە یان ( حوژە )یە بووە بە ( هووژا) ، تێم‌ناگەیەنن حاجی قادر لەپێناوی چیدا باری شیعرەکەی خۆی وا قورس کردووە و بۆچی ڕاستەوخۆ نەیوتووە ( هووژە ) یان ( حوژە ) .

لەبەر هەموو ئەم بەڵگانە ، ئەم بۆچوونەی کاك ڕەززاق بۆچوونێکی ڕاست‌و دروست نی‌یەو ، زۆرم پێ ناخۆش‌بوو سەرتۆپی ڕەخنەکانی ئەم ڕەخنە خۆڕانەگرتووە بوو . هەر هیچ نەبوایە بیوتایە ( هەژا ) نی‌یە ( هەزار )ە وەك لە هەندێ دەسنووسدا وایە ، بەس‌نەبوو بەوە لای کەمی جۆرە جیناس‌و وشەئارایی‌یەکی لەنێوان ئەو دوو وشەیەدا دروست‌ئەکرد !

لەبارەی بەیتی :

**لە دەنگ‌و دووکەڵی شینی تفەنگی نێچیرەوان**

**میسالی سونبولی زوڵفی کە تێك‌بچێ بە صەبا**

( ب ٤ ، ل ٣٣ )یشەوە ، پاش لەسەردوانی‌و پێشاندانی ئەوە کە لە چاپەکان‌و لە هەندێ دەسنوسی لای خۆیدا چۆن نووسراوە ، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کەوا ڕاستەکەی بەم‌جۆرەیە :

**لە بستو دووکەڵی شینی تفەنگی نێچرەوان**

تاد ..

بەداخەوە ئەم هەڵەیە بەسەر منیشا تێپەڕیوەو ، لەکاتی ڕاستکردنەوەی پرۆڤەکانی دیوانەکەدا بەراوردم لەگەڵ سەرچاوەکانی لای خۆم نەکردووە ، ئەگینا لە دەسنوسی مەلا ڕەئووفدا نووسراوە « لە بەستو »و لە دەسنووسی مستەفا سائیبدا نووسراوە « لە بستو »و لە گۆڤاری ( دیاریی کوردستان )دا نووسراوە « لە بستو » . دیارە من بۆیە ( لە دەنگ )م بەڕاست زانیوە چونکە تفەنگی ئەو سەردەمە دەنگیش‌و دووکەڵیشی بووە . من ئەم هەڵەیە لەکتێبەکەی خۆما ڕاست‌ئەکەمەوە کە لەمەڕ چاپی دوایی دیوانی حاجی قادرو دەوری خۆم لە ڕاستکردنەوەی زۆر لە هەڵەکانیا نووسیومەو ئامادەم کردووە بۆ چاپ‌و

بەهیوام ئەوپەڕەکەی لەساڵی ئایندەدا بڵاوببێتەوە(٣) . هەروا ئیشارەتیش بۆ دەستپێشخەریی کاك عەبدوڕڕەززاق ئەکەم لە ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیەدا ، بەڵام لاموایە ئەویش بەشی خۆی کەوتووەتە هەڵەوە ، چونکە ( لە بستووە ) نیوە بەیتەکە لەنگ ئەکاو ( وە )کەیش لەڕووی گراماتیکاوە زیادەو ، ڕاستەکەی ( لەبستو )وە وەك لە دەسنووسی مستەفا سائیبدا نووسراوە(٤) .

لەبارەی بەیتی :

**لە گورگەلوورو ، حەپەی سەگ ، لە قاڕەقاڕی بزن**

**لـە عەکسی دەنگی دوبارەی کە دێتەوە لـە چیا**

(ب ٣ ، ل ٣٤ ) یشەوە ، نووسیویە : « ڕاستیی بەمجۆرەیە :

**لە گورگەقاڵو حەپەی سەگ ، لە قاڕەقاڕی بزن**

**لـە عەکسی دەنگی دوبارە کە دێتەوە لـە چیا »**

و بە دووردرێژی لەسەری دواوەو بەڵگەی هێناوەتەوە .

لە تێکستەکەی شارەزاو میراندا « گورگەقاڵ » نووسرابوو . من بەگوێرەی دەسنووسی مەلا ڕەئووف و مستەفا سائیب کە هەردوکیان « گورگەقاڵ »یان نووسیوەو پاشان ڕاستکراونەتەوەو کراون بە ( گورگەلوور )(٥) و ، بەگوێرەی گۆڤاری ( دیاریی کوردستان ) کە یەکسەر « گورگەلوور »ی تیا نووسراوە ، ئەم وشەیەم گۆڕیوە . بەڵگەیشم ئـەوە بووە کە گورگ لوورەلووری هەیە نەك قاڵەقاڵ کە هیی بنیادەمە . بەڵێ ئەگەر ڕاستبێ ( گورگەقاڵ ) جۆرە حەپەیەکی سەگ بێ ، ئەوە دیارە بۆچوونەکەی کاك ڕەززاق ڕاستە . ئەگینا مادەم نوسخەی جیاواز زۆرەو دەسنووسی حاجی خۆیشی لـە بەردەستدا نییە ، من هـەر ( گورگە لوور )م لە ( گورگەقاڵ ) پێ پەسەندترە .

---

(٣) محمدی مەلاکریم : بەهیوای چاپێکی ڕاستو تەواوی دیوانی حاجی قادری کۆیی . هەنگاوێکی سەرەتاییە بە ڕێگای ساغکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا ( دەسنووس ) .

(٤) لە بەیتەکەیتری حاجییشدا کە کاك ڕەززاق ئیشارەتی بۆ کردووە بۆ پێسەلماندنی مەعنای ( بستو ) بەئاشکرا دیارە کەوا وشەکە بەتەنها خۆی ( بستو )وە . بەیتەکە ئەمەیە :

**لێت دەشێوێ هەر کە زولفەینی پەشێوی لابدا**

**ماهتابی سەر کەلە یا ڕۆژەکەی سەر بستووە**

(٥) لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا دڵنیا نیم ڕاستکردنەوەکە بە خەتی خۆی بێ ، بەڵام لەوی مستەفا سائیبدا بێگومانم کە بە خەتی خۆیەتی .

ئەنجا من لەوە نەگەیشتم کە کاك ڕەززاق ئەڵێ : « دەبێ بڵاوکەرانی دیوان لایانوابووبێ چاپەکانی پێشوو نەیانزانیوە بۆ گورگ لوورە دەگوترێ بۆیە لەناو دەقەکانی پێشوودا هـەر ئەوان گورگەقاڵیان لابردووە » ، چونکە ئەبوو بـۆ گەیاندنی مەعنا مەبەستەکەی لەجیاتیی ( دەگوترێ ) بڵێ « ناگوترێ » ، ئەگینا ئەگەر وابێ کـە ئەو نووسیویـە ، پێشینان ڕاستیان وتووە کـە وتوویانە : « کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئەکا » . مادەم ( لوورە ) بۆ گورگە ، ئیتر ئەو بۆ قایل نی‌یە بە ( گورگە لوور ) ؟

زیاد لەمەیش کەس نەیوتووە « لە کوردستان گورگ ئێواران بە لوورەلوور دێنەوە بۆ ماڵ » . مەبەستی حاجی لە باس‌کردنی گورگەلوور ــ ئەگەر تێکستە ڕاستەکە ( گورگەلوور ) بێ ــ تەنها پیشاندانی دیمەنێکی لادێی کوردستانە کە جاروبار گەلەگورگی برسی لە بەرانبەری ئاوایی‌یەوە دەرئەکەون نەخوازەڵا بـە زستانی پڕ بەفرو زەقایەتی یا کاتێك کە شوانی ڕانە مەڕو بزن ئەوەندە وریاو زرت‌و زیرەك بـن مەودایان نەدەن لەپڕ بکەن بـە مەڕێ یـا بزنێکاو بیکوژن‌و بیفڕێنن ..

لە بارەی (ی)ی ( دووبارەی )شەوە ، ئەو ( ی )یە لـە هەرکام لەو سێ سەرچاوەدا ناوم هێنان هەیەو مەعنایشی تەواوە ، چونکە ئەگەڕێتەوە بـۆ (قارەقاڕی بزن) . هەرچی (دێتەوە)یشە کە ئەمیش لە هەر سێ سەرچاوەکەدا وایە ، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ( بزن ) کە ئیسمی جینسەو ضەمیری موفرەدی بۆ ئەگەڕێتەوە . بۆ ئەوەیش کـە ضەمیری جەمعی بـۆ بگەڕێتەوە ، من تائیستا نەمبیستووە لادێ‌یی بڵێن : بزن ( یا ڕان ) هاتوونەتەوە بۆ ئاوایی ، هەر بـە سیغەی موفرەدم بیستووە . ئەگەر بیشبێ ئیختیاری‌یەو هەردوو بەکارهێنانەکە دروستە .

لەبارەی بەیتی :

**جەوابی دامەوە ئەمما جەوابەکی وا ڕەق**

**نەما مەجالی مەقال‌و موباحەثە لەم لا**

---

( ب ٢ ، ل ٣٥ )یشەوە ، نووسیویـە : « خوێندەوار هـەقیەتی بپرسێ ئەرێ شاعیر لە دەربڕینی ( لەم لا ) مەبەستی چی‌یەو ، کام لای دەوێ‌و کام لای ناوێ » . ئەنجا نووسیویە : « ڕاستی‌یەکەی ، وەکوو لـە دەستنووسداو لـە گۆڤاری گەلاوێژدا هاتووە ، بەمجورەیە :

**جەوابی دامەوە ئەمما جەوابەکی وا ڕەق**

**نەما مەجالی مەقال‌و موباحەثە لەمو لا**

واتە : ماوەی قسەکردنو وتووێژی ( لم )و ( لا ) کە دوو ئامرازی زمانی عەرەبین ، یان بڵێم ( لماذا )و ( لا ) » .

منیش ئەڵێم : ڕاستە ( لەمو لا )یەو ، لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا نووسراوە : « مباحەثە لەمو لا »و ، لە دەسنووسی مستەفا سائیبدا نووسراوە : « مباحثەی لمو لا »و ، لە گۆڤاری ( دیاریی کوردستان )دا نووسراوە « مباحثەی لەم ولا » کە هەموو تێکڕا بۆچوونەکەی کاك ڕەززاق ئەگرنەوە .

بەڵام بەمەعنای ( « لماذا » و « لا » ) نایەت کە ئەکاتە ( لیمەو لا ) واتە ( بۆچیو نەخەیر ) ، چونکە ئەگەر وابێ نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ ، یا ئەبێ بەمجۆرەی لێ بکرێ :

**نەما مەجالی مەقالو موباحەثە : لیمە ، لا**

لەبارەی بەیتی :

**بەهاریوا هەمو ساڵێکی دێتەوە ، ئەمما**

**ئەوانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا**

( ب ٤ ، ل ٣٥ )یشەوە ، نووسیویە : « ڕاستییەکەی ، وەکو لە دەستنووسدا نووسراوە ، بەمجۆرەیە .

**بەهاریوا هەمو ساڵێ دەبێتەوە ، ئەمما**

**ئەمانی دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا »**

منیش ئەڵێم : لەبارەی مەعناوە ( دێتەوە ) یشو ( دەیێتەوە )یشو ( دەبێتەوە )یش ڕاستە . لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا « هەمو ساڵێك دەیێتەوە »و ، لە دەسنووسی مستەفا سائیبدا « هەمو ساڵێ دێتەوە » ــ کە نیوەبەیتەکە لەنگ ئەکا ــ و ، لە گۆڤاری ( دیاریی کوردستان )دا « هەموو ساڵێ دەبێتەوە »یە . بەڵام ( ئەمانی ) هەڵەیەو ڕاستەکەی وەك لە دیوانەکەدا نووسراوە ( ئەوانی )یە چونکە ئیسمی ئیشارەی غائیبەو لێرەشدا ئیشارەبۆکراوەکان دیار نینو ، لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفو لە گۆڤاری ( دیاریی کوردستان )یشدا هەر ( ئەوانی )یە .

لەبارەی بەیتی :

---

**مەکانە : شەوقی بەعێبلاتە ، پەشمە گۆنە هەوار**

**حەیاتە : زەوقی بە ئەحبابە ، بایە ئابو هەوا**

( ب ٦ ، ل ٣٥ )یشەوە ، وای‌داناوە کە بەم‌جۆرە مەعنایش ناگونجی‌و چەژگەی ئەدەبی‌یش تێك‌ئەچی‌و ، دوای باسی چۆنیەتیی تێکستی ئەم بەیتە لە چاپە پێشووەکانا ، (ە)ی دوایی (مەکانە)و (حەیاتە)ی بە بێ‌جێ داناوە لەم‌شوێنەداو ، موناقەشەیەکی دووردرێژی عەرووزیی بنووسێکی کردووە کە نازانم کێ‌یەو کەی‌و لەکوێدا رەخنەی لێ گرتووەو ، هەرچەند تێکستی راستی بەیتەکەی بەپێی بۆچوونی خۆی نەنووسیوە ، وای‌داناوە کە ئەبێ ئەو دوو ( ە )ی (مەکانە)و ( حەیاتە ) نەبن‌و تەنها ئیستێك لەسەر ( ن )و ( ت ) کە بکرێ تا بەیتەکە لەنگ نەبێ .

منیش ئەڵێم : هەرچەند لە دەسنووسی مەلا رەئووف‌و مستەفا سائیبدا ( مەکان )و ( حەیات ) نووسراوە [ پێشان لە دەسنووسی مەلا رەئووفدا ( مەکانی )و ( حەیاتی ) بووەو گوایە راست‌کراوەتەوە ] ، راستەکەی ، وەك لە گۆڤاری ( دیاریی کوردستان )دا نووسراوەو وەك لەم چاپە تازەیەی دیوانەکەیشدا ، ( مەکانە )و ( حەیاتە )یە . لە رووی سەنگی بەیتەکەوە ئەوە پێویست بە لێدوان ناکا چونکە کاك رەززاق خۆی بە ناچار زانی بڵێ ئەبێ ئیستێك لەسەر ( ن )و ( ت )کە بکرێ ، ئەوە دیارە دانی بە لەنگیی ( مەکان )و ( حەیات )دا نا کە بەم ( ە )یە بەتەواوی‌و بەجوانی راست‌ئەبنەوە . لەرووی مەعنایشەوە هیچ کەچی‌و ناهەمواری‌یەك نی‌یەو حاجی ئەڵێ : هەرچی جێگەو شوێنە ، ئەوە کاتێ شەوق‌و زەوقی تیایە خێڵی تیابێ‌و کۆنەهەوار پوولێ ناهێنێ بێ‌دانیشتووانی . هەرچی ژیانیشە ، ئەوە بە دۆست‌و برادەرەوە خۆشەو ئاوو هەوای بێ‌دۆست‌و برادەر بایەخێکی نی‌یە . ئەم جۆرە دارشتنە کە شێوەی تەقریرو لێکدانەوەی گرتووەتە خۆی ، بەهۆی ئەم تیپی ( ە )یەوە کە لە عەرەبیدا بە وشەی ( أمّا ) جێی پرئەکرێتەوە ، زۆر جوان‌و باڵاو رەوانبێژانەیە(٦) ، بەپێچەوانەی تێکستە پەسەندەکەی کاك رەززاقەوە کە زۆر بێ‌گیان‌و ساردو سرو مردووە . من بەراستی سەرم سوور ئەمێنێ‌و سەرسام ئەبم کە چۆن شاعیرو بنووس‌و عەرەبی‌و کوردی بەباشی‌زانێکی وەك بیماری برادەرم ئەم لایەنەی فەرامۆش کردووە !

لەبارەی بەیتی :

**ئەوی حەسوودو جەهوولن ، لەئیمو رەخنەگرن**
**لە عەیب‌و رەخنەیی عالیم بەری دەبن ئودەبا**

( ب ٧ ، ل ٣٦ )یشەوە ، نووسیویە لە دوو دەسنووسی لای ئەودا لەجیاتیی

---

(٦) نامەوێ لەو ( رێ‌تێ‌چوون )ە بدوێم کە کاك رەززاق کورتە ئیشارەیێکی بۆ کردووە کە گوایە مەبەست لە ( مەکانە ) ( مەکانەت ) بێ بەمەعنای پلەو پایە ، چونکە ئەوە نە بە بیری منا هاتووەو لام‌وایە نە بە بیری شارەزاو میرانیشدا .

( لەئیمو ) نووسراوە « لە ئێمە » ، کە دیارە واتە : ڕەخنە لە ئێمە ئەگرن ، ئیتر نەینووسیوە ئاخۆ ئەو نوسخانەی لا پەسەندە یانە .

من ئـەو تێکستەم لا پەسەند نی‌یە ، چونکە ئەگەر مەبەستی حاجی ئەوە بوایە حەسوودو جەهوول ڕەخنە لەو ئەگرن نەئەبوو بەو سیغەی ئیسمی فاعیلە بیهێنێ ، بەڵکو ئەبوو بیوتایە « ڕەخنەمان لێ ئەگرن »و بەجۆرێك لـــە قاڵبی شیعردا بیگونجاندایە . لە لایەکی تریشەوە ( ڕەخنەگر ) بە موتڵەقی بهێڵرێتەوە بێ‌دەرخستنی ڕەخنەلێ‌گیراو پڕمەعناترو بێ‌تەرەفانەترە تا ئەوەی موقەیەد بکرێ بە ( ئێمە )وە کە لەوانەیە بۆنێکی خۆپەرستیی لێوە بێ‌و وابگەیەنێ ڕەخنە لە کەسێکی‌تر ناگرن ، یا نابێ کەس ڕەخنە لە ئێمە بگرێ .

لەبارەی بەیتی :

**ماچی دەســـتو پێی ئەمیری دەستگیری حازرە**

**شێتە ( حاجی ) ماچی لێوو دەستی دەستوپێ دەکا**

( ب ١ ، ل ٤٧ )یشەوە ، نووسیویە نیوەی دووەمی ڕاستی‌یەکەی بەمجۆرەیە :

**شێتە ( حاجی ) ماچی پێ‌وو دەستی دەستوپێ دەکا**

«چونکە لە دێڕی یەکەمی بەیتەکەدا وشەی ( لێو ) نەهاتووە تا لە دێڕی دووەمدا دووپاتی بکاتەوە » .

ئەم پارچە شیعرە کە ئەم بەیتەی تیایە ، لە سەرچاوەکانی لای من تەنها لە دەستنووسی مەلا ڕەئووفدا هاتووە . لەوێدا ئەم بەیتە بە شێوەنووسینی نوێ وای‌لێ‌دێتەوە :

**ماچی دەستوپێی ئەمیری دەستگیری حازرە**

**شێتە ( حاجی ) ماچی پێ‌یو دەستی دەستوپێ دەکا**

پاشان نیوەی دووەمی بەیتەکە ، بـە خەتی مـەلا ڕەئووف خۆی ، بەمجۆرە ڕاستکراوەتەوە :

**شێتە ( حاجی ) ماچ لە لێوو دەستو پێ‌یی ئەو دەکا**

من لە دەسکاری‌کردنی تێکستەکەی شارەزاو میراندا هیچ دەسکاری‌یەکی ئەم نیوە بەیتەم بە پێویســـت نەزانی کە لەڕاســـتیدا نیوەی یەکەمی لەگەڵ ڕاســـتکردنەوەی دەســـنووسەکەی مەلا ڕەئووفـو نیوەی دووەمی لەگەڵ دەسنووسە ئەسڵی‌یەکەی ئەو یەك‌ئەگرێتەوەو ، بەپێچەوانەی بۆچوونی کاك

ڕەززاقەوە تێکستی دیوانەکەم لا پەسەندترە کە لەگەڵ دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشـــ یەکئەگرێتەوە ، چونکـە وا جوانترە حاجی وتبێتی : مـادەم دەستوپێی میری دەستگیرهەبێ بنیادەم ماچی کا ، حەیفە بچێ دەستو لێوی نۆکەرو کارەکەر ماچ کا ، لەبەرئەوە کە هەرچەند لێو لە پێ بەڕێزترە ، پێی میر لـە لێوی نۆکەرو کارەکەر بەڕێزترە ( بێ گوێدانە ئـەم سـەرنجە چینایەتی یە ناپەسەندەو بە ڕەچاوگرتنی ئەقڵی کۆمەڵەی دەرەبەگی ) .

لەبارەی بەیتی :

**ماهی سەرچاوەی حەیاتم کەوتە بەندو داوی شەست**

**پشتی دەستی خۆم لە حەیوانیو لە بێعاری نەگەست**

( ب ١ ، ل ٥٧ )یشەوە ، نووسیویە : « لای من ( سەرچاوە )( سەر چاردە )یە . لەوبڕوایەشدام ئەمە ڕاستتر بێت چونکە شاعیر چەند هونەرێکی ڕەوانبێژیی لەو نیوە دێڕە [ نیوە دێڕی یەکەمی بەیتەکە . م ]دا تێکهەڵکێش کردووە ، وەکو لەنێوان ماه ( مانگ )و ماهی ( ماسی ) ، چاردە ( تەمەنی لاوی )و شـەست ( تەمەنی پیری ) .. تاد » .

ئەم بەیتە لە سەرچاوەکانی لای من تەنها لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفدا هەیەو ، لەوێ لەپێشدا ، وەك لای کاك ڕەززاق ، ( سەر چاردەی ) نووسراوەو پاشان مەلا ڕەئووف خۆی ڕاستی کردووەتەوەو بە سەروبۆرەوە کردوویە بـە ( سەرچاوەی ) . من تێکستی دیوانەکەم لا پەسەندە نەك بۆچوونەکەی کاك ڕەززاق چونکە (ماهی )یەکە چ ( ماهی )ی بەمەعنا ( ماسی ) بێو چ ( ماه )ی بەمەعنا ( مانگ )و ( ی )ی ئیزافە بێ ، هـەر بەمەرجێ وشـەی پاشەوەی ( سەرچاوەی ) بێ ، دوو مەعنای جوان ئەدرێ بەدەستەوەو کەڵکی تەواویش لە وشـەی ( شەست ) وەرئەگیرێو بـە دوو مەعنای ( قولاپی ماسـی گرتن )و ( تەمەنی شـەسـت ساڵان ) دەور ئەبینێو ، بەمجۆرە هەموو ئـەو هونەرە ڕەوانبێژی یە تێكهەڵكیش کراوانەی کـاك ڕەززاق مەبەسـتینی بێنەدی ، بەزیادەوە دێنەدی ، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە وشەکە ( سەر چاردە ) بێ کـە بەناچاری ( ماهی )یەکە ئەکا بە ( ماه )و ( ی )ی ئیزافەو ( شەست )ەکە بـە ( تەمەنی شەست ساڵان )و مەودای وەرگرتنی مەعناکەیتریان پێوە ناهێڵێ .

فەرموون ئەوەیش هەردوو مەعناکەی بەیتەکە لە حاڵەتی خوێندنەوەیدا بەوجۆرە کە لە دیوانەکەدا نووسراوە ، واتە لـە حاڵەتی خوێندنەوەیدا بـە « ماهی سەرچاوەی حەیاتم .. تاد » :

مەعنای یەکەم ـ ماسیی ژیانم کەلە سـەرچاوەدا ئەژیاو ، ماسیی لـە سەرچاوە ژیاویش بەعادەت لە قولاپی ماسیگرەوە دوورەو وەگیرناکەوێ ، لە

شوێنی خۆی لێژ بوودوەو کەوتە تەنکاییو کەوتە داوی قولاپی ماسیگرەوە ، بەڵام من هێشتا لەبەر نەفامیو بێعاری پشتی دەستی خۆم بە نیشانەی پەشیمانی نەگەستووەو بیرم نەکردووەتەوە کە چیمکرد بە خۆمو کارێکم نەکرد بتوانم بە ڕووی سوورەوە بگەمە حوزووری خوا .

مەعنای دووەم ـ ژیانی وەك مانگی پێش بەرەوکزبوون ڕۆیشتووی جارانم کە ئەوسا هێشتا لە سەرەتاو سەرچاوەدا بوو ، جوانییەکەی تێپەڕیو گەیشتە شەست ساڵان ، کەچی من هێشتا لەبەر نەفامیو بێعاری بیرێکی پەشیمانبوونەوەم بەخەیاڵ نەهاتووەو کارێکم نەکردووە بزانم چۆن بتوانم ڕوومبێ بە خزمەتی خوای خۆم بگەم .

سەرەڕای ئەم هەموو ڕووانەی هەڵاوێردنی تێکستی دیوانەکە بەسەر بۆچوونەکەی کاك ڕەززاقدا ، ئەوەیش ئەمێنێتەوە کە چۆن جێگە بۆ وشەی ( سەر )ی ( سەر چاردە ) بدۆزینەوە .

لەدواییدا ئەبێ ئەوەیش بڵێم کە نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا ، وەك لە دەسنووسەکەی لای کاك ڕەززاقدا ، بە سێ تەفعیلەیەو بەمجۆرەیە :

ماهی سەرچاوەی حەیاتم کەوتە شەست

جا نازانم مامۆستا مەسعوود موحەممەد ـ کە تەفعیلەکان لە ڕێگای ئەوەوە تەواوکراون ـ هەر بە بۆچوونی خۆی ڕاستی کردووەتەوە ، کە ئەگەر وابێ لاموایە زۆر باشی بۆچووە ، یاخود لەڕاستیدا دەسنووسێکی لایە وای تێدا نووسراوە کە ڕاستی کردووەتەوە ؟

لەبارەی بەیتی :

باوجودی نەوجەوانی خەتتی سەوزی دەرگەوێ

عەهدو پەیمانی نەبوو موو ، بۆیە پشتی پێ نەبەست

( ب ٦ ، ل ٥٧ )یشەوە ، نووسیویە : « لای من بەمجۆرە ڕەوانترو ڕەسەنتر هاتووە :

باوجودی نەوجەوانی خەتتی سەبزی دەرگەوێ

عەهدو پەیمانی بنی موویینە پشتی پێ نەبەست »

منیش ئەڵێم : بەشبەحاڵی وشەی ( سەبزی ) نوسخەکەی ئەو ڕاستەو لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا وایەو ئەوەیش لەگەڵ ڕێبازی شیعری کلاسیکی عەرووزیی کوردی ئەگونجێو ، ئەبوو لەکاتی لەچاپدانی دیوانەکەدا بەسەرما تێنەپەڕیایە .

بەش بەحاڵی بەشەکەی تری دەسکاری یەکەی ئەبێ بڵێم تێکڕای بەیتەکە لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا ، کە ئەو پارچە شیعرەی ئەم بەیتەی تیایە لە سەرچاوەکانی لای من تەنها لەودا هەیە ، بە شێوەنووسینی کۆن بەم جۆرە نووسراوەتەوە :

**باوجود نوجوانی خط سبز تیدەکەی**

**عهد پیمانی بنی موئینە پشتی پی نەبەست(٧)**

که من وای ئەخوێنمەوە :

**باوجوودی نەوجەوانی خەتتی سەبزی ، تێدەگەی**

**عەهدو پەیمانی بەنی موویینە ، پشتی پێ نەبەست**

بەڵام لەبەرئەوە کە تائیستایش مەعنای بەیتەکەم بۆ ساغ نەبوەتەوە ، ناتوانم هیچ بڵێم . دیارە کاك ڕەززافیش هەر وەك من بووە ، بۆیە زۆری لەسەر نەڕۆیشتووەو تەنانەت ( بنی )ی شێوەنووسینی کۆنیشی نەکردووە بە ( بەنی ) .

لەبارەی چەند وشەیەکی چەند بەیتێکی پارچە شیعری ( خاکی جزیرو بۆتان )یشەوە ، نووسیویە :

« لە بەیتی دەیەم [ ب ٢ ، ل ٨٦ ]دا ( حاڵ ئیستێکە وەهایە ) لای من ( گەر ئیستێکە وەهایە )یە » .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا (حاڵ ئیستێکە وەهایە)یە.

هەروا نووسیویە : « لە بەیتی ٢٥ [ ب ٨ ، ل ٨٧ ]دا لەجیاتیی ( شیرو قەڵەم ) لای من ( سەیفو قەڵەم )ە » .

منیش ئەڵێم : لە ئەسڵی دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر ( سەیفو قەڵەم )ە ، بەڵام لە پەراوێزدا هەر مەلا ڕەئووف خۆی نووسیویە : « شیرو قەڵەم ـ نوسخە » . من ئەمەیانم پەسەند کرد چونکە لە نیوەبەیتی پاشەوەشدا « شیرم قەڵەمتراشە » هەیە ، نەك « سەیفم قەڵەمتراشە » .

هەروا نووسیویە : « لە بەیتی ٣١ [ ب ٥ ، ل ٨٨ ]دا لەجیاتیی ( مەحسوودی کوللی ئەدیان ) لای من ( مەحصوولی کوللی ئەدیان ) ە » .

---

(٧) لە شوێنێکی تری دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا جارێکی تریش ئەو پارچە شیعرە نووسراوەتەوە کە ئەم بەیتەی تیایە . لەوێدا هەروەکوو لە دیوانە تازەکەدا نووسراوە ، ئەوەندە هەیە لەوێدا وشەی ( موو ) پەڕیوە . ئەمەیان زۆر جێی متمانەم نییە چونکە ناتەواوەو ، دیاریشە لە ڕووی چاپی یەکەمی گیو موکریانی دەسکاریی کردووەو ، دوایش سێ بەیتی بەتەواوی بە خەتی ڕاستو چەپ لێ کوژاندووەتەوە .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشـــدا « مەحسوودی کوللی ئەدیان » ەو بە نوسخەیش « مادوونی کوللی ئەدیان » نووسراوە . ئەم دوانە هەردوکیان ئەگونجێن . ئەگەر یەکەمیان ڕاست بێ ، ئەوە واتە : ئیستە سەربەخۆن و پەیڕەوانی هەموو ئایینێ بەخیلی‌یان پێ ئەبەن . ئەگەر دووەمیش ڕاست بێ ، ئەوە واتە : ئەوسا لەخوار هەموو میللەتێکەوە بوون ، ئیستا هەموو سەربەخۆن . بەڵام ( مەحصوولی ) هیچ مەعنایەکی لێ حاصڵ ناکرێ !

لەبارەی بەیتی :

**هەر ئێکە موستەقیللن ، کوللێکی دەوڵەتێکن**

**صاحیبی جەیش و ڕایەت ، ئەرکانی حەرب و مەیدان**

( ب ۷ ، ل ۸۸ )یشەوە ، نووسیویە : « ڕاستی‌یەکەی .. بەمجۆرەیە :

**هەر ئێکە ( یێکە ) موستەقیللن ، کوللێکی دەوڵەتێکن**

**صاحیبی جەیش و ڕایە ئەرکانی حەرب و لێدان »**

منیش ئەڵێم : بۆچی ئەبێ ( ڕایە ) ڕاســت بێ و ، ( ڕایەت ) هەڵە بێ ؟ کامیان مەعنای ( بەیداخ ) باشتر ئەگەیەنێ ؟ یا بـۆ ئەبێ ( مەیدان ) هەڵە بێ و ( لێدان ) ڕاســـت بێ ؟ لـە دەسنووسی مەلا ڕەئووفدا بەوجۆرەیە کە لـە دیوانەکەدا لەچاپدراوە . لەڕووی مەعنایشەوە مەبەست لە ( مەیدان ) مەیدانی جەنگەو لەگەڵ وشەی ( حەرب )ی پێشەوەی ئەگونجێ . نوسخەی دەسنووسی حاجی قادر خۆیشی لە بەردەستدا نی‌یە کە کەس باڵادەنگی نەبێ . ئیتر نازانم کاك ڕەززاق چۆن وا ، بێ سەنگ و ترازوویەکی ڕەخنەیی ، بێ‌پەروا بڕیارئەداو ، بۆچوونی خۆی بە ڕاست و هیی خەڵکی‌تر بە هەڵە دەرئەکا ؟

کاك ڕەززاق کە بـە بۆچوونی خۆی و بەگوێرەی تێکســتی چاپەکانی عەبدوڕڕەحمان سەعیدو گیو موکریانی ئەم بەیتەی ڕاستکردەوەو ( مەیدان )ی بۆ کردین بە ( لێدان ) ، دێ نیمچە ڕستەی ( ئەرکانی حەرب و مەیدان )ەکەی ئێرە هەڵئەگرێ و ئەیگوێزێتەوە بۆ بەیتی :

**جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ ، تەگبیر بکەن بە بێ‌دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیدا کەن تۆپ و تفەنگ و هاوان**

[ ب ۱ ، ل ۸۷ ]و لـە جیاتیی ( تۆپ و تفەنگ و هاوان )ەکەی ئەوێی دائەنێ ، چونکە ، پشت بە قسەی دوکتۆر موحەممەد موحەممەدصاڵح ، ( تۆپ و تفەنگ و هاوان ) هەڵەیە ، لەبەرئەوە کە لە سەردەمی حاجی قادردا تۆپی هاوان نەبوە .

منیش لێرەدا چەند قسەیەکم هەیە :

یەکەم ـ وا لێرەدا دەرکەوت ( ئەرکانی حەربو مەیدان ) لەخۆیا هەڵە نەبوو ، بەڵکو کاك ڕەززاق لەبەرئەوە لەوێ بە هەڵەی دانا کە بۆ ئێرەی ئەویست !

دووەم ـ دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدیش لە کتێبی ( کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا ) یدا ڕایەکی‌وای دەربڕیوە (٨)و بەدرێژی لێی‌دواوە .

سێهەم ـ لە پارچە بەیازێکی لای منیشا کە بەشێکی ئەم پارچە شیعری ( خاکی جزیرو بۆتان ) ەی تیا نووسراوەتەوە ، لەجیاتیی (تۆپو تفەنگو هاوان) نووسراوە « ئەرکانی حەربو لێدان » کە بەرانبەری ( حرب‌و ضرب )ەکەی عەرەبی ئەوەستێ . بەداخەوە ئەو پارچە بەیازە بەیتی « هەر ئێکە موستەقیللن . . »ی بەرنەکەوتووە تا بزانین چارەکی دوایی ئەو بەیتەی چۆن نووسیوەتەوە ؟

لەبارەی بەیتی :

**وەصفی چبکەم ؟ نێوەنی گوڵ ، دامەنی سونبول**
**شایستە ثەناخوانیی بکەم هەروەکو فەرزە**

( ب ٦ ، ل ١٠٨ )یشەوە ، پشت بە دەسنووسێکی لای خۆی ، ( دامەنی )ی بە هەڵە داناوەو نووسیویە ڕاستی‌یەکەی ( پاینی )یە . من نازانم ئاخۆ لەو دەسنووسەدا کە لە بەردەستی شارەزاو میرانا بووە ( دامەنی ) نووسراوە یا چی ؟ بەلاَم کە پاش خوێندنەوەی وتارەکەی کاك ڕەززاق گەڕامەوە سەر دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووف ئەبینم لەوێ‌یش ، وەك لە دەسنووسەکەی لای کاك ڕەززاقدا ، ( پاینی ) نووسراوە ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەیشدا ( دامەنی ) زیاتر لەگەڵ ڕێبازی شیعری کلاسیکی عەرووزیی کوردی ئەگونجێ .

لەبارەی بەیتی :

**لای ژووری سەمەن ، نێوەنی گوڵ ، دامەنی سونبول**
**ئەو صوورەتو مەعنایە کە صەد جەننەتی لەغزە**

( ب ٧ ، ل ١٠٨ )یشەوە ، نووسیویە : « ( لەو ) بۆ دوورەو ڕاستی‌یەکەی ( لەم )ە بۆ نزیك » .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر ( لەو )ەو ، لە

---

(٨) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد : کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا ، ل ١٢٨ ـ ١٢٩ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد .

هەندێ دیالێکتی سەر بە ناوچەی موکریاندا بۆ ئیشارەتی نزیکیش هەروا ( لەو ) بەکاردێ .

لێرەدا بە پێویستی ئەزانم بڵێم لاموایە ئەم بەیتەو بەیتی پێشووی بەتایبەتی دەسکاری‌یەکی خراپیان تیا کراوە بەنیشانەی دووبارەکردنەوەی ( نێوەنی گوڵ ، دامەنی سونبول ) دا لە هەردوکیاندا .

لەبارەی بەیتی :

**ڤیاجوملە وەکوو خاڵی ڕوخی دلبەری ( حاجی )**

**دڵ پەستە ، دەسا بادی صەبا هەستە مەلەرزە**

( ب ۱ ، ل ۱۰۹ )یشـــەوە ، نووسیویە : « ڕاستی یەکەی ( دڵ بەندە )یـەو لەوانەشە لـە نوسخەی‌تردا ( دڵ بەستە ) بووبێت . ئـەو ( پەست )ەی کـە بەمەعنا غەمگینی‌یە لەو وشـــە کۆنانە نی‌یە کـە بەکاربردنی لە شیعردا بـاو بووبێت » .

منیش ئەڵێم : ڕاستە وایەو لە ئەسڵی دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر ( دڵ بەندە )یە هەرچەند بە شێوەی ( دلبندە ) نووسراوەو پاشان مـەلا ڕەئووف خۆی بە قەڵەمی فەرەنگی کردوویە بە ( دلپەستە ) .

لەبارەی بەیتی :

**هەر لێرە هەتا دەشتی بەهەشت ئاینی لاجان**

**ئاهیستە بڕۆ ، نەك وەکو دێوانەیی هەرزە**

( ب ۲ ، ل ۱۰۹ )یشەوە ، نووسیویە : « ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە : هەر لێرەوە تا . . . هتد کە ئەمەش لەلایەن ڕاستی‌و دروستیی دارشتنی زمانەوە پەسەندەو جێی گومان نی یە » .

منیش ئەڵێم : لـــە دەسنووسەکەی مـــەلا ڕەئووفیشـــدا ( هەر لێرە هەتا . . )یەو ، بەپێچەوانەی قسەکەی کاك ڕەززاقیشەوە ئەڵێم ( هەر لێرە هەتا . . )یش وەك ( هەر لێرەوە تا . . ) ڕاست‌و ڕەوان‌و دروستەو گەردی لێ نانیشێ . ئەبوو کاك ڕەززاق بە تاقە دوو دێڕ بۆی ڕوون کردینایەتەوە چ‌هەڵەیەکی گراماتیکایی یا عەرووزیی لە ( هەر لێرە هەتا . . )دا دۆزیوەتەوە ؟

لەبارەی ئاڵۆزیی بەیتەکانی ئەم پارچە شیعری (ئەم خەیمە کە شەمسی‌یەیی شاهەنشەهی ئەرزە [ ل ۱۰۸ — ۱۰۹ ] )و شێوەی ڕاستی ڕیزکردنیشیانەوە ، کە کاك عەبدوڕڕەززاق لێی‌دواوە ، منیش ئەڵێم بێ‌گومان دەسکاری‌یەکی خراپی تیاکراوەو تەنانەت مەلا ڕەئووفیش پاش ئەوەی یەکەم جـار نووسیویەتەوە ،

هاتووه ڕیزبەندیی بەیتەکانی بە قەڵەمی فەرەنگی گۆڕیوەو سەرلەنوێ بەسەر هەندێ بەیتیا هاتوەتەوەو وشەی لێ گۆڕیونو نووسینەکەیشی بە مەرەکەبێکی تەڕ نووسیوە لەسەر قاقەزێکی خراپ کە بووە بە هۆی ئەوەی بتەنێتەوە بەسەریاو ئیستا هەندێ وشەیمان بۆ نەخوێنرێتەوە ، بەڵام لە بەیتی ( فیلجوملە وەکوو خاڵی ڕوخی . . )دا جگە لە گۆڕینی ( دلبندە ) بە ( دلپەستە ) دەسکاریی‌یەکی‌تری نەکردووە . من لێرەدا کە باس هاتەوە سەر ئەم بەیتە ئەبێ بڵێم کاك ڕەززاق باشی بۆ نەچوە کە ئەم بەیتەی بە دوابەیتی ئەم پارچە شیعرە داناوە لەبەرئەوە کە نازناوی شاعیری تیایەو نیشانەی کۆتاییی مەبەستەو نازناوی شاعیریش ئەکەوێتە دوابەیت‌و کە مەبەست کۆتایی هات ئیتر چیی‌دی قسەی بەدوادا نایەت . .

هەموان ئەزانن کە مەرجێکی ناچاری نی‌یە نازناوی شاعیر هەمیشە لە دوابەیتدا بێ‌و ، ئەگەر کیومالێ بە دیوانە شیعرەکانا بکەین گەلێ غەزەل‌و قەسیدەی‌وامان بەرچاو ئەکەوێ کە نازناوی شاعیریان ــ بەگوێرەی شوێن ــ تیا لە بەیتێکی‌ترایە جگە لە دوابەیت . زیاد لەوەیش بەیتەکانی پاش ئەم بەیتە وەك لە دیوانەکەدا ڕیزکراون ئەوە ڕوون‌ئەکەنەوە کە ( هەستێ نەلەرزێ چی‌بکا ) ، ئەوەتە تیایاندا وتراوە بڕوا بۆ دەشتی لاجان‌و بچێتە خەڵوەتخانەی یارو خاکی بەری پێی ماچکاو . . تاد . کەواتە ئەو بەیتە بە هیچ کلۆجێ دوابەیت نی‌یەو ، بەڵکو لای کەمی دوو بەیتی پاشەوەیشی لەجێی خۆیاندان‌و هیچ جێ‌گۆڕکێ‌یەکیان پێ نەکراوە .

کاك ڕەززاق ڕەزامەندیی خۆی لە تێکستی بەیتی :

**بوڵبول دەخوێنێ ، با لە دەفی بەرگی گوڵ دەدا**

**غونچە ، لەبانیی گوێ بگرێ ، دەم‌دەکاتەوە**

( ب ۳ ، ل ۱۲۰ ) دەربڕیوە کە لای ئەو وشەی ( دەف )ەکەی نی‌یە . منیش ئەڵێم : لە تێکستەکەی شارەزاو میرانیشدا هەر نەیبوو ،هەرچی دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشە ، ئەویش لەئەسڵدا تیا نەبوە ، پاشان مەلا ڕەئووف خۆی ، نازانم پشت بە کام چاپ یا دەسنووس ، هەڵساوە ڕاستی‌بکاتەوە ، ئەوەندەی‌تری تێکداوەو کردوویە بە ( باش دێ لە بەرگی گوڵ دەدا ) . ئەم تێکستەی ئیستەی دیوانەکە لەڕووی دەسنووسی مستەفا سائیب‌و کەشکۆڵێکی لای شێخ عەلی قەرەداغی ڕاستکراوەتەوە .

لەبارەی بەیتی :

**لەم‌وەقتە هەرکەسێ وەکو ( حاجی ) لە گوڵشەنا**

**دەستەگوڵی بەدەستەوەیە دەستی بردەوە**

( ب ١ ، ل ١٢١ )یشەوە ، کە لای وایە مەعنای بەیتەکە بەتەواوی ڕوون نی یە ، منیش لەگەڵیمی ، بەڵام ئەوەندەیش ئەڵێم بەوجۆرەیش کـــە ئەو بۆی چووەو لای وایە وایە :

**هەرکەس لە وەختی گوڵشەنا هەروەکو ( حاجی )**
**دەستەگوڵی بەدەستەوە بۆ دەستی بردەوە**

سەرەڕای ئەوەی کە نیوەبەیتی یەکەمی پەخشانێکی ئاشکرایەو هیچی لە شیعر ناچێ ، لەبارەی مەعنایشەوە شتێکی زیادە نادا بەدەستەوەو نەیوتایە باشتر بـــوو !

لەبارەی بەیتی :

**سەفەری زوڵفی مەکە ( حاجی ) شەوت لێ دەگەڕێ**
**باوجوود ڕۆژە ، لەلات وایە کە تاریکەشەوە**

( ب ٥ ، ل ١٢٣ )یشەوە ، نووسیویە : « جۆرەکەی تریشی ئەمەیە [ واتە : لە نوسخەیەکی تردا بەمجۆرەیە ] :

**سەفەری زوڵفی مەکە ( حاجی ) شەوت لێ دەگۆڕێ**
**باوجوود دوو مارەوانن ئەگە تاریکەشەوە »**

منیش ئەڵێم : ئەم نوسخەیە هەر ئێجگار نوسخەیەکی ناپەسەندە چونکـــە بەش بەحاڵی نیوەی یەکەمی بەیتەکە ( و )ی ( دەگۆڕێ ) بەتەواوی شەلی دەکا . بەش بەحاڵی نیوەی دووەمیشی ئەبێ بپرسین ئاخۆ مەعنای چی بێ ؟ کـــە وتی ( باوجوود ) ئەبێ وەڵامێکیشی بۆ دانێ ، ئەنجا یەعنی چی زوڵفانی (مارەوانن) ؟ بە هەرحاڵ ئەتوانین بڵێین ( مارن ) ، بەڵام ( مارەوانن ) یانێ چی ؟ پاشان ( ئەگەر [ چشیش لە نەبوونی « ڕێ »کە] تاریکەشەوە ) مەحەللی چی یە لە ئیعراباو بـــە چمەبەستێك هێنراوە ؟ پێشنیام(٩) بـــۆ کاك ڕەززاق ئەوەیە ئەگەر جارێکی تر تێکستێکی وای بلاوکردوە ، هەرچۆن بووە مەعنایەکی سەرو گوێ شکاویشی بۆ بدۆزێتەوە !

---

(٩) بەرانبەر بە وشەی ( اقتراح )ی عەرەبی وشەی ( پێشنیا ) وشەیەکی کوردیی ڕاستو تەواوە . هەرچی ( پێش‌نیار )و ( پێش‌نیاز )ە بە هیچ کلۆجێ مەعنای ( اقتراح ) ناگەیەنن چونکە لـــە ( پێش‌نیار )دا هەر ( پێش )ەکەی ڕاستە وشەیەکی کوردییەو ( نیار ) هیچ مەعنای نی یە . (پێش‌نیاز )یش ئاشکرایە هیچ پێوەندێکی بە مەعنای ( اقتراح )ەوە نی یەو بەعەرەبی ئەکاتـــە ( قبل النیة ) . بەلام ( پیش‌نیا ) واتە ( ئەوەی خرابێتە پێش ) یا ( خرابێتە بەردەم )و ئەمە دەق مەعنای ( اقتراح )ە . من لەمەوپێش ( پێشنیهاد )م بەکارئەهێنا کە ڕاستە بەتەواوی مەعنای ( اقتراح ) ئەگەیەنێ ، بەلام لەبنەڕەتا ( پیشنهاد )ی فارسی‌یەو ، مادەم وشەیەکی کوردیی وەك ( پێشنیا ) هەبێ هیچ پێویست بە بەکارهێنانی ئەو نی یە .

لەبارەی بەیتی :

**سولەیمانێکە ( نالی ) خاوەنی دیوانو فەرمانە**

**نی‌یە کەس بێتە مەیدانی مەگەر ( حاجی ) خودئاسایە**

(ب ٥ ، ل ١٢٤)یشەوە ، نووسیویە : «وشەی (صاحیب) کراوە بە (خاوەن) » . منیش ئەڵێم : قسەکەی زۆر ڕاستەو ، هەر ئەوەیش لەگەڵ ڕێبازی شیعری کلاسیکی عەرووزیی کوردی ئەگونجێو ، لەئەسڵی دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا ( صاحێب ) بووەو پاشان هەر خۆی کردوویە بە ( خاوەن ) . دیارە چاپەکانی مامۆستا گیوی دیوەو چاوی لێ کردوون ، چونکە لە بەراوردی دەسنووسەکەیا لەگەڵ ئەو چاپانە سەرنجم داوە شتی‌وای هەیە .

هەر بە هەمان دەستوور لەبارەی وشەی ( زەوی )یشەوە لە بەیتی :

**دەخڵی خەرجی خۆمە بارانی نەباتاتی زەوی**

**هەوری پایز ڕوویی سووتان خوسرەوی هاوینمە**

(ب ٢ ، ل ١٢٦)دا نووسیویە : «وشەی (زەوی) . . دەبێ بکرێتەوە بە (زەمین) » . منیش ئەڵێم ئەمیش ڕاستەو ، هەر ئەمەیش لەگەڵ ڕێبازی شیعری کلاسیکی عەرووزیی کوردی ڕێك‌ئەکەوێو ، لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا لەپێشا ( زەمین ) بووەو پاشان هەر خۆی ، دیارە بە سۆنگەی باسکراوەوە ، کردوویە بە ( زەوی ) .

لەبارەی بەیتی :

**لە ناوەی هەڵگەڕاوەی زوڵفی خاڵی ڕەش تەماشا کەن**

**بۆ تەیری دڵ بیبعەینیهی دەڵێی ئەم دانە ، ئەو داوە**

(ب ٥ ، ل ١٣٤)یشەوە ، نووسیویە : «مامۆستا محمد دەڵێ لە دوو دەسنووسی لای خۆی وەری‌گرتووە ، کەچی لە چاپی یەکەمدا هەیە » .

من کە وتوومە « لە یەکێ لە دوو دەسنووسەکەی لای مندا هەبوو [ نەك لە دوو دەسنووسی لای مندا ] » مەبەستم ئەوە بووە لە تێکستەکەی کاك کەریم شارەزاو کاك سەردار میراندا نەبوە ؛ نەموتووە ئاخۆ لە یەکێ لە چاپەکاندا بووە یا نەبوە . من لە خەریك‌بوونما بە تێکستەکەی شارەزاو میرانەوە لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێ ، نەگەڕاومەتەوە سەر چاپەکانی دیوانەکە . بەر لە هەرچی مەبەستی من ئەوەبووە لەبەر ڕووناکیی دەسنووس‌و گۆڤارەکانی چاپی بەغداو ئەستەمووڵ ، دیوانی حاجی تەماشا بکەمەوەو چەندم دەسەڵات بەسەردا بشکێ هەڵەکانی ڕاست‌بکەمەوە . هەروا بە هیچ جۆرێ کاریشم بە پەراوێزەکانی

تێکستەکەی شارەزاو میرانو بە شێوەی نووسینیانەوە نەبوە ، ئەوەندە نەبێ کە پەراوێز لەگەڵ ساغکردنەوەکەی من ناکۆك نەبێو ، شێوەی نووسین زیان بە ڕاستگەیاندنی مەعنای بەیتەکە نەگەیەنێ .

لەبارەی بەیتی :

**کە دەیگوت شێخی من : من دەستگیرم**

**لەلام وابوو لەبەر جەهلو جەوانی**

( ب ۲ ، ل ١٤٧ )یشەوە ، نووسیویە : « لای من وەهایە :

**کە دەیگوت پیری من : شێخ دەستگیرم**

تاد . . » .

ڕاستە کاك ڕەززاق لێرەدا لایەنگریی لە تێکستەکەی لای خۆی دەرنەبڕیوە ، بەڵام من ئەوەم بەلاوە بەس نییەو ، ئەبوو هەر باسی نەکردایە چونکە تێکستێکی زۆر ڕەکیكو ناشاعیرانەیە .

ئەم نیوە بەیتەی کاك ڕەززاق لەسەریدواوە ، لە تێکستەکەی شارەزاو میراندا بەمجۆرە بوو :

**کە دەیگوت شێخمو من دەستگیرم**

من بەگوێرەی دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووف ڕاستم کردەوەو تێکستەکەی ئەوم لا پەسەندتر بوو چونکە ئەگەر لەجیاتیی ( شێخی من ) ( شێخمو ) بێ ( من )ە کەی پاشەوەی زیاد ئەبێ .

لەو کتێبەمدا کە لەبارەی ڕاستکردنەوەی هەندێ شوێنی تێکستەکەی شارەزاو میرانەوە نووسیومەو ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ ، لەبارەی نوسخەکانیتری ئەم نیوەبەیتەو دوابۆچوونی خۆمەوە لە ساغکردنەوەیا ــ نووسیومە :

« لە دەسنووسی دووەمدا [ دەسنووسی مستەفا سائیب ] تێکستەکە بەمجۆرەیە : کە دەیگوت پیری من من دەستگیرم . لە دەسنووسی یەکەمیشدا [ دەسنووسی مەلا ڕەئووف ] لەپەراوێزەوە بە نوسخە نووسراوە : پیرمو من دەستگیرم . من ئێستا ئەم تێکستی ( کە دەیگوت پیری من من دەستگیرم )ەم لە هەموو تێکستەکانیتر لا پەسەندترە چونکە زاراوەی ( پیری دەستگیر ) لە جیهانی شێخو سۆفییاندا زۆر باوو لەسەر زمانەو ، وشەی ( پیر بووم ) لە بەیتی پاشەوەدا پتر جێگەی وشەی ( جەهلو جەوانی ) لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا ئەچەسپێنێ » .

لەبارەی بەیتی :

**بڵێ بەو سەرکزۆڵەی کوزپەرستە**

**بە چاوی کلدراوو ڕیشی پانی**

( ب ٦ ، ل ١٤٧ )یشەوە ، نووسیویە : « وشەی ( کلدراو ).. لەڕووی زمانەوە بە تەواو نابینم .. تاد » .

ڕاستەکەی من ئاگادار نیم ئاخۆ وشەی ( کلدراو ) بەکاردێ یانە ؟ بەڵام لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفو مستەفا سائیبدا ( کلدراو ) نووسراوە . زیاد لەمە کاك ڕەززاق تێکستێکی‌تری لا نەبوە بەجۆرێکی‌تری تیا نووسرابێ‌و خۆیشی هیچی پێشنیا نەکردووە . هەرچەند شوێنەکەیش شوێنی پێشنیاکردن نی‌یە . ( کل‌لێ‌دراو )یش نیوەبەیتەکە لەنگ‌ئەکاو ئەویش وشەی باوی ئەم مەبەستە نی‌یە ، چونکە تێکرا خەڵك ( چاوی ڕژراو )و ( چاوی بەکل ) ئەڵێن .

لەبارەی بەیتی :

**کەسێ پیاوە کە دانێ وەك ( حەماغا )**

**لەبۆ ئەبنایی جینسی نانو خوانی**

( ب ٨ ، ل ١٤٧ ) یشەوە ، نووسیویە : « لەنگی‌و دەسکاریی پێوە دیارە »و « لەمدێڕەدا وشەی ( پیاو ) سێ بڕگەیەو دەبێ بکرێتە دوو » . ئەنجا دوو تێکستی‌تری ئەم بەیتەی باس‌کردووە کە لە یەکێکیانا نووسراوە :

**ئەوە ئینسان کە دابنێ وەك حەماغا**

و لەوی‌کەیانا نووسراوە :

**ئەوە ئینسانە دانێ وەك حەماغا**

و ئەمەیانی پەسەند کردووەو ، نەیشیوتووە بۆ ؟!

پێشەکی ئەبێ بڵێم لای منیش لە ئەسڵی دەسنووسی مەلا ڕەئووفدا ( ئەوە ئینسان کە دانێ.. )یەو ، پاشان مەلا ڕەئووف خۆی گۆڕیویە بە ( کەسێ پیاوە کە دانێ.. ) کە لە تێکستەکەی شارەزاو میرانیشدا وابوو . من ئەمەم لا پەسەند بوو چونکە لەبارەی گراماتیکاوە هیچ ناتەواوی‌یەکی نی‌یەو لەسەر زمانیش سووکەو کوردانەیشەو لەگەڵ ڕێبازی شیعری کلاسیکی عەرووزیی کوردی‌یش ناکۆك نی‌یە . لە دەسنووسی مستەفا سائیبیشا ( ئەوە ئینسانە کە دانێ .. )یە کە نیوەبەیتەکەی پێ لەنگ ئەبێ . ئەنجا ئەبێ بڵێم ( ئەوە پیاوە کە دانێ وەك حەماغا ) نیوەبەیتەکە لەنگ ناکا وەك کاك ڕەززاق ئەڵێ چونکە کەس ناخوێنێتەوە ( پی‌یاوە ) تا ببێ بە سێ بڕگەو هەمیشە ( ی )کە لەنێوان ( پ )و

( ١ )ەکەدا قووتئەچێ . نیشانەی دەسکاریکردنیش هیچ بەدی‌ناکەم بـە نیوەبەیتەکەوەو ئەبوو کاك ڕەززاق ڕوونی‌کاتەوە چۆن لەوەوە دیارە ؟ لەبەرئەوە من ئێستایش هەر تێکستی دیوانەکەم بەلاوە باش‌و پەسەندە .

لەبارەی بەیتی :

**بە ئومەێدی دو سێ دانایە ( حاجی )**

**بە هەرزانی دەدا دوڕڕی گرانی**

( ب ٢ ، ل ١٤٨ )یشەوە ، نووسیویە : « بەپێی ئەم دەقـە لەوانەیە مانای وا لێ بدرێتەوە کە حاجی بەهیوای دوو سێ کەسی دانا دوڕڕە گرانەکانی خۆی بە هـەرزان دەدا ، وەکوو ئـەم لێکدانەوەیە ئەمجۆرە نووسـینەی بەیتەکەی سەپاندووە » . ئەنجا هاتووە ، پشت بە چاپی عەبدوڕڕەحمان سەعیدو چاپی یەکەمی گیو موکریانی کە گوایە ( دۆسەی )یان نووسیوە ، مەعنای وشە یا دوو وشەی ( دۆسەی ) بە ( دۆسیە )ی بەمەعنا ( فایل ) لێداوەتەوە .

بەرانبەر بە هەموو ئەمە ئەبێ بڵێم :

یەکەم ــ عەبدوڕڕەحمان سەعید ( دوسەی ) نووسیوە نەك ( دۆسەی ) . بەڵێ ڕاستە ئەوسەردەمە ئیشارەتی (٧)ی سەر ( و ) نەبوە تابینووسێ ، بەڵام خۆ ئەبێ بە نیشانەیەکدا بزانین ( و )ەکەی بە ( و )ی بۆش خوێندووەتەوە .

دووەمیش گیو ( دوو سێ‌ی ) نووسیوە نەك ( دۆسەی ) .

کەواتە (داسەپاندن) لەکاك ڕەززاقەوەیە نەك لە تێکستی شارەزاو میرانەوە.

ئەنجا ئەم تێکستە سەیرو سەمەرەیە چۆن پاساو ئەدرێ‌و ، چۆن تەنها هەر لەبەرئەوە کە حاجی قادر کفری‌کردو چووە ئەستەمووڵ ئیتر ئەبێ هەرچی وشەی تورکی‌و فەرەنسەیی‌و وشەی‌تری ئورووپایی‌یە ڕێگایان بۆ بەرەڵڵا بکرێ بێنە ناو شـیعریەوەو ، یەکێ ( مێشوولە )ی بۆ بکا بە ( میکرۆب )و یەکێکی‌تر ( دوو سێ )ی بۆ بکا بە ( دۆسێە ) !

سەرەڕای ئەوە ئەگەر بیسەلمێنین ( دۆسەی )ەو بەمەعنای ( دۆسێە )و فایلە ، ئەی مەفعوولی فیعلی ( داناوە ) ئەبێ چی بێ‌و حاجی چیی دانابێ‌و ، ئەم (شیعر)ە کە کاك ڕەززاق کردوویە بە مەرجەع بۆ ضەمیری موستەتیری ناو ( داناوە ) ، لە چی‌یەوە دەرك‌ئەکرێ‌و ، نیوە بەیتی‌دووەم بە چشێوەیەك ئەبەسرێ بە نیوەبەیتی یەکەمەوەو ، یەعنی‌چی حاجی شیعری بەهیوای خستنە دۆسێە داناوەو ، دوڕڕی گرانی خۆی بە هەرزان ئەفرۆشێ‌و ، فرۆشتنەکە خۆی کامەیەو ، بـە چیدا دیارە بە هەرزانی ئەفرۆشێ ؟

پاشان چ شکۆو شانازی‌یەك بۆ حاجی قادر ئەمێنێتەوە ئەگەر لەجیاتیی ئەوەی شیعری بۆ جەماوەری ستەمدیدە بنووسیٚو پیٚیان لەبەربکاو بیکا بە چەکی دەستیان لە خەباتا بۆ ڕزگاربوون لـە دەیان جۆرە بەندەییی ساڵەهای ساڵ ، بۆئەوەی بنووسیٚ لە دووتوێی فایلو دۆسیەی عەنتیکەخانەی مێژوودا هەڵگیریٚو تۆزی لیٚ بنیشیٚو ئاخۆ ئەم تۆزی گەردوونەی کەی لەڕوو ئەتەکێنریٚو کەی ئەهێنرێتە مەیدانی ژیانەوە.. نەخەیر ئەمە کاری حاجی قادر نی‌یەو وشەکە هەر ( دوو سیٚ )یەو مەبەستیشی ئەو تاك‌وتەرا دۆستو برادەرە وشیارانەیەتی کە ڕووی دەمی تیٚ‌کردوون لە شـیعراو ، لە شاری خامۆشانی ئەوڕۆژەی کوردستانی دیلی دەستی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕۆمو عەجەمو بیرو باوەڕی ڕزیوی پاشـکەوتووی کەرتەشێخو کولکەمەلاو جەورو سـتەمی ئاغاو بەگ‌و کوێخای نان لە کۆشی هەتیو فڕێندا ، تەنها ئەوان بوون بە زمانی ئاشنا بوونو لە فەرموودەکانی گەیشتوون .

لەبارەی بەیتی :

**ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژە کە دیٚو ئاوادەبیٚ**

**قامەتیشت وەك هیلالی یەکشەوە ئا وا دەبیٚ**

( ب ١ ، ل ١٥٠ )یشەوە ، نووسیویە : « خوێندنەوەیەکی سەرپیٚییی ئـەم بەیتە ، چجای دەقی‌تر ، دیاری دەکات کە دەبیٚ دێڕی یەکەمی ئەم بەیتە بەمجۆرە بێت :

**ئافتابی حوسنی تۆ ڕۆژێکە دیٚو ئاوادەبیٚ »**

منیش ئەڵێم : وانی‌یەو هەر ( ڕۆژە کە )یەو لاموایە کاك ڕەززاق بۆئەوە نەچوە کە ( ڕۆژە کە ) دوو وشەیەو وای‌زانیوە ( ڕۆژەکە )ی کوێی‌یانەیە کـە لەگەڵ ( ڕۆژێکە )ی شوێنانی‌تر یەك شتن .

بۆیەیش ئەڵێم کاك ڕەززاق باشی بۆ نەچوە ، چونکە ئەگەر ( ڕۆژێکە ) بیٚ ، ئەبیٚ (ڕۆژێکیش) هەبیٚ بیٚو ئاوانەبیٚ ! لەکاتێکا کە (کە)کە وەزعی (ڕۆژ)ەکە لێك‌ئەداتەوەو ، مەعنای تێکڕای نیوە بەیتەکە وای‌لیٚ‌دێتەوە : ئازیز ! خۆری جوانیی تۆ ، قورسی خڕی ڕووی وەك ڕۆژ خڕو جوانی تۆ ، لە هەموو شتێکا وەك قورسی خۆرە ، وەك چۆن ئەو سبەینان هەڵدیٚو بەرزئەبێتەوەو ئەگاتـە ناوەڕاستی ئاسمانو ، پاشـان وردە وردە بەرەو ئاوابوون ئەچیٚو ئاوائەبیٚ ، ئەمیش هەر وایە لە هاتنە دنیاوە تامردن. دوور نی‌یە تەنانەت ئەوەیشی مەبەست بووبیٚ بڵیٚ : بەڵام وەك چۆن ڕۆژ هەموو ڕۆژیٚ هەڵدێتەوە ، یادی جوانیی ڕووی

تۆیشـــی هەروا زیندووە ، بەڵکو جوانیی هەموو جوانانی لەمەوپاشیشـــی ڕەنگدانەوەی جوانیی تۆیە لەکاتی خۆیا دەرئەکەوێ .

بۆ زیادە پێ‌سەلماندنی ڕاستیی تێکستی دیوانەکە ، ئەڵێم لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر بەوجۆرە نووسراوە کە لە دیوانەکەدا نووسراوە .

لەبارەی بەیتی :

**سەرسپی‌و دڵ‌ڕەش بو ( حاجی ) تا فەقێ بوو ، ئێستەکەش**

**ڕووڕەشێکە ڕیش‌سپی ، خوا عالیمە هەر وا دەبێ**

( ب ٧ ، ل ١٥٠ )یشەوە ، نووسیویە : « وشەی ( ئێستەکەش ) (ئێستەکە)یە .

منیش ئەڵێم : هەر ( ئێستەکەش ) ڕاستە چونکە لە بەرانبەری باسی سەردەمی پێشووی ژیانی حاجیدا دانراوە کە فەقێ بووەو ، ئەگەر ئەو (ش)ی بەمەعنای ( ئەمما )ی عەرەبی‌یە نەبێ ، دوو ڕســـتەی بەیتەکە نابەســـترێن بەیەکەوە .

لەبارەی بەیتی :

**تا سالیکی مەسالیکی موڵکی قەناعەتی**

**باکت نەبێ لە ڕێگرو ئەهلی شەقاوەتی**

( ب ١ ، ل ١٥٧ )یشەوە ، نووسیویە : « سالیك ڕێبواری ڕێ‌یە نەك ڕێبواری ناو موڵك . هەر بۆیە وەکوو لە دەقی چاپی سێهەمدا هاتووە ، دەبێ بەمجۆرە بێ :

**تا سالیکی مەسالیکی ڕاهی قەناعەتی »**

منیش ، لەپێشا ، ئەڵێم : لە تێکستەکەی شارەزاو میراندا (ڕاهی) بوو . لەدەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر (ڕاهی)یە ، وەك کاك ڕەززاق بە ڕاستی ئەزانێ . بەڵام من،پشت بە دەسنووسی مستەفا سائیب‌و کەشکۆڵی حەمەڕەش‌و توربەیی ، ( موڵکی )م پێ ڕاست بوو ، بۆ ؟

چونکە ( مەسالیك )و ( ڕاە ) هەردوکیان یەك مەعنایان هەیەو ، ( موڵك ) جیایەو بەمەعنای ( خـــاك )و ( وڵات )ەو ئەمەیشـــی مەعنایەکی گەلێ وردتر ئەبەخشێ لە دووبارەکردنەوەی ناپێویستی مەعنایەك کە مەعنای ( ڕێ )یە با بە دوو وشـــەی جیای وەك ( مەسالیك )و ( ڕاە )یشـــی بێ . زیادلەوە دانانی ( قەناعەت ) بە( موڵك ) لەکاتێکا کە قەناعەت لە لاتی‌یەوە دێ ، ڕەوانبێژی‌یەکی فرە بەرزو باڵای تیایە بیری هەموو کەسی بۆ نارِوا .. حاجی قادر ئەڵێ : تا بە

ڕێگاوبانەکانی وڵاتی قەناعەتا گوزەر بکەی ، لــە جەردەو ڕێگرو پیاوخراپ مەترسە . ئەمە زۆر بەرزو باڵاترە لەوە کە تەنها بڵێ تا بەڕێی قەناعەتا بڕۆی مەترسە .

لەبارەی بەیتی :

ئیخلاصە ئەسڵی مەقسەدو خۆڕا شەقی دەبێ

وا تێدەگا بە سەرمەقولاتە سەعادەتی

( ب ٣ ، ل ١٥٧ )یشەوە ، نووسیویە : « وشەی ( سەرمەقولات ) دەبێ وەکوو لە گوتن‌دا وایە بە سێ بڕگە بخوێندرێتەوە ، بۆیە ئەوسا کێشەکە لەنگ دەبێ »و ، لەبەرئەوە لایوایە ڕاستی‌یەکەی بەمجۆرەیە کــە لە دەسنووسێکی لای ئــەوا نووسراوە :

« وا تێدەگا بە سەرمەقولاتەیە سەعادەتی »

منیش ئەڵێم : مایەی سەرسامیمە شـاعیرو عەرووززانێکی وەك کاك عەبدوڕڕەززاق سەنگ‌و ترازووی زەوقی شیعری وا لارو خوارو پارسەنگ‌ویست بێ . کاکی خۆم ! ( سەرمەقولاتە ) نەك هەر سێ بڕگــە نی‌یە ، چواریش نی‌یە ، پێنجەو ئەگەر بیکەین بە (سەرمەقولاتەیە) ، وەك تۆ داوائەکەی ، ئەبێ بە شەش !

کاك ڕەززاق بەشێکی وتارەکەیشی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ناوی‌ناوە « هەڵبەستانی دەستهەڵبەست » .

بێ‌گومان هەر شاعیرێکی بەناووبانگ شیعری بەدەمەوە هەڵبەستراوەو ئەمە نە شتێکە تایبەتی بێ بە شیعری حاجی‌یەوەو نە مەسەلەیەکیشە نکوولیی لێ بکرێ . بەڵام بە دەستهەڵبەست دانانی هەر پارچە شیعرێکی یا هەر تاکە بەیتێکی یا زیاتری هەر شاعیرێك کارێك نی‌یە هەروا بەئاسانی‌و بەگوترە بکرێ‌و کۆمەڵە مەرجێکی ئەوێ لەو کەسەدا کە ئەو ئیددیعایە ئەکاو لەو شیعرەیشدا کە ئەو تۆمەتەی ئەدرێتە پاڵ . بۆنموونە نەگونجانی بیروباوەڕی ناو شیعرێك لەگەڵ بیروباوەڕی شاعیرێك بەمەرجێ ئەو شاعیرە هەرگیز لە مەودای تەمەنی شیعروتنیا ئەو بیروباوەڕەی نەبووبێ، ئەوە دیارە بەڵگەی دەستهەڵبەستی‌یەتی . یاخود نەگونجانی ئاسـتی هونەریی شـیعرێك لەگەڵ ئاستی هونەرمەندیی شاعیرێك لە هیچ سەردەمێکی ژیانی ئەدەبیی ئەو شاعیرەدا ، بە ڕای کۆمەڵێ ڕەخنەگری لێزانی‌وا بتوانن بەئاسانی خاڵە جیاوازەکانی ئەو پارچە شیعرەو شیعری‌تری شاعیرەکە دەس‌نیشان بکەن ، ئەگینا بێ‌بەڵگە یا بە بەڵگەی هــەر بەناو بەڵگەی وەك ئەوانەی کاك ڕەززاق لە وتارەکەیا پیشانی‌داون ، لەجیاتیی ئەوەی ببن بە مایەی دەرکردنی ئەو شیعرانە لە دیوانی حاجی قادر لە دادگای

ئەدەبدا وەك كاك ڕەززاق ئەیەوێ ، بۆچوونی ڕەخنەگرانەی خۆی ئەخەنە مەیدانی لێکدانەوەو لێپرسینەوەو ڕاپێچی دادگای ئەدەبی ئەکەن .

بۆنموونە ، بەیتێکی وەك :

**ڕۆژی ئەووەڵ لە بەندەوو ئازاد**

**خیدمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد**

( ب ۹ ، ل ۱۹۰ ) کە لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفدا هەیەو دەسنووسی مەلا ڕەئووف لای کاك ڕەززاقیش ، وەك لای منو لای هەمووومان ، بەبایەخە ، بە دەستهەلبەست دانانی مایەی سەرسووڕمانە . چونکە لەڕووی مەعناوە بۆی ئەڕۆی بیری بەیتەکە لە چوارچێوەی بیری حاجیو ئەو زیادەڕەوییانەی کردوونی ، دەرناچێ . لەڕووی هونەریشەوە وەك بەیتەکانی تری پارچە شیعرەکە وایە . ئەنجا ( لە بەندەوو ئازاد ) ئەبێ لەبەرچی لەڕووی داڕشتنەوە ناتەواو بێ ؟ حوکمدان بەسەر ئەم نیمچە ڕستەیەدائەبێ لە چوارچێوەی حوکمدانا بێ بەسەر هەموو بەیتەکەدا . حاجی لەم بەیتەدا ئەڵێ : دابوایە بەندە خزمەتکار بێو ئازاد خزمەتی بکرێ ، بەڵام کورد لەم دابە بەدەرە ، لەوڕۆژەوە کە خوا خەڵکی دروستکردووە ، کورد بە بەندەو ئازادیانەوە بەشیان هەر ئەوە بووە کە خزمەتکاری خەڵك بن . ئێمە کە بەجۆرێکیتر بیرئەکەینەوە ئەتوانین ئەم قسەیەی حاجی بە بێجێ بزانین ، بەڵام حاجی لەمجۆرە زیادەڕەوییانەی هەیەو بیری بەیتەکەیش ، تەنانەت ئەمڕۆیش ، لە مێشکی گەلێکەسا جێگرتووە . سەرەڕای ئەوە کە حاجی ئەیەوێ غیرەتی کوردان بزوێنێو لە بارو دۆخی ژیانی خۆیانیان یاخیبکا ، چونکە بێ ئەو یاخیبوونو واقیع دانەدواوەیە لەتوانادا نابێ هیچ گۆڕانێکی باش بەسەر ژیاندا بهێنرێ .

ئەگەر لەڕووی سەنگی بەیتەکەیشەوە تەماشا بکەین ، ئەوا ئەگەر بەزۆر خۆمان نەنووسێنین بە خوێندنەوەی شێوەنووسینی کۆنەوەو ، ( و ) ی ( بەندەو ) تۆزێ درێژ بکەینەوەو بیکەین بە ( بەندەوو ) ، وەك هەزار شتیوا لە شیعری کلاسیکیدا کراوە ، هیچ نارەواییەك نامێنێ . بەمجۆرە دیاریئەدا ئەم ئیددیعای ( کەچمانایی )و ( کەچزمانی )یە کە کاك ڕەززاق بۆ ئەم بەیتەی ئەکا ، پشت بە هیچ بەڵگەیەکی ڕەخنەییی بەجێ نابەستێو ، شیعرەکەی حاجییش بۆخۆی بە حەڵاڵزادەیی ئەمێنێتەوە .

هەروەها ئەو بەیتانەیتریش کە بە دەستهەڵبەستی داناون ، هەموو لە مەعناو لە داڕشتنا لە سنووری بیرو تەکنیکی شیعری حاجیدانو ئەگەر هەندێکیان هەڵەو چەوتییەکیان تێکەوتبێ ، ئەوە تەنها بۆ ئەوان نییە ، لە زۆر پارچە شیعری حاجیو شاعیرانیتریشمانا شتیوا ڕوویداوەو کەس نەیکردووە بە بەڵگەی بە دەست هەڵبەست دانانی ئەو شیعرانە .

گەلێ لەو بەڵگانەی کاك ڕەززاق هێناونیەتەوەبۆ پێ‌سەلماندنی بۆچوونەکانی، بەلگەی سەیرو سەمەرەن . ئەگینا چ مەعقوولیەتێك لەوەدا هەیە حاجی شیعرێکی هەبێ تەکنۆلۆجیای سەدەی نۆزدەهەمی تیا پەسەند بکا ، تۆبڵێی کابرایەك زانیوبە حاجی تەکنۆلۆجیای لا پەسەندە ، هاتووە ئەم شیعرەی‌تری لەو بابەتە بەدەمەوە داناوە . حاجی ئەگەر شیعری‌وای نەبێ تەکنۆلۆجیای نوێی تیا پەسەند بکا ، بەچیدا ئەبێ بزانین تەکنۆلۆجیای لا پەسەند بووە ، خۆ کتێبی لەبارەی بیروباوەڕی خۆیەوە لەپاش بۆ بەجێ‌نەهێشتووین . کە شیعری‌وایشی بوو ، وەك هەیەتی ، بەچیدا بزانین ئەوەیان هیی خۆیەتی‌و ئەوەی‌تریان دەست‌هەڵبەستە ؟

یا ئەگەر حاجی وەك هەموومان ئەیزانین ناوی کۆمەڵێك شاعیرو خێڵی کوردی خستبێتە ناو شیعری خۆیەوەو شانازیی پێوە کردبن ، بەچیدا بزانین ناوی فلانیان ڕاستە ئەو ناوی هێناوەو ناوی فیساریان درۆیە بە ناوی ئەوەوە خراوەتە شیعریەوە ؟ کاك ڕەززاق ئەوە ئەکا بە بەڵگە کە حاجی ناوی مەولەویی نەهێناوە لە شیعریا ، کە وتویە (مەولەوی)و نەیوتووە ( مەعدوومی) . جارێ مەولەوێ هەر لە نامەو جارجاریش لە شیعرا ، ناوی ( مەعدوومی )ی بۆخۆی بەکارهێناوە ، ئەگینا لەناو خەڵکا هەر ( مەولەوی ) بووە . زیاد لەوە مەولەوی ١٥ ــ ١٦ ساڵێك بەر لە حاجی قادر مردووە ، واتە کە حاجی لە کوردستان بووە نیمچە هاوچەرخ‌و هاوتەمەن بوون‌و بێ‌گومان حاجی ناوی مەولەویی بیستووە ، چونکە هەم هەردوکیان لە موکریان خوێندوویانەو هەم بیارەو تەوێڵەی مەرکەزی ئەو سەردەمەی تەریقەتی نەقشبەندی ، وەك مەڵبەندی ڕۆحیی مەولەوی بوون ، مەڵبەندی ڕۆحیی مەلایان‌و دانیشتوانی کۆیەی حاجی قادریش بوون ، سەرەڕای پێوەندی نێوان حاجی قادرو بنەماڵەی جەلی لەسەرێکەوەو ، پێوەندی بنەماڵەی جەلی‌و شێخانی بیارەو تەوێڵە لە سەرێکی‌ترەوە کە مەولەوی‌یش مەنسووبیان بووە .

کاك ڕەززاق بەکارهێنانی وشەی ( قەبیلە ) لە هەندێ لەو بەیتانەدا کە بە دەست‌هەڵبەستیان دائەنێ ، ئەکا بە بەڵگەی دەست‌هەڵبەستیی ئەو بەیتانە . من نازانم ئەم‌جۆرە بەڵگە هێنانەوەیە لە چ سەرچاوەیەك ئاو هەڵ‌ئەگوزێ ؟ حاجی وشەی ( قەبیلە )ی نەزانیوە ، یا ئەوەندە دژی قەبیلە بووە بە ناوهێنانیش ناوی نەهێنێ ، یا قەبیلە لەو سەردەمەدا نەبوە !

خۆ ئەگەر مەبەستیشی ئەوەبێ ئەوانەی ئەو بە ( قەبیلە ) ناوی بردوون ، قەبیلە نین‌و کەواتە ئەبێ حاجی شتی‌وای نەوتبێ ، ئەوە لە وەڵامدا ئەڵێم ئەمە لەوە ئەچێ کە بڵێین وشەی ( ئوممە ) لە فەرهەنگە عەرەبی‌یە کۆنەکاندا دەست‌هەڵبەستە ، چونکە لەو فەرهەنگانەدا بەمەعنای‌وا بەکارهاتووە زۆر جیایە لەو مەعنایەی ئەمڕۆ لە فەرهەنگی سیاسیدا بۆی بەکارئەهێنرێ .

کاك ڕەززاق بۆئەوەی بۆچوونەکانیمان پێ بسەلمێنێ ، زۆر جار پەنا ئەباتە بەر نوسخە چاپەکانی دیوانی حاجی . ئەمە ــ من پێ‌بزانم ــ یەکەمین جارە لەگەڵ بوونی دەسنووسی متمانەپێ‌کراوا نوسخەی چاپ بکرێ بە بەڵگەی ڕاستکردنەوە. چاپیش کام چاپ ؟ ئەو چاپانەی لەسەر بنەمای ئەو دەسنووسانە لەچاپدرابن . بەڵام لەمەیشـــــدا لەگەڵ خۆی ناکۆکە ، چونکە هەرچۆنێ بێ شـــــیعرە لە چاپدراوەکانی ئەستەموڵو ( تێگەیشتنی ڕاستـــی )ی بەغدا پێش چاپی عەبدوڕڕەحمان سەعیدو گیو موکریانی لەچاپدراون‌و ئەوان لە چەرخی حاجی قادرەوە نزیکترن‌و لە دەس‌تێوەردانەوە دوورتر . کەواتە بۆچی ئەوانە نەکرێن بە بەڵگەو ئەمانەی لای خۆمان بەجۆرێك بکرێن بە بەڵگە لە دەسنووسەکانیش لەپێشتر دابنرێن .

زیاد لەوە چاپی عەبدوڕڕەحمان سەعید لەڕووی چەند دەسنووسێکی کۆیە لەچاپدراوە . چاپی گیویش هەروەها دەسنووسی کۆیە سەرچاوەی بووە .. ئیتر بۆچی کاك ڕەززاق ڕادەیەکیش متمانەپێ‌کردن ناکا بە خەڵاتی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغاو مستەفا سائیب‌وکەشکۆڵەکۆنەکانی حەمەڕەش‌و توربەییی لای شێخ عەلی قەرەداغی‌و وردە بەیازەکانی‌تری لای من کـە ئەگەر ئەوانەو هاوچەشـــنەکانیان‌و ئەو چەند پارچە شیعرە نەبوونایە کـە لـە گۆڤارەکانی ئەستەموڵا بڵاوکراونەتەوە ، مەگەر ئیستا هەر بە باس باسی حاجی قادرمان ببیستایەو شیعریشی وەك فۆلکلۆر .

کاك ڕەززاق ئەوەندە لە گۆڤاری ( ڕۆژی کورد )ی ئەستەموڵ توورەیە ، جارجار وام بەبیردادێ ئەگەر دەسەڵاتی بوایـە دوا ژمارەی دەسکەوتووی کۆئەکردەوەو لۆکی قەدەغەکردنی پێوەئەنا ! من هیوام وایە لەپێناوی خزمەتی ئەدەبی کوردو مێژووی کوردو زانستی ڕووتا کاك ڕەززاق چاو بەم هەڵوێستەیا بگێڕێتەوە . من لاموایە شیعرە لە ئەستەموڵ لەچاپدراوەکانی حاجی لە ڕیزی پێشەوەی نوسخە باوەڕپێ‌کراوەکانی شیعری حاجی‌یەوەن ، چونکە هەرچی شـــیعری سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی حاجی‌یە لـە ئەستەموڵ داینـاون‌و هـەر لەوێیشەوە گەیشتوونەتە ئەو گۆڤارانە ، لەبەرئەوە کەمترین دەسکاری‌یان تیا کراوەو بە کەمترین هەڵەوە بڵاوکراونەتەوەو زۆریان جیایە لەوەی شیعرێکی نیشتمان‌پەروەرانەی حاجی لـە چەرخێکی پاشکەوتووی وەك ئەو چەرخەی کوردستانا دەس‌بەدەس لە ئەستەمووڵەوە بێتەوە بۆ کوردستان‌و بڵاو بکرێتەوە یا ببێتەوە . تا ئەگاتە بەرەوەو تا ئەکەوێتە دەست خوێندەواران خوا خۆی ئەزانێ لەبەر ناشـــــی‌یەتیی خەڵکەو نامۆییی بیرەکانی چەنـد ئاڵ‌وگۆڕی بەسەرادێ .

کاك ڕەززاق زۆر بەجێ شیعری دەستهەڵبەست‌و درۆی « لە کوردی حەز نەکا کوردێ .. » ئەکا بە بەڵگەی بوونی شیعری دەستهەڵبەست . جارێ

ئەوە هیچ کە بوونی شیعری دەستهەڵبەست بەڵگەی پێویست نی‌یە ، بەڵام وەك ئەڵێن : کورد بدوێنە شەرعی خۆی ئەکا . من لە کاك ڕەززاق ئەپرسم : ئەو شیعرەی لە چەند دەسنووسی کۆندا دیوەو ، لە چەند گۆڤاری ئەستەموولا بڵاوکراوەتەوەو ، لە غەیری ئەو سەرچاوەیەدا کـە لە چاپی یەکەمیا خراوەتە سەر بەرگەو لە چاپی دووهەمیەوە لابراوە ، لەکوێی‌ترا بەرچاوی کەوتووە ؟ لەگەڵ ئەوەیش کە بیری ئەو بەیتە لە بیری بەیتی سەرتۆپی « ئەگەر کوردێك زمانی خۆی نەزانی . . » عەجایبتر نی‌یەو ، ئەگەر ئەممان بە هیی حاجی قادر زانی ، ئەبێ لەڕووی بیرەوە ئەویش هەر بـە هیی ئەو بدەینە قەڵەم . ئەوەی لێرەدا فریامان ئەکەوێ تەنها سەرچاوەی کۆنە لە دەسنووس‌و لە چاپ کـە هیچیان تائیستا پێمانزانیبێ ئەم بەیتەی نەگرتووەتە خۆی .

لەبارەی بەیتی :

**دەییاری نەما لە جینسی ذیڕووح**

**غەیری ئەمە هاتە کەشتی‌یی نووح**

( ب ۲ ، ل ۱۹۵ )یشەوە ، نووسیویە : « ڕاستی‌یەکەی ئەم بەیتە بەمجۆرەیە کە دەینووسین :

**تاقە یەکی نەما لە جینسی ذی ڕووح**

**غەیری ئەمەی هاتە کەشتیی نووح »**

پێشەکی ئەبێ بڵێم وشەی ( دەییاری ) بەگوێرەی دەسنووسی مـەلا ڕەئووف‌و دوو دەسنووسی مستەفا سائیبەو ، ( ئەمە )یـش بەگوێرەی دەسنووسی مەلا ڕەئووفەو ، ( کەشتی‌یی )یش ، سەرەڕای پێویستیی ڕاگرتنی سەنگی نیوەبەیتەکە ، بەگوێرەی هەر سێ دەسنووسە ناوبراوەکەیشە ، ئەگەر بی‌یانهێنینە سەر شێوەنووسینی نوێ .

ئەمە لەڕووی تێکستەوە . لەڕووی لێکدانەوەیشەوە ، وشەی (دەییاری) زۆر لە زمانی شیعریی سەردەمی حاجی قادرەوە نزیکترە تا ( تاقە یەکی ) یـا ( تاقێکی )و ، ( دیارالبشر )یش وشەیەکی باوبووەو ئێستایش باوە . زیاد لەمە هەر سێ بۆچوونەکەی کاك ڕەززاق بەیتەکەیان پێ لەنگ ئەبێ‌و ، کاك ڕەززاق خۆی شاعیرو عەرووززانەو نازانم چۆن ئەم هەڵە زلەی بەسەرا تێپەڕیوە . زۆر باشتر بوو کاك ڕەززاق هەر هیچ نەبێ لە دەسکاریی یەکەم‌و سێهەمیا چاوی لە چاپەکەی مامۆستا گیو بکردایە کە زۆری پشت پێ‌بەستووە ، بۆئەوەی بەیتەکە لەنگ‌نەکا !

لەبارەی دوو بەیتی :

**سەیری ناکەی طائیفەی ئەو شێخەکان**

**وەك صەحابەو عادەتی پێشینیان**

**ڕووتو پێخاوس بە زەرگێكو مەتاڵ**

**باوکی بۆ دوو پوول دەردێنی لە چاڵ**

( ب ٥ و ٦ ، ل ٢٠٣ )یشەوە ، پاش باسی چۆنیەتیی تێکستیان لە هەندێ لە چاپە پێشووەکانی دیوانی حاجیدا ، هەندێ بۆچوونی تایبەتیی خۆی دەربڕیوە کە لەجیاتیی ( ئەو شێخەکان ) ( ئەرمینیان ) یا ( ئێرانی‌یان ) بێ‌و ، ئەڵێ :
« دێڕی دوایش ئەمە ڕاستی‌یەکەیەتی :

**باوكو سەدمیانیان دەرهێنا لە چاڵ**

لە نوسخەیەکی‌تردا :

**باوکی سەیدانیان دەرهێنا لە چاڵ »**

منیش لێرەدا بە پێویستی ئەزانم بڵێم ئەو تێکستەی لە دیوانەکەدا لەچاپدراوە تێکستی دەسنووسی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغایەو ، لە تێکستەکەی شارەزاو میرانیشدا جێگەی ( ئەو شێخەکان ) بە بۆشی هێڵرابووەو من بەپێی دەسنووسی مەلا ڕەئووف پڕم کردەوە . لەگەڵ ئەوەیشا هەر دڵنیام دەسکاری‌یەك لە نیوەی یەکەم‌و چوارەمی ئەم دوو بەیتەدا کراوە ، بەڵام بۆچوونی کاك ڕەززاقیش کە ڕاستی لە یەکەمیانا ( ئەرمینیان ) یا ( ئێرانی‌یان ) بێ ، هەڵەیە چونکە باس باسی شێخانەو ڕەخنە لە شێوەی کۆن‌و هەڵەی بۆغەزاچوونیان ئەگرێ‌و ، پێوەندی بە ئەرمەنی‌و ئێرانی‌یەوە نی‌یە . ڕاستکردنەوەی دووەمیشی هیچ مەعنایەك نادا بەدەستەوە . هەروا (نوسخە)کەیشی زۆر لە ڕاستکردنەوەکە پەسەندتر نی‌یە . ڕاستەکەی لەم دوو بەیتەدا نە ڕووی شوبهاندن بە ئەسحابە دیارەو نەکەس ئەزانێ ضەمیر لە فیعلی (دەردێنێ)دا بۆکێ ئەگەڕێتەوە ، بۆیە من بە بۆچوونی خۆم لام‌وایە لەنێوان هەردوو بەیتەکەدا بەیتێك لەناوچووە .

لەبارەی بەیتی :

**تاکی دونیا مایە پوختەی هەر هەیە**

**لەم کەرو خامەی کە هەن باکم نی‌یە**

( ب ٧ ، ل ٢٠٤ )یشەوە ، نووسیویە : « ئەم بەیتە لەچاو قافیەو دەرچوون لە زاری ناوچەیی‌یەوە بۆ زمانی گشتی‌یەوە ناتەواوە . ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە لە چاپی یەکەمدایە :

**تاکی دونیا ماوە پوختەی کەم نی‌یە**

**لەم کەرو خامەی کە هەن باکم نی‌یە »**

منیش پێشەکی ئەبێ بڵێم : ئەوەی لە دیوانەکەدا نووسراوە تێکستی دەسنووسی مەلا ڕەئووفە . دووەمیش حاجی لە دەیان شوێنی شیعرەکانیا دیالێکتی ناوچەی کۆیەی بەکارهێناوە ، لەبەرئەوە بەکارهێنانی ( مایە )یش زۆر بەجێ‌یە . سێهەمیش ( هەرهەیە ) لە (کەم نی‌یە ) بۆ ئەم شوێنە زۆرتر ئەگونجێ چونکە مەعنای بوونی کەسانی پوختەی کەمتر ئەگەیەنێو ئەوەیش لەگەڵ باوەڕ بە خۆو بیروباوەڕی خۆ کردنی حاجی زیاتر ئەگونجێ .

لەبارەی بەیتی :

**ئاخیری نایێ وەکوو ڕووبارو چۆم**

**یا شەڕەجوێنی لەنێو خەرڕاتو دۆم**

( ب ٥ ، ل ٢٠٦ )یشەوە ، نووسیویە : « دوور نی‌یە لە چاپی یەکەمدا لەبەر بەرهەڵستێکی ئەدەبی یان سیاسی شوێنی نیوەی دووەمی دێڕی یەکەمیان بە بەتاڵی داناوە ، بۆیە پینەکردنی بەتاڵی‌یەکە بە ( ڕووبار )و چۆمی هاوواتای مەگەر بۆ قافیە گونجاندن باش بێت ، دەنا مانایەکی شیاو ڕێکناخات . من وەکوو بیستوومە ، تا ڕادەیەکی زۆریش ڕێی تێ‌دەچێ ، ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە :

**ئاخری نایە بە میسلی تری ڕۆم**

**یا شەڕەجوێنی لەنێو خەرڕاتو دۆم »**

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا لە سەرەتادا شوێنی ( ڕووبارو چۆم ) بە نوختە پڕکراوەتەوە ، پاشان مەلا ڕەئووف خۆی تیا نووسیوە ( روبالْ چوم )و لە پەراوێزا نووسیویە ( روبالی چوم ) . من لام‌وایە ( ڕووبارو چۆم ) زۆر بەجێ‌یە چ لەڕووی وشەو چ لەڕووی مەعناوەو ، ڕەخنەیەکی بەجێ ڕووناکاتە هێنانی چۆم بەدوای ڕووباراو ، شتی‌وا نەک هەر لە شیعرا کە حوکمی تایبەتیی خۆی هەیە ، لە پەخشانیشا زۆرە . هەرچی ڕاستکردنەوەی نیوەبەیتەکەیشە بەوە کە بڵێی بەم‌جۆرەیە : « .. بە میسلی تری ڕۆم » ، ئەوە نیوەبەیتەکەیشی پێ لەنگ‌ئەبێ مەگار بیکەی بە « ترڕی »و مەعنایەکی ناپەسەندیشی هەیەو ، تری ڕۆم بووبەچی تا هەرگیز دوایی نەیەت ؟

لەبارەی بەیتی :

**لە گوێی گا نووستوون هەرچەندە شێرن**

**وەکوو کەروێشکی چاو ڕاماوو کوێرن**

(ب ٣ ، ل ٢٣١)یشەوە ، نووسیویە : «لە چاپی یەکەم‌و ئەو دوو سەرچاوانەشدا

که باس کران لەجیاتیی ( چاوڕاماو ) ( چاوئازا ) هاتووە هەرسێك ئەم سەرچاوانە لە دەستنووسی‌دی زیاتر جێگەی پشت قایمین . نەشبیسستراوە ( کەروێشکی چاوڕاماو ) یان ( چاوڕامای ) بگوترێ » .

منیش ئەڵێم : لە تێکستەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەروا ( چاوئازاو ) نووسراوە ، بەڵام بە نوسخە ( چاوداماو )و ( چاوڕاما )یش نووسراوە . لە تێکستەکەی شارەزاو میران خۆیشیاندا ( چاوڕاماوو ) نووسرابوو . ( ڕامان ) مەعنای ( تەئەممول ) ئەگرێتەوە . مەبەست لە چاوڕاماو ئەوەیە چاوی ئەبڵەق بووبێ‌و نەزانێ چی بکاو وەك کوێری لێ هاتبێ . کەروێشك کە نووست چاوی ئەکاتەوە ، وەك بڵێی بڕوانێ‌و ئاگای لە هەموو شتێك بێ ، کەچی لەڕاستیشدا لەبەرئەوەی کە نووستووە ، چاوی لەهیچ نی‌یەو وەك کوێر وایە . کەواتە لێرەدا ( چاوڕاماو ) زۆر بەجێ‌یەو ( چاوئازا ) یا ( چاوداماو ) بۆ شوێنەکە دەس‌نادا .

لەبارەی دوو بەیتی :

**ئەوی ئەعلایە سەردەستەی شکارە**

**ئەوی ئەدنایە بەستەی زوڵفی یارە**

**ئەوی ئازایە شەهنامە دەخوێنێ**

**ئەوی مسکینە گەنم‌و جۆ دەچێنێ**

( ب ٤و ٥ ، ل ٢٣١ )یشەوە ، نووسیویە : « وابزانم دووبارەکردنەوەی ( ئەو ) چوار جاران بەسەر وردەکاریی حاجی‌دا تێپەڕ نابێت ، بۆیە وەکوو لە چاپی یەکەم‌و ئی‌دیدا هاتووە ( ئەو )و ( ئەم ) سەرو جارێك دووبارە کراونەتەوەو شیعرەکەیان جوانترو پتەوتر کردووە » .

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا لە هەر چوار نیوەبەیتەکەدا ( ئەوی ) نووسراوە . لەگەڵ ئەوەیشا ، وەگ لە گۆڤاری ( ڕۆژی کورد )دا نووسراوە ، من ئیستا لە نیوەدێری دووهەم‌و چوارەما ( ئەمی )م پێ جوانترە وەك کاك ڕەززاق پێشنیای کردووە .

لەبارەی بەیتی :

**ئەمانە بێ‌شوعوورو گێژوویژن**

**موطیعی لۆتیی خوێڕی‌و هەرزەبێژن**

( ب ٦ ، ل ٢٣١ )یشەوە ، نووسیویە : « ڕستەی ( لۆتی خوێڕی ) لە بۆچوونێکی تەسکەوە داڕژاوە ، ئەگەرنا کوردە بێ‌ئاگاکان یان نەزانەکان بەدوا پیاوی لۆتی یان خوێڕی بەو مانایەی هەبوە نەکەوتوون ، ئەوان دوو پیاوی دەست‌بڕ یان

کۆنەپەرستو نەزان کەوتوون » . پاشان ئەڵێ : « .. ڕووی ڕاستی .. ( لۆتەخۆر )ە . لۆتەخۆریش بە پیاوی پیسخۆری پاشماوەخۆر دەگوترێ . لە کەرکووك کاری ( لەوتاندن )و ( دەلەوتێنێ ) بەمانا پیس کردنو پیس دەکات هەیەو لۆتەخۆریش هەر لەوەوە وەرگیراوە . لەگەڵ ( لوثە )شدا نزیکییان هەیە. کەوابێ ڕاستیی بەیتەکە بەمجۆرەیە :

**ئەمانە بێشوعوورو گێژوویژن**

**موطیعی لۆتەخۆرو هەرزەویژن »**

منیش لەمبارەوە پێشەکی ئەڵێم : لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا نووسراوە : «لوتەخورو» . لە کەناریشەوە لەسەری نووسراوە : «مفتە خورو» . لە تێکستەکەی شارەزاو میرانیشدا هەر «لوتەخورو» بوو . لە (ڕۆژی کورد)یشدا هەر وایە . لە ( تێگەیشتنی ڕاستی )یشدا « لوتیخورو » بوو . من لەناو ئەم تێکستانەدا تێکستی ( تێگەیشتنی ڕاستی )م لا پەسەند بوو چونکە لە ( لۆتیی خوێڕی )یەوە نزیكبوو بەمجۆرەم ڕاستکردەوە ، بەتایبەتی کە مەعنای ( لوتەخور)م لا دیار نەبوو . ئەگەر چشبکەین لە بۆچوونەکەی کاك ڕەززاق کە ئاخۆ کوردان شوێنی کەسانی لۆتیو خوێڕی کەوتوون یا نەو ، من لاموایە هەزارانجار شوێنی کەسانیوا کەوتوونو ئیستایش هەر وایەو ، ( لۆتیو خوێڕی ) وەنەبێ تەنها جنێوێکی بێناواخنی کۆمەڵایەتی بێو ، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەك خەڵتەی چینی کرێکار هەیە خەڵتەی دەرەبەگو سەرمایەداریش هەیە کە ئەوانەن بێپێوەندێکی ڕەسەنی کۆمەڵایەتی پایەو شوێنی ئەم چینانە داگیرئەکەنو تەنها لە ڕووە تاریکەکانی ژیانا وەك ئەوان ئەجووڵێنەوەو ، کورد بەمانە ئەڵێ ( ناکەسبەچە )و حیکمەتی پێشینانی کورد کە ئەڵێ : « پیاو بە گەورەیی فێری پلاوخواردن ببێ دەس بۆ لوتی ئەبا» لەبارەی ئەم جۆرەکەسانەوە وتراوە ، وتم ئەگەر چشبکەین لەبۆچوونەکەی کاك ڕەززاق ، ئەگەر ئەو بتوانێ پێمان بسەلمێنێ ( لۆتەخۆر ) بەپیاوی پیسخۆرو پاشماوەخۆر ئەوترێ – کە لە کرۆکدا هەر مەعناکەی ئێمە ئەگرێتەوە – ئەوە قسەمان نامێنێو وایە وەك ئەو ئەڵێو وەك لە چەند دەسنووسدا نووسراوە ، ئەگینا تا ساغئەکرێتەوە وشەکە چییە هەر بە ( لۆتیی خوێڕی ) بخوێنرێتەوە بەجێترە .

لەبارەی بەیتی :

**بە ترِ خانی بەسەرناچێ ، لەمەوپاش**

**لە هەر لاوە دەتانهاڕن وەکوو ئاش**

( ب ٣ ، ل ٢٣٢ )یشەوە ، نووسیویە : « لەکاتێکدا کە حاجی خەڵکەکە لە دواڕۆژێ پڕ لە مەترسی وریا دەکاتەوە کە دەوڵەتان بە ئەسپاپو چەکی تازەوە

لێك‌دەدەن‌و ئەگەر کارێك نەکەن کورد لەژێر پێدا دەچێ ، لەم کاتەدا وشەی ( تڕ )و ( خانی ) بێ‌جێ‌و نەشازە . وشەی بەدرخانیش کە لەو دوو دەقە کۆنە چاپکراوەدا نەبوون ، دوور نی‌یە یەکێك بڵێ بۆیە نەبوون لەوانەیە باری ڕۆژگاری سیاسیی ئەوسای ئەستەنبووڵ‌و بەغدا وای‌کردبێ ئەو ناوە لاببرێت . بەڵام دڵنیام لە بنەڕەتدا نەبوە تا لای‌بەرن . پاشان دەبێ ( بە تڕ خانی ) مانای چی بێ ؟ کام تڕو کام خان ؟ کام خانووی بە خانی کراوی شێوەی کۆیــە ؟ نازانم برایان کە بیریان بۆ زۆر شت چووە ، چۆن بیریان لە ( تڕ )و ( خانی ) بەولاوە نەچوە ؟

« ڕێنووسی وشەکە لە ( ڕۆژی کورد )دا ( بترخانی )یە . ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مانای ئەم وشــەیە هیچ سێ‌ودووی لێ ناکرێ دەبێ بە ( بە تەرخانی ) بخوێنینەوە . تەرخانی مانای چی‌یە ؟

« تەرخان ئەوکەسەیە مەرەخەس کراوەو بێ‌خەم کاری بۆ مەیسەر دەبێت . لە فەرهەنگی ( معین )دا هاتووە بنچینەی وشەی تەرخان لەوەوە هاتووە کە شازادەکانی تورك‌و مەغۆل یان گەورە پیاوانێك بەهۆی ڕەچەڵەك‌و دەوڵەمەندی‌و شتی‌ترەوە دەستوری ئەوەیان هەبووە هەرکاتێك بیانەوێ بە بێ‌پەردە بچنە لای سوڵتان . هەروەها هەندێ پیاوی ئایینیش ئەم پایەیان هەبووە .

« ئەمجا بەپێی ئەو مانای تەرخانە ( تەرخانی )یش مانای بێ‌خەمی‌یە لــە گیرودارو ئەرکی دواڕۆژ . حاجی دەفەرموێ : لەمەودوا ژین بەبێ‌خەمی‌و بــە تەرخانی بەسەرناچێ ، بەڵکو لە هەر لاوە دەتانهێڕن وەکوو ئاش .. وەکوو گوتمان ئەمەش وریاو هوشیار کردنەوەیە .

« کەوابێ بەیتەکەی سەرەوە بەمجۆرەیە :

**بە تەرخانی بەسەرناچێ ، لەمەوپاش**

**لە هەرلاوە دەتانهێڕن وەکوو ئاش »**

ئەمەبوو تەواوی لێکدانەوەکەی کاك ڕەززاق لەبارەی ئەم بەیتەوە . جا با بزانین تا کوێ بڕ ئەکاو چەند لەبەر زەبری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا خۆی ئەگرێ .

ڕاستکردنەوەی ئەم بەیتە لــە دیوانەکەدا لەلایەن منەوە بووەو ، لەبەر ڕووناکیی تێکستی گۆڤاری ( ڕۆژی کورد )و ڕۆژنامەی ( تێگەیشتنی ڕاستی )دا ڕاستم‌کردووەتەوەو ، بۆیەیش بیرم لە ( تڕ )و ( خانی ) بەولاوە نەچوە ، چونکە بەرزترین پلەی بیر لەئاست تێکستی‌وادا لەوە بەولاوە بڕناکاو ، بیری حاجی قادر خۆیشی هەر لەویادا گیرساوەتەوەو ، پێویستیش بە گاڵتەکردن بە کەس نی‌یەو ، سەد حەیف‌و سەد مخابن بیری کاك ڕەززاقی برادەرم لەخوار ئەم ئاستەیشەوە گیری خواردووە .

حاجی قادر کە باری کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی پاشکەوتووی گەلی کورد

دێنێته پێش‌چاوو لەگەڵ باری ژیانی جیهانی پێشـــکەوتوو بەراوردی ئەکاو پیشانی ئەدا کەوا ئەگەر لەکاتێکا کە جیهان وا لە هەموورووبەکەوە ڕێگەی ژینی نوێی گرتووەتەبەرو خۆی بۆ بەرەورووبوونەوەی هـەر ڕووداوێکی ناخۆشی لەمەوپاش ئامادە ئەکا ، ئێمە هەر لەسەر بارو دۆخی خۆمان بین ، لەژێر باری ئاشی گەردووندا ئەهاڕرێین‌و ئەبین بە ئاردو ، ڕووی دەم ئەکاتە باسی بەناو خان‌و گەورەو سەردارانی کوردو ئەڵێ ئەم ئیددیعای پووچی خانی‌و گەورەیی‌و فەرمانڕەوایی ئەوانە ، بێ‌ئەوەی دەسەڵاتێکی ماددیی‌وایان هەبێ‌و تفـاق‌و کەرەستەیەکی‌وایان لەدەستا بێ لەئاستی پێویستی‌یەکانی ئەم چەرخەدا بێ ، ئیددیعایەکی بێ‌مایەو بێ‌ئەنجامەو ، ئەو قسـە زلانەی ئەیکەن وەك ئەوە وایە بایان لێ بەربێتەوە . جا لێرەدا ئەو ئیددیعا بێ‌مایەو قسە زلانە شوبهێنراون بـە ( تـڕ ) وەك چۆن تڕ هیچ مەعنایەك ناگەیێنێ‌و لـە ئابڕووچوون بەولاوەی لێ ناوەشێتەوە ، ئەو ئیددیعاو قسانەیش هیچیان پێ نایەتەدی‌و سەرەنجامیان هەر نائومێدی ئەبێ .

ئەم شوبهاندنەیش هیچ عەیب‌و شووره‌یی‌یەکی تیا نی‌یەو ، قسەی باوی ناو میللەتەو ، تەنانەت خوا خۆیشی ئەفەرموێت : « ان الله لا یستحي ان یضرب مثلاما »(١٠) واتە خوا لەوە شەرمناکا هەر جۆرە مەسەلێك بێنێتەوەو، عەرەبیش ئەڵێن : « الامثال لا تغیر عن مضاربها » واتە : مەسەلی پێشینان چۆن هاتووە هەر وا ئەهێنرێتەوەو ناگۆڕرێ . حاجی خۆیشی چەند جاری‌تر لـە شیعرا وشەی ( تڕ )ی بەکارهێناوەو شەرمی لێ‌نەهاتووەو تەنانەت قسەی پێشینانی « حەمام بە تڕ گەرم ناکرێ »ی خستووەتە شیعریەوە (١١) .

ئەنجا نازانم بۆ کاك ڕەززاق ( خانی )ی بە ( خانوو ) مەعنا لێداوەتەوەو ، ئەوەی لەکوێ وەرگرتووە کە ئامادەکەرانی دیوانی حاجی وای بۆچووبن ( خانی ) بە دیالێکتی کۆیەیەو بەمەعنای ( خانو )وە ؟ ( خانی ) وەك وتمان واتە ( خانیەتی )و فەرمانڕەوایی‌و ، من کە ئەو بەیتەم ڕاستکردووەتەوە هەرگیز ئەو مەعنایەی کاك ڕەززاقم بەبیردا نەهاتووە .

من لەوباوەڕەدام هەرکەس ئەم بەیتە بخوێنێتەوە لەم دیوانەداو بزانێ تازە بەم‌جۆرە ڕاستکراوەتەوە ، لە ناخی دڵیەوەهەست پێ‌ئەکا کە زۆر وردو

---

(١٠) سورة البقرة ، الآية ٢٦ .
(١١) وەك ئەوە کە ئەڵێ :

**باسی زوڵفی درێژو چاوی بەخەو**
**نەبراوە ، بووە تڕی خوسـرەو**

یا ئەڵێ :

**ئاسنی سـارد بە فوو نەرم نـابێ**
**بە تزانیش حەمام گـەرم نـابێ**

خوێندەوارانە ڕاستکراوەتەوەو بە سەرکەوتنێکی گەورەی دائەنێ لە مەیدانی ڕاستکردنەوەی شیعری حاجیدا . بەڵام بەداخەوە هەندێکیان دڵیان بەرایی نادا دان بەو ڕاستی‌یەدا بنێن‌و بە هەموو جۆرێ هەوڵ‌ئەدەن هەرچۆن بێ ڕەخنەیەکی لێ بگرن . نموونەیەکی ئەمەیش ئەوەیە کە کاك ڕەززاق ویستوویە کارێك بکا خەڵکی بڵێن من نەمپیکاوەو ئەو ڕاستی‌یەکەی دۆزیوەتەوە ، هاتووە « بە تر خانی »ی کردووە بە « بە تەرخانی »و دوورو درێژ لەسەر مەعنای مەغۆلی‌یانەی ( تەرخان ) دواوەو لەوێوە گەیاندوویەتی‌یە ( بێ‌خەمی )و ( کەم‌تەرخەمی ) .. من لێرەدا هەر ئەوەندە ئەڵێم لە کوردی‌یەکەی خۆماندا ( تەرخان ) بەمەعنای ( تخصیص )ە‌و کە ئەڵێن فلانەکەس تەرخان‌کراوە بۆ فلانە کار واتە هەر خەریکی ئەو کارە ئەبێ‌و ئەو مەعنا کۆنە مەغۆلی‌یە بە بیری کەسدا نایەت‌و ، کاتی خۆیشی کۆڕی زانیاری کورد ( تەرخان )ی بەمەعنای ( متفرغ ) بەکارهێناو ، ( عضوی متفرغ )ی کۆڕیان بە کوردی کرد بە ( ئەندامی تەرخان ) ! ئەنجا من خۆیشم یەکەمجار لەکاتی خەریك‌بوونما بە ساغکردنەوەی وشەکەوە بیرم لە ( تەرخانی )یش کردەوە ، چونکە منیش ئەوەم ئەزانی کە ئەکرێ (بترخانی) بە ( بە تەرخانی )یش بخوێنرێتەوە ، وەك ئەتوانرێ بە ( بە تر خانی )یش بخوێنرێتەوە . بەڵام ئەگەر ( بە تەرخانی ) بێ سەرەڕای ئەوە کە مەعنا کوردی‌یە باوەکەی وشەکە بۆ شوێنەکە دەس‌نادا ، ئەبێ کاك ڕەززاق بۆمان ڕوون‌بکاتەوە فاعیلی ( بەسەرناچێ ) کامەیە ، واتە چی ( بە تەرخانی ) بەسەرناچێ ؟

لەبارەی بەیتی :

**لە بۆتان تا بەبان‌و سەرحەدی ڕەی**

**لە ئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی**

( ب ٤ ، ل ٢٣٣ )یشەوە ، نووسیویە : « ئەم دێڕە دیارکردنی سنووری کوردەواری‌یە ، ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە :

**لە بۆتان تا بەیات‌و سەرحەدی ڕەی**

بەوپێ‌یە کە خوارووی ناوچەکە بەیاتە نەك ناوچەی میرنشینی بابان کە زۆر ناوچەی‌تری لە خوارو لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە » .

منیش ئەڵێم : ئەم بەیتەیش هەر من ڕاستم کردووەتەوەو ، لە تێکستەکەی شارەزاو میراندا ، وەك لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفداو وەك کاك ڕەززاق بۆی چووە ، هەر «بەیات» نووسراوە . لە (ڕۆژی کورد) یشا « تا بیان »و ، لە ( تیگەیشتنی ڕاستی )دا « با بیان » نووسراوە کە هەردوکیان لە ( تا بەبان )ەوە نزیکترن تا لە ( تا بەیات ) چونکە درێژکردنەوەی نوختەیەك بەجۆرێ بە دوو نوختە بنوێنێ زیاتر ڕێی‌تێ‌ئەچێ لە کردنی (ن)ێك بە (ت) . جا ئاخۆ لەڕاستیدا

وشەکە ( بەبان )ە یا ( بەیات ) ؟ هەردوکیان ڕێیان تێ ئەچێ ، بەڵام من یەکەمم لا پەسەندتر بوو و ئیستـــــــەیش هەروا ، چونکە : یەکەم بەرانبەرکێ پێ کردنی (بۆتان)و (بەبان) بەجێتره له بەرانبەرکێ پێ کردنی (بۆتان)و (بەیات) لەبەرئەوە کە ( بۆتان )و ( بەبان ) هەردوکیان میرنشینێکی کورد بوون . دووەمیش لەڕووی وشەئاراییەوە ( بۆتان ) لەگەڵ ( بەبان ) گونجاوترە تا لەگەڵ ( بەیات ) . زیاد لەمە حاجی قادر خۆی چەند جاریتر باسی سەرحەدی بابانی لە شیعریا کردووە وەك ئەوە کە ئەڵێ :

**کە چووبە ( سەرحەدی بابان )و عێلەکەی جافان**

**بگریێ هەروەکو بارانی ماهی فەروەردین**

یا ئەڵێ :

**هەر لە مووسڵ هەتا ( حەدی بابان )**

**پاکی یەك نەظمە پێی‌دەڵێن گۆران**

وەك چۆن ( بۆتان )و ( بابان )یشی کردووە بـــه ئەمسەرو ئەوســـــەری کوردستانو ئەڵێ :

**حاکمو میرەکانی کوردستان**

**هەر لە ( بۆتان )ەوە هەتا ( بابان )**

لە هەموو ئـــەم بەڵگانەوە دەرئەکەوێ ئەو تێکســـتەی لـــە دیوانەکەدا لەچاپ‌دراوە لەڕاستی‌یەوە نزیکترە تا ئەوەی کاك ڕەززاق بۆی چووە .

لەبارەی بەیتی :

**کوردەکی کۆیی کەوتەوە یادم**

**پێم‌گوت : ئایا چلۆنە ئوستادم**

( ب ١ ، ل ٢٣٩ )یشەوە ، نووسیویە : « کە پیاو بگەڕێتەوە سەر چاپی یەکەم کە ساڵی ١٩٢٥ چاپ‌کراوەو ( عەلی ئاگا ) لە کۆیە بووەو نووسیویەتەوەو ڕەنگە کۆنترین سەرچاوەی چاپی دەقی ئەم شیعرە بێت ، دەبینێ نە ( کوردێك )و نە ( کۆیی ) هیچیان نین‌و ئەم کۆیی‌یە کوردە تەنها لە چاپی دووەمەوە ساڵی ١٩٥٣ سەری‌هەڵداوە . ئەگەر هەر ( کۆیی ) مەبەست بێ ، ئەوا دەبێ بەپێی دەقی چاپی یەکەم بڵێین (کچێکی کۆیی) چونکە شتێکی لەوشێوەیە نووسراوە [ل ٢٧] » . ئەنجامی بۆچوونەکەیشی بەوە ئەگەیەنێ کە بڵێ : « لەبەرئەوە لەو بڕوایەدام کە دێڕەکە بەم‌جۆرەیە :

**کەچی کورت‌بینا کەوتەوە یادم**

**پێم‌گوت : ئایا چلۆنە ئوستادم »**

منیش ئەڵێم : لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا « کوردەکی کۆیی کەوتەوە یادم» نووسراوەو مەلا ڕەئووف لە سەرەتای دەسنووسەکەیا نووسیویە چاپی عەبدوڕڕحمان سەعید [کە کاك ڕەززاق پشتی پێ بەستووە] لەڕووی دەسنووسی من لەچاپ‌دراوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـــا وادیارە عەبدوڕڕەحمان ســەعید دەسنووسی‌تریشی لابووە چونکە چاپەکەی لەزۆر شوێنا لەگەڵ دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووف کە لە بەردەستی منایە جیاوازیی هەیە . لە چاپی عەبدوڕڕەحمان سەعیدیشا وەك کـاك ڕەززاق ئەڵێ نەنووســراوە « کچێکی کۆیی » بەڵکو نووسراوە « کچی کو بینە کەوتووەیادم » .

من لەکاتێکا کە لەم شوێنەدا متمانەم بــە ڕاستیی نە دەسنووسی مەلا ڕەئووف‌و نە چاپی عەبدوڕڕەحمان سەعید نی‌یە ، ڕاســـتکردنەوەکەی کاك ڕەززاقیشم لا پەسەند نی‌یە ، چونکە ئەگەر مەسەلە (کەوتنە یادی کەچی کورت بینا) بێ ، بەر لە هەمووشت ئەبێ (کورت‌بین) بێ نەك (کورت‌بینا)و هەرکامیشیان بێ نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ . ئەنجا ( کەچی کورت‌بینا ) بێ یا ( کەچی کورت‌بین ) ئەوە وەکوو شەخسی مەعهوودی لێ دێ‌و ئەبێ کەسێکی تایبەتی بێ‌و لێرەیشدا هیچ نیشانەیەك نی‌یە پیشانمان‌بدا ئەم شەخسە مەعهوودە کێ‌یە ، لەبەرئەوە ئەبێ ( کەچێکی کورت‌بین ) بێ کە وا نەوتراوەو وایش بووترێ دیسان نیوەبەیتەکە لەنگ ئەبێ . ئەنجا لەم سنوورەیش بەدەر ، ئەگەر مەسەلە (کەوتەوە یادم) بێ ئەوە وائەگەیەنێ کابرای کەچی کورت‌بین دیار نی‌یە . جا ئەگەر دیار نی‌یە ، ئەی چۆن پێی وت . . کەواتە ئەبوو بڵێ : کەچێکی کورت‌بینم کەوتە بەرچاو . ئەمانەو گەلێ کۆسپ‌و تەگەرەی‌تریش لەم پارچە شیعرەدا هەن کە بەداخەوە ئێرە شوێنی باس لێ‌کردنیان نی‌یە ، با بمێنێتەوە بۆ شوێنێکی باشترو دەرفەتێکی ڕەساتر . جا لەبەر ئەو ڕەخنانەی گرتمن لام‌وایە ئەم بەیتە هێشتا ڕاست‌نەکراوەتەوەو ئەبێ چاوەڕوان بین .

لەبارەی بەیتی :

**نی‌یە ( ابن‌الاثیر )ێ بیبێتە کەمان**

**بەردی ( ابن الحجر ) بکاتە نیشان**

( ب ٦ ، ل ٢٣٩ )یشەوە ، نووسیویە : « وەکوو لــە سەرچاوەی‌تردا هاتووە ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە :

**نی‌یە ئیتر زەکا ببێتە کەمان**

**بەردی ( ابن الحجر ) بکاتە نیشان »**

منیش ئەڵێم : پێم‌وایە کاك ڕەززاق بەهەڵەدا چووە ، چونکە یەکەم مەعنای

بەیتەکە ئاشکرایەو پێویست بە دەسکاری ناکاو هاتنە کەمان واتە هاتنەدەستو نیشان‌گرتن‌و ئامادە بوونی تیر تەقاندن‌و ، حاجی ئەڵێ : زانایەکی‌تری کوردی وەك ئیبنولئەثیر نەماوە کتێبی وەك بەرد ڕەقی ئیبنوحەجەر بکا بە نیشان‌و بە تیری بیری یەکالای بکاتەوە بۆ فەقێ‌یان‌و بۆ خەڵك . ئەنجا ئەگەر وایش‌بێ کە ئەو بۆی‌چووە ، زەکا ئەبێ ببێتە کەمان یا ببێتە تیرو ، ئاخۆ تیر نیشانە ئەپێکی یا کەمان‌و ، نازانم کاك ڕەززاق چۆن کەوتووەتە هەڵەی‌وا زلەوەو ، بۆ بۆی ڕوون‌نەکردینەوە مادەم « زیرەکی کتێبەکانی عیلمی ئیبنوحەجەر دەپێکن » چۆن زیرەکیی کرد بە کەمان کە ئەبوو بیکردایە بە تیر ؟

لەبارەی بەیتی :

**ئاخر ئەم عەقڵەیان هەبوو بۆیێ**

**گەر سولەیمانی‌یە وەیا کۆیێ**

( ب ٤ ، ل ٢٤١ )یشەوە ، نووسیویە : « جاران دەربڕینی (وەهالە) لە ئاخاوتندا باو بوو . . . ئـەم دەربڕینە ئیسـتا لـەسەر زاری خەڵك کەم‌بووەتەوە . . . ڕاستی‌یەکەی ئەوەتا لە چاپی دووەمی مامۆستا گیودا کە دەڵێ :

**ئاخر عەقڵیان وەهالە بوو بۆیە**

**گەر سولەیمانی‌یە وەیا کۆیە**

( وەهالە ) واتا وەکوو ئەمە ، بەم‌چەشنە » .

منیش ئەڵێم : ئەم تێکستەی دیوانەکە تێکستی دەسنووسی مەلا ڕەئووفی سەلیم ئاغایەو ناتەواوی‌یەکی بۆ بەیتەکە نی‌یە نە لە ڕووی مەعناو نە لە ڕووی سەنگەوە . جا ئەگەر ( وەهالە ) بەومەعنایە هەبێ کە کاك ڕەززاق نووسیویە ، ئەوە ئەویش ئەگونجێ‌و تەنها ئەمێنێتەوە دوو شـت ، یەکەم تۆزێ لەنگیی نیوەبەیتەکە کە ئەبێ بخوێنینەوە «ئاخرەقڵیان»و (ڵ)ی (عەقڵیان) قووت‌بدەین‌و ، دووەمیش ئەوە کە مامۆستا گیو لە چ دەسنووسێکی وەرگرتووەو پاشان بۆچی گۆڕیویەتی ؟

لەبارەی بەیتی :

**گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون**

**نەکەی بیدەی بە نەرگسجاڕی گەردوون**

( ب ٧ ، ل ٢٥١ )یشەوە نووسیویە : « خوێندنەوەی تەواو ئەوەیە بڵێی :

**گوڵی حاجیلەکانی دەشت‌و هاموون »**

و بەڵگەیشی بەوە بۆ هێناوەتەوە کە « هاموون . . مانای شیوو سەحرایە ، بۆیە

ئیزافەکردنی دەشت بۆ هاموون لەلایەن ماناوە دروست نی یە . لە لایەکی تریشەوە نەمبیستووە دەشتێك هەبێ لە کوێیە ئەم ناوەی هەبێت » .

منیش قسەکەی کاك ڕەززاقم بەلاوە بەجێیە ، بەڵام لە دەسنووسی مەلا ڕەئووفیشدا هەر « دەشتی هاموون » نووسراوە . لە لایەکیکەوە لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفدا « گوڵو » نووسراوە . من ئیستا ئەوەم لا پەسەندترە .

لێرەدا هەر پشت بە بەڵگەکەی کاك ڕەززاق خۆی بۆم هەیە لێی بپرسم ئەی بۆ لە ( تا سالیکی مەسالیکی مۆلکی قەناعەتی‌دا ) دروست‌بوو بەڵکو بە پێویستی زانی لەجیاتیی ( مولکی ) بووترێ ( ڕاهی ) کە ( مەسالیك )و ( ڕاه ) هەردوکیان یەك شتن ، بۆ لە ( دەشت )و ( هاموون )دا دروست نی‌یە بووترێ ( دەشتی هاموون ) ؟

دوا ڕەخنەی ، لەبارەی بەیتی :

**لە ڕێگای ئەوروپایی گەرچی وەستان**

**لە تەسویری وەکوو کەر پاکی وەستان**

( ب ٤ ، ل ٢٥٢ )یشەوە ، نووسیویە : « جێی لەناو ئەم هەڵبەستەدا نابێتەوە . من وەکوو تاکێك لە مامۆستا دڵزاری شاعیرم بیستووەو ڕەنگ‌بێ لەگەڵ شیعرە تاکەکان ڕیزبکرایە باشتر بێ » .

منیش ئەڵێم : لەبارەی جێ‌بوونەوەوە ، جێی ئەبێتەوەو ، بەڵکو ئێرە شوێنێکی لەباریشە بۆی . لە دەسنووسەکەی مەلا ڕەئووفیشدا هەر لەم شوێنەدایە . بیستنیشی لە مامۆستا دڵزار وەك تاکە بەیتێك ، بە ناچاری ئەوە ناگەیەنێ کە تاکە بەیت بێ ، چونکە هەزاران کەس تاکە بەیتێکی چامەیەك یا چەکامەیەکیان پێ جوان ئەبێ‌و بەتەنها لەبەری ئەکەن‌و لەم‌لاو لەولا ئەیخوێننەوە .

★ ★ ★

لە دوادێرەکانی ئەم وتارەدا ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای وتارەکەی کاك ڕەززاق‌و ، بەرانبەر بەو دێڕو نیوەی کە بە خەتی ڕەش نووسیویە : «مەخابنە ئەو ڕەنجەی مامۆستا مەلا ڕەئووف تائیستا بێ‌سەروشوێن مابێتەوە » ، بڵێم : ڕەنجی مامۆستا مەلا ڕەئووف بێ‌سەرو شوێن نەماوەتەوە . بەڵێ ڕاستە ئەو کتێبەی کاك ڕەززاق باسی ئەکا مامۆستا هێنابووی بۆ بەغدا لەچاپی‌بداو بۆی نەچوەسەر ، نازانم ئیستا کەوتووەتە لای کێ‌و ، بەش‌بەحاڵی خۆم ئاواتەخوازم دەسگیرم ببێ‌و وەك هەنگاوێك بە ڕێگای ڕاستکردنەوەی شیعری حاجی قادرداو بۆ قەدرزانینی ڕەنجی مامۆستا مەلا ڕەئووف بەچاپی‌بگەیەنم ، بەڵام ئەم دیوانەی

دوایی حاجی که کاك کەریم شارەزاو کاك سەردار میران ئامادەیان کردووە ، لەبنەڕەتا لەسەر بنەمای دەسنووسی مامۆستا مەلا ڕەئووف ئامادەکراوە ، هەرچەند من لاموایە نوسخەیەکی دەسنووسی خۆی نەبوەو دەسکاریی زۆریشی تیا کراوەو ، منیش کارەکەی خۆمم لە بەراوردکردنو ڕاستکردنەوەی تێکستەکەی شارەزاو میراندا لەڕووی چەند سەرچاوەیەك کردووە کە بەربلاوترو بایەخدارتریان دەسنووسێکی مامۆستا مەلا ڕەئووف خۆیەتیو ، لەوبارەوە کتێبێکی ۳۰۰ لاپەڕەییم نووسیوە ئیستا لای دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردییە بەهیوای لەچاپدانیو ، پێشکەشیشم بە گیانی پاکی مامۆستا مەلا ڕەئووف کردووە بۆ قەدرزانینی خزمەتی گەورەی لە کۆکردنەوەو پاراستنی شیعری حاجی قادردا . جا ئەگەر خوا کردیو ئەو کتێبەم ئەوپەڕەکەی سالی دادێ لەچاپدرا ، دەرئەکەوێ دەسنووسەکەی مامۆستا مەلا ڕەئووف چەند بەبایەخەو منیش چڕەنجێکم داوە بۆئەوەی دیوانێکی تا پێمان بکرێ پوخت لەسەر بنەمای ئەو دەسنووسە بخەینە بەردەستی خوێندەوارانی کورد . لێرەدا سەیر ئەوەیە ئەو ڕەخنانەی کاك ڕەززاق لە دیوانەکەی گرتن ، زۆرتریان بەرەوڕووی ئەو دەسنووسەی مامۆستا ئەبنەوە کە لە وتارەکەیا خەفەتی بۆ ئەخوات .

★ ★ ★

دوا وتەی منیش پشتیوانیکردنی ئەو چەند دێڕەیە کاك ڕەززاق لە دوالاپەڕەی وتارەکەیدا نووسیونیو ، منیش وەك ئەو هەمان ئاواتو هیوا دەرئەبڕمو ، بیگومانم کەوا ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادر پێویستی بە کۆکردنەوەی زۆرترین سەرچاوەی کۆنو بەشداریکردنی زۆرترین کەسانێکە ئاگادارییەکیان لە تێکستو مەعنای شیعری کلاسیکی کوردی بەگشتیو شیعری حاجی بەتایبەتی هەبێو ، سوپاسی زۆر بۆ کاك ڕەززاق کە ئەو چەند بەیتە بلاونەکراوەی شیعری حاجیی خستە سەر گەنجینەی دیوانەکەیو ، کە دەرفەتی ئەوەی بۆ منیش لواند بەم چەند لاپەڕەیە بەشداریکردنی خۆم لە ڕاستکردنەوەی شیعری حاجیدا دووبارە بکەمەوە .

❋ ★ ❋

نبذة عن المقال :

## خطوة أخرى على طريق تحقيق ديوان حاجي قادر الكويي

**محمد الملا عبد الكريم**

يتمتع الشاعر الكردي حاجي قادر الكويي بمنزلة سامية في نفوس أبناء شعبه . فهو ، بحق ، حامل أفكار عصر النهضة الأوروبية بالنسبة الى هذا الشعب وناقل قيم مرحلة الثورة الديموقراطية البورجوازية ومثلها الى ربوع كردستان عبر قصائده التي ضمنها الدعوة الحارة الى وحدة صف لا يشذ عنها اي فئة من فئات المجتمع في سبيل تحقيق الاستقلال الوطني والوحدة القومية ، كما ضمنها كذلك الدعوة الى نبذ الخرافات والأوهام العالقة بالأذهان والى اقامة الصناعات الحديثة والتعلم من أوروبا وتحقيق الاكتفاء الذاتي في الاقتصاد وتعليم المرأة واستعمال اللغة القومية ونبذ الأساليب القديمة في الدراسة ، كما عرى فيها المتاجرين بالدين الذين اتخذوه وسيلة لتكديس المال الحرام . وهو من الناحية الفنية الصرف شاعر مجيد يقف في عداد شوامخ الشعر الكلاسيكي الكردي ، ولكنه لماوعى نفسه وأدرك حال مجتمعه والحضيض الذي وقع فيه ، انزل شعره من برجه العاجي وحرره من قيود الغزل والتغني بجمال المرأة والمديح الديني ، ليجعله سلاحا ماضيا في النضال لايقاظ الشعب وشحذ عزائمه والأخذ بيده للارتقاء الى المستوى اللائق بالأعوام الأخيرة من القرن التاسع عشر .

ولأنه نظم جميع قصائده المتنورة التجددية وهو في أستانبول ملتقى أحرار الدولة العثمانية ورجال الفكر والقلم فيها والنافذة المنفتحة على أوروبا الناهضة التي غزت العالم ، وكان يرسل تلك القصائد تباعا بواسطة المسافرين من أصدقائه الى كردستان القرون الوسطى حيث كان متفهموها القلائل يستنسخونها ويذيعونها فيما بينهم دون أن تكون هناك واسطة نشر عامة ، فقد كان من الطبيعي أن يتعرض الكثير من أبياتها للتحريف والتشويه . وزاد الطين بلة تقادم الزمن وبقاء المخطوطات رهينة أيدي أناس قلائل وضياع الكثير منها في سنوات الحرب والقحط والغارات المحلية حتى غدا الحصول على نسخة صحيحة تماما لأى قصيدة من قصائده أمرا صعب المنال .

وقد بذلت حتى الآن بعض الجهود المخلصة لنشر قصائد حاجي قادر الذي تنبأ بما سيكون لها من شأن كبير في قوادم الأيام بين أبناء شعبه ، فقد طبعت

مجموعة منها في كتاب من قبل المرحوم عبد الرحمن سعيد في أواسط العشرينيات ، كما نشرها المرحوم گيوموكرياني في الخمسينيات والستينيات عدة مرات مضيفا اليها قصائد أخرى لم يسبق لها أن نشرت . ونشر كذلك بعض قصائده في صحافة أستانبول وبغداد الكردية في العقود الأولى من هذا القرن . غير أن الحاجة ظلت ماسة الى طبعة جديدة أتم وأصح لديوان هذا الشاعر العبقري .

وقد بذل السيدان كريم مصطفى شارەزا وسردار حميد ميران في الأعوام الأخيرة جهودا مشكورة لاعداد نسخة أدق من ديوان الشاعر اعتمادا على بعض المصادر الموثوقة حتى وفقا لذلك ، وراجع هذه النسخة الأستاذ مسعود محمد ونشرتها مشكورة الأمانة العامة للثقافة والشباب في منطقة الحكم الذاتي من كردستان . وبادر كاتب هذه السطور للاشراف على تصحيح مسودات الكتاب المعدة للطبع نظرا لوجود نسختين مخطوطتين موثوقتين لديه احداهما بخط المرحوم الملا رءوف سليم آغا الحويزي والأخرى بخط المرحوم مصطفى صائب ، اضافة الى بعض القصائد المتفرقة وأعداد من بعض مجلات استانبول وبغداد مما نشر فيها بعض قصائد الشاعر . وكان هدفه من ذلك مقارنة النسخة المعدة للطبع بهذه المراجع المعتمدة ، وقد تم له ما أراد ، حتى غدت الطبعة الجديدة للديوان التي ظهرت في بداية عامنا الحالي قريبة الى الكمال بدرجة كبيرة ، وان كانت الحاجة مازالت ماثلة للحصول على مخطوطات أخرى والى مزيد من التحقيق في الديوان بغية التوصل الى نسخة مستوفية تماما للشروط العلمية .

وقد أثار ظهور هذه الطبعة مناقشات مستفيضة من قبل عدد من الذين لهم المام جيد بشعر حاجي قادر . ومن هؤلاء الأستاذ عبدالرزاق بيمار الذي نشر مقالا نقديا للديوان في مجلة ( بەيان ) الصادرة من دار الثقافة والنشر الكردية . وفي هذا المقال يناقش كاتبه بعض ماورد في المقال آنف الذكر ، كما يقر له بصواب ماذهب اليه في بعض آخر منه عارضا مالديه من وجهات نظر في كل ما طرحه الاستاذ بيمار في مقاله . ولاشك في أن الاتيان على تفاصيل تلك المناقشات ليس مما يهم القارىء العربي لكونها تقع ضمن دائرة جزئيات مسائل لغة الكرد وبلاغتها وشعرهم . ولذلك آثرنا الاكتفاء باطلاعه على موضوع المقال وخلفيته ودواعي الاهتمام به . وقد تكون لنا عودة الى مواضيع أشعار هذا الشاعر النابغة في مقال خاص باللغة العربية في وقت آخر ان أسعفنا الحظ .

# فەرهەنگۆك

## زازایی «دەملی»، «کرمانجی سەروو»، «کرمانجی خواروو»

**دانانی ـ زلفی**

**محسن احمد عمر**

**ئیملایەکەی لە لاتینیی‌یـەوە گۆڕیوەو**

**لەجیاتی تورکی ، کرمانجی خوارووی داناوە**

ئەم فەرهەنگۆکە بە ئەسڵ بۆ وتارێکی فۆلکلۆری دملی ( زازایی ) ، کە لە گۆواری « هیڤی »دا بڵاوکراوەتەوە ، ڕێکخراوە . فەرهەنگۆکەکە ، بە شێوەی کرمانجی باکوورو زمانی تورکی مانای وشەکانی لێکدراوەتەوە ، کاك محسن لەجیاتی تورکی‌یەکەی سۆرانی بۆ داناوە .

بنکەی ژین

**« گۆڤار »**

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| **ئا** | | |
| ئادر | ئاگر | ئاگر ، ئاور |
| ئالا | جا | جارێ « وەك جارێ ئەو کارە مەکە » بێجگە . |
| ئامایەنە | هاتن | هاتن |
| ئاقلداری‌یە | ئاقلداری (م) | ژیری ، ئاقلداری ، عەقلداری |
| ئارێزە | ڤەکری | کراوە ، والآ |
| ئارکەرەدەنە | ئارکرن ، شەرمکرن | شەرمکردن ، عارکردن |
| ئارا « ئا رایە » | ئەوجار | ئەوجار ، ئەوکەرەت |
| ئاردەنە | ئانین | هێنان ، هاوردن |
| ئارێدایەنە | دانهەڤ | کۆکردنەوە |
| ئارێکەردەنە | بەرهەڤکرن | خڕکردنەوە ، تاقی کردنەوە |
| ئارێشیکیایەنە | پێ‌کەتن ، لهەڤکرن | هاوبەرتەقابوون |
| ئاسایەنە | خویابوون | پەیدابوون ، دیارکەوتن ، سەرهەڵدان ( بروز ) |
| ئاسل‌بیایەنە | کەڤن‌گرتن | ئەسڵبوون |
| ئاسل‌بیایەنە (ن) | هەسن | ئاسن |
| ئاسن (م) | هەیف | مانگ |
| ئاسمێن (ن) | ئەسمان | ئاسمان |
| ئاسپزە (م) | سپی | ئەسپێ |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| ئاخلەری | ئاخالەر ، گرە ـ گر | ئاغالەر ، گەورەپیاوان |
| ئاخمەبیایەنە | بەلاڤبوون | بڵاوبوون ، پەرشبوون (بڵاوبوونەوە) |
| ئاخرەتە (م) | ئاخرەت | ڕۆژی دوایی ، ئاخرەت |
| ئاخو (ن) | ژەهر | زەهر ، ژەهر ( ئاغو = ژاڵە ) داری تاڵە ، کەکرە |
| ئاز (ن) | بەر | وەچە ، بەرە |
| ئازادیە (م) | ئازادی | ئازادی |
| ئازنا (م) | ئاژنە ، مەلەڤانی ، سۆبەری | مەلەوانی ، سۆبایی |
| **ب** | | |
| با (ن) | باڤ | باب ، باوک ، باو ، باوە |
| باماسوران | عەشیرەکە دەرسیمی | عەشیرەتەکی دێرسیمی‌یە |
| باندرا | باندوور | نیر ، کۆت‌و زنجیر |
| بارگەرەدەنە | بارکرن | بارکردن |
| بار | زراڤ | باریك |
| باقلێن (م) | بئاقلی | ژیری ، عاقلی ، ئاقلی |
| بە | بـ | بە |
| بەرا (م) | ئادەت « عادەت » ، ئورف ، تۆرە | عادەت ، خوو ، عورف |
| بەرەدەنە | برن | بردن |
| بەرڤاببەنە | گرین | گریان ، فرمێسك‌ڕژاندن |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| بەرڤەبەر | | بنەسیل ، بەربەر | وەچە بە وەچە ، بەرەبەرە |
| بەرڤس | | گرن | گریان ، گریە ، زاری |
| بەرز | | بلند | بڵند ، بەرز |
| بەسە کەرەدەنە | | کارێن کرن | بەرزانەکار ، توانینی کارکردن |
| بەیۆخلی | (ن) | تاخەکە ستەنبۆلێ | گەڕەکێکە لە ئەستەنبۆڵ |
| بەزن | (ن) | ڕوو ، سورەت | ڕوو ، ڕوخسار |
| بێ بەختی یە | (م) | بێ بەختی | بێ بەختی |
| بێچکە | (م) | پێچیك | پەنجە ، تلی ، کل ، قامك |
| بێماو بێ پێ | | بێ دێو بێ باڤ | بێ دایكو بێ باوك ، بێ داو بێ با |
| بێرۆ | | بێ روهـ ، بێ گیان | بێ روچ ، بێ گیان |
| بژێك | (ن) | بەرخك | بەرخ |
| بمبارەك | | بمبارەك ، پیرۆز | پیرۆز ، مبارەك |
| برنایەنە | | برین | برین |
| بریك | (ن) | دەڤی ، دەهل | شوێنێك داروباری زۆر بێت |
| بر | (ن) | دارستان | دارستان ، جەنگەڵ |
| بن ( ئەبنەدا ) | (م) | دن ( ئادن ) | ئەوی دیکە ، ئەویتر |
| بۆ کا ڤەرگی | | خورا گورێ بوون | بوون بە خۆراکی گورگ |
| بۆمێنی | (م) | دینیتی | شێتی |
| بۆژی ( بازی ) | (ن) | مل | بازوو ، قۆل |
| بۆن ( بان ) | (ن) | ئاڤاهی | ( بناء ) بالەخانە ، خانوو |
| بۆین | | ب بین | بەبۆن ، بەبێن ، بۆنی ناخۆش |

بنکەی ژین

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| بۆینا | | تمی | هەمیشە |
| بیایەنە | | بووین | وەك ، بەدرێژایی ، بەمجۆرەیە ، ڕوودان |
| **ج** | | | |
| جا | (ن) | جی | جێگا ، جێ « شوێنێك » سەرزەوی ، خۆڵ ، پلە |
| جامبازێنی | (م) | جانبازی | جامبازی |
| جاڤ | (ن) | جاب ، جەواب ، بەرسف | وەڵام . جەواب |
| جەمائەت ( جەمات ) | (ن) | جڤات ، جەمائەت ( جەماعەت ) | کۆمەڵە ، جەماعەت |
| جێنج | | خۆرت ، لاو ، گێنج | لاو ، گەنج |
| جێر | | ژێر | ژێر ، بن |
| جێرکەرەدەنە | | گیرکرن | گلۆرکردنەوە ، غلۆرکردنەوە |
| ( ئەرۆ ـ ج ) جێرایەنە | | ( ل تشتەکی ) گەرین | گەڕان ، گەڕان بەدوای شتێك |
| جێخیە | (م) | د ناڤچە بنگۆلێدە | قەزای کیخی لە ناوچەی بینگۆڵ ( هەزارگۆل ) |
| ج | | ژێ ، ژ | خۆ ، لە |
| ج را | | ژێ رە | پێی ( جراڤا ) پێی گوت |
| جنتەنە | | « مووسیکی » لەیستن ، لێخستن | مۆسیقالێدان ، ژەندن ، ژەنین |
| جزك | (ن) | چچك | مەمك |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- |
| جێگەرە | (م) کەزەب | جگەر ( جەرگ ) |
| جیئان دایەنە | کارکرن ، خەبتین | کردن ، خەریك‌بوون ، ئیش‌کردن |
| جینکە | (م) ژن ، ژنك | ژن ، ئافرەت |
| جزتە | (ن) جریت | جریت ، جریتبازی ، جریتانێ ( یاری قاشوانێ بەسەر ئەسپەوە ) |
| جیا | جهێ ، جودا | جودا ، جیاواز ، جیا |
| جی | گوو | گوو |
| جۆکا | ژبۆ وی | لەبۆ ئەو |
| جۆر | ژۆر | سەروو ، ژووروو ، سەرەوە ، بڵندایی |
| جۆرو | توجار ، قات | قەت ، هەرگیز |
| جوامەرد | (ن) جامێر | پیاو ، جوامێر ، ئازا |
| جوامەردێن | (م) جامێرێ ، مێرخاسێ | جوامێرێ ، ئازایێ |
| **چ** | | |
| چارسەمە | چارشەم | چوارشەمە |
| چاموری | (م) هەری | قوڕ – لیتە « قوڕو لیتە » |
| چاپە | چاپ | عەیارەیەکە وەك ( ڕبەو کەویژو قەسناخ ) |
| چار ( چۆر ) | چار | چوار ، چار |
| چارە | (ن) ئەنی ، چارە | تەوێڵ ، نێوچەوان ، هەنیە |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| چارێ ئورشی | | چارێ ئورس | قەیسەری ڕووس |
| چاتلخ | | قەلەو | قەلەو |
| چەك | (ن) | چەك | چەك ( سلاح ) |
| چەکوو | (ن) | گۆتن | گوتن ، وشە |
| چەم | (ن) | چەم | چەم ، ڕووبار ، ڕۆخانە |
| چەرخە | (م) | چەرخ | چەرخ « هەسان » |
| چەردەنە | | چێرین | لەوەڕاندنی چێڵ و مانگا |
| چەورەس | | چل | شکاو |
| چێ | | ماڵ | ماڵ ، خانوو |
| چێ ، چێنێ ، جێنێ | | لێلێ ، کەچێ | کچ ، هۆ کچێ ، کەنی ، کەنیشکە |
| چێرێنی | | چێیتی ، مێرخاسی | ئازایی ، مەردایەتی |
| چێریا دۆی | | دارێ دەوکلێ | سێپای دۆ ژەندن |
| چێڤەر « کیبەر » | | چەری | دەرگا ، دەری |
| چێڤسای | | مالشەوتیێ | ماڵوێران ، خانەوێران ( بۆ ئافرەت .... ) |
| چێڤێسایێ | | مالشەوتیۆ | ماڵخراب ، ماڵ وێران ( ماڵ خرابوو ) |
| چێسك | | کیسك | کیسە ، جزدان |
| چەت | (ن) | چەت ، شات | دوو ئاوان |
| چەتن | | دژوار ، زەحمەت | سەخت ، گران ، زەحمەت ، دژوار ، ناخۆش |
| چ | | چ | چ ، چی ، بەڵێ |

بنکەی ژین

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- | --- |
| چکە | | ژبەرکو | چونکە ، لەبەرئەوەی |
| چلا | (م) | چرا | چرا ، لەمپە ، لالە |
| چلم | (ن) | لیك | چلم |
| چم | (ن) | چاڤ | چاو |
| چ را | | چرا ، ژبۆچ ، چما | لەبۆچ ، بۆچی |
| چرالخ | | چراتی | ئەو پارەیەی لەکن عەلەوی‌یان بە پیر دەدرێ |
| چرتان | | ناڤێ گوندەکی نەزمییێ | ناوی گوندێکە لە نەزمییە |
| چتوری | | چاوا ، چلۆ | چلۆن ، چۆن |
| چقاس | | چ قاس | چەند |
| چڤا ـ ۆ ؟ | | چی‌یە ئەوە | چی‌یە ( ئەوە ) |
| چیچەگن | | ب چیچەك ، چیچەگن | بەگوڵ ، گوڵدار |
| چێکایەنە | | قیڕین | هاوار ، گازکردن ، قیڕاندن |
| چین ۆ ( ا ـ یێ ) | | نینە ، تونەیە | نی‌یە ( بۆ تاکی نیرو مێو کۆ ) |
| چیپ | | شداندی | بەتوندی ، قایم |
| حیتە | | حیت | سەرپۆش |
| چۆلە | | بیر | بیر |
| چۆندای | | چەند | چەند |
| چۆ پۆل | (م) | شیلقام ، شیلە | شەق ، زلە |
| چۆر ( چار ) | | چار | چوار ( چار ) |
| چۆت | | چەوت ، خوار | چەوت « ناتەواو » ، خوار |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- |
| چۆتی | جۆتەك | جووتێك ، جووت ، جفت |
| چوو | جۆ | دار ، گۆپاڵ ، (عەیزەران) |
| چوال | (ن) چەوال ، تەلیش | جواڵ ، خرار |
| **د** | | |
| داکە | (م) دێ | دایك ، دایکە |
| داکلە | (م) دایك | دایك « وەك دایکە گیان » |
| دالکە | (م) دەڤی ، ساتار | لێرە داربەڕوو ، مێشەزار |
| دار | (ن) دار | (ن) داری ووشك |
| دارە | (م) دار | (م) داری سەوز |
| داروو بەر | دارو بەر | دارو بەرد |
| دایێ | دایێ | دایێ ، دایە |
| دایەدە ( د ـ ئایەدە ) | وێ گاڤێ ، وێ دەمێ ، هنگێ | ئەوکات ، ئەودەم ، هەنگی |
| دایەنە | دایین | دایەن |
| دایيما | تمی | هەمیشە ، هەردەم |
| دارك | (ن) دارك | دارك ، داروچکە ، چیلکە |
| دەد و برازا | مامو برازی | مامو برازا |
| دەلە | (م) دێل ، دێلك | دێلە ، دێلەسەگ |
| دەمێرێن | هەسنی | ئاسنی ، ئاسنین |
| دەنیشکار | (ن) شاهیا نیشانێ | ئاهەنگی « شایی » نیشانکردن |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| دەرە | (ن) | چەم | چەم ، دۆڵ |
| دەرسە | (م) | فێر ، دەرس | دەرس |
| دەست | (ن) | دەست | دەست |
| دەس‌وود | | دوانزدە | دوانزدە ، دوازدە |
| دەس‌و پۆنج | | پانزدە | پانزدە ، ( پازدە ) |
| دەس‌و پۆنجە سەویە | | چاردێ مەهێ | چواردەی مانگ |
| دەڤام | | دۆم | هەمیشە |
| دەڤ ـ ری | (ن) | دەڤ و ڕوو | دەم‌و ڕوو |
| دەوە | (م) | گوند | گوندی ، گوند ، لادێ ، دێ ، ئاوایی |
| دەور | (ن) | دەور | دەور |
| دەیرا | | پڕ ، وەکی دەریا | پڕ ، دەریا |
| دێڤ | (ن) | دێو | دێو |
| د | | دو | دوو |
| دلاپا | (م) | دلۆپ | دلۆپ |
| دمپستکە | (م) | هەفجارك | هەزارپێ ، مارەزیو |
| درکە | (م) | دەنگ دوو رەشك ، درك | ( دەندەرۆشك ) دڕك |
| دسمێن | (ن) | دژمن | دوژمن |
| دیئار « دیار » | (ن) | ناڤچە ، دیار | ناوچە |
| دیك | (ن) | دیك | کەڵەباب ، کەڵەشێر |
| دین | (ن) | ئۆل ، دین | باوەڕ ، دین ، عەقیدە |
| دینا | (م) | دنێ ، دنیا | دونیا |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- | --- |
| دیشانە | (ن) | دەڤێ تورر ، ئانچەوال | جوال |
| دۆ | (ن) | دەو | دۆ |
| دۆمۆنی | | زارۆ ، مندال | منداڵ ، بچووك |
| دۆر | (ن) | دەوار | وولاخی بار |
| دۆرەمە | (ن) | دۆر هێل ، دەروو دۆر | دەوروپشت |
| دۆترا | | دوو رە | لەولاوە ، لەوێڕا |
| دورم | (ن) | رەوش | حاڵەت ، بار |
| دەست | (ن) | هنگووف ، هەمتا | ئاست ، ڕادە |
| دوزگنێ کەمەری | | ناڤێ زیارەتەکێ ل نازمیە | ناوی زیارەتەکە لە نازمیە |
| **ڤ** | | | |
| ئەبە ( ئەڤە ) | | ب ، تەڤی | لەگەڵ ، بە |
| ئەف | | ئەفوو | عەفو ، لێبوردن |
| ئەمەگدار | | خەباتکار | ئێشکەر ، کرێکار |
| ئەسکەریە | (م) | لەشکەری | عەسکەری ، سەربازی |
| ئەرێ ( ئەرێ رێ ) | | کەچێ ، لێلێ | هۆ کیژێ |
| ئەسکزە | (م) | نەویژ | مێوژ |
| ئەستەمۆل | | ئەستەنبۆل | ئەستەنبول |
| ئەستەنە | | ئاڤێتن | هاویشتن ، خستن ( بۆ نیرو مێ ) |
| ئەستۆ ( ئا — ێ ) | | هەیە | هەیە |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ئەسکەفت | بشکەفت | (ن) | ئەشکەوت |
| ئەڤراق | ئەوراق ، پەلك | | گەڵا ، پەلك |
| ئەولایێ تۆسنیە | ئەولیایێ تۆسنیێ ل پولوموریێ | (ن) | ئەولیای تۆسنیێ لە پولوموریێ |
| ئەورۆ | ئیرۆ | | ئەمرۆ |
| ئەی | ئەو | | ئەو |
| ئەز | ئەز | | ئەز ( من ) |
| **ێ** | | | |
| ێند | یندی | | ئیدی ، ئیتر |
| **ف** | | | |
| فام بیایەنە | فام بوون | | تێ گەیشتن |
| فەك | دەڤ | (ن) | دەم |
| فەرمان | | (ن) | فەقیر ، بێ توانا ، بێ هێز ، فەقیر لە ڕووی باوەڕەوە |
| فەتەلییایەنە | گەڕین | | گەڕان ، پیاسە |
| فەتەلئایەنە | گەڕاندن | | گێڕان |
| فێندە | فەن ، فێل ، دەك | (م) | فێل ، فەن ، تەلەکە |
| فیدانە | شاخ | (م) | لك ، لق ، نەمام |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| فیستان | | فیستان ، کراس | کراس |
| ( ج ) فستەنە | | کرن جھ | دانان |
| فلان | | فلان | فلان |
| فزل | | فەساد | فەساد ، کاری خراپ |
| فزلێنی | | فەسادی | فەساد ، فەسادی کردن |
| **گ** | | | |
| گا | (ن) | گا | گا |
| گامە | (م) | گاڤ | دەم ، کات |
| گاڤان | (ن) | بهور | ڕاڕەو ، دالآن |
| گەمییە | (م) | کەشتی | کەشتی |
| گەرەکە | | دڤێ کو | دەبێ کو ، پێویستە |
| گەرمەوەر | (ن) | شۆربەخۆر | شۆرباخۆر |
| گەرمکە | (م) | گەرمك | کانی گەرم « گەرمك » |
| گەرە | (ن) | گلی | شکایەت ، گلەیی ، گازندە |
| گراە « گیان » | | گران | ناخۆش ، گران ، سەخت |
| گرانەیە | (م) | گرانی | گرانی |
| ( ئەرۆج ) گنایەنە | | لێ کەتن | لێ کەوتن |
| گرادایەنە | | گرێدان | گرێدان |
| گل | (ن) | سەری | سەر « وەك سەری شتێك » |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| گرمکە | (م) | کولم | مستەکۆڵە |
| گزك | (ن) | گەڤژۆل | بڕ ، ئاڵۆزکاو |
| گرێنایەنە | | کەلاندن | کوڵاندن |
| گۆچەری | (ن) | کۆچەر | کۆچەر ، ڕەوەند |
| گۆل | (ن) | گۆل ، دەریاچە | دەریاچە ، گۆم ، گۆل ، زرێچە |
| گۆنی | | خوێن | خوێن |
| گۆس | (ن) | گوھ | گوێ |
| گۆسردایەنە | | گۆهدان ، گوهداری کرن | گوێدان ، گوێداری کردن ، بەگوێ کردن |
| گۆسەدار | | گوهدار | گوێدار |
| گۆرە | | گۆرە | گۆرەوی ، گۆریە . گۆری |
| گۆست | | گۆشت | گۆشت |
| گۆڤەندی | | گۆڤەند | داوەت ، شایی |
| دۆیل | (ن) | دل | دڵ |
| گۆك | (ن) | گۆلك | گۆلك ، گوێرەکە |
| گولانە | (م) | گولان | مایس ، مانگی گوڵان |
| گولە | (م) | گول ، گەوری | گوڵ ، گەری ، گەڵوو |
| گونە | | دڤێ کو | دەبێ کو |
| گونەکە | | هەیف | حەیف ، ئەفسووس |
| گورەیەنە | | خەبتین | گەڕان بەدوای ، خەریك‌بوون |
| گورەتەنە | | ستەندن | کڕین |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| گۆینایەنە | | پەسندان | مەتحکردن ، پەسندکردن |
| **هـ** | | | |
| ها « ۆ ، وا ، یێ » | | ئەو ــ ە | ئەو ( هاوۆ )بو تاکی نێر ، (هاوا) بۆ تاکی مێ ، ( هایێ ) بۆ کۆی هۆردوکان |
| هادسە | (ن) | بوویەر | ڕووداو |
| هاما | | لێ ، لێبەلێ | بەڵام « ئەما » |
| هاق ( هەق ) | (ن) | خوەدێ | خودا |
| هاقە | (م) | هەق ، هەقدەست | هەقدەست ، کرێ |
| هارد | (ن) | جھ ، شوون دەوس | شوێن ، جێگا « ئەرد » |
| هاس کەرەدەنە | | هەزکرن | حەزکردن ، ئارەزووکردن |
| هاتا | | تا | تا ، تا ئەوڕادەیە |
| هەدرە | (م) | بهن دەرخستن ، خەمڕەڤاندن | خەمڕەواندن ، خەم دەرێخستن |
| هەژیرە | | هەژیریێ ، بەژی | هەنجیرە کێویلە ، ( کێفیلە ) |
| هەلالیە | (م) | هەلال کرن ( هەڤوودن ) | گەردن ئازاکردن ، گەردنئازایی ، گەردن ئازادی ، دیدارئاخرەتی |
| هەم | | هم | خەم |
| هەمگین | | هنگڤ | هەنگوین |
| هەلەڤ | | هەلەب | حەلەب |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| هەملك | | قەلەو | قەلەو |
| هەنێن | | وسا ، ولۆ | هەرووەها ، بەم‌جۆرە |
| هەن | | وسا ، ولۆ | هەرووەها ، بەم‌جۆرە |
| هەر | | کەر | کەر |
| هەردیسە | (م) | روو | ریش ، ردێن |
| هەردیسەسپێ | | رووسپێ | ریش‌سپی ، ردێن‌سپی |
| هەرڤ ( هەرب ) | | شەر ، هەرب | شەر ، جەنگ |
| هەرڤێ هرس‌و هەشت | | شەرێ سالا ١٩٣٨ | شەری سالی ١٩٣٨ |
| هەس | (ن) | هرچ | هرچ ، وورچ |
| هەسەر | (ن) | کەسەر | کەسەر ، ناخۆشی ، خەفەت |
| هەسیر | (ن) | دیل | دیل ، ئەسیر |
| هەڤالینە | | هەڤال | هاورێ ، برادەر |
| هەڤە ڤە هەڤە | | هەب ب هەب | یەکە بە یەکە ، دەنك بە دەنك |
| هەوا | | لەیلان | مەقام |
| هەون | | خەون | خەون |
| هەرسێ‌دەوە | | ناڤێ زیارەتەکێ لە نازمی‌یە | ناوی زیارەتەکە لە نازمی‌یە |
| هەیا ( یا ) | | بەلێ ، ئەرێ | بەلێ ( ئەرێ بەئیجاب ) |
| هێدی‌هێدی | | هێدی‌هێدی | بەهێوری ، هێدی هێدی |
| هێڤ | (ن) | هەیف | مانگ |
| هێم (ن) ( هەت ــ ن ) | | هێل ، ئالی | تەنیشت |
| هیرا | | فرە | بەرین ، فراوان |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| هیرا بیایەنە | | فرەبوون | بەرینبوون ، فراوانبوون |
| هیرێ | | سێ | سێ |
| هیرێمێنا | | هەرسێ | هەرسێ ، هەرسێك |
| هیت | | شل | شل ، خاو |
| هۆلکە | (م) | هۆلك | جێی خۆ حەشاردان لە ڕاوێ ، پارێز |
| هۆنا | | هێنوو ، نها | ئێستا ، هەنووکە |
| هۆرا | | ژخەو | لەخەو |
| هۆریە | (م) | هۆجی | ( پەری ) حۆری |
| هۆوت | | هەفت | هەفت ( حەفت ) |
| هرێیێن | | سێیەمین | سێیەمین |
| هۆ ( خۆ ) | | خەو | خۆ ( خۆی ) ( زات ) |
| هۆستایێنی | | هۆستایی | وەستایی |
| هوکم | (ن) | هکم | حوکم ، فەرمان |
| هوراك | (ن) | تەڤشۆ | تەشوێ |
| هۆردەمێنا | | هەردوو ( ژی ) | هەردووکیش |
| هۆردی | | هوور | وورد ، کەم |
| هوسك | | هشك | هیشك ، ووشك |

**ئی**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئینامکەردەنە | | باوەڕکرن | باوەڕکردن |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ئیسان | (ن) | مرۆڤ | مرۆڤ ، ئادەمیزاد |
| ئیسلامیەت | | ئیسلامیەت | ئسلامێتی |
| ئێستانە | (ن) | گوستیلك | ئەنگوستیلە ، گوستیلە |
| ئیتا | | ل ڤر ، ل ڤێدەرێ | لێرە |
| **ژ** | | | |
| ژێ ( زێ ) | | وەکی ، مینا | وەکو ، وەك |
| ژێلە ( زێلە ) | | چیایەکی لەناڤەندا دەرسیمێ | چیایەکە لە ناوچەی دێرسیمێ |
| ژێوەگ | (ن) | بەتال | بەتاڵ ، بێ کار |
| ژیئارە | (م) | زیارەت | زیارەت ، سەردانی پیاوچاك |
| ژیل ( زیل ) | (ن) | زەنگیل | زەنگ |
| ژڤایەنە | | نالین | نالین ، کروزانەوە |
| **ـ ك** | | | |
| کالەکە | (م) | کیلەکە | کەلەکە ، لاتەنیشت |
| کالك | (ن) | کالك | باپیر ، باپیرە |
| کام | | کێ ، کی | کێ ، کوێ ( کام ) |
| کار | (ن) | کار | کار |
| کاردی | (م) | کیر | کێرد ، چەقۆ (چەقۆی گەورە ) |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| کاردیا ئالافرانگا | | کیرا دو دەڤ | کیردی دوو دەم ( فەڕەنگی ) |
| کارکەر | (ن) | کارکەر | کرێکار ، پاڵە |
| کارکەرەدەنە | | کارکردن ، خەبتین | کارکردن ، خەریك بوون |
| ( تەدە ) کارکەرەدەنە | | کارکرن ( لـیەکی ) | کارکردن |
| کاس کەرەدەنە | | کەش کرن | ڕاکێشان |
| کاتا | | کودە | کوێ |
| کاختە | | کاغز ، پەلك | کاغەز ، پەڕ |
| کای | (ن) | لەیستك | یاری ، کەیف کردن |
| کای بیایەنە | | هاتن لەیستن | یاری کردن |
| کای کەرەدەنە | | لەیستن | سەماکردن ، یاری کردن |
| کەچەلەك | (ن) | کەچەلۆك | کەچەڵ ، کەچەلۆك |
| کەف | | کەف | کەف |
| کەکە | | کێچ | کێچ |
| کەل | (ن) | کەل | گەرم |
| کەمانە | (ن) | کەمان | کەمان |
| کەمەر | (ن) | کەڤر | تاش ، تاشەبەرد |
| کەرەدەنە | | کرن | کردن |
| کەردۆخ | (ن) | کردۆخ | بکەر |
| کەرزك | | گەن | گەنە : ( زیندەوەرێکی بچووکە لەسەر ئاژەل دەژێت ) |
| کەی | | کەنگی | کەی ، کەنگی |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- |
| کیل | (ن) کێل | کیلەبەرد |
| کیم | (ن) کیم | کەم |
| کیڕ | کەڕ | کەڕ |
| کیڤانین | (م) کەڤانی | کابان ، کەیبانۆ |
| کلادۆئان | (م) دەوکولاندن | دۆکولاندن |
| کلامه | (م) کولام ، ستران | گۆرانی |
| کلم | کن ، کورت | کورت |
| کرمانج | (م) کورمانجیتی | کرمانجیتی ( کوردیتی ) |
| کستەنه | کوشتن | کوشتن |
| کڤار | کوبار | گەورە ، گەوران |
| کنج | (ن) کنج ، جل | جلوبەرگ |
| کەس | کەس | کەس ، کەسوکار |
| کیافر | کافر | کافر |
| کۆ | (ن) چیا | چیا « شاخ » |
| کۆچێن | چلۆ | کەماولۆ « ئالیکی ئاژەڵ لە زستاندا » |
| کۆچکه | (م) کەڤچی | کەوچك ، ملاك |
| کۆك | (ن) کۆك ، ریشه قرن | ڕەگ |
| کۆکم | (ن) کال | پیر ، ئیختیار |
| کۆلەدار | (ن) کۆلەدار | کۆلەدار ، کۆلدار ، گرفتار |
| کۆلی | (ن) ئێزنگ | سوخت ، سووت ، سووتەنی ، سووتەمەنی ، ئاردوو ، ئاورودوو ، هێزم |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| کۆرەك | (ن) | گارس | گارس : « جۆرە دانەوێلەیەکە دەیدەنە چۆلەکەی کەناری » |
| کۆسە | (ن) | کۆشە | کۆشە |
| کۆتەنە | | بەتلین ، وەستان | ماندووبوون ، وەستان |
| ( ئەرا ــ جـ ) کۆتەنە | | دەستدان ( تشتەکی ) | دەست لە شت دان |
| ( ئەرا ــ دەست ) کۆتەنە | | کەتن دەست | کەتنەدەست ، بەدەستکەوتن |
| ( ئەرا ــ سەر ) کۆتەنە | | چوونسەر | چوونەسەر |
| کۆز | (ن) | کۆز | کۆز ( ئەو حبێی بەرخو ساوای تێدەکرێ ) |
| کۆیێ ژێلە | | چیایەکی د ناڤچەیا دەرسیمێ | چیایەکە لە ناوچەی دێرسیمێ |
| کود | | کۆتی | کوشتن |
| کولکە | (م) | کومك | کڵاو |
| کورێسا | (ن) | ناڤێ ئەشیرەکێ دەرسیمێ | ناوی عەشیرەتێکی دێرسیمێیە |
| کوراتا | (م) | هەنەك ، پێکەنی | گاڵتەپێکردن ، |
| کوری | | داشك | جاشك |
| کوتك | | کووچك ، سەگ | سەگ |

## ل

| | | | |
|---|---|---|---|
| لاوۆ | | لاوۆ | کوڕۆ ، لاوۆ |
| لاوولاس | | پەریشان ، شەرپەزە | خەمبار ، شپرزە ، پەریشان |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| لاوکە | (م) ستران ، لاوك | گۆرانی ، « لاوك » |
| لاوایەنە | ئەوتین | حەپەحەپی سەگ |
| لاخ کەرەدەنە | هەنەك کرن ، شووفی کرن | گاڵتەکردن ، ڕابواردن |
| لاز « لاژ ، لاژك » | لاو | لاو ، گەنج |
| لەرزایەنە | لەرزین | ڕاچنین ، لەرزین |
| لەتە | (ن) نیڤ | ناوەند ، نیوەڕاست ، لەت |
| لەیێکە | (م) شاخ | شەتلەدار ، داری بچووك |
| لەزکەرەدەنە | لەزکرن | کێشەکردن ، پەلەکردن |
| لنگە | (م) لنگ | لنگ ، لاق ، قاچ |
| لیتەنە | مژین | مژین |
| لۆقمە | (ن) لۆق | لوقمە ، پاروو |
| لوویە | (م) رووڤی | ڕێوی ، ڕیوی |

## م

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| ما | مە | ئێمە |
| ماڵ | (ن) ماڵ | ماڵ |
| مالۆپەس | کوڤی | پەزەکێوی ، مەڕەکێوی ، بەرانەکێوی |
| مانگا | (م) چێلەك ، مانگا | چێك ، مانگا |
| ماموور | (ن) کارمەند ، مەموور | کارمەند |
| مارشە | (م) مارش ، سروود | سروود ، مارش |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| مایە | (م) | دێ ، دایك | دایك |
| مەلەم | (م) | مەلهەم | مەڵحەم ، هەتوان |
| مەلوول | | مەلوول ، خەمگین | خەمبار ، خەمگین |
| مەندەنە | | ماین | مانەوە ، لە شوێنێك نیشتەجێبوون |
| مەردە | (ن) | مری | مردوو |
| مەردەنە | | مرین | مردن |
| مەسکە | | مەشك | مەشکە |
| مەرخ | (م) | مەرخ | ناوی تەیرێکە |
| مەیمان | | مێڤان | مێوان ، میوان |
| مێردە | (ن) | مێر | پیاو ، مێرد |
| مێرخاس | | مێرخاس | مێرخاس ، جوامێر |
| م ( من ) | | من | من |
| مژدان | | مزگین | مژگین |
| منەتە | (م) | منەت | منەت |
| ملۆچکە | (م) | مۆریستان | مێروستان ( مێروو ) |
| ملنایەنە | | پتەپتکرن | پسەپسکردن بەمانایزەمکردن |
| مرد | | تێد | تێد |
| مرۆد | | مراد | هیوا ، مراد |
| مەزەلە | (م) | گۆر | گۆڕ ( گۆرستان ) |
| مسایەنە | | هینبوون ، فێربوون | فێربوون |
| مسایێ | | هینبوویی ، فێربوویی | فێربوو |

| زازایی (( دەملی )) | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| مسك | (ن) | مشك | مشك |
| مخەنەت | | هەوجەدار | مخەننەت ، حەوجەدار |
| مز | | مژ | تەم ، تەمومژ |
| مانە | (م) | پشت | پشت ( نێك ) |
| مژ | | میز | میز |
| مرچکە | | چڤیك ، چووك | چۆلەکە |
| مۆردەم | (ن) | مرۆڤ | مرۆڤ ، ئادەمیزاد |
| مۆر ( مار ) | (ن) | مار | مار |
| مۆردەنە | | ژمارتن | ژماردن |
| میر | (ن) | هەڤیر | هەویر |
| مۆرەڤا | (م) | مەلێڤا | سەرکاری ئاغا |
| مەیە | (م) | می | موو ، پرچ |
| موهیم | | موهیم ، گرینگ | گرینگ ، بایەخدار ، بەنرخ |
| مویە | (م) | موو | قورێکی تایبەتی‌یە بۆ گۆزەو دیزە کردن بەکاردێ |

## ن

| | | | |
|---|---|---|---|
| نا | | ئەڤ ، ئەڤێ | ئەو ، ئەوێهێ |
| نالایەنە | | نالی | نالین |
| نامە | (ن) | ناڤ | ناو |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| نان ( نۆن ) | (ن) | نان | نان |
| نانێ تیره | | نانێ شێلێ | نانی سێڵ ، نانی ساج ، نانی تیری |
| ناس کەرەدەنه | | ناس کرن | ناسین ، زانین |
| نات ڕا | | ڤێدە ، ڤێڕه | لێرەوه ، لێرەڕا |
| نائینه | | ڤان هان | ئەمانه |
| نەوه | | نوو | نوو ، نوێ |
| نێ | | نا | نەء ، نەخێر ، نا |
| نێژد ( نێزد ) | | نێز ، نێزیك | نزیك ، نێزیك |
| نێوەشیه | | نەخوەشی | نەخۆشی |
| نی | | ڤان | ئەمانه |
| ن ئادایەنه | | نێرین | نۆڕین ، سەرنج |
| نیا | | وسا ، ولۆ | هەرووەها |
| نیانێنی | | بێن ولۆ | بەم جۆره |
| نیارا تەپیا | | پاشی ، ژنها پێ ڤه | لەمەوپاش |
| نکا | | نکا ، نها | هەنووکه ، ئێستا ، تازه |
| نوستەنه | | نفیسین | نووسین |
| نوتکه | (م) | تێژکێ سپیان نوتکه | ( تۆشکه ) ، ئەسپێ |

وَ

| | | |
|---|---|---|
| ئۆل ( ئال ) | ئەلی | حەزرەتی عەلی |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| ئۆنجا | دیسا | دیسان |
| ئۆندێر | بێخوەیی | بێ کەس ، بێ خاوەن |
| ئۆسایەنە ( ئاسایەنە ) | (م) خویابوون ، دیار بوون | دیاربوون ، بەدیار کەوتن |
| ئوستنە | (م) ستوون | دیرەك ، دەستەك |
| **پ** | | |
| پابیایەنە | ل تشتەکی قەلبین | هەڵەنگوتن ، هەڵکەوتن |
| پاك | پاك ، پاقژ | پاك ، پاکژ ، خاوێن |
| پامەندەنە | لجەم مایین | لەکن مانەوە |
| پانایەنە | نیشان گرتن | نیشان گرتن |
| پارچە | پەرچە | پارچە |
| پارس | پارس | سەدەقەسەر ، هەرشتێك لەڕای خودا بدرێ |
| پارس ئارێ کەرەدەنە | پارس گرن | دەرۆزەکردن |
| پاخ | (ن) ناڤێ ناحیەکە لەدێر سیمێ | ناوی ناحیەکە لەدێر سیمێ |
| پەرەدایەنە | پێ ڤەدان | پێوەدان « مار پێوەیدا » |
| پەنجەرە | (ن) پاجە ، پەنجەرە | پەنجەرە |
| پەقەنایەنە | پەی کەتن | بەدواکەوتن |
| پەرە | (ن) دراڤ | پارە ، دراو |
| پەرس | پرس | پرسیار |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| پەرس کەرەدەنە | | پرس کرن ، پرسین | پرسین ، پرسیارکردن |
| پەرایەنە | | پەکین | کەوتن |
| پەرۆز | (ن) | نیڤرۆ | نیوەڕۆ |
| پەسەوە | (م) | بشەڤ | بەشەو |
| پەی | | پەی | پشت |
| پەیێن | | پێ ل پەی | ئەوەی لەپشتەوە |
| پەینییە | | پەیی ، پاشی داوی | کۆتایی ، داوێن پشتەوە ، پاشەوە |
| پێ | | پێ | لەگەڵ ، بە |
| پێدا | | پەیدا | پەیدابوون ، دەرکەوتن |
| پێ گورەتەنە | | پێ گرتن | گرتن |
| پێ هشیایەنە | | پێ هسیان | پێ حسیان ، هەست پێ کردن |
| پێ هوییایەنە | | پێ کەنین | پێ کەنین |
| پێ رەستەنە | | گهیشتن هەڤ | بەیەك گەیشتن ، یەکگرتن |
| پیرۆ | | بهەفرە ، تەڤی هەڤ | تێکڕا ، سەرلەبەر ، هەمووپێکەوە |
| پیرۆدایەنە | | پەڤ چوون | لێكدان ، پێکداچوون ، شەڕکردن |
| پیرۆدایس | (ن) | پەڤچوون | شەڕکردن |
| پیرۆڤیشیایەنە | | پرترسین ، زراف قەتی بوون | زراوچوون ، تۆقین |
| پێ سەر | | لسەرهەڤ | لەسەر یەك |
| پێ سەرنایەنە | | دانسەرهەڤ | لەسەر دانان ، ( لەسەر یەكدانان ) |
| پێت | | بلەز | بەپەلە ، بەتەنگاوی |
| پێ وەردەنە | | کوتانخوارن | لێدان خواردن |

بنکەی ژین

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| پیلڤانجکان | | ناڤیعەشیرەتەکێ دێرسیمێ | .......... |
| پر | | تژی | پڕ |
| پربیایەنە | | تژیبوون | پڕبوون |
| پرنکە | | پۆز | لووت ، کەپوو « برناخ » |
| پرۆدایەنە | | لێخستن ، کوتان | لێدان ، کوتان |
| پرۆزنە | (م) | بێژنگ | بێژنگ « سەرەند » |
| پتك | | پت ، پتۆ ، پتێ | منداڵی شیرەخۆرە ، ساوا |
| پیا ( ر ) | | بهەڤەرە ، تەڤی هەڤ | پێکڕا ، لەگەل یەك |
| پیانایەنە | | زەلقاندن | پێكنووساندن ، یان تێكدان |
| پزە | | زك | سك ، زگ |
| پی | | باڤ | باوك |
| پیل | | مەزن | مەزن ، گەورە |
| پیپکە | (م) | پیپك ، پێسپیسك | پاشوان ( بە دەمی منداڵ ) |
| پیر | (ن) | پیر ( ێ ـ ئالەویان ) | ئاخوونی عەلەویەکان |
| پیرکە | (م) | تەڤزین | گونجان ، ڕێکەوتن |
| پیس | | پیس ، قرێت | پیس کرێت ، ناشرین |
| پوگنایەتە | | پێهسین | جیاکردنەوە |
| پۆشت | (م) | پشت | پشت |
| پۆشت کەرەدەنە | | پشت تێ کرن ، دان پشتێ | دانەپشت ، خستنە<br>سەر پشت ، پشت تێ کردن |
| پۆزمك | (ن) | پۆزمك | خەزێم ، لووتەوانە |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- | --- |
| پووچ | (ن) | گۆرە | گۆرەوی ( گۆری ) |
| ق | | | |
| قال | | قال | باس ، قسە |
| قان‌بیایەنە | | خاپیان | هەڵخەڵەتان |
| قاریایەنە | | قەهرین | تووڕەیی ، قەهری بوون |
| قاوتە | | خواردنەکە کوردی | پەڵووله ، ئاردەوا ( قاویت ) |
| قایل | | قایل | رازی‌بوون ( قایل‌بوون ) |
| قە | | قەت | قەت |
| قەدا | (ن) | قەدا | قەزا ، کارەسات |
| قەدیایەنە | | قەدیان | دوایی‌هاتن ، بەسەر چوون |
| قەفچل | | پیس | پیس ، چڵکن |
| قەفەلیایەنە | | وەستیان ، بەتلین | ماندووبوون |
| قەڵەمە | | قەڵەم ، پێنووس | قەڵەم ، پێنووس |
| قەساپەیێنە | | قساباسی ، گوینا داوی | دوواقسە |
| قەسە | | قسە ، گۆتن ، پەیف | ووشە ، گۆتن ، قسە |
| قەسەی بیایەنە | | قسەبوون ، هاتن گۆتن | هاتنەووتن ، گۆتن |
| قسەی کەردەنە | | قسەکرن ، پەیڤین ، ئاخافتن ، خەبەردان | قسەکردن ، ئاخافتن گفتوگۆکردن |
| قسەی‌کەردۆخ | | قسەکر ، پەیڤکار | قسەکردن ، ئاخافتن ، گفتوگۆکردن |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| قەسێ ڤرێنو | | مەتەلۆك ، قسەیێ پێشیان | پەندی پێشینان |
| قەتران | (ن) | قەتران ، قیر | قەتران ، قیر ، (کیرۆسین ) |
| قەی | | قەی | بۆچی ، بۆ چشتێك |
| قەیدە | | لەیلان | مەقام |
| قلکە | | قلیچك | پەنجەی بچووکی دەست |
| قرنك | | قرنك | قرنە ، کڕنی |
| قرڤان | | قوربان ، گۆری | قوربانی ، گوری |
| قیمەت | (ن) | ڕومەت ، قیمەت | نرخ ، بەها ( خاسیەت ) |
| قز | | قزڤان ، لبا | دێلەبەبا |
| قۆلایە | (م) | خراب | خراب ، بێ‌نرخ |
| قۆلند | | ستوور | ئەستوور |
| قۆم | (ن) | دەرو جیران | دەرو جیران ( هاوسێ ) |
| قۆناخ | (ن) | قۆناخ ، قەسر | کۆشك ، خان ، کاروان‌سەرا |
| قۆر | (ن) | قۆ ، قۆرك | ڕیز ، پایە ، پلە ، سەردەم |
| قۆربەقۆر | | قۆرب‌قۆر | ڕیز بەریز |
| قۆل | (ن) | قوول | کۆیلە ، بەندە |
| قولك | (ن) | قولك ، مالەکە بچووك ، ئایەك ، مەزەل | خانوویەکی بچووك |
| قورس | | قورش | قورش ( پارە ) |
| قورزە | (م) | ناڤێ گوندەکێ نازمیێ | |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ر | | | |
| رابرِیایەنە | | جهێبوون ، تەقەتین | جێگای لێك جیابوونەوە ، دووریان بوونەوە ، کرانەوە ، والآبوون |
| رابیایەنە | | ڤەبوون | گەڕانەوە |
| راجێرایەنە | | ڤەگەرین | کراوە |
| راکەردە | | ڤەکری | کردنەوە |
| راکەردەنە | | ڤەکرن | ڕاست |
| راست | | راست | راست ووتن ( گوش ) |
| راستقەسەی | | ڕاست پەیڤین | راستقسەکردن |
| کەردەنە | | ڕاستقسەکردن | هەستان ، ڕاوەستان ( ڕابوون ) |
| راوستەنە | | رابوون | دەرباس بوون، تێپەڕین، بەسەرچوون |
| راڤێردەنە | | بۆرین ، دەرباس بوون | بەرەواژێ ، سەراوبن |
| راڤۆردە | | بەرەژێر | رابەر ( ڕهبەر ) پێشەوا |
| رایبەر | (ن) | رێبەر | ڕێگا ، ڕێ |
| رایە | (م) | رێ | گەیشتن |
| ( ج )رەستەنە | | گهشتن | زوو |
| رەو | | زوو | جارەك ، جارێك |
| رەیێ | | جارەك | جارێکیتر ، بێجگە لەوەش |
| رەینا | | جاردن | باشە ، چاکە |
| رند | | ڕند | جوان ، ڕەند |
| رندەك | | رندك | |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| رسقەت | | بەرتیك | بەرتیك |
| ریە | (ن) | ڤیرك | بێناموس ، بێشەرم ، بێڕوو |
| ری | (ن) | روو | ڕوو ، ڕوخسار |
| ریهویا پیس | (ن) | رووکەن | ڕووبەکەنین ، لێوبەخەندە ، لێوبەبزە |
| رۆ | (ن) | گیان ، روح | گیان ، ڕوح |
| رۆئایەنە | (ن) | وەهـئاڤێتن | ڕەگداکوتان ، ڕەگاریژ ، ڕیشاژۆ |
| رۆکەردە | (ن) | رێتن | ڕشتن ، ڕژاندن |
| ڕۆن | (ن) | روون | ڕۆن ، ( روون ) ( دۆن ) |
| رۆنایەنە | | دانین | داگرتن ، جێگیرکردن |
| رۆنیشتەنە | | ڕوونیشتن | دانیشتن ، ڕوونیشتن |
| رۆتەنە | | فرۆتن | فرۆشتن ، فرۆتن |
| رۆسنایەنە | | شاندن | ناردن ، بەدواگەڕان |
| **س** | | | |
| سابیایەنە | | شابوون | شاد بوون |
| ( ج )سالخدایەنە | | سالنجدان | قسەکردن ، خەبەردان ، نیشاندان |
| سانایەنە | (م) | دەوکول ، کولاندن | ژەندن ، مەشکە ژەندن |
| سانکە | (م) | چیرچیرۆك | مەتەڵ ، حیکایەت |
| سانۆ چڤۆر | (ن) | شەیێ هریێ | شانەی خوری ، شەی خوری « خوری پێ شیدەکرێتەوە » |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| سار | | خەلك | خەلك ، خەلق ، عالەم ( ئالەم ) |
| سارە | (ن) | سەر | سەر |
| ساس کەردەنە | | شاش کرن | شلەژان ، شاش بوون |
| ساتە | (م) | سائەت ( ساعەت ) | سەعات ، ( کاتژمێر ) |
| سەی بیایەنە | | هاتن هەسباندن | بە شت زانین ( فلانەکەس بە پیاو حەساوکردن ، وەك بلێی ) |
| سایێ کە | | دبێ قەی کو ، سانکی | وەکو ئەوەی ، هەروەکو |
| سایێ کەردەنە | | لێ گەرین | گەڕان بەدوای ، بە دواگەڕان |
| سایر | | شایر ( شاعیر ) | شایەر ( شاعیر ) |
| سە | | سەد | سەد ، سەت |
| سەهید | | شەهید | شەهید |
| سەلەقنایەنە | | شەلقاندن | نیوەکوڵ ، کولاندن « لە سەلقی عەرەبی یەوەیە » |
| سەمەرە | (م) | کورتان | کورتان |
| سەنێ ( سەنێن ) | | چاوا ، چلۆ | چۆن ، چلۆن |
| سەر | | سەر | سەر (پێچەوانەی ژێر ) |
| سەرنایەنە | | دانین سەر | دانانەسەر ، لەسەر دانان |
| سەرپەرەنایەنە | | سەرفرین | سەرپەڕاندن |
| سەرە | (م) | ساڵ | ساڵ |
| سەرت | | ١ ـ شەرت ، هۆی<br>٢ ـ شرت ، هشك | مەرج<br>توند ، ڕەق ، گران |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| سەرڤا | | ژبەر | لەبەر |
| سەس | | شەش | شەش |
| سەستێلن | | شەستێلن | شەش‌تار ، شەش‌تەڵ |
| سەشت | | شێست | شێست |
| سەی رزا | | سەیت رزا | پێشەوایەکی ئازای کورد بوو لە ناوچەی دێرسیمێ – ١٩٣٨ – ١٩٣٩ |
| سەی ئوشین | | سەیت ئۆشین | سەید حوسەین ، پێشەوایەکی کوردی ئازای نیشتمانپەروەر بوو لە ناوچەی دێرسیم |
| سەیدقاژ | | دەنگ‌بێژەکی دەملی | گۆرانی‌بێژەکی دەملی ( زازایی ) |
| سەوەتا | | سەبا | لەپێناوی ، لەبەرئەوەی |
| سەولە | (ن) | ڕۆناهی ، ڕۆنی | ڕووناکی ، ڕوونی |
| سەو وو رۆز | | شەڤورۆژ | شەو و ڕۆژ |
| سەتەر | | گوندەکی نازمیێ | گوندەکی نازمی‌یە |
| سفرا | (م) | سفرە | خوان ، سفرە |
| سکر | | شکر | شوکور ، سوپاس |
| سما | | هون | ئێوە |
| سمۆندی | | قەیتان | قەیتان ، بەن ، کالەپێچ ( بۆ پێڵاو ) |
| سرش | (م) | گیسن | گاسن |
| ست | | شیر | شیر |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| سۆدر | (ن) | سبه | بەیانی ، سپێدە |
| سۆفەر | (ن) | شۆفێر | شۆفێر |
| سۆلکە | (م) | .......... | پانە بەرد ( تاسولکە ) |
| سۆن | (ن) | ئێڤار | ئێوار « ئێوار » |
| سۆسنە | | سۆسن | سووسنە ، گوڵەسۆسن |
| سۆخر | (ن) | پرسیار | پرسیار |
| سۆز | (ن) | سۆز | قسە ، ووشە ، قسەکردن |
| سووکە | (م) | سووك | بازار ، بازێر ، شار |
| سولڤس | (ن) | ناڤێ زیارەتەکێ لە ئەرزنجانێ | .......... |
| سوونگ | | کارۆك | قارچك ، کوارگ |
| سوور | | سۆر | سوور ( سۆر ) |
| سوورنگ | | سۆرە رەنگ | سووری ، سوورە ڕەنگ ، ڕەنگ سووری |
| سوورکەردە | (ن) | سورکری | سوورکراو ( سۆر ... ) |
| **ش** | | | |
| شێنە | (ن) | سینە ، سینگ | سینگ ، سینە |
| شێپی‌یە | (م) | سێپی | سێپا ( بۆمەشکە ژەندن ) |
| شێر | (ن) | شێر | شێر |
| شێخانك | (ن) | ناڤێ گوندەکی دێرسیمێ | .......... |

| زازایی « ده‌ملی » | | کرمانجی سه‌روو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| شیا | | ڕه‌ش | ڕه‌ش ، سیا |
| شکیایه‌نه | | شکیان | شکان |
| شیلپاخ | | شیلقام | شه‌ق ، شه‌پازله |
| شیناته | (م) | سه‌ناعه‌ت ، پیشه | سناعه‌ت ، پیشه‌سازی ، پیشه |
| شیر | (ن) | شیرین ، نافی خواردنێکه | شیره‌وا ، خواردنێکه |
| شیرێن | | شیرن | شیرن ، خۆش ، به‌تام |
| شرکێ پادسای | | دراڤێ پادشاه | پاره‌یه‌کی عوسمانی‌یه |
| شس | | سپی ، چیل | سپی |
| سڤنگ | (ن) | سڤێردنه‌ك | سوانه ، گوێسوانه ، گوێسه‌بانه ، پاسار ، سوانده |
| ( ئه‌ره – جی ) شیایه‌نه | | بسه‌رڤه‌چوون | پێچوون ، به‌یه‌کچوون |
| شیایه‌نه | | چوون | چوون ، ڕۆیشتن |
| شوانه | (ن) | شڤان | شوان |
| شواره | (م) | کولامێ سواران | گۆرانی سواران |
| شواری | (ن) | سواری | سواری ، سوار |
| شوویه | (م) | گاز | گازی چیا ، گازه‌رای کێو ، پشته‌ی چیـا |
| | | ........ | |

ت

| | | | |
|---|---|---|---|
| تادایه‌نه | | بادان | بادان |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- |
| تاشیلەبیایەنە | خورت‌گرین | گریان ، فرمێسك باراندن ( یەکێك بەتوندی بگرێ ) |
| تات | بەری | دەشتی پان‌وبەرین ، ئاقار |
| تایێ | هن | هەندێك |
| تاینە | هنان | هەندێکیان |
| تەدە | تێدە | تێ‌یدا ، لەناویدا ، لەناوەوە |
| تەك | فەر | بەتەنیا ، یەك‌بەیەك |
| تەکینا | یەکی‌دن‌ژی | یەکی‌تریش |
| تەلی | دری | درِی ، درِك |
| تەمەی کەرەدەنە | تەمبەکرن | تەمێ کرن |
| تەنێ | هنەك | هەندێك |
| تەنێنا | هنەك‌ژی | هەندێکی‌تر |
| تەرکنایەنە | تەرکاندن | تەرککردن ، وازلێ هێنان |
| تەرسایەنە | ترسین | ترسان ، ترسین |
| تەرڤیا کەردەنە | تەربیەکرن ، پەروەردەکرن | تەربیەکردن ، پەروەردەکردن |
| تەڤەر ( تەیەر ) | دەرڤە | دەرەوە |
| تەورانیە | (م) نەخوەشینەك | نەخۆشیەك |
| تەی | تەڤ | لەگەلی ، لەلای |
| تەینیا | تەنێ ، تەنیا | تەنیا |
| تەیر | تەیر | تەیر ، باڵندە |
| تەیروتوور | تەیروتوور | تەیروتوور |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| تێدە | | تەڤی هەڤ ، تێکڕا | هەموو ، تێکڕا |
| تێدەستدە | | دەست بەدەست | دەست بەدەست پێکەوە |
| تێدما | (م) | لدوو هەڤ | لەتەنیشت ئێوە ( بەدوای ئێوە ) |
| تێلەوە | | لگەل هەڤ | پێکەوە |
| تێڤەر ڤەر | | لرەخ هەڤ | لەرۆخ ئێوە ، لەتەنیشت ئێوە |
| ت | | تو | تۆ |
| تم | | تم | هەمیشە ، پێکەوە |
| ترانایەنە | | دانئاگر | ئاگر خۆش‌کردن |
| ترکی | | ترکی | تورکی |
| تفانگ « تفۆنگ » | (ن) | تفنگ | تڤەنگ |
| تریە | (م) | دووڤ | دووگ ، دوونگ |
| تیژ | (م) | تاڤ | هەتاو ، خۆر |
| تیرە | (ن) | تیرانان | تیرۆك ، تیرۆگی نان |
| تیز | | تر | تڕ |
| تۆ | | تە | تۆ |
| تۆل ( تال ) | | ١ ــ قالا | کراوە ، والا |
| | | ٢ ــ تەحل ، تال | تاڵ |
| تۆمر | | تەنبوور | تەنبوور |
| تۆپ‌کەرەدەنە | | بەرهەڤ‌کرن ، جڤاندن | کۆکردنەوە |
| تۆرڤك | (ن) | توورك | توورەگ ، توورەگە ، هەگبە |
| تۆرە | (ن) | تۆرە ، ئادەت ( عادەت ) | ( تۆڵ ) عادەت ، خوو |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| تۆرایەنە | ویرین ، جورئەتکرن | ویران ، چورئەت کردن |
| تۆسە | (م) تاس | تاسە ، جام |
| تۆسەرا | لسەر تە | لەسەر تۆ |
| تۆوا | توتشت | هیچ شت |
| توسك | (ن) گیسك | گیسك ( بۆبزن ) |
| تووتن | تتوون | تووتن |
| تویە | (م) توو | توو |
| **وو** | | |
| وو | ئەو | ئەو |
| ئورس | ئورس | روس |
| ووسار | (ن) بهار | بەهار « گوڵعوزار » |
| ووسل | (ن) ئاوا | پەیرەو ،عادەت |
| وووە ( ئاوە ) | (م) ئاڤ | ئاو |
| ووزا ( وجا ) | (ن) ئەو دەر ، ئەوجەه | ئەوێندەرێ ، ئەوجێگا |
| ووزارا | لوێدرەێ | لەوێندەرێ |
| **ڤ** | | |
| ڤا ( با ) | (ن) با | با |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ڤاس | (ن) | گیا | گیا |
| ڤاتەنە | | گۆتن | ووتە ، پەند ، قسە |
| ڤاتەنە ڤرێنان | | گۆتنێن پێشیان | ووتەی پێشیان ، پەندی پێشینان |
| ڤاتۆخ | (ن) | گۆتۆخ | ووتەگێرەوە ، ئەوی پەند دەلێ |
| ڤاژیایەنە | | دەرکەتن | دەرکەوتن ، دیاربوون |
| ڤەنگ دایەنە | | دەنگ دایین | هاوارکردن ، دەنگدان |
| ڤەنگن | | دەنگین | هەراو هۆریا ، دەنگێکی زۆر ، دەنگ دەرەوە |
| ڤەنگ کەرەدەنە | | دەنگ کرن | دەنگ کردن |
| ڤەنگ | (ن) | دەنگ | دەنگ |
| ڤەر ( بەر ) | | بەر | ( بەر ) پێش بەرامبەر ، بەراین |
| ڤەردایەنە | | بەردان | کۆچ کردن ، دەست هەلگرتن |
| ( ئەراسەر ) | | بسەر ڤەبەردان | بەردانەوە بەسەر |
| | | | بەسەر بەردانەوە |
| ڤەرنەزەلیایەنە | | نزلاندن | هەولدان (محاولة)، دەستتێخستن، نەزانینی بەکارهێنان ، خراب جوولانەوە |
| ڤەرگ | | گوور | گورگ |
| ڤەرڤا | | هەمبەر ، دژ | دژ |
| ڤەیڤا | | داوەت | زەماوەند ، داوەت |
| ڤەیڤکە | (م) | بووک | بووک |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ڤەتەنە | | دەرخستن | دەرخستن لە ، دەرکردن لە |
| ( ئەرۆج ) ڤەتەنە | | کولام لسەردەرخستن | گۆرانی پێدا هەڵدان |
| ڤێرانە | (م) | ژانا زراف ، وەرەم | ئازاری کوشندە ، وەرەم |
| ڤێرە | (ن) | راڤۆك | ناوك ( ناوکی سك ) |
| ڤێسان | | برچی | برسی |
| ڤێسایەنە | | شەوتین | سووتان |
| ڤێسایە | (م) | شەوتی | سووتاو |
| ڤێسنایەنە | | شەوتاندن | سوتاندن ، پێ‌کردن ، ئاگرکردنەوە |
| ڤلاّ | (ن) | بەلاّڤ | بلاّو |
| ڤلاکەرەدەنە | | بەلاّڤ‌کرن | بلاّوکردن |
| ڤلە | (ن) | بۆیون | شاخ |
| ڤلەچەوت | | ستووخوار | شاخ خوار |
| ڤلێ سۆرپیان | | جهەکی دناڤبەرا دێرسیم و خەرپێتێ | جێگایەکە لە ناوچەی دێرسیم و خەرپووتێ |
| ڤنەتەنە | | راوەستن | ڕاوەستان |
| ڤراستەنە | | ئاڤاکرن | ئاوەدان‌کردن ، دروست‌کردن ، ئیش‌کردن |
| ڤرەنییە | | سەر | لەسەر یان ، سەر |
| ڤرێ ، ڤرێنن | | پێشین ، کەڤن | پێشین ، پێشان کەون |
| ( ــ را ) ڤشیایەنە | | ڤەتیان | رابووردن ، قەتان |
| ڤنیایەنە | | هاتن دیتن | هاتنە بینینە ، بینین |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| ڤقە | (م) | مت | (شەق ) دەنگی شەق |
| ڤیندبیایەنە | | ونداب‌وون | وون‌بوون ، بزربوون |
| ڤیندکەردەنە | | نداکرن | وون‌کردن ، بزرکردن |
| ڤینتەنە | | دیتن | بینین ، دیتن |
| ڤۆرە | (م) | بەرف | بەفر |
| ڤۆرەك | (ن) | کارك | کار ( بەرخ ) |
| ڤۆسن | (ن) | نێری | نێری ( بۆیزن ) |

و « کراوە »

| | | | |
|---|---|---|---|
| واکلوو | (م) | رووڤی | رێوی |
| وارە | (ن) | زۆزان ، وار | کوێستان ، زۆزان |
| واستەنە | | خواستن | خواستن ، داواکردن |
| وانیایەنە | | هاتن خواندن | خوێندنەوە ، هاتنە خوێندن |
| وارۆگنایەنە | | کەتن | کەتن ، کەوتن |
| وارامایەنە | | داکەتن | داکەتن ، نزم‌بوونەوە ، هاتنەخوارەوە |
| واخت | (ن) | وەخت ، دەم | کات ، دەم |
| وای | | واخ | ئاخ |
| وایە | (م) | خوشك | خوشك |
| وایر | (ن) | خوەیی | خودان ، خاوەن |
| وەدایەنە | | ڤەشارتن | شاردنەوە |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| وەگرگرییایەنە | | بە ئیسکەئیسک گرین | بە نووزەنووز گریان |
| وەکەرەدەنە | | ڤەکرن ، ڤیخستن | کردنەوە ، لێخستن |
| وەڵات | | وەڵات |ووڵات ، نیشتمان |
| وەلە | (م) | عەرد ، ئاخ | خاك ، عەرد ، زەوی ، خۆل |
| وەندەنە | | خوەندن | خوێندن |
| وەبۆنتەنە | | راکشاندن | ڕاکێشاندن ، دەرهێنان لەبنڕا |
| وەردەنە | | خوارن | خواردن |
| وەرتە | (ن) | ناڤین | ناوەند ، ناوەڕاست ، مەڵبەند |
| وەس | | خوەش | خۆش ، بەلەززەت |
| وی | | وەی | ئای ، وەی |
| وی بەمرۆبۆ | | وەی ل منێ | ئای لە منێ ، وەی لە منێ |

## خ

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| خایە | (م) | کەرتك | کەرت |
| خاپتەنە | | خاپاندن | کەرتکردن |
| خاشی یە | (م) | تەلیس | خرار ، جواڵ |
| خاتر | (ن) | خاتر | خاتر ( خاترگرتن ) |
| خایین | (ن) | بێبەخت | بێبەخت ، چارەڕەش |
| خەجەلیایەنە | | کێفکرن ، شابوون | کەیفکردن، یاری کردن، گاڵتەکردن |
| خەجەلنایەنە | | شاکرن | گاڵتەکردن ، خێسەکردن |

بنکەی ژین

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| خەلەشیایەنە | | خەلاس‌بوون ، فلتین | خەلاس‌بوون رزگاربوون |
| خەلەتنایەنە | | خەلەتاندن | خەلەتاندن ، هەڵخەلەتاندن ، فێل‌کردن |
| خەلەتی‌یە | (م) | خەلەتی | خەلەتی |
| خەلك | (ن) | خەلك ، گەل | خەلك ، عالەم |
| خەریتا | (م) | خەریتە | نەخشە ، خەریتە |
| خەلێ | | گەلەك ، زەحف | زۆر ، گەلێك ، ( گەلەك ) |
| خەرج | | خەرج | خەرجی |
| خەڤەرە ( خەبەرە ) | (م) | خەبەر ، پوویەر | خەبەر |
| زەنا | (م) | گەنجینە ، خەزنە | گەنجینە ، خەزنە |
| خۆ | | خوە | خۆ ( ذات ) |
| خۆراتەپیا | | پشتی‌خوە | پشتی خۆ |
| خۆرت | (ن) | خۆرت | لاو ، گەنج ، خورت |
| خۆزە | (م) | خۆزە | مالوس ، بەرازی مێ |
| خراڤن | | خراب | خراب ، پیس |
| خورەمی | (م) | خورەمی | بالە ( بالەتووتن ، بالەلۆکە ) |

## ـ ی « کراوە »

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| یارانیە | (م) | هەنەك ، یاری | یاری ، گاڵتە ، رابواردن |
| یارە | (م) | یار | یار |

| زازایی « دەملی » | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
| --- | --- | --- |
| یێ‌دەی | یێ‌وی | نی ئەو ، هی ئەو |
| یی | ئەو | ئەو |
| یینە | ئەوان | ئەوان |
| یۆخرۆکە | گاڤ‌کو | هەگەر |
| **ـ ز** | | |
| زاف | زەحف ، زاف ، گەلەك | زۆر ، گەلێك ( گەلەك ) |
| زالێنی | (م) زالمی | زالمی ، زۆرداری |
| زان ( زۆن ) | زمان | زمان |
| زانایەنە ( زۆنایەنە ) | زانین | زانین |
| زاراڤا | (م) زاراڤا | زاراوە |
| زایەنە | زایین | زانین ، زانست ، زانیاری |
| زەلال | زەلال | بریقەدار ، واتە ڕوون ، زەلال ، زەنگۆڵ ، واتە ئاوێکی تابلێ‌ی سازگار |
| زەرد | زەر | زەرد |
| زەرە | زك ، هندور | سك ، زگ ، ناوەوە ، هەناو |
| زەرەکۆتەنە | کەتن‌هندور | کەوتنەناوەوە |
| زەری | (م) دل | دڵ |
| زەرەڤێ ساینی | دلشەوات | ماڵوێران ، ماڵخراپ |

| زازایی « دەملی » | | کرمانجی سەروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|---|
| زەرڤەتی ( زەرەڤەتی ) | | خوارنەکا کوردی | .......... |
| زارانجە | | کەو | کەو |
| زێ ( ژێ ) | | وەکی | وەك ، وەکو |
| زێدە ( ژێدە ) | | زێدە | زۆر ، زێدە |
| زەقبیایەنە | | زەقبوون | زەقبوون ( دەرپۆقین ) ، زەقبوونەوە |
| زرایەنە | | زرین | زەڕین ( زەڕینی کەر ) |
| زرچایەنە | | قیرین | قیراندن ، هاوار |
| زەمەت | (ن) | زمەت | زمەت |
| زۆرکار | (ن) | زۆرکار | زۆردار ، زالم |
| زۆرکاریە | (م) | زۆرکاری | زۆرداری ، زالمی |
| زۆڤینا | | وەکیدن | وەکیتر ، جیاوازی |
| زو ( ژوو ) | | یەك | یەك |
| زوقم | | زقووم | ژوقم |
| زورەکەر | (ن) | ڤرەك ، دەرەوکار | درۆزن |
| زوڤینی | | یەك وودن | هەندێك ، یەکیتر |

بنکەی ژین

# لەبارەی کۆبوونەوەو ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردییەوە

عبداللطيف عبدالمجيد گلی

لە ١٨ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٦دا کە مامۆستا موسی عبدالصمد ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عێراقی بەڕێزو سەرۆکی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بە پیتی عەرەبی ، ڕاسپێرییەکانی لێدوانەکەی بۆ بڕیار لەسەردانیان خستە پێش مەجلیسی کۆڕی زانیاری عێراقی بەڕێز ، وتارێکی لەبارەی ئەو هەنگاوانەی بۆ گێڕانی لێدوانەکە نرابوونو لەبارەی ئەو لیژنانەی بۆ ڕێکخستنی لێدوانەکەو ئامادەکردنی کارنامەی ئەم لێدوانە پێکهاتبوون خوێندەوە . لێدوانەکە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی یەکخستنی ڕێنووسی کوردیو بە ئاکامێکی ڕاستو دروست گەیاندنیو بەتێکڕایی لەسەر ڕێککەوتنی بە هەڵکردنی دروشمی « با بگەشێینەوە ڕۆشنبیریی کورد لەسای شۆڕشی ١٧ — ٣٠ی تەمووزی پیرۆزدا » لە ١٨و ١٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی نێوبراودا گێڕدرا .

مامۆستا موسی عبدالصمد لە وتارەکەیدا گوتی :

مەبەست لە لێدوانەکە ئەوە نەبوو بنکەو دەستووری نوێ ، یا ڕێبازێکی تازەباو بۆ ڕێنووسی کوردی دابندرێ ، بەڵکو مەبەست ئەوەبوو ئەو پاشاگەردانییەی لەنێوان نووسەراندا لە نووسینی دەنگو پیتو وشەی

ئاسادەدا هەیە وەلابنرێو کارەکە بخرێتە قالبێکی دەستەجەمعی‌یەوەو دوارۆژ لەسەری بڕۆین‌و ئەو دەنگانەی ناوبەناو ، لێرەولەوێ داوای کوردی بەپیتی لاتینی نووسین دەکەن کپ بکرێتەوە • دەرچوونی بڕیارێ لەسەر ئەو ڕاسپێری‌یانەی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی ، بە چاوێریی کۆڕی زانیاری عێراق سەروبەری نابوو ، ئەو دەنگانە کپ‌دەکاو پشتیوانی لەو ڕاسپێری‌یانە دەکا[1] •

لەپاشان ، مامۆستا موسی عبدالصمد سوپاسی بەڕێز وەزیری فێرکردنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی مامۆستا سمیر عبد الوهابی کرد بەرانبەر بەو چاوێری‌یەی لە دەست‌پێ‌کردنی لێدوانەکە فەرموویان •

هەروەها سوپاسی خۆی بە سەرۆك‌و ئەندامانی کارای دەستەی سەرۆکایەتیی کۆڕ ، بەرانبەر بەوە کە ڕێگایان بۆ سەرگرتنی لێدوانەکە خۆش‌کردو ، بەو مامۆستایانەی لێکۆڵینەوەیان لەم بارەوە ناردبوو و ئامادەی کۆبوونەوەکانی لێدوانەکە بوون‌و ، بەو لیژنەیەی کارنامەی لێدوانەکەی ئامادەکردبوو ، پێشکێش کرد • هەروەها ، ئەو ڕەنجەی پێشتر بۆ ئەم کارە دراوە بە بەهادار زانی •

لەپاشان دیاردی بۆ ئەوە کرد کە دەبێ بە سەرپێ‌یی‌یەکەوە چاوێ بە گەشەکردنی بزاوتی ڕێنووسی کوردیدا بگێردرێ‌و گوتی : تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی بە داوێنی بەربلاوو جێی بڕوا لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە • خۆی ، هەمووی ، سەد ساڵێ نابێ مشووریکی خوراوە • پێشتر هێندێ نامیلکەو باسۆکەی لەسەر نووسراون ، بەلام هیچیان لە بنەمایەکی زانستانە هەڵنەزنراوەو لە سەرینچاوەی جێ‌بڕواوە هەڵنەهێنجراوە• بەنموونە : ئەحمەدی کوڕی ئەبووبەکری وەحشیی نەبتی ( ٢٤١ ك ) لە کتێبی ( شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام ) دا لە ئەلفبێتکەیەکی کوردیی کۆنی پێش لەدایك‌بوونی عیسا[2] دواوە • کۆواری ( هەتاو )ی کۆمەڵەی

مامۆستایانی هەولێر (١٩٥٤) ئـەمەی لەگۆواری (زاری کرمانجی)ی ساڵی ١٩٢٩وە ڕاگوێزتووە •

هەروەها بلەچ شێرکۆیش لە یادداشتەکانیدا دەڵێ : پسپۆڕێکی ڕووسی ن • ڤیلیامینۆڤ ناو ، گوتوویە : هێندێ زانا تاتێکیان وەچەنگ کەوتووە ، شیعری شاعیرێکی کوردی بۆرابۆز ناوی لەسەر نووسراوەو ئەم شاعیرە لە دەوروبەری ٣٣٠ی پێش لەدایکبوونی عیسادا ژیاوەو گۆیا شیعرەکانی بە زمانی کوردی نووسراونو ئەمە شیعرەکانە(٣) :

**خۆزێ ئەزو تۆ ب هێڤرابین**

**ب هێڤرا هیرین خورینی**

**وەردێ بهێرین کو ترابین**

**بانگ دین ب هیڤرا نارینی**

بەڵام ئەم قسانە ناچنەوە سەر هیچ بنەڕەتێکی زانستانەو نازانین ئەم تاتە لەکوێ بووەو لەکوێیەو بەچ ئەلفبێتکەیەك نووسراوە ••• بەڵام ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە ئەوەیە کـە کورد زۆر بـــە دڵگەرمییەوەو زۆر بەئارەزووەوە ئایینی ئیسلامیان قوبووڵ کردووە ، چونکە ئایینەکە ئایینی بیر وبڕوای بەرزو دادو لێبووردنو ویژدان بووە • هەر لەبەرئەمەیش زۆریان دڵسۆزی بۆ ئەم ئایینە پیرۆزە نواندووەو لایەنیان گرتووەو داکۆکییان لێکردووەو سەرو ماڵیان لە بەرزکردنەوەی شانو شکۆیدا بەختکردووەو تەنها هەر بە داکۆکی کردن لەم ئایینە مەزنەوە نەوەستاون ، بگرە لە خزمەت بە زمانو ئەدەبی عەرەبیشدا هاوبەشییگەورەیان کردووەو بەرهەمی بـــیرو ئەندێشەی خۆیان بـە شارستانێتیی عەرەبو ئیسلام پێشکیش کردووە • لەناو کورددا زاناو ئەدیبو مێژوونووسی بەرچاو هەڵکەوتوونو خزمەتی گەورەیان بە زمانو ئەدەبو شارستانێتیی عەرەبو ئیسلام کردووە • زۆری نووسینەکانیان بـە زمانی عەرەبی بووەو بە دوور نازاندرێ کە هێندێکیان

کەلەپووری خۆیان بە زمانی کوردیش نووسیبێو شیعریان بە زمانی عەرەبیو کوردیش هۆندبێتەوە ٠

ئیبنی خەلەکان لە بەشی دووەمی کتێبەکەی ( وفیات الأعیان )دا دەڵێ : « عبدالصمد حەکاری ( ٤١٠ ك ) بە زمانی عەرەبیو کوردیش کتیبی دەنووسیو شیعری بە هەردوو زمانەکە دادەنا[٤] ، بەڵام ئەم کتێبو نووسینانە ئیستا هیچ ئاسەوارێکیان نەماوە ٠ دەسنووسی هەرە کۆنی زمانی کوردی ، وەك بزانم ، نامیلکەکەی مەلا محمدی حاجی حەسەنی ، بە (ابن الحاج)ناسراوە ، کە لە کتێبخانەکەی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری هەڵگیراوەو ناوی ( مهدی‌نامە ) یەو لەساڵی ١١٧٦ی كدا نووسراوە ٠

جگە لەمە دەسنووسێکی دیکەیش هەر لەم کتێبخانەیەدا بە ژمارە ٤٤٨ تۆمار کراوە ٠ ئەم دەسنووسە سەعید عەبدوڵڵای موکری لە ١١٩٩ی كدا نووسیویە ، واتا نزیکەی دووسەد ساڵێ لەمەوپێش ٠

هێندێ ڕۆشنبیری کورد هەوڵی ئەوەیان داوە بڕێ لە پیتە عەرەبی‌یەکان بۆ دەنگی پیتی کوردی بگونجێنن‌و بۆ ڕێنووسی دەستبدەن ، وەك ( پ ، ژ ، ڤ ، چ ) بەخاڵ زیادکردن لە خاڵەکانی ( ب ، ز ، ف ، ج ) ٠ تا پیتی هاوشێوەو دەنگ جیاواز لێك جیاکرێنەوە ٠ بەمە شێوەی پیتی عەرەبیشیان پاراستو دەنگە کوردی‌یەکانیشیان پێ جێبەجێ کرد ٠

کۆنترین دەسنووسێ بەم پیتە گونجاوانە نووسرابێتەوە دەسنووسەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی‌یە کە لە ساڵی ١٨٥٩ی ز٠دا بە ناوی ( عادات‌و رسومات نامەی اکرادیە ) وەی نووسیوە ٠ ئەمە لە ( قاموس الهدیە الحمیدیە في اللغة الکردیة)ی ضیاء الدین پاشای خالیدیشدا کە لە ساڵی ١٨٩٣ی[٥] زدا لە ئەستەمبووڵ لەچاپدراوە ، بەرچاو دەکەوێ ٠ لەمکتێبەدا سێ خاڵ لەسەر ( ك ) داندراوەو بە ( گ ) دەخوێندرێتەوە ٠ هەرچی بەکارهێنانی پیتە لەبری بزوێن ئەوە زۆر بەئاشکرایی لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا کە

له مانگی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زدا به ناوی (کوردستان)ەوه لـه قاهیره دەرچووه ، بەدیار دەکەوێ •

هەروەها کۆواری (ڕۆژی کورد ) یش له ژماره سێی ساڵی ١٩١٣ی دا که له ئەستەموولْ به زمانی تورکی دەرچووه وتاریکی بەسەردێڕی ( تعمیم معارف واصلاح حروف )ەوه بڵاوکردووەتەوەو له گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی کۆڵیوەتەوه (٦) •

له مانگی مایسی سالی ١٩١٩دا کۆواری ( ژین ) که له ئەستەمبوولْ دەردەچوو ، ڕیزێ پیتی کوردیی به سەردێڕی ( کوردجه حرفلر ) ـ پیتی کوردی ـ یەوه بڵاوکردەوەو ئەو پیتانەیشی لەگەڵدا بڵاوکردبۆوه که لەبری بزوێن ( سەروبۆر ) بەکار دەهێندرێن •

لەپاش شەڕی یەکەمی جیهان ئەوەبوو ڕۆژاوایی‌یەکان پتر بەتەنگ مێژووی کوردەوه هاتن‌و ئەم بەتەنگ‌هاتنەیشیان زێتر ڕووی لـه زمانی کوردی کردو کۆمەڵێ کتێب‌و نامیلکەیان لەم‌بارەیەوه بڵاوکردەوه •

ئەوەی لەم کتێبانەدا سەرنج دەبزوێنێ ئەوەیه کەنیشانەیان لەسەر (ڵ)ی قەڵەو داناوەو ، که ئینجیل مەتتی‌و حەناو مەرقس‌و لۆقا دەخوێنی‌یەوه ، ئەمەت بەڕوونی بۆ بەدیاردەکەوێ •

هەر لەو ساڵەدا ( ١٩١٩ ) فۆسۆم کتێبەکەی لەمەڕ ڕێزمانی کوردی به ئینگلیزی لەچاپ‌داو بۆنموونه هێنانەوه پیتی عـەرەبیی بەکارهێناوەو نیشانەی ( ٧ ) ی لەسەر ( ڵ )ی قەڵەو داناوه •

لەپاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق‌و دەرچوونی ( قانـون اللغـات المحلية ) که ڕێگای به کوردی خوێندنی له ناوچه کوردی‌یەکاندا داو لـه مەحکەمەو دادگاکاندا کورد مافی به کوردی ئاخاوتنی درایێ ، ڕۆشنبیرانی کورد هێندەی دیکه مشووری به کوردی خوێندنیان خوارد • له ١٩٢٥دا وتارێ به سەردێڕی ( زمانی کوردی چۆن بنووسین‌و به چ پیتێ ) لەلایەن

خودالێخۆش‌بوو مامۆستا تۆفیق وەهبی‌یەوە لە کۆواری ( دیاریی کوردستان )دا بلاوکرایەوە ، بێ‌لەوە حەقی شاوەیسیش لەسەر ئەم باسەی نووسی •

ئەمانە هەموو هەوڵو کۆششێکن بۆ چارەسەرکردنی کەموکووڕیی هێندێ دەنگی کوردی کە بە پیتی عەرەبی وەلاناخرێن‌و پیت بەکارهێنان لەبری سەروبۆر •

لە ساڵی ١٩٢٨دا خودالێخۆش‌بوو سەعید سیدقی کابان کتێبێکی بە ناوی ( مختصر صرف و نحوی کوردی ) داناو دیاردیی بۆ ئەو پیتانە کرد کە لە زمانی کوردیدا هەن‌و لە زمانی عەرەبیدا نین • هەر ساڵێ پاش ئەوە ، واتا لە ساڵی ١٩٢٩دا ، مامۆستا تۆفیق وەهبی کتێبێکی بە ناوی ( دەستووری زمانی کوردی ) یەوە داناو ئەوەبوو پیتی لەجیاتیی سەروبۆر بەکارهێنا • کۆواری ( گەلاوێژ ) کە لە بەراییی چلەکانا لە بەغدا دەردەچوو هەوڵی‌دا کاری چۆن کوردی نووسین بەرەوڕووی خوێندەوارانی کورد بکاتەوەو ڕایان وەرگرێ • بانگەوازەکە چەند کەسێکی وەك مامۆستایان قەدری‌جان‌و عەبدولعەزیز خانەقاو مەحموود حەسەن‌و عوسمان سەبری‌و ئیبی دیکەی بەدەنگەوە هاتن‌و زوربەیان ڕایان لەسەر ئەوە بوو کە کوردی بە پیتی لاتینی بنووسرێ •

لە ساڵی ١٩٤٩دا مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار کتێبی ئەلفبێتکەی کوردیی داناو وەزارەتی مەعاریف لەچاپی‌داو بڕیاری لەسەردا لە ناوچە کوردەواری‌یەکاندا بخوێندرێ •

نابێ ئەوەیش لەبیربکرێ کە مامۆستا علاءالدین سجادی خودالێخۆش‌بوویش بە بلاوکردنەوەی بڕە وتارێ لەسەر ڕێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی ، هاوبەشیی کردو هەر ئەو بوو بەهۆی ئەوە کە چاپخانەکان پیتی بە کوردی داڕێژراو بەکاربێنن •

بەڕێوەبەرایەتیی گشـــتیی خوێندنی کوردیش هـەر لەوڕۆژەوەی دامەزراوە لە کتێب لەچاپدانو ڕێ‌نموونی نووسەرو وەرگێڕان بەرەو بەیەك ڕێنووسی کوردی نووسین ، بەش‌بەحاڵی کتێبی قوتابخانەکان ، هاوبەشیی خۆی نواندووەو درێغیی نەکردووە •

بـە تاکە تاکەیش برایان حامید فەرەج ، مسـتەفا نەریمان ، نووری عەلی ئەمـینو هیی دیکەیشـ دەوری خۆیان لـە ڕوونکردنەوەی بەیەك ڕێنووسی کوردی نووسین‌دا گێڕاوە •

هەروەها کۆڕی زانیاری کوردی لەبەریەك هەڵوەشاویش هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی هەڵێناو بەری ڕەنجێکی لەم بوارەدا دابووی ، لە ژمارە یەکی کۆواری کۆڕدا لە ١٩٧٣دا بڵاوکردەوە • لەم ڕۆژانەیشدا د • ئەورەحمانی‌حاجی مارف کـە بۆ خۆی یەکێ بوو لـە هاوبەشانی لیژنەی کارنامەی لێدوانەکەو لیژنەی داڕشتن ، کتێبێکی بە ناوی ( نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ) لەچاپداوە ، بەڵام لەپاش لێدوانەکـە دەرچوو • کتیبەکە لـە گیروگرفتی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بە پیتی عەرەبی دەدوێ •

لێدوانەکـە دوو ڕۆژی خایاند • لـە مەودای ئەو دوو ڕۆژەدا چوار کۆبوونەوە کراو کۆبوونەوەی دوایی‌یان بۆ خوێندنەوەی ڕاسپێری‌یەکان تەرخان کـرا • ڕاسـپێری‌یەکان لیژنەیەك داڕشتو لەپاش خوێندنەوەی ئامادەبووانی لێدوانەکە سەر لەبەر ڕایان لەسەردا • لەدوییدا بەشداران ، تێکرا ، برووسکەیەکی سوپاس‌و قەدرلێ‌زانینیان بۆ سەرۆك صدام حسین پێشکەش کرد •

ئەوەی شایانی دیاردی‌کردنە ، ئەوەیە کە دەزگای ڕۆشنبیریی کورد لە بەغدا دەورەیەکی بۆ کاربەدەستانی خۆی کردەوە ئەرکی ڕوونکردنەوەی ڕاسپێری‌یەکانی خستە ئەستۆی یەکێ لـە ئەندامانی هاوبەشی داڕشتنی

کارنامەکـــە • هەروەها یەکێتیی نووســەرانی کورد لقی حوکمی زاتیش برووسکەیەکی بۆ سەرۆکایەتیی کۆڕی زانیاری عێراق نارد بەرانبەر بەوە کە ڕێگای بۆ گێڕانی ئەم لێدوانە هەموار کردو بەجێ هێنانی بڕیارەکانیان لە ئەستۆ گرت •

لەپاشان مامۆستا موسی عبد الصمد ڕووی لە ئەندامانی کۆڕ کرد ، گوتی :

تکامان وایــە ، بەڕێزان ، ئەندامانی مەجلیسی کۆڕو دەستەی کورد لەسەر ئەم ڕاسپێری‌یانە ڕێك بکەون بۆئەوەی بەسەر ئەو دەزگایانەدا کــە هاوبەشیی لێدوانەکەیان کردبوو ، دابەش بکرێ‌و کەڵکی لێ وەربگیرێ •

لەو کۆبوونەوەیەدا مەجلیسی کۆڕ لە ١٩٨٦/٣/٤دا کردی ، ئەندامانی کۆڕی زانیاری عێراق سەرلەبەر ، لەسەر پەیڕەوی کردنی ئەم ڕاسپێری‌یانە ڕێك کەوتن •

وا لەپایینەوە ، بەکورتی ، باسی ئامادەکردنی لێدوانەکەو دەقی ئەو ڕاسپێری‌یانەی لێدوانەکە کە مەجلیسی کۆڕی زانیــاری عێراق بڕیاریان لەسەردا ، دەخەینە پێش چاو :

**١ – ( گیرو گرفتی وێنەی دەنگەکان ) :**

١ — ( ڕ )ی قەڵەو ، لە هەر شوێنێکی وشــەدا هەڵکەوت ، نیشانەی حەوت(٧)ی بخرێتە ژێر ، وەك : ڕاو ، بەڕوو ، مەڕ •

٢ — پیتەبزوێنی (وو)ی درێژ بە دوو واو بنووسرێ ، وەك ؛ پووش ، دوور ، کووڕ •

٣ — پێویست بە دانانی پیت بۆ نیمچەبزوێنی (ی)ی فــرە کــورت ( کسرة مختلسة ) ناکات • ئــەو وشانەی وا هەڵدەکەون ، (ی)ی بزوێنیان ناوێ‌و وەها بنووسرێن :

پیاز ، سیان ، پیاو ، پایز ، بایز ، پەین •

٤ ــ پێویست بە دانانی پیت بۆ نیمچەبزوێنی (و)ی فرەکورت ( ضمة مختلسة )ناکات • ئەو وشانەی بەو ڕەنــگە هەڵدەکەون ، بۆریان ناوێ ، وەك :

شوان ، گوان ، ڕوا ، وشە ، کاوڕ •

٥ ــ (وێ)ی دیفتۆنگ بە (و)ێك و (ێ)یێکی کراوە بنووسرێت ، وەك نوێژ ، گوێز ، گوێ ، توێژ •

تێبینی :

نابێ دیفتۆنگی ( وێ )و بڕگەی ( وێ )تێکەڵ بە یەك بکرین ، وەك :

ناوێرم ، هاوێری کە ، دەخەوێ •

٦ ــ (و)ی بزوێن لە (و)ی نەبزوێن بە شێوە جیانەکرێتەوە ، وەك :

| (و)ی بزوێن | (و)ی نەبزوێن |
| --- | --- |
| کورد | وەرە |
| گوڵ | کێو |

٧ ــ دیفتۆنگی (وی) هەروەك خۆی ، بە (و)ێك و بە (ی)یێکی تیــژ بنووسرێت ، وەك :

تویرەکە ، هویر ، قویل ، سویر •

٨ ــ (د)ی کلۆر لــە وشەدا هەر بە شێوەی (د)بنووسرێت ، وەك :

دامێ ، لەئاوەکەدا ، بەغدا ( لە لەهجەی سولەیمانیدا ) •

٩ ــ (ی)بزوێن و (ی)نەبزوێن لە یەك جوێ نەکرێنەوە ، وەك :

| نەبزوێن | بزوێن |
|---|---|
| یار | میر |
| پەیژە | تیر |
| یەك | کاری |
| مەی | پەری |

١٠ ــ (ت)ی کلۆر هەر بە (ت)بنووسرێت ، وەك :

ناوت‌ناهێنم ، دەتبینم ( لە هەندێ لەهجەدا ) •

١١ ــ پیتی دووباد ( مشدّد ) بە دووبارەکردنەوەی پیتەکە بنووسرێ وەك :

کەللە ، زللە ، مەککە ، شەممە •

٢ ــ **( گیروگرفتی وشەی سادە )** :

١ ــ دەبێ جیاوازی لە نێوان شێوەی نووسینی (ە)ی نیشانەی سەر ( فتحة )و ( هـ )ی پیتی نەبزوێندا بکرێ ، وەك :

هەیە ، ئاهـ ، گوناهـ •

٢ ــ وشەی (چ) بۆ پرسیار بێ ، یا بۆ چونیەکی بێ ، بە جیا لە وشەی پاشیەوە بنووسرێ ، وەك :

تۆ چ کارەی ؟

چ من‌و چ تۆ •

چ ڕۆژ چشەو •

٣ ــ ئامرازی پێوەندیی‌وەك(ل ، د ، ب ، ژ) بە جیا لە وشەی پاشەوەی

بنووسرێ ، وەك :

ل سەر چیا .

د هاوارا من دهات .

ئەڤ کتێبە ب دەستێ من هاتیە ڤیسین .

ژ مالا من دەرکەت .

٤ ـ وشەی (ئەم) ، یا (ئەو) ئەگەر دووایییەکەی سیفەتبوو ، بۆ ئیسناد بوو بە یەکەوە دەلکێنرێن لەم حاڵەتانەدا ، وەك :

ئەمڕۆ ، ئەمشەو ، ئەمساڵ ، ئەمبەر ، ئەڤسال .

٥ ـ ژمارەی دووبارەکراوەو بە دوای یەکدا هاتوو بۆ دیاریکردنی ئەمسەرو ئەوسەری ژمارە ، لە پاڵ یەکەوە دەنووسرێن ، بەڵام پیتەکانیان بە یەکەوە نالکێندرێن ، وەك :

دوودوو ، یەکەیەکە ، دووسێ ، چوارپێنج ، شەش‌حەوت .

**٣ ـ ( گیروگرفتی وشەی ناسادە ) :**

١ ـ وشەی ناسادە ئەگەر ناو ( علم ) بوو ، وەك :

کانیکەوە ، دڵشاد ، چەمچەماڵ ، بێکەس ، بێخاڵ ، بێخیر ، یا زاراوە بوو ، وەك :

دەسنووس ، سێگۆشە ، ڕێباز ، ڕێبوار ، ڕێزمان ، ڕێنووس ، وشەکانی‌پێکەوە بنووسرێن .

ـ ئەگەر نە ناو (علم) بوو ، نە زاراوە بوو ، ئەوە وشەکان‌پێکەوە نالکێنرێن ، بەڵام لە پاڵ یەکا ئەنووسرێن ، ئیتر فرمان بێ ، یا چاوگ

بێ ، یا ئاوەڵناو بێ ، یا هەرچی‌یەکی دیکە بێ ، وەك :

| | |
|---|---|
| من پیاوێکی دڵسۆزم | ( دڵسۆز ) |
| من هەڵدەپەڕم | ( هەڵدەپەڕم ) |
| چیرۆكنووسین هونەرە | ( چیرۆكنووسین ) |
| من دەستی لێ‌هەڵ ناگرم | ( دەستلێ‌هەڵ گرتن ) |
| دەس نیشانم کردووە | ( دەس نیشـان کردن ) |

**٤ - ( گیرو گرفتی وشەی عەرەبی لە زمانی کوردی‌دا ) :**

١ ـ هەر وشەیێکی عەرەبی هاتبێتە ناو زمانی کوردی‌یەوە ، بە کوردی بنووسرێ ، لە هەموو ڕوویەکەوە ، وەك :

شاعیر ، فەقیر ، زاڵم ، قوبووڵ ، قسە •

٢ ـ بەڵام ناوی ( علم )ی عەرەبی ، ئەتوانرێ بـە ڕێنووسی کوردی بنووسرێ ، یا هەر بە عەرەبی بنووسرێ ، لەناو دوو کەوانەدا ( ••• ) وەك :

موحەممەد ( محمد ) ، حەزرەمەوت ( حضرموت ) •

**٥ - ( گیروگرفتی تێکبەستنی ڕاناوی لکاو لەگەڵ فرماندا ) :**

١ ـ ڕاناوی لکاو ، ئەگەر بە دوای نیشانەی ڕێژەی (دە) و (ب) ، یان ئامرازی (نـەفی)و (نـەهی)دا هـات ، لـە فرمانی سـادەی ڕابووردوو ، ڕانەبووردوو ، داخوازی ، بە مەرجێ فرمانی تێپەڕ بێ ، لە شێوازی ئەرێ (اثبات)و (نەرێ) (نفي)دا ، ئەو ڕاناوە لکاوانە بە پێشەوەیانەوە دەلکێنرێن ، بەڵام بە فرمانەکەوە نالکێنرێن ، وەك :

| | |
|---|---|
| بم‌نووسی‌یایە | نەم‌نووسی‌یایە |
| بی‌نووسم | نەی‌نووسم |
| دەی‌نووسم | نای‌نووسم |
| بم‌نووسە | مەم‌نووسە • |

٢ ــ ڕاناوی لکاوی کەوتووە نێوان پێشگرو ڕەگی فرمانەوە ، لە هەر دوو شێوەی ئەرێو نەرێدا بە پێشگرەکەوە دەلکێنرێو بە ڕەگی فرمانەکەوە نالکێنرێ ، وەك :

هەڵم گرت ، دام بەزاند ، هەڵیان بڕی ، هەڵی سەنگێنە .

٦ ــ ( گیروگرفتی ئامرازو پاشگرو پاشکۆکان ) :

١ ــ ئامرازی ( ی ) :

(ی) بۆ نیشانەی ئیزافە بێ یا بۆ پێکەوەبەستنی ناوو ئاوەڵناو ، لەگەڵ وشەی پێشووی‌دا دەنووسرێ ، وەك :

هەرمێی باڵەکایەتی

تیریی ساج

ماسیی دەربەندیخان .

٢ ــ ئامرازی(و)ی عەتف :

ئامرازی عەتف (و) لەتەك وشـەی پێشـەوەی‌دا دەنووسرێ ، بەڵام بەیەکەوە نالکێندرێن ، وەك :

منو تۆ ، گوڵو ڕێحانە ، هەنارو هەرمێ .

بەڵام ئەگەر مەعتووفو مەعتووف عەلەیهـ ببوون بە یەك وشە ، ئەوە واوەکە بە وشەی یەکەمەوە دەلکێنرێ ، وەك :

گفتوگۆ ، کشتوکاڵ ، کوتومت ، کەلوپەل .

٣ ــ ئامرازی (ش)ی عەتف :

أ ــ ئەگەر بە دوای ڕێژەی فرمان‌دا هات ئەوە بە نیشانەی ڕێژەکەوە دەلکێنرێ ، بە فرمانەکەوە نالکێنرێ ، وەك :

بشم گرتایه ، بشمان‌خواستایه ، بش‌چن •

ب ــ ئه‌گه‌ر به دوای ئامرازی نه‌فیدا هات ده‌که‌وێته ته‌ك ئامرازه‌که ، وه‌ك :

نه‌شم‌دی ، نه‌ش‌هات

٤ ــ هه‌ر وشه‌یێك کۆتاییی به پیته‌بزوێنی (ی)و (ێ) هاتبوو هه‌ر شتێکی‌تری به دوادا هات ، (ی)یێکی نه‌بزۆینی به‌گه‌ڵ ده‌خرێ‌و به‌جیا له نزیك وشه‌ی یه‌که‌مه‌وه ده‌نووسرێ ، وه‌ك :

١ ــ پێڵاوه‌که‌م نوێ‌یه

٢ ــ ئه‌م مراوی‌یه ماڵی‌یه

٣ ــ ئه‌م باره خوێ‌یه

٤ ــ هه‌رمێ‌یه‌ك ، یان هه‌رمێ‌یێك •

٥ ــ سێ‌یه‌م ، سێ‌یه‌مین

٥ ــ پاشکۆی (دا)و (ڕا) نه‌لکێنرێن به دوای وشه‌ی پێشوویانه‌وه ، وه‌ك :

له گیرفانم‌دا ، له که‌رکووك‌ڕا ،

٦ ــ فرمانی (دا) له ڕسته‌دا وشه‌یێکی سه‌ربه‌خۆیه‌و ده‌بێ به جیا بنووسرێ ،وه‌ك :

دینارێکم دا به هه‌ژار •

٧ ــ پاشگری ( وه«ه‌وه» ) :

ئه‌م پاشگره به‌ر قاعیده‌ی به‌ندی (٤) ده‌که‌وێ ، به مه‌رجێ له دوای ئه‌و وشانه‌وه هاتبێ که دوایی‌یان به پیته‌بزوێنی (یێ) هاتبێ ، وه‌ك :

لە کانی‌یەوە ، نووسی‌یەوە ، کری‌یەوە •

٨ ــ هەر وشەیێك لەهەر لایـەك چۆن دەگوترێ ، بـەو جـۆرە بنووسرێ •

٩ ــ لە بارەی خاڵبەندی‌یەوە ، لەسەر بنەمای وتارەکەی گۆڤـاری کۆڕو(٧) هەر بابەتێکی تازە بێتە بەردەسـت ، لێژنەیێـکی تازە قاعیدەکان دائەڕێژێ‌و لە نامیلکەیەکدا لەگـەڵ ئەنجـامی کارەکانی ئـەم کـۆڕەدا بڵاوئەکرێتەوە •

★ ★ ★

---

(١) بەپێی بڕیاری دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاری عیراق ئەم وتارە لەگەڵ ڕاسپێری‌یەکانی ڕێنووسی کوردی بڵاوکرایەوە .

(٢) د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی .

(٣) ابو زید مصطفی السندی ، مصطلح الاملاء ، مجلة المجمع العلمي العراقي ، مجلة الهيئة الكردية ، العدد التاسع .

(٤) صادق بهاء الدین ، ڕێنڤیسینا کوردی ب پیتێ عەرەبی ، گۆڤارێ کۆڕی زانیاری عراق ، دەستەی کورد ، ژمارە (٩) .

(٥) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، هەمان سەرچاوە .

(٦) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، هەمان سەرچاوە .

(٧) د. کامیل بەسیر ، خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد ، بەرگی ٩ ، ١٩٨٢ ، ل ٥ ــ ١٥ .

ملخص المقال

# حول نــدوة الامــلاء الــكردي الموحــد بالحروف العربية وتوصياتها

عبد اللطيف عبد المجيد گلی

بمبادرة من المجمع العلمي العراقي ـ الهيئة الكردية وبعد تحضير تعود بداياته الى العامين ١٩٧٩ و ١٩٨٠ عقد في قاعة المجمع ببغــداد في اليومين ١٨ ــ ١٩ من شهر كانون الاول من العام ١٩٨٥ ندوة الاملاء الكردي الموحد تحت شعار « لتزدهر الثقافة الكردية في ظل ثورة ١٧ ـــ ٣٠ تموز المباركة » لدراسة مشاكل توحيد هذا الأملاء والخروج بنتائج صائبة ومجمع عليها •

وبغية التحضير لهذه الندوة سبق أن ألف ديوان رئاسة المجمع العلمي العراقي لجنة برئاسة الأستاذ موسى عبدالصمد لغرض اعداد ما يتطلبه عقــد الندوة ودراسة مستلزماته • فألفت اللجنة المذكورة بدورها لجنة فرعية برئاسة الدكتور كامل حسن البصير • وقد عقدت اللجنــة العــديد من الاجتماعات تدارست فيها الموضوع وانتهت الى اعداد ورقة عمل في ١٨ صفحة مستقاة من سبعة عشر بحثاً كتبت حول المشكلات الاساسية من قبل المختصين الاكراد في الاملاء الكردي الموحد فنشرت البحوث في عدد خاص من مجلة المجمع ـ الهيئة الكردية ، ثم وزعت الورقة على عدد من المعنيين الذين قدموا البحوث ومن ممثلي المؤسسات الثقافية الكردية والشخصيات العلمية والادبية المدعوين من بغداد ومنطقة كردستان للحكم الذاتي للمشاركة في الندوة •

وقد جرى عقد الندوة برعاية السيد وزير التعليم العالي والبحث العلمي الاستاذ سمير محمد عبدالوهاب وحضور حشد من العلماء والأدباء والمعنيين

بالثقافة الكردية وجمهور كبير من المدعوين وممثلي المؤسسات الثقافية والعلمية الكردية في القطر .

وقد افتتحت الندوة بتلاوة آي من الذكر الحكيم . ثم وقف الحاضرون دقيقة واحدة اجلالاً وتكريماً لأرواح الشهداء الابرار . وبعد ذلك تفضل الاستاذ سمير محمد عبدالوهاب بالقاء كلمته لهذه المناسبة ، ثم أعقبه الاساتذة، الدكتور محمود الجليلي نائب رئيس المجمع العلمي العراقي والدكتور جوامير مجيد سليم رئيس هيئة اللغة الكردية في المجمع والدكتور نوري حمودي القيسي الامين العام للمجمع العلمي العراقي والاستاذ موسى عبدالصمد عضو المجمع العلمي العراقي ، رئيس الندوة المقامة بالقاء كلماتهم .

وفي اليوم التالي وفي أثناء انعقاد الندوة حضر السيد رئيس المجمع العلمي الاستاذ الدكتور صالح أحمد العلي الذي كان قد عاد لتوه من سفره الى خارج القطر . وبعد ان رحب به رئيس الندوة الاستاذ موسى عبدالصمد عضو المجمع ، ألقى الأستاذ رئيس المجمع كلمة ارتجالية حيا فيها الندوة والمشاركين فيها ، وعبر عن أسفه الشديد لعدم استطاعته الحضور في افتتاح الندوة بسبب سفره . وأعرب عن ارتياحه لسير الندوة بانتظام وجدية المناقشات الدائرة فيها . واقترح على المشاركين دراسة موضع عقد ندوة أخرى في فترة قريبة لبحث مشكلة أخرى من مشكلات الثقافة الكردية . وقد قوبلت كلمته ومبادرته بشكر الحاضرين واستحسانهم البالغ .

هذا وقد عقدت الندوة أربع جلسات عمل ناقش فيها المشاركون مواد العمل المعدة فقرة فقرة مناقشة مستفيضة انطلاقاً من روح الشعور بالمسؤلية تجاه الواجب الوطني والقومي والاخلاص للثقافة الكردية وضرورة النهوض بها .

وقد توصل المشاركون خلال جلساتهم الاربع الى اقرار التوصيات الآتية :

١ ــ بين الاصوات الكردية راء مشـــددة هي بين الراء المفخمة والراء المشددة في اللغة العربية ، وأخرى مرققة مثل راء ( بصير ) في اللغة العربية • ودفعاً للخلاف الدائر حول كيفية التعبير عن هذه الراء وتمييزا لها عن الثانية ، اتفق على أن توضع تحت الراء الاولى أينما وقعت في الكلمة علامة (٧) بحجم مناسب •

٢ ــ في الأصوات الكردية خمس حركات يعبر عنهـــا بحرف ( و ) • وتمييزاً بين هذه الانواع الخمسة اتفق على ما يلي :

أ ــ أن تكتب الاولى منها وهي المعروفة في الكردية بالواو القصيرة بـ ( و ) واحدة •

ب ــ أن تكتب الثانيـــة وهي المعروفة في الكرديـــة بالواو الطويلة ، بواوين •

ج ــ أن تكتب الثالثة منها وهي المعروفة في الكردية بالواو المفتوح صوتها ، بـ ( و ) واحدة فوقها علامة الرقم ( ٧ ) بحجم مناسب •

د ــ أن تكتب الرابعة منها وهي أشبه بالواو المشممة ( من الاشمام ) المحركة بحركة هي بين الضمة والكسرة مثل ( بوع ) في حـــالة الاشمام في العربية ، بواو تتلوها ياء •

هـ ــ أن تكتب الخامسة منها ، وهي أشبه بالواو الممالة ( من الامالة ) بواو مبدوءة بياء مفتوح صوتها ، فوقها علامة الرقم ( ٧ ) بحجم مناسب كما في الكلمات ( نوێژ ، گوێز ، گوێ ) •

٣ ــ معلوم أن لا حرف صامتا الا وتتلوه حركة • ولكن بما ان الحركات

لا يعبر عنها في الكتابة الكردية الا بحروف ، وبما أن الكسرة والضمة المختلستين لا صورة لهما في الحروف العربية ، فقد تقرر عدم وضع اشارة لهما أيضاً ، اكتفاءاً بما يعرفه القارىء بصورة سليقية .

٤ ــ يكتب الحرف المشدد بحرفين كحالة فك الادغام .

٥ ــ تكتب كل كلمة حيثما كانت كما تلفظ .

٦ ــ يكتب حرف الهاء أينما وقع في الكلمة مثل مايكتب في كلمة ( هذا ) العربية اذا ورد كحرف صحيح اى غير الذى يدل على حركة الفتحة . أما الدال على حركة الفتحة فيكتب كهاء مدورة متصلة أو منفصلة .

٧ ــ أسماء العدد عند تكرارها أو تتابعها للدلالة على عدد محصور بين الجزء الاول والثاني ، تكتب غير متصلي الجزءين ، ولكن الى جانب بعضهما دون فاصل .

٨ ــ الأعلام والمصطلحات المركبة من كلمتين وأكثر تركب تركيباً مزجياً . وما عداها كالأوصاف والمصادر والأفعال تكتب غير مزجية ، ولكن يقارب بين أجزائها بحيث تعطي صورة كلمة واحدة .

٩ ــ تكتب أسماء الأعداد المركبة ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٥ ، ١٦ كما تلفظ بالنسبة لمن ينطقها .

١٠ ــ الكلمات العربية التي دخلت اللغة الكردية وغدت جزءاً منها بمعناها ومبناها ، في الاستعمال العام أو الخاص ، تعامل معاملة الكلمات الكردية الأصيلة وتكتب وفق الألفباء الكردية .

١١ ــ أما أسماء الأعلام العربية فيمكن كتابتها كما هي مع ادخالها بين قوسين أو كما تلفظ في اللغة الكردية .

١٢ ــ تكتب الضمائر المتصلة مع ما يسبقها من أدوات وسوابق ان كانت خواتيمها من حروف الاتصال ، منفصلة عن الأفعال التي تليها اخبارية كانت أم انشائية .

١٣ ــ الياء التي تلي المضاف أو الموصوف المختومين بالياء صحيحة كانت أم حرف حركة ، تكتب متصلة اتصالا مزجيا بالياء التي قبلها .

١٤ ــ تكتب واو العطف قريبة مما قبلها غير متصلة بها اتصالا مزجيا ، الا اذا أصبح المعطوف والمعطوف عليه في حكم التركيب المزجي .

١٥ ــ تعامل ( ش ) أو ( يش ) التي تدل على معان متعددة جوهرها جميعاً اشراك المتعدد في حكم واحد ، معاملة الضمائر المتصلة مع ما يسبقها . أما مع ما يليها ، فان كان ضميراً اتصلت به اتصالا مزجياً . وان كان غيره انفصلت عنه وكتبت الى جانبه .

١٦ ــ تكتب اللواحق ( دا ، ڕا ، وه « ەوه » ) كما في ( لەگیرفانمدا ، لەکەرکووکڕا ، لەمنەوه ) الى جانب ما يسبقها كعلامات اعرابية .

( أما الفعل « دا » فانه كلمة مستقلة تماماً ) .

١٧ ــ كل كلمة ختمت بـ ( ی ) الطويلة أو الممالة ولحقتها لاحقة مبدوءة بـ ( ی ) المفتوحة فصلت عن لاحقتها في الكتابة مع ملاحظة عدم الفصل بينهما ككلمتين .

١٨ ــ لا يفرق في شكل الكتابة بين ( و ) و ( ی ) بوصفهما حرفين صحيحين وحرفي حركة .

١٩ ــ تكتب الياء الطويلة بحرف واحد لعدم وجود ياء قصيرة في صلب الكلمة الكردية .

أما فيما يتصل بعلامات الترقيم فيتخذ البحث المنشور في مجلة المجمع أساساً ويضاف اليه مايستجد من بحوث • وتشكل لجنة لصياغة قواعده ضمن قواعد الاملاء الكردي الموحد •

وأوصت الندوة المؤسسات الثقافية الكردية والمثقفين الاكراد بالالتزام بقراراتها في سبيل اخراج فكرة الاملاء الكردي الموحد الى حيز العمل •

هذا وفي الختام رفع المشاركون في الندوة برقية شكر وتقدير الى السيد الرئيس القائد صدام حسين •

بنكەی ژین

# الأستاذ موسى عبد الصمد

# في ذمـة الخلود

تلقى السادة أعضاء المجمع العلمي العراقي ومنتسبوه بألم بالغ نبأ وفاة الأستاذ موسى عبد الصمد سعد الله العضو العامل في المجمع العلمي العراقي ، اثر نوبة قلبية ألمت به مساء يوم الجمعة ٢٠/٦/١٩٨٦ •

ان الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي اذ تنعى الاستاذ المرحوم ، تستذكر أياديه الجايلة في خدمة عراقنا العزيز في الأمور الاجتماعية والفكرية والتربوية • وقـد عبر مجلس المجمع العلمي العراقي في جلسته الأخـيرة للدورة المجمعية المنتهية في ٣٠/٦/١٩٨٦ عن تقديره البالغ للفقيد • وقـد ألقى الدكتور صالح أحمد العلي رئيس المجمع العلمي العراقي والسادة زملأوه الدكتور أحمد عبد السـتار الجواري والدكتور جوامير مجيد سـليم والدكتور نوري حمودي القيسي والدكتور كامـل حسن البصير كلمـات مستفيضة أشادوا فيها بشخصية المرحوم وبيان دوره في تحقيق أهداف المجمع العلمي العراقي عامـة والهيئة الكرديـة خاصة ونحن اذ نعلن هـذا النعى للمثقفين العراقيين عربا واكرادا ، نرجو اللـه أن يلهم أهل الفقيد وذويه الصبر والسلوان ويسكنه فسيح جناته ، انـه نعم المولى ونعم الوكيل •

**هيئة التحرير**

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **شێخ محەمەدی خاڵ :** | |
| دەستنووسی کۆن‌و تازەو هێندێ لە نامەخانەکان .................... | ٣ |
| **د. کامل بەصیر :** | |
| أبو ذر الغفاري .................... | ١٦ |
| **د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ( وەرگێڕ ) :** | |
| چەند کێشەیەکی زمانناسي .................... | ٢٥ |
| **محمد معروف فتاح :** | |
| دیسان ئیدیەم . پێداچوونەوەیەك لە بەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا .......... | ٦٨ |
| **نوری علی ئەمین :** | |
| شێوازی « ئەرێ »و « نەرێ » لە ئاخاوتنی کوردیدا .................... | ١٣٩ |
| **د. وریا عمر أمین :** | |
| پاشبەندەکان .................... | ١٨٢ |
| **محەمەدی مەلا کریم :** | |
| بە ڕێگای ڕاستکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا ، ئەمەیش هەنگاوێکی‌تر .................... | ١٩٤ |
| **محسن احمد عمر :** | |
| فەرهەنگۆك ـ زازایی ـ دەملی ـ کرمانجیی سەروو ـ کرمانجیی خواروو | ٢٣٥ |
| **عبداللطیف عبدالمجید گلی :** | |
| لەبارەی کۆبوونەوەو ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردییەوە .................... | ٢٨١ |


★ ★ ★


**٣٠٠٠ دانە لەم ژمارەیە لەچاپدراوە**

**لێبوونەوە لە چاپ لە ١٩٨٦/١٢/١دا**

❋ ★ ❋

**دانەی بە دینارو نیوێکە**

---

**لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا**

**ژمارە ١١٨ی ساڵی ١٩٨٦ی دراوەتێ**

# مجلة المجمع العلمي العراقي

## « الهيئة الكردية »

**THE JORNAL OF THE IRAQI ACADEMY**

**(( KURDISH CORPORATION ))**

**المجلد الخامس عشر**

**١٩٨٦**

VOLUME 15
1986

**ثمن النسخة دينار ونصف**

مطبعة المجمع العلمي العراقي

**بغداد**